

KURDISTAN


کوردستان
خوێنتان ون ناکەین، داری خەبات و خۆڕاگریمان دێتە بەر
لە ڕۆژنامەی "کوردستان"
و "کوردستان میدیا"وە
سەرماوەزی ٢٧٢٣
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕحمان نەقشی

# پێڕست:

١- د. مەحموود عوسمان: بە وڵاتانی دژمان گەمارۆ دراوین، لەنێو خۆشماندا نایەکگرتووین و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئێعترافمان پێ ناکا ..................................................................... دیمانە: شەهرام سوبحانی ...... ٤

٢- ئاسنی سارد کوتان .................................................................... مەنسوور مروەتی ...... ١٠

٣- ژەنراڵ جۆزەف ڤۆتەڵ: کێشەی غەززە ڕەنگبێ تەشەنە بکات، چونکە ئێران کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر میلیشیا بەکرێگیراوەکانیەوە نییە ......... پادکەستی ئەلمانیتۆر - عەمبرین زەمان و جارێد زووبا و: کەماڵ حەسەن‌پوور ...... ١٣

٤- وانەکانی ژێر سێبەری دارەکە! ................................................................ ناسر باباخانی ...... ٢٣

٥- سوارچاکەکەی کۆسە و کەرێزە ........................................................ عەلی بداغی ...... ٢٩

٦- جیاوازیی نێوان نوێنەری مەجلیس و گاگێرە و دەمبێن و دەمامک ........................................ دارسمە ...... ٣٤

٧- کاتێ پەنجەکانی دەست یەکتری دەشکێنن (شەهید ئەحمەد خزری) ........................... برایم چووکەڵی ...... ٣٧

٨- خەزەڵوەر تا خەزەڵوەر هەر برینە! .............................................................. ئاسۆ مینبەری ...... ٤٠

٩- پڕوپاگەندە و کۆماری ئیسلامی ................................................................... ڕەزا دانشجوو ...... ٤٣

١٠- بوون بە دانمارک" (getting to Denmark) .......................................... ئا: ئەلبورز ڕۆئین تەن ...... ٤٨

١١- ڕێگەی ڕزگاری لە یەکسانیی ڕەگەزییەوە تێدەپەڕێت ............................................... د. مجید حقی ...... ٥٤

١٢- بەهەشتی زەهرا، ئاوێنەی کارەساتی دوو دەسەڵات! ............................................ زانیار حوسێنی ...... ٥٧

١٣- نامەیەک لە بناری زاگرۆسەوە بۆ منداڵانی غەززە ........................................... ڕەسووڵ سوڵتانی ...... ٦١

١٤- سەڵتەنەتی ڕەزاشا و یەک وڵات-یەک نەتەوە ................................................ مستەفا مەولوودی ...... ٦٥

١٥- شاعیری ڕۆشندڵ، شامیی کرماشانی ....................................................... سارۆ خوسرەوی ...... ٧٢

١٦- کۆماری ئیسلامی و دژایەتیی لەگەڵ وەستاندنی شەڕ و ئازادکردنی دیلەکان ................. سمایل شەرەفی ...... ٧٨

١٧- وەفایەک بۆ وەفادارێک (تاهیر خەلیلی) ....................................................... مەنسوور مروەتی ...... ٨١

١٨- "هەنگەژاڵ"، سەلاخخانەکەی ئەم ڕۆژانەی کوردستان ............................................ عەلی بداغی ...... ٨٤

١٩- کاوە ئاهەنگەری: لە قسەدا کەس دژی دێمۆکراسی نییە، بەڵام لە پڕاکتیکدا بەرژەوەندی جێگە بە فەلسەفە و ماف تەنگ دەکات .................................................................. دیمانە: شەهرام سوبحانی ...... ٨٧

٢٠- ٢٨هەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوی پێشگیری لە چەکی شیمیایی ........................... محەممەد کەسرایی ...... ٩٣

٢١- دزی و ئیختلاسی سیستماتیک لە کۆماری ئیسلامیدا ........................................ مەنسوور مروەتی ...... ٩٥

٢٢- شەڕی عەززە بیرهێنەرەوەی ئەو ڕاستییەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستە پێداچوونەوە بە سیاسەتەکەی لەهەمبەر ئێراندا بکات ......................... ئاتلانتیک کاونسڵ- شوکریە برادۆست و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ...... ٩٨

٢٣- هەگبەی شاخ و شۆڕش (تەها حەقتەڵەب) ........................................................ برایم چووکەڵی ...... ١٠٢

٢٤- گاز و مازووت سەروبنی شۆڕشگێڕی نەوتی خاون ........................................................ دارسمە ...... ١٠٥

٢٥- خوێندنەوەیەکی نیشانەناسانە ........................................................................ شەهلا دەباغی ...... ١٠٨

٢٦- لە شۆڕشی ژیناوە هەتا دیاردەی "حیجاب‌بان" ........................................ ڕەزا محەممەدئەمینی ...... ١١٣

٢٧- سۆران باریکە: لە فەرهەنگی ئیسلامی سیاسیدا شتێک بە ناوی بیری نەتەوەیی نییە ... د: شەهرام سوبحانی .... ١١٦

٢٨- توندوتیژیی سیستماتیک ........................................................................ ئاسۆ مینبەری ...... ١٢٤

٢٩- شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵک و پیلانی ئاساییبوونی سەرکوت ......................... سمایل شەرەفی ...... ١٢٧

٣٠- وەرددانەوەیەکی شۆڕشی ژینا و فاکتەرەکانی سەرکەوتنی ........................................ ناسر ساڵحی ئەسڵ ...... ١٣٠

٣١- ئیسرائیل بۆ بەهێزە؟ ........................................................................ ئەلبورز ڕۆئین تەن ...... ١٣٥

٣٢- دیپلۆماسیی سایبری پێویستییەکی هەنوکەیی بزاڤی نەتەوایەتیی کوردستان .............. د. مەجید حەقی ...... ١٤١

٣٣- ئەدەب و هونەری بەرگری ........................................................................ ڕێباز مەریوانی ...... ١٤٦

٣٤- مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا .................... مستەفا مەولوودی ...... ١٥٢

٣٥- ترسی ڕێژیم لە ناوڕەمزێک، "ژینا" ........................................................ سمایل شەرەفی ...... ١٥٩

٣٦- ٢٦ی سەرماوەز و پێداگری لەسەر خەبات و تێکۆشان ........................................ برایم چووکەڵی ...... ١٦٢

٣٧- خەڵاتی ساخارۆف و دەرفەتێک بۆ نیشاندانی نەجابەتی مرۆڤ ............................ مەنسوور مروەتی ...... ١٦٦

٣٨- پێویستییەکانی دامەزراندنی ڕێکخراو ........................................................ سەلام سەدیقی ...... ١٦٩

٣٩- مێژووی ئاڵا و پێشمەرگە ........................................................................ پێشەوا عەلی پوور ...... ١٧١

٤٠- خەباتی پێشمەرگانە و بەرگریی چەکداری ................................................ ئەلبورز ڕۆئین تەن ...... ١٧٥

٤١- حوکمی دادگای سوئێد، وەک سەرەتایەکی باش ........................................ مەنسوور مروەتی ...... ١٨١

٤٢- پێشمەرگە (پێناسە و ئامانجەکانی) ........................................................ پژمان شەریعەتی ...... ١٨٤

٤٣- ئێران بەرەورووی کێوێک لە کێشەی نێوخۆیی چارەسەر نەکراو بۆتەوە .............. و: کەماڵ حەسەنپوور ...... ١٨٩

٤٤- ناسر ڕەزازی: ئەگەر وریا نەبین وەک لە تورکیە مێلۆدی کوردییەکانمان کراونە تورکی، لە ئێرانیش وامان بەسەر دێت..

........................................................................................ دیمانە: شەهرام سوبحانی ...... ١٩٤

٤٥- خالید عەزیزی: نایەکگرتوویی و گوتاری جیاوازی هێزە سیاسییەکان لە شۆڕشی ژینادا زەبری گەورەی لە بزووتنەوەکە دا.................................................................................... دیمانە؛ دەنگی کوردیی ئەمریکا ...... ٢٠٢

# د. مەحموود عوسمان: بە وڵاتانی دژمان گەمارۆ دراوین، لەنێو خۆشماندا نایەکگرتووین و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئێعترافمان پێ ناکا



**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**ئامـاژە**: لەکاتێکدا شەڕی حەماس و ئیسرائیل کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان لە وڵاتان و جیهان داناوە، زۆر پرس و پرسیار هەن کە ماهییەتی ئەو شەڕە چییە؟ کورد لەکوێی ئەو هاوکێشەیەدا وەستاوە؟ کاریگەریی ئەو شەڕە لەسەر پرسی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان چ دەبێ؟ چۆن دەکرێ لەنێو دڵی هەموو ئەو هەڕەشانەی لەسەر کوردن هەل و دەرفەت دروست بـبن؟ "کوردستان" ئەو پرسیار و مژارانەی لەگەڵ د. مەحموود عوسمان، سیاسەتمەدار و خەباتکاری دێرینی کورد هێناوەتە بەر باس.

**شەهرام سوبحانی**: دوکتور لە ئێستادا شەڕی حەماس و ئیسرائیل سێبەری خستووەتە سەر هەموو ڕووداوەکان. خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم شەڕە چییە؟ ئایا شەڕی ئایینە، شەڕی ئایدۆلۆژییە، شەڕی خاکە؟ شەڕی نیابەتییە؟ دەمانهەوێ لێکدانەوەی ئێوە ببیستین.

**د. مەحموود عوسمان**: شەڕێکی کۆنە، لە وەتی دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزراوە و پێش ئەوەش ئەو کێشانە هەر هەبووە.

مەعلوومە فەلەستینیش میللەتێکن و مافی خۆیانە دەوڵەتی خۆیان هەبێ و ئیسرائیلیش دەیهەوێ دەوڵەتی خۆی هەبێ و عالەمی دەرەوەش هەموو دەڵێن دەبێ دوو دوڵەت هەبێ، ئەویش لە تەنیشت یەکەوە. بەڵام یەکەم ئەرزیان کەمە و بەشی هەردووکیان ناکا. دووهەمینیش زۆر بڕیار دراوە کۆڕوکۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٤٨ بەولاوە، بەڵام ئەو بڕیارانە وەکوو پێویست جێبەجێ نەکراون. ئیسرائیل تەبعەن لەسەر خاکی خۆیەتی و ئەمریکای لەگەڵە و دەوڵەتانی دنیا ئێعترافیان پێ کردوە، فەلەستینیش بەشی هەرەزۆریان دەربەدەرن و دەوڵەتە عەرەبییەکانیش نەیانتوانیوە شتێکی وابکەن. بەڵام ئێستا موشکیلەکە زیاتر بووە چوونکە ئێران دەستی تێ خستووە. حەماس و جیهادی ئیسلامی و ئەوانەی ئێستا لە غەززە شەڕ دەکەن دەوڵەتی ئێران پشتیوانییان لێ دەکا و لە بواری نیزامی و لۆجستیکەوە پاڵپشتیانە. ئەمە لە ڕابردووشدا بووە بەڵام ئەمجارە شەڕەکە گەورەترە چوونکە حەماس و ئەوان فرسەتیان هێنا و بە ئیمکاناتێکی زۆر پەلاماری ئیسرائیلیان دا و هەروەها ئیسرائیلیش تا ئێستا شتێکی وای نەدیوە بەو شێوە پەلامار بدری. ئیتر ئەوانیش دەیانهەوێ غەزە داگیر بکەن، ئەوەتا دەیبینین ئەمریکا بەتەواوی هێزی خۆیەوە لەگەڵ ئیسڕائیلە و ئێرانیش لەگەڵ حەماسە. دەوڵەتە عەرەبییەکانیش لەگەڵ ئەوەدا دژی ئیسڕائیل قسە دەکەن، بەڵام تەئییدی حەماس و ئەوانەش ناکەن. خۆ ئەگەر عەمەلی تەماشای بکەین شەڕەکە تەڕەفێکی ئێرانە و تەڕەفێکی ئەمریکایە و مومکینە زیاتریش پەرە بستێنێ و لە حەماس بەولاوەتر حیزبوڵلای لوبنانی تێوەربدرێ. مخابن ئەوانەی کوژراون و بریندارن و بوونەتە قوربانیی بەشی هەرەزۆریان هیچ پێوەندییەکیان بە شەڕەکەوە نییە و ئیتر کێشەیەکی گەورەیە و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتە گەورەکان لەسەر ئەو بڕیارە ساغ ببنەوە بە سەر هەردوولایدا فەرز بکەن کە دوو دەوڵەت هەبێ و لە تەنیشت ئیسرائیلەوە دەوڵەتی فەلەستینیش دابمەزرێ و بتوانن بەئارامی لەگەڵ یەک بژین، هەرچەند ئەوە کارێکی ئاسان نییە و دیاریش نییە کە دەبێ یا نابێ.

**شەهرام سوبحانی**: کورد لە کوێی هاوکێشەکان دایە، شەڕەکە کە بەسەدان کیلومتر دوور لە سنوورەکانی ئێمە، بەڵام هەر وەک دەبینین شەقی خستووەتە نێومالی کورد و دابەشبوون و دووبەرەکێ و چەن بەرەکێی دروست کردوە، بۆ؟

**د. مەحموود عوسمان**: بەدڵنیاییەوە ئەو شەڕە کاریگەریی زۆری لەسەر کورد هەیە، چوونکە کورد پێوەندیی لەگەڵ ئێران و ئەمریکاش هەیە. عێراق بەگشتی و کورد و بەتایبەتی ئێران و ئەمریکا دەوریان هەیە لە کوردستان و مادام ئەمریکا و ئێران وەکوو دوو دەوڵەت تەرفی شەڕەکەن، تەبعەن ئەوە کاریگەریی لەسەر دەوڵەتی عێراق و کوردستان هەیە. تەنانەت بە ئەگەری زۆر کاریگەرییەکان قووڵتر بن، چوونکە ئەمریکا دەیهەوێ لەگەڵ ئەو بی و ئێران دەیهەوێ لای ئەو بگری و لەو بەینە کێشە درووست بووە. بۆ نموونە هێندێک لە مێلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراقەوە لە بنکەکانی ئەمریکا دەدەن،

ئەوە لە فڕۆکەخانی هەولێر و لە حەریر دەدرێ و حکوومەتی ناوەندیی عێراقیش نەیتوانیوە تا ئێستا بیانوەستێنێ. کەوابوو بەردەوامیی ئەو قەیرانە کاریگەریی لەسەر کورد بە تایبەتی کوردی عێراق دەبێ.

**شەهرام سوبحانی**: لە ئەگەری پەرەسەندنی ئەو شەڕەو تێوەگلانی وڵاتانی ناوچەکە مەترسییەکانی لەسەر هەموو بەشەکانی کوردستان چی دەبێت؟ یان ئەگەر پێتان وایە دەکرێ لە نێو دڵی ئەو هاوکێشەلەدا دەرفەتمان بۆ دروست بێ ئەو دەرفەتانە کامانەن؟

**د. مەحموود عوسمان**: بڕوا ناکەم دەرفەتێکی ئەتۆ بۆ کورد دروست بێ جگە لە زەرر نەبێ. لەلایەک ئێران و لەلایەک ئەمریکایە، ئەگەر بێ و ئەم ڕازی کەی و ئەو ڕازی کەی تووشی کێشەی زۆر دەبی. مەسەلەکە ئەوەیە چەندە ئێران بەهێز بێ، زەرەری بۆ کوردە لەم دیو سنوورو و لەو دیوو. لە تورکیەش هەروایە. تورکیە کە ئێستا لەگەڵ ئیسرائیل پێوەندی خراپ بووە تەبعەن ئەویش کاریگەری زیاتری دەبێ و لە سووریەش ئێمە دەبینین ڕۆژئاوا بەردەوام لەلایەن تورکیەوە پەلامار دەدرێ. لەلایەک مێلیشیا عێراقییەکانی سەر بە ئێران لە هێزەکانی ئەمریکا دەدەن و ئەمریکاش بۆ تۆڵەکردنەوە لە سووریە دەدا، یانێ کورد لەو بەینەدا کەوتووەتە نێوان دوو بەرداشەوە و بۆیە بڕوا ناکەم کورد سوودێک لەو شەڕە وەرگرێت. شەڕەکە نەبێ بۆ کورد چاکترە، چوونکە لە کۆتاییدا هەردوولا هەر دەمێنن، واتا هەر یەک لە جێگەی خۆی و وانییە بڵێی لایەک سەتا سەت سەر دەکەوێ و ئێتر تۆ کەلکی لێ وەردەگری. لەڕاستیشدا ئەم دوو لایەنە هیچیان دۆستی کورد نیین، نە ئێران و نە ئەمریکا؛ چوونکە ئەمریکاش هیچ شتێکی بۆ کورد پێ نییە و نەیکردوە کە بڵێ ئێتر ئەمریکا سەرکەوت کوردیش شتێکی بۆ دروست دەبێ. لە بەر ئەوە زەرەری ئەبێ بۆ کورد و چەندە زووتر بە ئاشتی کۆتایی پێ بێت باشترە بۆ هەموو لایەک و بۆ کوردیش.

**شەهرام سوبحانی**: بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی پاڵپشتی کورد ناکەن هۆکارەکەی چییە؟

**د. مەحموود عوسمان**: سیاسەتی ئەوان لەسەر بنەمای وڵات بوونە. ئەوان دەڵێن عێراق یەک وڵاتە، تورکیە و ئێران و سووریەش هەرکام وڵاتێکن و ناکرێ دابەش بن و کورد بەشێکە لەو وڵاتانە و دەبێ مافی خۆیان لەو وڵاتانەدا دەستەبەر بکەن. ئیدی تەئییدی ئەوە ناکەن لەدژی ئەو وڵاتانە بی و بتەوێ سنوورەکان بگۆڕی. دەبینی مەسەلەن لە تورکیە ئەوەی دژی حکوومەتی تورکیە بێت پێی دەڵێن تێرۆریست، لە ئێران پێی دەڵێن تەجزیەتەلەب، بەڵام لە ئاکامدا چییان بۆ کوردی ئێران نەکردوە. لە عێراقیش زیاتر لەگەڵ بەغدان، نەک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی؛ چونکە تۆ بەشێکی لەو وڵاتە و پێت دەڵێ تۆ برۆ کێشەی خۆت لە گەڵ بەغدا چارەسەر بکە. ئەو وڵاتانە سیاسەتەکەیان ئەوەیە و ئەوەش بە واتای ئەوە نییە

دژی کوردن. تەبعەن پێت دەڵێ تۆ بەشێکی لە عێراق و من لەگەڵ عێراق مامەڵە دەکەم و تۆش بەشێکی لەو وڵاتە و کێشەی خۆت بڕۆ لە بەغدا بەپێی دەستوور چارەسەر بکە. واتا ئیهتمامی گەورەیان بە حکوومەتی مەرکەزییە. لە تەنیشت ئەوە مەرحەبا لە کوردیش دەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر و شتێکی تایبەتییان پێ نییە. بۆ نموونە ڕێفراندۆمەکەی ساڵی ٢٠١٧. ئەو ڕێفراندۆمە تەنیا بۆ ئەوە بوو دەنگی کوردەکە وەرگری، بەڵام لە ئاکامدا هەموو عالەم بوو بە دژمان، لە کاتێکدا هیچیشمان نەکردوە. بە واتایەیە بڕوات پێ ناکەن کە تۆ میللەتێکی و مافی ڕێفراندۆم و مافی دیاریکردنی چارەنووست هەیە. لە بەر ئەوە سیاسەتەکەیان ئەوەیە کە دەیبینی. زیاتر سیاسەتەکەیان لەگەڵ دەوڵەتەکانە لە تورکیە، لەگەڵ ئێران، لەگەڵ عێراق و سووریە و پێت دەڵێن تۆ بەشێکی لەو وڵاتانە. بەداخەوە جوغرافیای ئێمەش ئێمەی حەبس کردوە لە بەینی ئەو دەوڵەتانەدا، بەحریێکمان نییە تا بتوانێ سەرنجی دەوڵەتان بەلای خۆیدا ڕابکێشت و بۆ ئێمە ڕێگای دەربازبوونێک بێت.

**شەهرام سوبحانی**: بۆ خۆشتان دەزانن بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵات بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێ لە دوو ساڵی ڕابردوودا کە بینیمان لە لایەک هەم شۆڕشی ژینا و لە لایەک هەم ڕێکەوتنی ئەمنییەتی نێوان ئێران و عێراق بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی خستۆتە بەردەم زۆر ئەگەر و سیناریۆی ناڕوون. ئێوە ئەمە پتر بە هەل و دەرفەت دەبینن یان هەڕەشەو مەترسی؟

**د. مەحموود عوسمان**: زیاتر هەڕەشە و مەترسییە، هەل و دەرفەتیش مومکینە تێیدا بێت. ئەو هەل و دەرفەتە پێوەندیی بە هەڵویستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر بە ئێرانەوە هەیە کە ئایا دەیانهەوێ حکوومەتی ئێران یان سیاسەتەکانی بگۆڕن؟ ئەوان بە قسە هەموو دژی ئێرانن، بەڵام شتێکی وا نابینی کە سیاسەتی ئەوەیان هەبێ و لە کردەوەدا شتێکی وانابینی کە ڕێژیمەکە نەهێڵن یا بیگۆڕن. دیار وەها بەرنامەیەکیان نییە. ئێمە بینیمان ئەو هەموو خۆپیشاندانە کرا و شۆڕشی ژینا ڕووی دا، بەڵام ئەمریکا چیی کرد؟ هیچی نەکرد. باسیان دەکرد وەکوو مەحکوومکردنی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی بەڵام سیاسەتیان ئەوە نییە کە ڕێژیمەکە بگۆڕن چوونکە هەر ئۆمێدیان وایە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە گەڵ ئەو ڕێژیمە مەرحەبایەک بکەن لە بەر ئەوە من دەرفەتی زۆر تێدا نابینم، لەو وەزعەدا ئێمە وەک کورد زەرەرمان زۆر کردوە بەڵام تەبیعی نازانی سیاسەتی دنیا چۆنە. ئەگەر زۆرە گۆڕانکارییەکی وا درووست بێ لە دنیا داکە ئەو سیاسەتانە بگۆڕن. ئەگەر ئەو هەلە هاتە گۆڕێ کوردیش لەوانەیە لەو هەلە سوود ببینێ، بەڵام هەتا ئێستا شتێک دیار نییە.

**شەهرام سوبحانی**: **دوکتور یانی پێتان وایە کە لە حاڵی حازردا هیچ ئۆمێدێک نییە؟**

**د. مەحموود عوسمان**: ئەگەر مەبەست بۆ کوردی ئێرانە من حالییەن ئۆمێدێکی وا نابینم، چوونکە ئەوە ئێران هەیە و هیچ

دەوڵەتێک حازر نییە ڕێژیمەکە بگۆڕدرێ، مومکینە لەگەڵی نەبن و تەنانەت دژی بن و گەمارۆی ئابووریشی بخەنە سەر؛ بەڵام ئیهتیمامێکی گەورەش نابینم بۆ کوردی ڕۆژهەڵات. یانێ ئێستا ئەمریکا کە ئەوندە دژی ئێرانە و شەو و ڕۆژ بەحسی دەکا و سزای لە سەر دادەنێ، بەڵام زۆر بە زەحمەت ویزا دەدەن بە کوردێک کە بچێ بۆ ئەمریکا و هەمیشە پێیان دەڵێن کە ئێمە تەئییدی ئەوە ناکەین ئێوە بە چەکداری بتانەوی ڕێژیمەکە بگۆڕن. بەکورتی کێشەکان زۆرن و هۆکارەکەش ئەوەیە ئەوان ئێمە لە بناغەوە وەک نەتەوەیەک سەیری ئێمە ناکەن، وەک نەتەوەیەک کە مافی چارەنووس و مافی کیانێکی هەیە و دەبێ قەوارەی خۆی هەبێ. جا ڕەنگە لە داهاتوودا گۆڕانکارییەک بکرێ، بەڵام لە ئێستادا وای نابینم.

**شەهرام سوبحانی**: بەپێی دۆخی سیاسی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان کورد لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان بە تایبەتمەندییە جیاوازییەکانی خۆیەوە یان تەنانەت لە چوارچێوەی ڕێکەوتن و پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا ستراتیژیکییەکەی دەبێ چی بێت؟

**د. مەحموود عوسمان**: دەبێ یەکگرتوو بن و پێکەوە هاوکار بن لەسەر ئاستی نەتەوەیی و لەسەر ئاستی هەر پارچەیەکیش حیزبەکان چەندی دەتوانن هاوکاری یەک بن. پێویستە بەرەیەکیان هەبێ و دژی یەکتر سیاسەت دەکەن. ئەوە کاریگەریی زۆرە چوونکە ئێمە میللەتێکی گەورەین. ئەگەر هەموو حیزبەکان هاوکاری یەک بن بێگومان قورسایییەکی گەورەیان دەبێ لە دنیای دەرەوە، لەسەر ئاستی نەتەوە و ئاستی هەرکام لە پارچەکانیش ئەوەی لەجێی خۆی. بۆ نموونە لێرە لە کوردستانی باشوور ئەگەر پارتی و یەکیەتیی پێکەوە ڕێک بن و کێشە و گرژییان نەبێ، دەتوانن لۆبیی زیاتر بکەن و عینی شت لە ڕۆژهەڵات و لە نێوان حیزبەکانی ئەوێدا. بەڵام بەداخەوە من ئەو یەکگرتنە نابینم و لە بەر ئەوەشە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ئێعتراف بە بوونی ئێمە ناکا. ڕاستە ئێمە نەتەوەیەکین و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان هەیە، بەڵام بۆخۆمان یەکگرتوو نین و جۆغرافیاکەشمان لەبار نییە و گەمارۆ دراوین لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی کە هیچیان دۆستمان نین.

**شەهرام سوبحانی**: ئاماژەتان کرد کە یەکێک لە هۆکارەکان نەبوونی جۆگرافیایەکی لەبار بووە. بەڵام خۆ نموونەی وڵاتانی دیکەی وەک کوردستانیش هەن کە ڕێگایان بە دەریا نییە و دەوڵەت و وڵاتی سەربەخۆن.

**د. مەحموود عوسمان**: بە بڕوای من ئەوە هۆکاری سەرەکییە و پاش ئەوە دەتوانین ئاماژە بە نایەکگرتوویی کورد بکەین، دواتریش وەک گوتم کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ئێعترافمان پێ ناکەن و لە هەموو گرینگتر ئەو دەوڵەتانەی دەوروبەرمان هەموویان دژی ئێمەن و هەمووشیان پێوەندی و بەرژەوەندییان لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکان هەیە و کۆمەڵگەی

جیهانییش ئێمەیان كردۆتە قوربانیی بەرژەوەندییەكانی خۆیان.

**شەهرام سوبحانی**: دوكتور زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیە. ئەگەر شتێكی نەگوتراو مابێ لە چوارچێوەی باسەكەماندا.

**د. مەحموود عوسمان**: ئەمن هەمیشە ئەوەم گوتوە كە من لەگەڵ كوردی ڕۆژهەڵات بووم و هەموو دەزانن هەڵویستی من بەنیسبەت خەبات و تێكۆشانی كوردی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموكرات و حیزبەكانی تریش چۆنە. هیوادارم حیزبەكانی ڕۆژهەڵات هەوڵ بدەن یەكگرتوو بن و ئەو گوشارانەی كۆماری ئیسلامییش دەیخاتە سەر هەرێمی كوردستان پێویستە بە یەكگرتوویی بەرەنگاریان ببنەوە و ڕەچاوی دۆخی هەرێمی كوردستانیش بكەن هەر وەک هەتا ئێستا ڕەچاویان كردوە، چونكی هەموومان دەزانین كە حیزبەكانی ڕۆژهەڵات وەک پەكەكە نین كە ڕەچاوی هیچ دۆخێک ناكەن. هیوادارم حیزبەكانی ڕۆژهەڵات لە عەینی كاتدا كە لە خەباتی خۆیان بەردەوامن، لەگەڵ گەلانی تری ئێرانیش هاوكار بن و چاوەڕوانی فرسەت بن و لە لۆبیكردن بەردەوام بن و ئەگەریش دەرفەتی وتوویژ و ئاشتی دروست بوو، لە كیس خۆیانی نەدەن. بەڵام بەڕاستی دەبێ زۆریش وریا بن، ئێمە لەو بارەیەوە تەجربەمان زۆرە. ئێمە زۆر شەڕمان لەگەڵ حكوومەتی عێراق كرد و زۆر ئیعتیمادمان لەسەر ئێران هەڵچنی، بەڵام دیتمان كە چی لە ئێمە كرد و چۆن دژی ئێمە ڕاوەستا. بۆیە دەبێ دەرس لەو مێژووە وەرگرن. كوردی ڕۆژهەڵات مافی خۆیانە دیفاع لە خۆیان بكەن، چوونكە ئێران هێرش دەكاتە سەریان و ئەوانیش دیفاع لە خۆیان دەكەن. ئەوە بە مانای شەڕخوازی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بزانن كە ناتوانن متمانە بە دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتانی دیكەش بكەن چوونكە ئەو دەوڵەتانەش لەگەڵ كورد نین.

مێژووی كۆنی كورد و شۆڕشەكانی كە دەخوێنینەوە، دەبینین شۆڕشەكە پێش كەتووە و سەركەوتوو بووە، بەڵام لەپڕ دەوڵەتەكان لەگەڵ یەک هاوكارییان كردوە و شۆڕشەكەیان كۆتایی پێ هێناوە. تەجروبەی مەهابادمان هەیە، تەجروبەی ئاراراتمان هەیە، تەجروبەی ١٩٧٥ی باشوورمان هەیە، تەجروبەی ١٩٨٨، ئەنفال و كیمیابارانمان هەیە. بەڕای من هەوڵ بدەین چەندی دەكرێ یەكگرتوو بین، یەكگرتنەوەی هەردوو لایەی دێموكرات زۆر باش و هەنگاوێكی گەورە بوو. بەڵام ئەو یەكیەتی و یەكگرتووییە دەبێ لە هەموو ئاستی ئێراندا بەدژی ڕێژیم دروست بێ و لە دەرەوەش لە چالاكی و لۆبیكردن نەوەستن. كوردی ڕۆژهەڵات هاوكات پێویستە لەگەڵ كوردی ئێران و توركیە هاوكار و هاوخەبات بن و چاوەڕوانی دەرفەت بن، چونكی لە دنیادا گۆڕانكاری قووڵ ڕوو دەدا. ئێمە بینیمان چۆن یەكیەتیی سۆڤییەت هەڵوەشا و وەزعەكە گۆڕا و مومكینە لە داهاتووشدا زۆر گۆڕانكاری لە بەرژەوەندیی ئێمەدا ڕوو بدا.

ای سەرماوەزی ٢٧٢٣

# ئاسنی سارد کوتان



مەنسوور مروەتی

پێنج مانگ دوای ڕاپەڕینی پڕشکۆی خەڵک لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا و سەرکوتی خوێناوی و بێبەزەییانەی خەڵکی کوردستان لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، برایم ڕەئیسی، سەرکۆماری ئێران بۆ ئاسایی نیشاندانی بارودۆخەکە سەردانی کوردستان و شاری سنەی کرد. سەردانێک کە نە تەنیا هیچ نیشانەیەک لە ئاسایی‌بوونی بارودۆخی کوردستان نەبوو، بەڵکوو لە بەر هەڵوێستی خەڵکی شاری سنە لە پێشوازی لێنەکردنی ڕەئیسی و چیرۆکی شوکولاتەکەی ئەو شارە، بوو بە ڕووداوێکی مێژوویی و لە هەمان‌کاتدا سەرشۆڕییەکی دیکە بۆ کۆماری ئیسلامی و سەرکۆمارە گاڵتەجارەکەی.

ئێستاش هەمدیسان بۆ ئاسایی نیشاندانی دۆخی کوردستان بەتایبەت لەم یەکساڵەی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە بە وەڕێخستنی هەندێ ڕێوڕەسم و فستیواڵ و کۆنسێرتی جۆراوجۆر تەنانەت ئەگەر بە پێچەوانەی ئیدئۆلۆژییە کۆنەپەرستانەکەشی بێ، هەم سەرنجی خەڵک لەسەر کێشە و ئاریشەکانی کۆمەڵگە دوور بخاتەوە و بەلاڕێیاندا ببا، هەم نیشان بدا کە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان لە پاش شۆڕشی ژن ژیان ئازادی، بەتەواوی ئاسایی بۆتەوە.

بێگومان ئەم باسە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر ناکا چونکە لە ڕاستیدا بارودۆخ لە کوردستاندا هیچ ئاسایی نییە و لە لایەکی دیکەشەوە هیچ کار و کردەوەیەکی کۆماری ئیسلامی نەماوە کە خەڵک بە چاوی گومان و فێڵ و تەڵەکەوە لێی نەڕوانن و پێی نەزانن. بۆ ئەم مەبەستە دیسان حەوتووی ڕابردوو برایمی ڕەئیسی بۆ جاری دووهەم لە چەند مانگی ڕابردوودا هاتەوە بۆ سنە، کە پەراێزەکانی سەفەرەکەی لە ئەسڵی سەفەرەکەی سەرنجڕاکێشتر و شیاوی لێوردبوونەوەی پترن.

ڕەئیسی بەڕواڵەت بۆ کردنەوەی ڕێگەی ئاسنی قەتاری هەمەدان-سنە هاتبووە ئەو شارە، بەڵام لەڕاستیدا دوای ساڵێک و دوو مانگ لە سەرهەڵدانی خەڵک، دیسان هاتبوو وا نیشان بدا دۆخی کوردستان ئارامە و کۆنترۆڵ کراوە. چونکە ڕێگەی ئاسنی قەتاری هەمەدان سنە ئەگەر گەلاڵەکەی هی زۆر پێشتر نەبێ لانیکەم هی دەورانی سەرکۆماریی محەممەد خاتەمییە و دوای دوو دەورە سەرکۆماریی مەحموودی ئەحمەدی نژاد و هەشت ساڵ دەوڵەتی حەسەنی ڕووحانی تەنیا سێ کیلۆمیتری مابوو تەواو ببێ و ئەمە هیچ پێوەندییەکی بەم کابینەیەوە نەبوو. جگە لەوە ئایا کێشەی خەڵکی کوردستان هێڵی شەمەندەفەڕی هەمەدان-سنەیە؟ ئەگەر قەرار بێ خزمەتێکی ڕێگاوبانی کوردستان بکرێ، ئەی بۆچی ڕێگای نێوان شارەکانی کوردستان گەورە ناکەنەوە و پێیان ڕاناگەن کە زۆربەی ڕێگەوبانەکانی کوردستان بوونەتە ڕێگای مەرگ و ڕۆژ نییە لە بەر خراپیی ڕێگاکان و ڕووداوی هاتوچۆ کوژراو و برینداریان لێ نەکەوێتەوە. ئایا خەڵکی کوردستان پێویستیان بە ڕێگەی قەتارە یا دروستکردنی کارگە و کارخانە و ڕەخساندنی کار و پیشەیە؟ ئەی بۆ بە هەموو پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قەدەر تەنیا شارێکی ناوەندی ئێران کارخانە و کارگەی تێدا نییە کە خەڵکی کوردستان ناچار نەبن بۆ پەیدا کردنی تیکە نانێک بۆ ماڵ و منداڵیان ئاوارەی شارە گەورەکانی ئێران بن؟ بۆیە هەمووان دەزانن لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمدا هیچ پرۆژە و گەلاڵەیەک لە کوردستان بۆ خزمەت خەڵک نەبووە و بگرە زۆربەی هەرەزۆری سەفەر و هاتوچۆیان بۆ کوردستان مەبەستێکی دیکەی لە پشتە.

وەک باس کرا سەفەری دووبارەی ڕەئیسی بۆ سنە بۆ نیشان دانی ئاسایی بوونی دۆخەکە بوو، و بۆ ئەو مەبەستەش سەرەڕای هەموو هەوڵێکیان بەڵام خەڵکی کوردستان نەچوونە پێشوازی. بۆیە ڕێژیم کە پێشتر ئەوەی لێکدابۆوە، بە مینی بووس و ئوتوبووس پاسدار و بەسیجی و کەسانی بەکرێگیراوی خۆی لە پارێزگاکانی دەوروبەرەوە هێنابووە سنە. ئەم هەڵوێستەی خەڵکی سنە جارێکی دیکە و بەتایبەت لە پاش ڕاپەڕینە مەزن و بەنێوەرۆکەکەی شۆڕشی ژینا بە کۆماری ئیسلامیی گوتەوە کە ئەوان جینایەتەکانی ڕژیم دەرحەق بە خۆیان بیر ناچێتەوە و لە خوێنی ڕۆڵەکانیان خۆش نابن. هەموو ئەمانەش لە حاڵێکدایە کە هێشتا دەسبەسەرکردن و زیندان و تیرۆر و کوشتوبڕەکان بە دەستی مرۆڤکوژانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هەر بەردەوامە. هەروەها دەریخستوە کە پتر لە ڕابردوو هیچ متمانەیەک لە نێوان ڕێژیمی تاران و خەڵکی کوردستاندا نییە

و خەڵک چاوەڕێی دەرفەتێکی لەبارن تا جارێک و بۆ هەمیشە ئەم ڕێژیمە لە کۆڵ خۆیان و مرۆڤایەتی بکەنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی زۆر جار لە سەفەر و دانیشتنەکانیاندا وەکوو نەریتی دیکتاتۆرانی مێژوو هەندێ کەسی نەفسنزم بە ناوی جۆربەجۆرەوە لە دەوری خۆیان کۆ دەکەنەوە کە ئاکامەکەی بۆ ڕێژیم هەر سەرشۆڕی و بۆ ئەو جۆرە کەسانەش جگە لە نیشاندانی ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆیان و ئابڕووچوونیان لەنێو خەڵکدا هیچی دیکەی لێ ناکەوێتەوە. لەم سەفەرەشدا چەند کەسێکیان لە دەور برایمی ڕەئیسی بە ناوی ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند و... کۆ کردەوە کە وەک یەکێک لە پەراوێزەکانی ئەم سەفەرە کاردانەوەی خەڵکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدوای خۆیدا هێنا. پێدانی تابلۆیەکی نەقاشی لەلایەن کەسێکەوە (فەردین سادق ئەیووبی) و گۆرانی گوتن لەلایەن کەسێکی دیکە و چەند شتی دی بابەتی ئەو دانیشتنەی ڕەئیسی لە گەڵ ئەو چەند کەسە بوو کە شانۆ گاڵتەجاڕەکەی ڕێژیمیان پێ ڕێکخرا.

"مرۆڤ هەڵوێستە و هەڵوێستیش شەرەفە"، ئەمە وتەی نووسەرێکی ناوداری میسرییە و ئەگەر یەک لە پێوەرەکانی مرۆڤبوون قسەی ئەم نووسەرە میسرییە بێ، ئەوا مرۆڤی خاوەن شەرەف قەت ناچێتە سەر خوانی جینایەتکارێک کە دەستی بە خوێنی سەدان ڕۆڵەی نیشتمانەکەی سوورە و دەیان بنەماڵە هەر لە هاوشارییەکانی خۆیان هێشتا هەر تازیەباری خوێنی بەناحەق ڕژاوی ڕۆڵەکانیانن.

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێ ئەوەی ڕێژیم لە کوردستان بە مەبەستی ئاسایی نیشاندانی دۆخەکە دەیکا، تەنیا ئاسنی سارد کوتانە و ئەوانەش کە لەم پیلانانەدا یارمەتیدەری کۆماری ئیسلامین دەبێ بزانن کە ئەم ڕێژیمە مرۆڤکوژە لە دواساڵەکانی تەمەنی خۆیدایە و خۆشخزمەتیەکانی ئەم کەسانە لە بیری خەڵکدا دەمێنێتەوە و دەبێ لە بەرانبەر ڕای گشتیدا وڵامدەر بن.

١ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# ژەنراڵ جۆزەف ڤۆتەڵ: کێشەی غەززە ڕەنگبێ تەشەنە بکات، چونکە ئێران کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر میلیشیا بەکرێگیراوەکانیەوە نییە




**پادکەستی ئەلمانیتۆر – عەمبرین زەمان و جارێد زووبا**
**و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

عەمبەرین: لەگەڵ درێژەکێشانی ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و حەماس نیگەرانییەکان لەمەر ئەگەری تەشەنەکردنەکەی لە ئارادایە کە ڕەنگبێ ببێتە هۆی دەستێوەردانی پتری لایەنە ناوچەییەکان، بە تایبەتی لەلایەن حیزبوڵڵا و ئێرانەوە. ڕێژەیەکی بەرچاو قوربانیی مەدەنی لەنێو فەلەستینییەکانی غەززە -لە نێویاندا زیاتر لە ٤٦٠٠ منداڵ، بەگوێرەی وەزارەتی تەندروستیی غەززە- بۆتە هۆی مەحکوومکردنی نێونەتەوەیی و کاڵتربوونەی هێرشە مرۆڤکوژییەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل کە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ١٢٠٠ ئیسرائیلی و هۆی شەڕی ئەو جارە.

بۆ باس لەسەر ئەو کێشەیە و کاریگەرییە بەربڵاوترەکانی، فەرماندەی پێشووی ناوەندی فەرماندەیی وڵاتە یەکگرتووەکان، ژەنراڵ جۆزێف ڤۆتەل، کە سەرپەرشتی شەڕ دژی داعش بوو و زانیاریی قووڵی لەسەر ناوچەکە هەیە، لەگەڵمانە.

هەواڵنێری پێنتاگۆنمان، جارێد زووبا، کە ڕاپۆرتی شەڕی داعشی دەناردن، ئەویش هاوبەشی گفتگۆکانی ئەمڕۆمانە.

عەمبەرین: گەلێک سوپاس ژەنڕاڵ ڤۆتەل کە ئەمڕۆ لەگەڵمانی.

ژەنڕاڵ جۆزێف ڤۆتەل: گەلێک سوپاس عەمبەرین، خۆشحاڵم کە لەگەڵتانم و سوپاس بۆ باگهێشتکردنەکەتان.

ع: ئێستا دەورانێکی سەرشێتانەیە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و کاتێکی جێگای نیگەرانییە. نێردەی پێنتاگۆنی ئێمە، جارێد زووبا لەگەڵمانە ئەمڕۆ و ئەو یەکەم پرسیار ئاراستە دەکات.

جارێد: دیسان سوپاس ژەنڕاڵ بۆ بەشداریتان. دەمهەوێ لە بارەی شەڕی ئیسرائیل و حەماس پرسیار بکەم. لە ڕوانگەی مەیدانییەوە لە کام بڕگەی شەڕداین؟ بە لەبەرچاو گرتنی ئەو زانیارییەی لە بەردەستدایە، هەنگاوی داهاتوو چییە؟ پێتوایە هیزی بەرگریی ئیسرائیل ڕێنوێنییەکانی کاربەدەستانی ئەمریکای لەبارەی ئاست و چۆنیەتیی شەڕەکە لەبەر چاو گرتووە؟

ژ. ڤ: سوپاس و خۆشحاڵم لەگەڵ هەردووکتانم. پێموایە ئێمە هێشتا لە سەرەتای ئەو هەڵمەتەداین. شتی زۆر قەوماوە، بێگومان هێرشێکی زۆر لەلایەن ئیسرائیلەوە کراون و ئێستا جووڵەی هێزێکی بەرچاو لە غەززەدا دەبینین، لە شاری غەززە و دەوروبەری. تاقمێک شەڕ و پێکدادان لە باکووری ئەو وڵاتە دەبینرێن. بەڵام لێکدانەوەی من ئەوەیە کە هێشتا کارێکی زۆر ماوە بکرێ و لە هەمووی گرینگتر لەنێو شاری غەززە، کە هەڵبەت شەڕێکی گەلێک دژوارە و پێموایە هەموو ئەوانە ماون. بەڵام تەنانەت دوای ئەوانەش، دژوارترین بەشی ئەوە هەوڵ بۆ گواستنەوەی ئەو عەمەلیاتە سەربازییە بۆ ڕێگاچارەیەکی سیاسییە. بە بۆچوونی من لە کۆتاییدا ئەوە دژوارترین بەشە. بەڵام هەر وەکوو ئەو بەیانییە باسمان کرد ئێمە لەوبارەوە شتی زۆرتر دەبینین. بەڵام من پێموایە ئێمە ئێستا لە قۆناخێک داین کە چاوەڕوانیم دەکرد و هێشتا زۆر شت ماوە بکرێ و شەڕی زۆر دژوارمان لە پێشە. لەبارەی ئەوەی ئیسرائیل چۆن ئەو کارە دەکات پێموایە پەیامی بەهێز لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکا و ئەوانەی هەوڵیان داوە ڕاوێژکاری ئیسرائیلییەکان بن، ئەوە بووە کە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەو کارە بەقەد کردنی کارەکە گرینگە و ئەوە مومکین نییە بێتوو لایەنە مرۆییەکەی لەبەرچاو نەگیرێت. پێموایە بەشێک لە ئامۆژگاریی دەوڵەتی ئەمریکا ئەوە بووە کە ئێمە دوای هێرشی یازدەی سێپتەمبەر هێندێک هەڵەمان کردن، لە یەکەم ساڵەکانی دوای کێشەکەدا. بێتوو دەرفەتمان هەبا ئەو کارە دووپات بکەینەوە، بە شێوەیەکی دیکە هەنگاومان دەنا. من پێموایە ئیسرائیل بەشێک لەو ئامۆژگارییانە لەبەر چاو دەگرێ، ڕێککەوتنی لەبەرچاوگرتنی پشوو لە شەڕدا، نموونەی ئەو ڕێنوێنییانەن. پێموابێ ئیسرائیل دەبێ ڕێز لەوە بگرێ کە بەشێک لە بردنەوەی ئەو شەڕە، هەرچۆنێک بردنەوەکە پێناسە بکەن، دەبێ ناوبانگەکەیان لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی و بێگومان لە ناوچەدا بگرێتەوە، بۆیە دەبێ هەموو ئەو نیگەرانییە مرۆییانە

لەبەر چاو بگرێ، وەک بەشێک لە هەڵسوکەوتی درێژخایەنیان لەگەڵ ئەو کێشەیە. من پێم‌وایە ئەوان دەستیان کردوە بە هێندێک کاری دروست لەو بارەوە، نازانم ئەوە بەسە یان نا. ئێستا دۆخێکی گەلێک دژوارە، پێم‌وایە ئەوان هەوڵ دەدەن بەگوێرەی یاسای کێشەی چەکدارانە بجووڵێنەوە، بەڵام دۆخەکە لە ڕادەبەدەر دژوارە.

**ع: هاوکات ئێمە ڕاپۆرتی پشتڕاست نەکراوە دەبیستین کە ئیسرائیل ڕەنگبێ دژی حیزبوڵڵا هەنگاو بنێ و بە شێوەیەک چاوەڕوان دەکرێ وڵاتە یەکگرتووەکان لەو بەرەیەدا بەشداری بێ، هەڵبەت بێگومان ئەوە بەو مانایەشە کە ئێران بە شێوەیەک دەبێتە بەشێک لەو کێشەیە. ئێوە چەندە نیگەرانن ئەو شەڕە ببێتە کێشەیەکی هەرێمی کە لایەنی دیکەش بگرێتەوە، وەکوو ڕووسیە، ئێران و حیزبوڵڵا.**

ژ. ڤ: هەڵبەت لە سەرەتاوە تەشەنەکردنی کێشەکە هۆی نیگەرانیی زۆر بووە. پێم‌وایە هەموو چاوەڕوان بوون کە لە ئاکامی ئەوەی لە ٧ی ئۆکتۆبردا ڕووی دا، کاردانەوەیەک دەبێ ڕاستەوخۆ دژی حەماس دەبێ، بەڵام بەئاشکرا لە بەرژەوەندیی هیچ کەسدا نییە، لەبەرژەوەندیی ئیسرائیل نییە، لە بەرژەوەندیی ناوچەکەدا نییە، لە بەرژەوەندیی ئەمریکادا نییە کە کێشەیەکی گەلێک بەربڵاوتر لە سەرانسەری شام یان ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بێتە ئاراوە. من بەردەوام بڕوام بەوەیە، یەکەم حەوتووەکانی کێشەکە لە لێکدانەوەی هەڵە یان هەنگاوی هەڵە لە هەر لایەکەوە نیگەران بووم کە ڕەنگبێ کێشەکە بەربڵاوتر بکاتەوە. پێم‌وایە ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر خۆمان لەوە بوارد و پێم‌وایە ئەوە باشە. نازانم ئەوە لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل‌دایە کە هێرش بکاتە سەر حیزبوڵڵا لە ئێستادا، پێم‌وایە یەکجار زۆرتر دەخوازێ کە ئیسرائیل هۆشی لە ئەرکە دژوارەکەی لە غەززە بەرەو ئاقارێکی دیکە ڕانەکێشرێ، بۆیە پێم‌وانییە ئەوە لە بەرژەوەندیی ئەواندا بێ. بەڵام ئەوە ڕوونە کە نیگەرانییەکان لە سەرانسەری ناوچەکە ئاماژەیان پێ بکرێ، وەک ئاکامی هەموو ئەوانە، چونکە ئەو شتانە کۆتاییان نایە. هەڕەشەی حیزبوڵڵا بۆ سەر ئیسرائیل کۆتایی نایە، هەروەها ئێران لە کۆتایی ئەو دۆخەدا هەر لەوێ دەبێ. ئەوان درێژە بە هەوڵدان بۆ ئامانجەکانیان دەدەن، بۆیە دەبێ ڕێگایەک بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوانە هەبێ. بەڵام تا ئەو جێیەی دەگەڕێتەوە سەر کێشەی بەربڵاوی ناوچەیی. ئەمن پێشتر نیگەرانی لێکدانەوەی هەڵە بووم، ئێستا من کەمتر نیگەرانی ئەوەم. لە کاتێکدا هێشتا پێم‌وایە ئەگەری هەیە، بەڵام پێم‌وایە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە، ئێستا ئەگەری کەمتر هەیە کێشەیەکی هەرێمی پەیوەندیدار بەو دۆخەی ئێستا بێتە ئاراوە.

**ع: ئەوە بۆ هەموومان کە بەدوداچوون بۆ هەواڵەکانی ناوچەکە دەکەن، ئاشکرایە کە ئێران بە هیچ شێوەیەک نایهەوێ کێشەکە قووڵتر بکاتەوە، ئەگەرچی خەڵکی وەکوو نەسروڵڵا، ڕێبەری حیزبووڵڵا، لێدوانی شەڕخوازانە بڵاو دەکاتەوە و دەڵێ ئێمە بۆتان دێین، بێتوو درێژە بەو هێرشە بدەن. بەڵام دان‌بەخۆداگرتن و خۆبواردن لە وەڵامدانەوە بە میلیشیا**

شیعەکانی کە ئێران لە پشتیانە و لە سووریە و عێراق چالاکن، تا کەنگێ درێژەی دەبێ؟

ژ. ڤ: بەڵێ تۆ باسی خاڵێکی گرینگ دەکەی. من پێموایە نیگەرانی هەیە لەبارەی کۆنترۆڵ بەسەر میلیشیا شیعەکان کە گەلێک بچووکترن و شتێکی زۆر کەمتریان بۆ لەکیسدان هەیە و ڕەنگبێ بیانهەوێ کەلک لەو دەرفەتە وەرگرن تا بەو کارانە خۆیان قوت بکەنەوە و پێگەیەکی بەرچاوتر لە دنیای شیعەدا بۆخۆیان دەستەبەر بکەن و ئەوان دەتوانن کەلک لە دۆخەکە وەرگرن. ئێمە جووڵانەوەی وەهامان دیتوون، یان بەشێک لەو جووڵانەوە وەکوو عەسائیب ئەهل ئەلحەق کە بۆ بەشی ڕۆژاوای سووریە چوون و ڕێکخراوی وەکوو کەتائیب حیزبوڵڵامان دیتوە کە وێدەچی لەپشت ئەو هێرشە وەرەزکارانە بن کە دەکرێنە سەر دامەزراوە و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق و سووریە و بێگومان حوسییەکانیش کە هاژەک بەدرێژایی دەریای سووردا دەهاوێن، جێگای نیگەرانین و بێگومان دەسەڵاتی زۆریان بەسەر شوێنی سەرەکی باب ئەلمەندەبەوە هەیە و پێموایە دەبێ گەلێک لەو بارەوە نیگەران بین. شتێکی کە زۆر من نیگەران دەکا ئەوەیە چۆن ئەو ڕێکخراوە بچووکانە کۆنترۆڵ بکرێن و بە شێوەی سەربەخۆ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەین. من پێموایە ئێران تا ڕادەیەک جڵەوی ئەوانی بەدەستەوە بەڵام من دڵنیا نیم ئەو کۆنترۆڵە هێندە مسۆگەر بێ کە ئێمە چاوەڕوانین و من نیگەرانی ئەو ڕێکخراوانەم کە دەتوانن ببنە هۆی گێر و گرفتی زیاتر، بەو ڕادەیە نا کە ڕەنگدانەوەی لەسەر کێشەی ئێستا هەبێ، بەڵام ئەوان بێگومان دەبنە هۆی زەرەری زیاتر کە بەرپەرچدانەو بخوازێ.

ج: سوپاس ژەنراڵ. پێم خۆشە بگەڕێمەوە سەر بنکەی فەرماندەیی سوپای قودس و بەکرێگیراوانی سوپای پاسداران دواتر، ئەگەر کاتمان هەبێ. بەڵام ئێستا پێم خۆشە بۆمان باسی لە توانایییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا بکەی کە ئەوان چەندە ئامادەن لە ئەگەری دەستێوەردان. ئەوان ئێزنی کام کاریان هەیە و ئەوە چۆن لە چوارچێوەی ستراتێژیی بەربڵاوتری بەرگریی نیشتمانیدا جێ دەگرێ، لە ڕوانگەی کەڵک لێ وەرگرتن و بەرۆژکردنەوەیان. لەو پەیوەندییەدا ئێمە دەبێ چاوەڕوانی دیتنی چ شتێک بین؟

ژ. ڤ: ئەمن زۆر شتم دیتوون کە ئێوەش بینیوتانن. لەو دۆخەدا بڕیارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاستی سەرەوە دێن و زۆربەی بڕیارەکانی کەلکوەرگرتن لە هێز لە واشینگتۆنەوە دەدرێن، بە دڵنیایییەوە لە پێنتاگۆن و لەوێڕا دەنێردرێن بۆ سەنتکام و فەرماندەکانی ئۆپەراسیۆنەکان. لە دۆخێکی وەک ئێستادا ئەوە نابێتە هۆی سەرسوڕمانی من. ئەوە شتێکی ئاڵۆزە و ئەوان هەوڵ دەدەن سەرپەرشتیی دۆخەکە بکەن، نەتەنیا پشتگیریی ئیسرائیل بکەن بەڵکو بە پەیوەندییەکان لە سەرانسەری ناوچەکەشدا ڕابگەن و هەوەها چەندین هەڕەشە کە لێرە باسمان کردن. لە ڕوانگەی فەرماندەیی و کۆنترۆڵەوە پێموایە ئێمە ئێستا لەو دۆخەداین. پێموایە دەکرێ لەوبارەوە باس بکرێ کە ئاخۆ ئەوە هەڵوێستێکی دروستە یان نا؟

بەڵام ئێمە فەرماندەی گەلێک لێهاتوومان هەن کە دەتوانن دۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن. ئەوە بەو شێوەیە کە سەرۆککۆمار و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەیانهەوێ ئەرکەکان دابەش بکەن و من پێم باشە. تا ئەوکاتەی ئەوان یارمەتیدەری بڕیاردانن. لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان چی لێرە جێگیر کردوە، زۆر کەس دەزانن ئێمە دوو پاپۆڕی فڕۆکە هەڵگرمان بۆ ناوچەکە گواستنەوە. ئەوە یەکەم جارە کە دوای ماوەیەکی دوورودرێژ دوو تاقمی هێرشبەرمان گەڕاندۆتەوە ناوچە، ئەگەرچی زۆربەی کاتی فەرماندەیی من بەسەر سەنتکامەوە ئەوپەڕی پاپۆڕێکی لەو جۆرە لە ناوچەدا هەبوو، بەڵام ماوەیەکی زۆری کاتی فەرماندەیی من ئێمە هیچ پاپۆڕێکی ئەو جۆرەمان لێرە نەبوو. کەوابوو ئەوانە توانایی سەرەکیی بەرپەرچدانەوەمانن، ئەو فڕۆکە هەڵگرانە هەرکامیان ٨٠ بۆ ٩٠ فڕۆکەیان لەسەر نیشتوون کە دەتوانن توانایییەکی جەنگیی لە ڕادەبەدەر دروست بکەن، دەتوانن ڕووبەرێکی بەربڵاو داپۆشن و ئەو کارە زۆر خێرا ڕاپەڕێنن. کەوابوو ئەوە هێزی سەرەکیی چاوترسێنکردنی ئێمەن لێرە. وەک بیستووتانە ئێمە چەند ژێر دەریاییشمان هێناون بۆ ناوچە کە ئەوە تواناییەکان زیاتر دەکەن. ئەوە کۆی تواناییەکانمانن کە یارمەتیدەرمانن بزانن چ ڕوو دەدا. من پێموایە ئامانجی هەموو ئەو سامانانە ئەوەیە ئامادەیی ئێمە نیشان بدەن و بە ئێران و هەموو لایەنێکی دیکە بڵێن چاو لێ کەن ئێمە لێرەین و ئامادەین و توانیومانە ئەو ئامادەییە کۆ بکەینە تا پشتیوانی ڕوانگەی خۆمان بین. ئێمە ئامادەی کەڵک لێوەرگرتن لەو توانایییانەین و چەند جار لە ماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا هێرشمان کردۆتە سەر میلیشیای سەر بە ئێران کە هێرشیان کردبووە سەر دامەزراوەکانی ئەمریکایی. کەوابوو ئێمە ویستی خۆمان لەگەڵ تواناییەکانمان ڕێک دەخەین و ئەوە لایەنێکی گرینگە. بەڵام هەر وەکوو ئاماژەم پێ کرد بێگومان ئەوە پەیامێکە بۆ بەرهەڵستکارانمان، پەیامێکە بۆ ئیسرائیل کە ئێمە لێرەین و پەیامێکە بۆ ناوچە بە شێوەیەکی گشتیتر کە وڵاتە یەکگرتووەکان لێرەیە و چالاکانە هەنگاو دەنێ تا پێش بە کێشەیەکی گەلێک بەربڵاوتر بگرێ کە ئاسەواری ماڵوێرانکەری بۆ ناوچەکە دەبێ، نە تەنیا بۆ ئێمە و هەموو کەسێکی دیکە بەڵکوو بۆ سەرجەم ناوچە کە زۆر شت لەنێو دەبا. کەوابوو ئەوە ئەو شتەیە کە ئێمە دەیکەین و ئەوش زیاد بکەم کە زۆر جار گوێگرانمان پێیان وایە ئێمە تەنیا کەرەستەی سەربازیی نیشان دەدەین، بەڵام ئێمە کارێکی باشیشمان لە ڕوانگەی نیشاندانی ئامادەیی سیاسیش کردوە و پێموایە ئەوەش گەلێک گرینگە. وەزیری کاروباری دەرەوە لانی کەم سێ جار هاتۆتە ناوچەکە، فەرماندەی سەنتکام دوو جار هاتوە، وەزیری بەرگری و سەرۆککۆمار حەوتووی یەکەم هاتن. ئەگەر ئەوانە جەختکردنەوەی گەلێک ئاشکرای وڵاتە یەکگرتووەکان و ویستی کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە نیشان نەدەن، نازانم چ شتێک دەتوانێ ئەو کارە بکات. کەوابوو من پێموایە ئێمە لە چەند حەوتووی ڕابردوودا کارێکی باشمان بۆ ئامادەیی سەربازیی و سیاسی کردووە و درێژە بەو کارە دەدەین.

ع: تەنانەت پێش ٧ی ئۆکتۆبر ئێوە گیرۆدەی هێرشی میلیشیای سەر بە ئێران و هەروەها هی تورکیەش بوون. ژەنراڵ مەزلووم لە سلێمانی تووشی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نزیک ببوو، کاتێک فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکیە هێرشی کردبوو بۆ

سەر کاروانی ئوتومبێلەکانی و دیتوومانە ئەو جۆرە هێرشانە چەند جار دووپات بوونەوە و زەرەر و زیانێکی زۆریان بە ژێرخانی مەدەنی لەوێ گەیاندوە. ئێوە چەندە نیگەرانن کە کێشەکە لە لایەن تورکیەشەوە قووڵتر بکرێتەوە و لە کۆتاییدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هێرشانە لە چەند لاوە، بوونی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سووریە چەندە بەردەوام دەبێ، بێگومان زەختێکی قورسی سیاسی و دیپلۆماتیکیش کە تورکیە لەوێ دەیهێنێ و دەڵێ من هاوپەیمانی ناتۆم و "ئێوە هاوکاری تێرۆریستان دەکەن"، بۆچوونتان لەو بارەوە چییە؟

ژ. ڤ: بۆچوونی من لەو بارەوە ئەوەیە کە مانەوەی ئێمە بەردەوام دەبێ بەڵام پێموایە دەبێ نادڵنیایی لە دۆخەکە بسڕینەوە. من پێموانییە کە ئێمە بتوانین ڕێگا بدەین هێرشەکان بۆ سەر هێزەکانمان لێرە لە سووریە و لە عێراق بێ‌وەڵام بمێننەوە و پێموایە دەبێ خەڵک بەرپرسیار بکەین، بۆیە گەلێک دڵخۆشم کە هێرشەکانی دوێنێ‌شەو و ئەو دواییانە دژی ڕێبەرایەتی و مۆڵگەی ئەمنییەتی بوون. من پێموایە وەڵامدانەوە بەوانە تەمی نادڵنیایی پەیوەندیدار بە دۆخەکە دەرەوێنێتەوە و بەرهەڵستکاران وریا دەکاتەوە کە دەبێ تێچووەکە بدەن، بێتوو ئێوە ئەو کارە بکەن ئێمە ئەوە تەحەممول ناکەین، پێموابێ ئێمە دەتوانین ئەو کارە بکەین و بوونمان پشتڕاست بکەینەوە و دەتوانین بوونمان بە شێوەیەکی بەردەوامتر لە سووریە و عێراق بسەپێنین. هەڵبەت ئاشکرایە لە عێراق ئێمە دەبێ لە نزیکەوە هاوکاریی دەوڵەتی عێراق بکەین. ئێمە لەسەر داوای ئەوان لەوێین، کەوابوو ئەوان دەبێ هێندێک بەرپرسیاریی بۆ سەرکوتی ئەو هەڕەشانە بۆ سەر هێزەکانمان قبووڵ بکەن. ئەوە لە بەرژەوەندیی ئەوان و ئێمەشدایە. دۆخەکە لە تورکیە بەڕاستی ئاڵۆزە و من ماوەیەکی دوور و درێژە نائومێد و تووڕەم و دڵنیا نین کە قەت بتوانین ئەوە لە ڕێگای سەربازییەوە چارەسەر بکەین. ئێمە هەوڵمان دا تاقمێک هەنگاوی متمانەبەخش لەگەڵ تورکەکان بگرینە بەر، بەتایبەتی لە کاتی هەڵمەتەکان لە عێراق، بەڵام ئێستا پێموایە ئەوانە کەمتر بوونەوە. لە کۆتاییدا پێموایە پێویست بە ڕێگاچارەی دیپلۆماتیک و سیاسی دەکات کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەدایە. چوار و نیو ساڵ لە هەڵمەتە سەربازییەکە تێپەڕ بووە و ئێمە نەمانتوانیوە ڕێگاچارەیەکی سیاسی بدۆزینەوە کە مافە سیاسییەکان و دانپێدانان بە کوردان لە سووریە مسۆگەر بکات و پارێزگاریی دیپلۆماتیک و سیاسییان پێ ببەخشێ کە ئەوان دەیخوازن.

ع: کەوابوو ئێوە دەڵێن بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەگوێرەی پێویست کاری بۆ کوردان نەکردووە؟

ژ. ڤ: ئەوە تەنیا بەڕێوەبەرایەتیی بایدن نەبووە، بەڵکو هەموو ئەوانی دیکەش. ئەوە کێشەیەکی نێونەتەوەییە، شێوەی هەڵسوکەوتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو بوارەوە شکستی هێناوە و نەیتوانیوە کارێکی ئەوتۆ بکات. لایەنەکانی دیکە وەکوو ڕووسیە، تورکیە و ڕێژیمی سووریە نایەنە سەر مێز بۆ هەرجۆرە وتووێژی سیاسی. من نامهەوێ هەموو تاوانەکە بخەمە

ئەستۆی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئێمە زۆر کارمان بۆ پشتیوانی لە کوردان کردوە و لەو بڕوایەدام ئەوە لە بەرژەوەندیی ئێمەدایە و بێگومان من کاتێکی زۆرم بۆ تەرخان کردوە بەڵام لایەنێکی گەلێک زیاتر پێویستە سەرنج بدەنە ئەو پرسە.

ج: ئێستا ئێمە باسی هەموو ناوچەکە دەکەین، لایەنی ئەمنییەتی و ڕێککەوتنی سیاسی، کاتێک ئێوە فەرماندەی سەنتکام بوون، کارتان لەسەر هێندێک وتووێژ لەگەڵ وڵاتانی کەنداو لە بارەی بەرگریی دژی هاژەکیی یەکگرتوو کرد، بەڕێوەبەرایەتی بایدن هەوڵی داوە بۆ بەربەرینتر کردنەوەی ڕێککەوتنی ئیبراهیم، هاوکاریی بەرگریی و ئەمنییەتی نێوان عەرەب و ئیسرائیل. هەڵوێستی هاوبەشان لەبارەی ئەگەری کێشەیەکی ناوچەیی، ئاخۆ بەشەکانی پێویست بۆ ئەمریکا و هاوبەشان بوونیان هەیە تا بتوانن هەڵسوکەوت لەگەڵ هێرشی هاژەکی درێژمەودا لەلایەن بەکرێگیراوانی ئێران بکەن؟ ئێوە باسی هێرشەکانی حوسییەکانتان لە یەمەنەوە کرد. ئێمە دەتوانین چ چاوەڕوانییەکمان لەو بارەوە هەبێ؟

**ژ. ف**: من پێموایە ئێمە خەریکە دەگەینە ئەو ئاستە کە بتوانین هەڵسوکەتی لەگەڵدا بکەین. بیرۆکەی بەرگریی ئاسمانیی یەکگرتوو شتێکی نوێ نییە و ئەوە بیرۆکەی من نییە، هەموو لایەک لەهەوڵی ڕێژەیەک لە هاوکاریی ناوچەیی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دابوون. لە ئاکامی ئامانجی جۆراجۆری سیاسی، جیاوازیی کولتووری، مەسەلەی متمانە پێکردن لەنێو هاوبەشانی ناوچە، تا ئەوڕۆ هەوڵەکان بەردەوام بوون. من پێموایە ڕێککەوتنی ئیبراهیم پلاتفۆرمێکی باشە کە دەکرێ لەسەر ئەو متمانە و پەیوەندیی باش دروست بکرێن. مەبەستم ئەوەیە ئێمە ساڵێک لەوە پێش ڕاهێنانی سەربازیی هاوبەشمان لە نێوان ئیسرائیل و بەشێک لە هاوبەشانی کەنداو و ئەمریکا وەک جۆرێک ڕێکخەری ئەو کارە دەدیتن کە لە ئاسمان و دەریا بەڕێوە دەچوون. من پێموایە ئەوانە گرینگن و پەیوەندیی باشی بازرگانی لە نێوان ئەو وڵاتانەدا هەیە، ئەوانە لایەنی گرینگن، بەڵام من ئێستا بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی لە غەززە دەقەومێ نیگەرانم ئەوانە بە لاڕێدا بچن. پێویستە ئەوانە بێینەوە سەر ڕێچکەی خۆیان، بەڵام من پێموایە ئەوە پلاتفۆرمێکە و ئێمە دەتوانین کەڵکی لێ وەرگرین و لە کۆتاییدا ئەوە پرسی متمانە لە نێوان هەموو هاوبەشەکانی کەنداوە و ئەوە شتێکە کە هەمیشە کەمایەسییەک بووە کە بۆتە سەر نەگرتنی سیستەمێکی بەرگریی ئاسمانیی یەکگرتووتر و شتی بچووکتر لێرە، کەوابوو کاتێکی زۆر دەگرێ ئەو کارە بکرێ بەڵام ڕێککەوتنی ئیبراهیم پلاتفۆرمێکی گونجاومان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارە دەداتێ، لەگەڵ ئەوەدا پێموایە ئێمە لە ئێستادا کەمێک ماومانە بەو ئامانجە بگەین.

ج: ئاخۆ ئێوە قازانجێک لە بەشداریی وڵاتە یەکگرتوەکان لەو کێشەیەدا دەبینن، هەڵبەت بەشداریی ڕاستەوخۆ نا بەڵکو پشتگیریی لە هەڵمەتی ئیسرائیل و هەوڵ بۆ پێشگرتن بە کێشەیەکی بەربەرینتر. پێتان وایە بگەنە خاڵێک کە ببێتە بەربەستێک بۆ هەوڵەکانی واشینگتۆن بۆ ئاسایشی ناوچەیی.

**ژ. ڤ: بەڵێ، من پێم‌وایە. ئێستا ئێمە دوو پاپۆڕی فڕۆکە هەڵگرمان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەیە و پێم‌وانییە بتوانین ئەو دۆخە تا ماوەیەکی نادیار درێژە پێ بدەین. ئێمە ئەرکی دیکەمان لە ناوچەی ئۆقیانووسی هیند و ئارام هەن. ئێمە پێویستە جێگۆڕکێ بەو شتانە بکەین و من لەو بڕوایە دام کە ئێمە دەبێ ئاستێکی بەردەوام لە بوونی هێزەکانمان لە ناوچەدا بدۆزینەوە کە هێندە بەرچاو بێ کە بتوانین هاوبەشەکانمان دڵنیا بکەینەوە و بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانمان بکەین. ئەوە شتێکە کە ئێمە خەریکی خەبات بۆ دەستنیشان کردنین. ئێمە هەموو کایەکەمان دیتووە، لە بوونی سەدان هەزار هێزی سەربازیی لە ناوچەدا تا ئەوەی پێش ئەو دواییانە کە نزیکەی ۲۰ تا ۳۰ هەزار کەسی لێبوون. ئێمە دەبێ ئاستی ڕێژەی بەردەوامی هێزەکانمان و توانایی سەربازیی پێویست لە ناوچەکەدا دیاری بکەین. من پێم‌وایە ئەو بەرژەوەندییەی لێرە هەمانە ئەرکداریی سامانی سەربازیی ئێمە دەخوازێ و مەبەستم ئەوەیە ئێمە هێشتا نیگەرانی ناسەقامگیریی لە ناوچەین. ناسەقامگیریی ئێرە، لێرە نامێنێتەوە و کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندییەکانمان لە شوێنی دیکە دەبێ. ئێمە نیگەرانی تێرۆریزمین، ئێمە لەو دواییانەدا نموویەکی باشمان دیت. ئێمە نیگەرانی بەردەوامبوونی بازرگانیی و هەناردەکردنی سامانەکانی ناوچەین. ئەوە بەشێکی ژینەکی بەرژەوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانە. ئێمە نیگەرانی ئامانجە بەدخوازانەکانی ئێرانین، بە تایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی و شتی ئەوتۆ. ئەوە شتێکە کە ئێمە دەمانهەوێ پێشی پێ بگرین. من پێم‌وایە کاریگەرییەکی ئەرێنی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لە ناوچەدا لە بەرژەوەندیی ئێمەدایە. من لەو باوەڕە دام ئێمە هاوکات کە سەرنجی پێویست دەدەینە ناوچەی دیکە، دەتوانین ئەو کارە بکەین، وەکوو ناوچەی ئوقیانوسی هیند و ئارام. پێم‌وابێ ئێمە هێندە دەوڵەمەندین کە بتوانین ئەو کارە بکەین. دەبێ ئەو کارە بکەین و بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانمان بکەین، ئێمە دەبێ بیر لە درێژ مەودا بکەینەوە و بزانین کە ئەوەی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەگوزەرێ، لەوێ نامێنێتەوە. ئەوە دەبێ بەشێک لە ستراتێژیی ئاسایشی نەتەوەیی بەربڵاوتر بێ کە نیگەرانییەکانمان لە شوێنی دیکەش دەگرێتەوە. لە زۆر بوارەوە ئەوانە تا ڕادەیەکی زۆر پێکەوە گرێدراون، بە هۆی نیگەرانییەکان لە بارەی کێبڕکێی زلهێزەکانەوە.**

**ع: دوایین پرسیار ژەنراڵ، لە سەرەتاکانی کێشەکە بیرۆکەیەک هەبوو کە حەماس و داعش یەکن. ئەوە لە لایەن دەوڵەتی ئیسرائیل بڵاو دەبۆوە. ئەوان یەکن؟**

**ژ. ڤ: من پێم‌وانییە ئەوان دەقاودەق یەک بن. بەشێک لە شێوازەکان و دڕندەییەکان و بەشێک لە تاکتیکەکان وەک یەک دەچن، هەر دوو بەسەر خاکەکەدا زاڵن و دانیشتووان کۆنترۆڵ و ناچار دەکەن، لەوانەدا هاوبەشن. هەردوو لا هاندەریان ئایدیۆلۆژییەکی ڤایرۆسییە کە لە سروشتدا گەلێک وێرانکەرە. پێم‌وابێ لەو شتانەدا هاوبەشن. جیاوازییەکە بە بۆچوونی من لەوە دایە کە حەماس، بە باش یان خراپ، ڕەنگبێ زۆرتر بە خراپ وەک دەسەڵاتی غەززە بۆ ماوەی چەند ساڵ دانی پێدا نرابوو. کەوابوو ئەوان ویستێکی گەلێک بەرچاوتریان هەبوو کە خۆیان لەناو دانیشتووان و خاکەکەدا حەشار بدەن. ئەوە**

جیاوازییەکی فیزیکییە لە بەراورد لەگەڵ داعش. داعش دەستی بەسەر ڕووبەرێکی بەربەریندا گرت و خۆی لەناو خەڵک دا حەشار دا، بەڵام ئەوان ئەو کارەیان وەکوو حەماس بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ نەکرد. لایەنێکی دووهەم ئەوەیە کە ئەو حەشیمەتەی حەماس دەسەڵاتی بەسەرەیانەوە بووە لە ئەو حەشیمەتەی داعش هەیبوو جیاوازە. حەشیمەتی ژێر دەسەڵاتی داعش بە زۆر ملکەچ کرابوون، ئەوان داعشیان بۆ هیچ جۆرە شێوازێکی ڕەوای دەسەڵاتداریی هەڵنەبژاردبوو. پێموابێ ئەوە جیاوازییەکەیە لە بەراورد لەگەڵ فەلەستینییان. هێندێک ئاژانسی مەدەنی لەنێو حەماسدا هەبوون، ئەوان هێندێک خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکرد و لایەنەکانی دەوڵەتیان تێدا بەدی دەکرا، ئەوە کەمێک جیاواز بوو، ئەوان دانپێدانانی جەماوەرییان هەبوو بەڵام لە ناو داعش ئەوە نەبوو. کەوابوو من هێندێک وێکچوون و جیاوازی دەبینم بەڵام پێموایە جیاوازی ڕاستەقینە لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیاندایە. ئەو دۆخەی ئێستا ئیسرائیلییەکان بەرەوڕووی بوونەوە گەلێک ئاڵۆزترە. لایەنە ئاڵۆزەکان زیاترن، ڕێژەیەکی زۆر بارمتە گیراون، لایەنێکی زەبەلاحی مرۆیی هەیە و ژینگەی زانیاریی کە ئێستا گەلێک چالاکە و زۆر شتی دیکەش هەن کە دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن. بۆیە پێموایە دۆخێکی گەلێک جیاوازە.

ع: حەماس لەو شوێنە سەری هەڵداوە.

ژ. ڤ: بەڵێ، دەڤاودەق وایە. داعش تا ڕادەیەکی زۆر خەڵکی بیانی بوون کە لە شوێنی دیکەڕا هاتبوون و تێکەڵی ئەو ڕەوتە بوون. هێندێک خەڵکی ناوچە لەگەڵ بوون بەڵام زۆرینەی بەڕیوەبەرییەکەی و شەڕکەرەکانی بیانی بوون. ئەوان گیانی خۆیان دانا و کاری دیکەیان کردن. زۆر سەیرە ئەوان چۆن هەوڵیان دەدا خۆیان بەسەر ئەو کۆمەڵگایانەدا بسەپێنن.

ع: هەڵبەت لە ڕوانگەی لایەنی دادوەریی دوای شەڕ ئێوە هاوبەشێکتان بە ناوی هێزەکانی سووریەی دێموکڕات هەبوو.

ژ. ڤ: ڕاست دەکەی. ئەوەش جیاوازییەکی بەرچاوە. مەبەستم ئەوەیە. شێوەی شەڕی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ داعش، بەو شێوە بوو کە ئێمە ڕاوێژکار و یارمەتیدەری هەڵمەتەکە بووین. هێزەکانی ئاسایشی عێراقی لە عێراق و هێزەکانی سووریەی دێموکڕات لە سووریە، ئەو هێزانە بوون کە زۆربەی شەڕەکە و گیانبەختکردنەکەیان کرد و ئێمە ڕێبەریی، توانایی تاقانە، زانیاریی هەواڵگریی و چەکوچۆڵ و هەموو شتی دیکەی پێویست بۆ ئەو کارەمان دابین دەکرد و من پێموایە کارێکی باشیان کرد. ئەوە هەڵمەتێکی جیاواز بوو بۆ ئێمە. ئیسرائیل لەوەدا بەتەنیایە. ئەوان شەڕی خۆیان دەکەن و لە مەیداندا هیچ هاوبەشێکیان نییە کە ئامانجەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ناچارن بۆخۆیان ئەو کارە بکەن.

ع: گەلێک سوپاس بۆ بەشداریتان.

١ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# وانەکانی ژێر سێبەری دارەکە!



**ناسر باباخانی**

## ١) چەک وەک ئامرازی گوشار

٢٩ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، شەهید دوکتور قاسملوو بۆ پۆلێک لە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمال، کە لەژێر سێبەری دارێک دانیشتوون، قسان دەکا. قسەکانی تێکەڵاوێکە لە چەند بابەتێکی هەستیار کە لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدا لە چوارچێوەیەکی خۆمانە و بە زمانێکی سادە و تا ڕادەیەک تەنزاوی و هەندێ جار گاڵتەئامێز دەریببڕێ. لەوێ باسێک دێنێتە گۆڕێ کە زۆر گرینگە، ئەویش ئەوەیە کە:

"پێویستی هەڵگرتنی چەک چییە؟ یان بۆچی حیزبی دێموکرات چەکی هەڵگرتووە؟ بۆ هەوڵ دەدا کە لە باکوور یان لە باشوور لە هەر جێیەک بۆی هەڵکەوێ، زەبرێک لە کۆماری ئیسلامی بوەشێنێ؟ ئەو چەکەی کە پێیەتی بە چ مەبەستێک بە کاری دێنێ؟"

هەر بۆخۆشی وڵامی پرسیارەکە بە زمانێکی سادە دەداتەوە و دەڵێ: "بۆیە ئەو گورزەی لێ دەدەم، کە بگەڕێتەوە بڵێ ئەرێ تۆ بۆ لێم دەدەی؟! چت دەوێ؟! ئەم جار کە کوتی چت دەوێ، داوای خۆم دێنمە گۆڕێ"!

دوکتور قاسملوو بەم زمانە دەیەوێ بڵێ کە چەک لێرەدا ئامانجی سەرەکی نییە، بەڵکوو چەک کەرەسەیەکە بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی تایبەتی کە ئەو مەبەستە لێرەدا، مەبەستێکی سیاسییە و بۆ وێنە دەتوانێ مافی نەتەوەیەک بێ. کە وا بوو لە تەواوی هەڵسوکەوتەکانی شەهید دوکتور قاسملوودا و هەروەها بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا، چەک بۆ ئەوە هەڵنەگیراوە کە نەفسی چەک بۆخۆی وەک پێویستییەک، وەک زەروورەتێک سەیر بکرێ، واتە چەک ئامانجی بزووتنەوە بێ. بۆیە لە درێژەی قسەکانیدا باس لە "ناوهاوسەنگیی هێز" دەکا کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ فاکتۆرێکی گرینگ و یەکلاکەرەوەیە و ئەم شێوە ڕوانینە لەسەر بنەمای ڕێئال پۆلیتیک باس لە بوونی "هێز لەبەرانبەر هێز"دا دەکا. دواتر دەڵێ ئەگەرچی ئێمە شۆڕشگێڕترین حیزبی سەرانسەری ئێرانین، بەڵام بەرپرسترین و ئاشتیخوازترین جەریانیشین کە ئەم شەڕەیان بە سەردا سەپاندووە. کە وا بوو دەوری چەک وەک ئامرازێکی گوشارە بۆ سەر دوو جەمسەری دژ بە یەک. گوشار خستنە سەر دەسەڵات و هاندانی خەڵک!

### ٢) چەکی چەپ، چەکی کورد

هەر لە سەردەمی پاشایەتییەوە، شێوەڕوانینی چەپی ئێرانی بۆ چەمکی چەک لەگەڵ سیلەنیگای بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان جیاواز بوو. بێگومان ئەندێشەی چەپ لە ئێران، بەنیسبەت بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان، لەباری جوغرافیایی و فکرییەوە زیاتری پەلهاوێژی کردبوو و ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. هەرچەند باسکردن لەوە کە ئایا چەپ خاوەنی پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی وەک حیزبی دێموکرات لە کوردستان بووە یان لە باری فکرییەوە لە ئاستی بژاردە و نوخبەکان و لە ئاستی خەڵکی ئاساییدا تا چ ڕادەیەک برەوی هەبووە یان ڕادە و نفووزی گوتاری چەپ بە نیسبەت گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی چۆناوچۆن بووە هەڵگری دەرفەتێکی ترە! بەڵام بە ئاوڕدانەوە بۆ سەرچاوە تیۆریکییەکانی ئەوان سەردەمان دەکرێ جیاوازییەکان زیاتر دەسنیشان بکەین.

کاتێک سەیری ئیدەی بیرودۆزەکانیان دەکەی یەکی وەک "مەسعوود ئەحمەدزادە" لە نامیلکە بەناوبانگەکەیدا دەڵێ خەباتی چەکداری هەم ستراتیژییە و هەم تاکتیک، لێرەدا ڕێکاری سەرەکی بۆ خەبات تەنیا چەکە! یان کاتێ کەسێکی وەک "ئەمیرپەرویز پوویان" نامیلکەی "ڕەدی تیوریی بەقا و پێویستیی خەباتی چەکدارانە" دەنوسێ، چەک دیسان دەبێتە مەبەستی سەرەکی.

**بۆچی ئەندێشەی چەپ لە هەوڵی ئەوەدا بوو چەک بکاتە ناوەندی گوتارەکەی خۆی؟**

چەپەکان پێیان وا بوو چەک دەبێ ببێتە ئامانج یان ستراتیژی سەرەکی بۆ ئەوەی کە تیۆریی بەقا ڕەد بکرێتەوە. کەچی لە کوردستان چەک دەبێتە کەرەسەیەک و ئامرازێک بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی سیاسی. لەڕاستیدا لە کوردستان چەک ئامانجی سەرەکی نییە، چەک بۆ ئەوە هەڵنەگیراوە تەنیا دوژمنی پێ بکوژرێ، بەڵکوو بۆ بەرگری لە خۆ و بۆ خۆپاراستن لە بەرامبەر هێرشی ڕژیم هەڵگیراوە.

هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە کوردستان جۆری پەیوەندی خەڵک لەگەڵ پێشمەرگە و لەگەڵ کەسانی نێو بزووتنەوەی کورد پەیوەندییەکی "ئەموئەوێتی"یە. واتە سنوورێکی تۆخی ئەوتۆ لە نێوان خەڵکی ئاسایی و پێشمەرگە و سەرکردایەتیی ئەو بزووتنەوە نابینی. پەیوەندییەکی پتەو کە مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە، مێژووی حوکمڕانی و مێژووی ئۆرگانیزێیشێن (بەڕێوەبەری)ی هەیە. بگەڕێوە سەردەمانی کۆمەڵەی ژێکاف وەک مێژووی ئۆرگانیزێیشێن، بگەڕێوە سەر کۆماری کوردستان وەک مێژووی حوکمڕانی. کە سەیری هەموو ئەوانە دەکەی و دەگەڕێیەوە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران، هەم مێژووی حوکمڕانیت هەیە، هەم مێژووی ئۆرگانیزێیشێنت هەیە و هەم بەکگڕاوندێکی فکریت هەیە.

بە پێچەوانەوە چەپەکان پێیان وابوو چەک دەبێ بچێتە نێو خەڵکەوە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو دیکتاتۆرییەت و ملهوڕییەی کە ڕژیمی پاشایەتی بەسەر خەڵکی داسەپاندوە و خەڵک، بەتایبەت کرێکاران و وەرزێرەکان ترسیان بشکێ و ڕەگەڵیان کەون تا بەم جۆرە خۆیان گوتەنی چەرخی بچووک چەرخی گەورە وەگەڕ بخا!

ئەوان بیریان دەکردەوە کە زایەڵەی دەنگی تەقەی چەک لە گوێی چینی کرێکار و وەرزێردا دەتوانێ پەلکێشی شەڕی چەکدارییان بکا! بەڵام بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی پێویستی بەوە نەبوو، بۆیە ئەو جیاوازییە زۆر گرینگە و من بەش بە حاڵی خۆم، نەمدیوە لە جێگاییەک ئاماژەی پێ کرابێ. پێداگریی "بیژەن جەزەنی" سەلمێنەری ئەم بۆچوونەیە کە هەولی ئەوان سازدانی پەیوەندییەکی لەم جۆرە بوو، بۆیە دەڵێ: چ بکەین تا خەباتی چەکداری لەنێو خەڵکدا پەرەگیر بێ؟

**۳) باڵی سیاسی لەپاڵ باڵی چەکداری؟!**

یەکێک لەو خاڵانەی کە سەبارەت بە هەڵگرتنی چەک لە لایەن پێشمەرگەوە ڕەچاو ناکرێ، ئەوەیە کە چەمکی دێموکراسی لەبیر دەکرێ. لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە بگرە هەتا ئورووپا و ئەمریکای لاتین دوو باڵی سیاسی و چەکداری

بزووتنەوەکە بە شێوەیەکی هاوتەریب بوونیان هەیە. تەنانەت لە ئەفریقای باشووریش ئەم دوو باڵە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنن بەسەر ڕژیمی ئاپارتایدی ئەم وڵاتەدا. کەوابوو باڵێکی سیاسی هەیە کە لە باری سیاسییەوە هەوڵ دەدا، بەڵام ئەو باڵە سیاسییە، باڵێکی چەکداریشی هەیە.

دوور نەڕۆین لە باکووری کوردستان HDP بە هێزێکی سیاسی دادەنرێ، بەڵام هێزێکی سیاسیی نیزیک لە پەکەکە. ئەمە لە وڵاتێکدایە کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی ئاماڵدێموکراسییەکی تێدا بەدی دەکەی. یانی لەگەڵ ئەوەدا کە تورکیە، پەکەکە بە هێزێکی تێرۆریستی دەزانێ، بەڵام باڵە سیاسییەکەی لەم وڵاتە بە حوکمی ئەو ئاماڵدێموکراسی ڕێژەییە (دیارە بە نیسبەت وڵاتێکی دیکتاتۆری وەک ئێران) لە نێوخۆی تورکیا میتینگ ساز دەدا، دەفتەری هەیە، ئەندام پارلەمانی هەیە، بەربەستی دە لە سەد تێکدەشکێنێ و... دیارە حاشا لەوەش ناکرێ کە لەژێر زەختێکی تەواودایە لە هەموو ڕوویەکەوە، بەڵام لە ئێران جەریانی سیاسی یان باڵی سیاسی هەر بوونی نییە، چ بگا بەوەی کە هێزێکی چەکدار بی و بتهەوێ باڵی سیاسیت لە نێوخۆدا هەبێ. ئەوە هەر ناکرێ و ئیمکانی نییە. چونکە تۆ لە وڵاتێکی دیکتاتۆریدا دەژی. کەوابوو لێرەدا، حیزبە سیاسییەکە خەباتێکی سیاسی دەکا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە حوکمی نەبوونی ئەو دێموکراسییە، بە حوکمی نەبوونی ئەوەی کە دەرەتانی ئەوەی نییە کە لە نێوخۆی وڵاتدا چالاکی و خەباتی سیاسی بکا، ئەو چەکە بۆ ئەوە هەڵگیراوە کە بواری خەبات سیاسی لەبار بکرێ!

مەبەست ئەوەیە ئەگەر تۆ لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا بی و هەموو پێوەرەکانی ئازادی و ڕێزگرتن لە فرەیی و پلۆراڵیزم و دێموکراسی بوونی هەبێ، ئەگەر دەست بدەیە چەک، ڕەنگە سەرکۆنە بکرێی. بەڵام کاتێک لە نەبوونی ئەم دێموکراسییەدا تۆ دەرەتانی هیچ چەشنە دەنگهەڵبڕینێکت نییە و تەنانەت حاشا لە بوونت دەکرێ، ئەوکات ئەم چەکە وەک شەرەفی نەتەوەیی پێناسە دەکرێ، با دوو لایەنەکەش هەتا بڵێی ناهاوسەنگی هێزیان پێوە دیار بێ!

**٤) شەڕ بۆ شەڕ؟ نا!**

کارکردی چەکی دەستی پێشمەرگە چییە؟ ئایا پێشمەرگە چەکی هەڵگرتوە تەنیا بۆ ئەوەی دوژمنی پێ بکوژێ؟ یان وەک دوکتور قاسملوو دەڵێ گورزێکی لێ بوەشێنێ بۆ ئەوەی کە بیهێنێتە سەر هێڵ و لەگەڵی بکەوێتە سەر وتووێژ و داوای خۆی بێنێتە گۆڕێ؟ لێرەدا باسێکی بایخدارانە ناکەم کە ئایا دەکرێ لەگەڵ حکوومەتێکی درندە وەک کۆماری ئیسلامی لەسەر مێزی وتووێژ دابنیشی یان نا؟ ئەوە باسێکی دیکەیە کە لای من وڵامی پرسیارەکە "نا"یە. بەڵام مەبەست پێداگری لەسەر ئەم ڕستەیەی دوکتور قاسملوویە کە دەڵێ ئێمە شەڕ بۆ شەڕ ناکەین، شەڕ دەکەین تا ویستەکانمان بەسەر لایەنی

بەرانبەردا فەرز بکەین. ئەمەش خولانەوە لە بازنەدا نییە بەڵکوو بڕینی هێڵێکی مێژووییە کە دواجار سەروەریی سیاسی نەتەوەیەکی لێدەکەوێتەوە!

وەک باسم کرد چەک ئامرازە نەک مەبەست، بۆیە زۆر گرینگە کە بزانین بەپێچەوانەی نەتەوەکانی تر یان بەپێچەوانەی ئەوی تر، (نەتەوەی سەردەست) کورد هیچ کات تاوانی جەنگی نەکردوە، ژینۆساید و کۆمەڵکوژی نەکردوە، پەلکێشی بۆ خاکی کەس نەکردوە و لەسەر هەردی دیتران شەڕی نەکردوە. لە هیچ قۆناغێکی زەمەنیدا، لە هیچ شوێنێک لە تەواوی ئەو ساڵانە کە کورد هەوڵی داوە بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی لە هەموو پارچەکان، هەرگیز کورد تاوانی جەنگی نەکردوە. بەپێچەوانەوە ئەوە ئەوی ترە کە دەرحەق بە نەتەوەی کورد لە هیچ جینایەتێک درێخی نەکردوە.

ئەمە زۆر گرینگە کە بزانین کاردانەوەی شتێکی ئەوتۆ لە ڕوانگەی نێونەتەوەییشەوە چەندە بایەخدارە. واتە کاتێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە ئەمریکای لاتین یان تەنانەت لە ئورووپا، باڵی چەکداری جەریانێکی سیاسی بۆمب دەنێتەوە، بارمتە دەگرێ و تێرۆر دەکا، کەچی هەرگیز ئەم کردەوە تیرۆریستییانە، لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە نەکراوە و ئەمە خاڵێکی سەرسوڕهێنەرە کە بەداخەوە وڵاتانی دێموکراتیک و پێشکەوتوو زۆر بە کەمی ئاگاداری ئەم تایبەتمەندییانەی حیزب دێموکراتن!

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە کانگای توندوتیژی و ڕادیکاڵیزمە و دێموکراسی و مافی مرۆڤ و فرەیی هیچ مانایەکی نییە، بوونی هێزێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پابەندە بە بەها دێموکراتیکییەکان و خاوەنی گوتارێکی بەرگریکارانە و خاکەڕا و ئەخلاقتەوەرە دەبێ وەک دیاردەیەکی ناسروشتی سەیر بکرێ!

**(٥) چەک بۆ پاراستنی گیان!**

ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تەنیا باوەڕی بە چەک بوایە - وەک چەپەکان دەڵێن پێویستییەک - هەم وەک تاکتیک و هەم وەک ستراتیژی، شەهید دوکتور قاسملوو گیانی خۆی لەپێناو وتووێژ دانەدەنا!

دیارە بە دەیان و سەدان جار، هێزە سیاسییەکانی کوردستان ڕایانگەیاندوە کە چەک لە دەستی ئەواندا کەرەسەیەکە بۆ "دیفاعی مەشرووع" نەتەنیا لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا وەک وڵاتێکی تێرۆریستی، بەڵکوو لە بەرانبەر ئەو هەرەجمەرجە و ئەو هەڕەشە مەترسیدارانەی کە لە وڵاتێکی ۷۲ میللەتی وەک عێراقدا بوونیان هەیە. بە حوکمی ئەوەی

هەموو کەس و ناکەسێک لەم وڵاتەدا چەکی پێیە زۆر ئاساییە مادام تۆ لەوێ دەژیی و لەوێ چالاکی دەکەی، بۆ پاراستنی ژیانی خۆت وەک تاکێکی ئاسایی یان وەک ئەندامێکی حیزبی چەکت لەسەر پێ بێ!

ئەم خاڵەم بە لاوە زۆر سەرنجڕاکێشە و تەنانەت وەک خاڵگۆڕان دەبێ سەیر بکرێ کە لە دوای شۆڕشی ژینا و ئەو کوشت و کوشتارەی کە کۆماری ئیسلامی لەسەر شەقامی شارەکان کردی، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئێستا گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ گیانی خەڵک بە هەر شێوازێک بپارێزرێت، تەنانەت بە شێوەی چەکدارانە و ئەمە زۆر گرینگە، هەر ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی ڕەخنەگری خەباتی چەکداری گەلی کورد بوو!

### ٦) پێشمەرگە، چاوسووری گەل!

پەیوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و خەڵک بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە دەوری خەباتی چەکداری بۆ پاڵپشتی و هاندانی خەڵک لە تەواوی ئەم چلوچەند ساڵەدا بسەلمێنێ. ڕاپەڕینی خەڵک، مانگرتن، پشتیوانی لە حیزبەکان، بەرز ڕاگرتنی بۆنە نەتەوەییەکان و خۆپێشاندانی خەڵک لە کوردستان لەچاو شوێنەکانی تر هەر بۆ باس کردن نابێ. چون پاڵپشتی سەرەکی ئەم خەباتە مەدەنی سیاسییە لە نێوخۆ، بەشی زۆری دەگەڕێتەوە سەر حیزبەکانی کوردستان، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی سەمبولیکیش بووبێ بەتایبەتی لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا! سەردەمی شەڕی پێشمەرگە و ڕێژیم، خەڵک دەیانگوت: "پێشمەرگە، چاوسووری گەلە!" ئەمە ڕێک بە مانای پشتیوانی کلاسیکی هێزی پێشمەرگەیە لە خەڵکەکەی خۆی.

بۆیە بیانوو پێگرتن بە حکوومەتی هەرێم سەبارەت بە چەککردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشاندەری ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی قامکی لەسەر جێیەکی دروست داناوە، واتە داماڵینی چەک لە کاریگەرترین هێز لە سەرانسەری ئێران! چون لە شۆڕشی ژینادا، هێزە سیاسییەکانی کوردستان و خەڵکی کوردستان نیشانیان دا، بە یەکەوە هەم مێشک و هەم دڵی ئەم بزووتنەوەیەن. بۆیە ئەو بیانوویەی کە ئەگەر هێزە کوردستانییەکان چەکیان پێ نەبێ، ئەم هەرێمە دەبێتە شامی شەریف، بەتەواوی هەڵەیە. چون نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە لە کاتی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان، هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات هیچ دەورێکیان نەبوو، باس باسی ئەوان نەبوو، بەڵام بەو پلان و پیلانەی کە کۆماری ئیسلامی بە سەرپەرستی قاسم سولەیمانی و کەڵکوەرگرتن لە حەشدی شەعبی دایانڕشت و هێرشیان کردە سەر کوردستان و کەرکووک و دواجار ٥١ لە ١٠٠ی خاکی هەرێم داگیر کرایەوە، هیچ چەشنە باسێک لە هێزە کوردییەکان لە گۆڕێدا نەبوو. لەڕاستیدا ئەوان لە بیانوو دەگەڕێن و ئەگەر دوورەڕوانینێکی دیکە بێننە بەرچاو، واتە کۆبوونەوەی بەرپرسانی ئەمنیەتیی

ئێران و تورکیە و عێراق کە لە بەغدا بەڕێوە چوو، ڕوون دەبێتەوە کە هەڕەشەکانی ئێران لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ.

ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بە درۆن و بە مووشەک لە کوردستان خەڵک دەکوژێ و تۆپبارانی شاخەکان و سروشت و ژینگەی کوردستان دەکا، لەوبەر تورکیە بە درۆن ئەندامانی هێزە سیاسییەکانی باکوور تیرۆر دەکا، تۆپبارانی سنوورەکان دەکا و بۆمبارانی ڕۆژئاوا دەکا، ئەوەمان پێ دەڵێ کە لە نەبوونی کیانێکی سەربەخۆدا، لە نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، تۆ گۆشتی سەر چەپەری. واتە ڕێک لەم جوغرافیایەدا مرۆڤی کورد دەبێتە گۆشتی قوربانی و گیانی مرۆڤی کورد تەواو بێبایەخە. دەنا ئەگەر تورکێک، عەرەبێک، فارسێک و... دەکوژرێ، لێپێچینەوە و لێپرسینەوە هەیە. بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەوان کێشەکەیان لەگەڵ تاکی کوردە، لەگەڵ شوناس و ناسنامەی کوردە. بەتایبەتی ئەو تاکەی لە بەرامبەر ئەواندا بە چەکی دەستی، سەری هەڵبڕیوە.

لەڕاستیدا، چەکی دەستی پێشمەرگە هێمایەک بووە بۆ خۆڕاگری لەبەرامبەر تێرۆریزمی دەوڵەتی و من پێموایە تا ئەو کاتەی مافی کورد لە باڵاترین ئاستیدا دەستەبەر نەکرێ، کورد ئەو هێمایە دانانێ!

**١ی سەرماوەزی ٢٧٢٣**

# سوارچاکەکەی کۆسە و کەرێزە



(پێشکێش بە یاد و بیرەوەریی میلاد مەعرووفی)

عەلی بداغی

هەڕەتی پێگەیشتن و بەهاری دڵدارییەتی، بەڵام لە پاییزی نیشتماندا وڵات غەرقی ئاگر و خوێنە. نازدارحەیران و شۆڕەڵاوەکانی خاک و وڵات ڕاساون، دەست لەنێو دەستی یەکتری سروودی ئازادی دەڵێنەوە و بەگژ جەلادەکاندا دەچنەوە. ئامانج ڕوونە، داگرتنی خۆری ئازادی. ڕێگە و ڕێبازیش ڕوونە، خەبات لەپێناو نەتەوە و یەکسانی. ڕێبوارەکان هەموو دیارن، کچ و کوڕانی ئەویندارى خاک و وڵات.

لە پاییزی ئاگر و خوێندا هەموو شتێک حەماسەیە. کوڕانی ئەویندار لە ژوانەکانی سەرشەقامدا بە شێعری ئاورینەوە مستەکانیان دەبنە پۆڵا و کچانی خاکیپۆش، جامانەلەسەر و هەوری لەبەر لەولاوە بەستەی شۆڕشگێڕییان بۆ دەستێننەوە ... .

لە پاییزی ئاگر و خوێندا سوارچاکێک لە ڕیزەکانی پێشەوەیە. حەجمین و هەدادانی نییە و شەکەتی ناناسێت. ئەو "میلاد"ی لەدایکبووی خۆشەویستییە و لەنێو شەنگەسوارەکانی دیکەدا دێت و دەچێ. میلاد لە هەگبەکەی، توێشووی ئازایەتی و مەزنایەتی دەردێنێ و بە سەر هەڤاڵان و کوڕوکاڵانی دیکەدا دەیبەشتێەوە.

پشووی لەیلا و جەعفەر سوارە، دڵ سەری خۆی هەڵگرتووە و بە بانی شەقامەوە چاو لە میلاد هەڵناگرێ. "مارتیا" چاوی لە دەرگایە و دەزانێ ئەگەر کاکی بێتەوە، لە دەستێکیدا خۆری ئازادیی پێیە و، لە دەستەکەی تردا مانگ و ئەستێرەکانی کۆ کردوونەوە. دەزانێت کاکەسواری، باوەشێک گوڵی سەربەستیی پێیە و حەیرانێکی پڕ خۆشەویستی لە گەروودا، بۆ شار و شەقام.

میلاد مەعرووفی، نۆبەرەی لەیلا و جەعفەر لە ڕەشەممەی ١٣٧٨ی هەتاویدا کاتێک لەدایک بوو، دنیا بەرەو نەورۆز و بەهار بوو. لەگەڵ لەدایکبوونی، باوکی بانگی کوردایەتیی بەگوێ دادا و دایکی ژەکی نیشتمانپەروەریی لە دەم نا. لەگەڵ پێگرتنیشی ڕێگە هەڵەمووتەکانی ئازادژیانی فێر کرا و لە فێرگەی سەربەستیدا خرایە بەر خوێندنی سوارچاکی لە مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەیدا. میلاد حەزی لە ئەسپسواری بوو، پێی خۆش بوو بە سواری باڵ بگرێ. کاکۆڵی لەگەڵ یاڵوبژی ئەسپەکەی بە دەم بای شەماڵەوە بشنێنەوە و بفڕێ بۆ لای حەزەکانی و بە دەستی خۆی ئەستێرەی خوزگەکانی لە ئاسمانی خەیاڵ دابگرێ.

"ئەز کوردم"، ئەم دوو وشەیە ڕووگەی ڕووەو ئاسۆی میلاد بوو. ئەو کوڕی خەبات و خوێنی خاک و نەتەوەکەی بوو. لە هاتی و سەرکەوتنەکانی گەلدا سەرچۆپیکێشی گەڕی شایی و، لە نەهاتی و تاڵیادەکاندا، سترانبێژی نەکەوتن، کۆڵنەدان و هەستانەوە. هەگبەی دڵی پڕ بوو لە خۆشەویستیی تەیرەکانی گەرمێن، تەژی لە خەمی ژین و ژینگەی نیشتمان، پڕاوپڕ لە ئازاری داربەڕووە سووتاوەکانی زاگرۆس، هاوڕێی هانکەهانکی کۆڵبەرانی دۆشداماو، یاخی لە برینی فیشەک و پۆستاڵ و تێلدڕووی داگیرکەر، هەڵچوو لە گەرمەژانی ڕۆڵەکانی بەناحەقکوژراو.

میلاد کاتێک گوڵی تەمەنی بە دەستی غەدر و تاوان هەڵوەری، لە زانکۆی ئازادی بۆکان خوێندکار بوو، بەڵام ئەو لە مەکتەبی خەباتگێڕی و شۆڕشدا مامۆستا، پێشەنگ و ڕچەشکێن بوو.

لە کۆڕی یاراندا ڕووی دەکردنێ:
"ئەمن ڕۆڵەی کوردستانم

بەڵێنم داوە بجەنگم
بە دڵ، بە ڕوح
بۆ ئازادیی نیشتمانم"

کاتێکیش سەری دەنایە سەر سینگی دایکی، بە تاسەوە دەیدواند و دەیگوت:

"کاتێک هەواڵیان بۆ هێنای
گوتیان کوڕت شەهید بووە
هەرگیز مەگری
مەڵێ هاوار، کوڕی جوانم
لە دوا منیش دڵشاد دەبی
بە دیداری هاوڕێکانم"

لەخۆڕا نەبوو "لەیلا"ی کوردان لە کاتێکدا گلکۆی تازەلاوی جوانەمەرگی لەئامێز گرتبوو، و، "کۆستە" نا، "بۆکان" بەتەنێ نا، "مەهاباد و جوانڕۆ و سەقز و سنە"ی دەستەخوشکیش هەر نا؛ لە کاتێکدا هەموو کوردستانی گەرمەبرین هەستابوونە سەر پێ و، زایەڵەی "شەهید نامرێ" و "دایە مەگرە بۆ ڕۆڵە، شەرت بستێنین تۆڵە" ئاسمانی وڵاتی داگرتبوو؛ لەیلا پڕ بە گەرووی هاواری کرد: "میلاد گیان! کچی نیشتمان نەبم، ئەگەر تۆڵەت نەستێنم". ئەمە ڕقی پیرۆزی دایکی نیشتمانە، ئەوە هەوێنی خۆڕاگری و بەرخۆدانە، ئەمە ڕێگای هەرمانی ئازادژیانە. ...

شۆڕشی ژینا لە کوردستان لاپەڕە زێرینەکانی خەباتی نەوەی نوێی نیشتمان دەنووسێتەوە. ڕاسان لەدژی زوڵم و بێدادییە. ڕاپەڕین بۆ هێنانەدیی خەونی ئازادییە. شەقامەکانی بۆکان و کوردستان پڕاوپڕ لە قوتابییانی پێشەوان. وانەکانی قاسملوو بە کۆرس و تێکرا دەگوترێنەوە. شەهیدانی یەک سەدە خەبات و قوربانی کفنیان دڕیوە و بە ئاسمانی شاردا دەخولێنەوە. دوژمنی هار زەندەقی چووە و بە هەموو چەکێکی سووک و قورس بەربووەتە گیانی خەڵک. ئاخر پیرە کەمتیاری جەماران خوێنی دەوێ و حەزی لە منارەی کاسەسەرە.

خەزەڵوەری بۆکانە. لە ماوەی دوو ڕۆژدا چوار شۆرەسوار بە تیری چلکنانی دژی ئازادی گلاون. خەمی لەدەستدانی محەممەد حەسەنزادە، سامان قادربەیگی، ئەسعەد ڕەحیمی و سالار موجاویر، وەک تازەترین شەهیدانی سەربەستیی گەل ئۆقرەیان لە میلاد و شۆرەلاوانی دیکەی بۆکان بڕیوە.

کازیوەی بەیانیی ٢٦ی خەزەڵوەر ئەنگووتووە، بەڵام هێشتا خەو نەچووەتە چاوی "میلاد"ەوە. کۆڕی یاران بڕیاریان ئەوەیە: سەرەتا لە گوندی "ئەختەتەر" تەرمی شەهید سالار ئەسپەردەی خاکی نیشتمان دەکەین، دوایە دەبینەوە بە برووسکە و بڵێسە و گڕ بۆ گیانی ناحەزان و دوژمنانی گەل.

" سالار"ی دڵ، "سالار"ی گەل و سالارەکەی قافڵەی شەهیدانی خەزەڵوەر بە سروودی دوژمن بەزێنی "ئەی ڕەقیب" بەخاک سپێردرا و پاش بەڕێوەچوونی پرسە و سەرەخۆشییەکەی لە مزگەوتی ئاوایی ئەختەتەر؛ شەپۆلی تووڕەی لاوانی تۆڵەئەستێنی نیشتمان و شەهیدان لە میراوای بۆکانەوە وەڕێ کەوت. دیسانەکە نوێکردنەوەی پەیمان و بەڵێن، دیسان چڕینەوەی ئاوازی سەربەستی، هەروەک جاران دەربڕینی ڕق و نەفرەت و بێزاری لە داگیرکەران و کوردکوژان.

لەولاش "لەیلا" حەجمینی نییە. خورپەیەکە و کەوتۆتە دڵی و ئارا و ئۆقرەی لێ هەڵگرتووە. بە جیکەی موبایلەکەی وەخۆ دێتەوە. "میلاد"ە و پەیامێکی کورتی بە دەنگ بۆ داناوە: "دایەگیان لە بەری میراواین. نیگەران مەبە، سڵامەتم. بەڵام جاش و پاسدار ڕێگایان لێ گرتووین و تەقەمان لێ دەکەن."

کات دەڕوا و لەگەڵ خۆی ڕوحی لەیلاشی بردووە. نازانێ سەعاتێک دواترە یان دوو یا چەند. دیسان دەنگی تەلەفوون دێت. ئەمجارەیان "جەعفەر"ی مێردێتی کە بە هەنیسک و دڵپڕییەوە پێی دەڵێ: کۆستمان کەوت... میلاد لە نەخۆشخانەیە، فیشەکی بەرکەوتووە...

لە گۆڕستانەکەی کۆستە هەرایە. ئەسپە شێیەکەی میلاد لە دوورەوە دەحیلینێ و هەتا نێوقەد هەستاوەتە سەر پێ و شۆەسوارەکەی گاز دەکا. ڕێبوارانی شۆڕش قەتار قەتار دەگەنێ. تەرمی "میلاد" لەئامێز دەگیرێ و درووشم و سروود دەبنە کۆتر، دەبنە پەڕەسیلکە و ئاسمانی وڵات دادەگرن.

لەیلا، لەیلای دڵسووتاو و هەڵقرچاو، سەر لە وێنەی لێوبەبزەی میلادی هەڵناگرێ، کە هێدی و ئارام پێی دەڵێ:

"دایەگیان مەگری لە سەر خاکم شەقام پڕ ئاگرە
چاوەکانت ڕوون دایەگیـــان نیشتمان خۆڕاگرە
وا بڵێسەی ئاگرم گەیشتۆتە کۆشکی ناحەزان
دایەگیان چەن شیرینە شۆڕشی وەرزی خەزان"

ئیدی ئەوساتە بوو کە مێژوو ڕاوەستا و هەستی ڕاگرت.

بەڵێ. دایکی شەهید سەری لە هەش نەگرتووە و قوڕ ناپێوێ. ئەو کە تەرمی شۆڕەسوارەکەی بە دەستی خۆی شۆردووە، وەک چیا قورس و قایم ڕاوەستاوە و بە سەری بەرزەوە لە ئاپۆرای خەڵک دەڕوانێ. ئەو دەبێتە سروود، دەبێتە حەماسە و وەک سیمبولی شۆڕش و، خەبات و خوێنی خەڵکەکەی پڕ بە گەرووی هاوار دەکا: "کچی نیشتمان نەبم، ئەگەر تۆڵەت نەستێنم."
میلاد هەموو گیانی بۆتە کوڵمەی گوڵووک و پێ دەکەنێ... تەزووی خۆشی هەموو لەشی داگرتووە... ئەو دەزانێ شەهید بووە و شەهید نامرێ... دەزانێ ئەویش بۆتە بەشێک لە خەون و ئەفسانەی گەلەگەی... بۆتە بەشێک لە پیرۆزیی نیشتمانەکەی....

لە خەزەڵوەری شۆڕشی ژیناوە "میلاد" تەقڵەکوت لە یاد و بیرەوەریی خەڵکی کوردستاندا دێت و دەچێ و زرمکوت خەوی لە چاوی نەیاری بەدکار زڕاندووە، لەو ڕۆژەوە کە لە "کۆستە" ئۆقرە و ئارامی گرتووە، لە بانیژەی بەردەزەرەوە چاوی موقبیلی لەسەرە و لە داوێنەکەی ناڵەشکێنەوە "مامەقالە" ئێواران لەسەر میلی ڕادیۆکەی دەنگی کوردستان، شەپۆلی کورتی ٧٥ میتر هەوای "ئەی ڕەقیب"ی بە گوێدا دەچرپێنێ و عەلی کەردار بە دەنگە بەسۆزەکەی "سوارۆ"ی بۆ دەڵێ.

سوارێک گلا، بەڵام کاروانێک بەڕێوەیە.... داری چاکێک کەوتە عەرزی، بەڵام دارستانێک بەپێوەیە...

ئەم کاروانە نە وەستان دەناسێ و نە ڕێگەی لێ هەتلە دەبێ. ئەم کاروانە ڕووەو خۆر هەنگاو دەنێ و بە سەربەستی دەگات، چونکی "میلاد"ەکانی نابڕێنەوە، پێ دەگەن و جێگەی یەکتر دەگرنەوە. چونکی ئەوان بەڵێنیان داوە هەتا گەیشتن بە لوتکەی ئاوات کۆڵ نەدەن. ئازادی و سەربەخۆیی و، ڕزگاری و بەختەوەری شایانی گەلێکە "میلاد"ەکانی بۆ فیدا کردووە. ئەو ڕۆژە نیزیکە هەمووومان لە زیارەتی زامدا، بچینە سەر گڵکۆی شەهیدانمان و مزگێنیی سەربەستیی نیشتمانیان پێ بدەین... ئەو ڕۆژە گەلیک نیزیکە. ...

١ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# جیاوازیی نێوان نوێنەری مەجلیس و گاگێرە و دەمبێن و دەمامک




**دارسمە**

هەمـوو بوونەوەرێـک سـوود و زیـانی خـۆی هەیە. مـرۆڤ و ئـاژەڵیش بـوونەوەری سـەر ئەم زەویەن و سـوود و زیانیـان لێدەکەوێتەوە. لەنێو ئاژەڵانیشدا مانگا یەکێک لە بەسوودەکانیانانە. مانگا بەزینـدوویی سەری پیسترین لێکەوتەی واتە شیاکە و ڕیخەکەی سالانی زوو بـۆ سووتانـدن کەڵکی لێوەردەگیـرا. کەمرە و تەپاڵەیـان لـێ دروست دەکـرد و سـۆبە و ئاگردانیـان پـێ دادەگیرسـاند. چێشتیان لەسـەر ئـاگردان لێدەنـا و نانیـان پـێ دەکرد و بە سۆبەکەشی ژوور و دیوەخـانی ئاغـاوەت و سەرۆکعەشیرە و مەجلیسی ڕیشسپییانیان گەرم دادەهێنـا. ئەم مەجلیسـانەش دەبـوونە مەکۆی کەسـانی شـارەزا و تێگەیشتوو و شوێنی تێگەیشتن و پێگەیشتن و تەکبیر و ڕا.

مەجلیس دەگەڵ ئەوەی هێنـدیک جـار بەهەڵە پارلەمـانی پـێدەڵێن، شـتێکی جـودایە. وشـەی مەجلیس بە مانـای شوێنی دانیشـتنە. لە شـوێنی دانیشـتیش زۆر جـار ئەوانەی دادەنیشـن تەنیـا دانیشـتوون و ڕەنـگە دەسـتەڵاتی تـوورێکی قانگیشیان نەبێت. بەڵام پارلەمان شوێنی دانیشتن و کۆبوونەوەی چەند یـان چەنـدین وردە دەسـتەڵاتانە و بە ڕێککەوتـن و دەنگدان و کـۆی قسـە و باسـانیان تەمـا گـرتن و بڕیـار دەدەن. جـا بەم هـۆیەوە کـۆتلە و هەواڵبەنـدییەکانی نێـو پەرلمـان

دەستەڵاتبەدەستن، بەڵام ئەوانی مەجلیس زیاتر جلوس دەفەرموون و بە بێدەستەڵاتی دادەنیشن و هەندێکجار گلەیی و گازندەیان لە گەرمی و ساردیی ژووری مەجلیس دەدەبڕن و بە شەهامەت و بوێرییەوە داوای کردنەوە یان داخستنەوەی پەنجەرەی باڵەخانەی مەجلیسەکە دەکەن.

لە سەردەمی پێشوودا مانگا کاتێک دەزا، گوێرەکەی دەبوو و گوێرەکەش جوانەگا و مانگای داهاتوو بوون. هەروەها شیر و پەنیر و دۆ و ماست و ماستاویش لە گوانی مانگاوە دەکەونەوە. مانگا دوای مردنیش سوودی زۆری بۆ مرۆڤ هەیە. گوشتەکەی بە "کەباب" و "شۆرباوکفتە" و بە "برژاوی" و "قاورمە سەوزە" و "گوێزێنە" (فسەنجان) نەوسی نەوسنان کوێر دەکاتەوە و سکیان تێر دەکات. تەنانەت پێستی مانگا دوای ئەوەی لە دەباغخانان خۆش دەکرێت، دەکرێتە پاڵتۆ و کیف و پێڵاو و قایش و بەرگی زۆر شتی گرانبەها.

بەداخەوە ئەو خانمەی کیفێکی چەرمیی کەمیاب لە شانی دەکات و بە پێیش مرۆڤی ڕەگەزی بەرانبەریدا خۆی بادەدات و نازی بەسەردا دەکات، هەر بەخەیاڵیشی دانایەت هەڵگری بەشێکی جەستەی مانگایە. زۆر پیاویش کاتێک دەست بۆ گیرفانیان دەبەن و کیسە و جزدانی پارەی لە چەرم دروستکراو دەردێنن و بە هۆی هەبوونی ئەم کیسە یان جزدانە گرانبەهایە بەرچێڵەیان پڕ دەکەن لە با، نازانن بەشێکی زۆر بچووکی لەشی مانگایان بە دەستەوەیە یان ئەو قایشە چەرمەی پانتۆڵیان پێیەوە لە نێوقەدیان بەستووەتەو چەرمی مانگایە.

مانگا ساڵی ساڵان لەسەردمی خەرمان گێرەکردندا ژیانی کۆمەڵایەتیشی بەرچاو بوو. ئەوکات دەگەڵ کۆمەڵە گا و مانگای دیکە کلۆشی گەنم و بەڵمی چەڵتوویکیان گێرە دەکرد و بە زەبری سمیان دانیان لە یو توێکل و بەڵم و کلۆشەوە دردەفرتاند.

مرۆڤی دەستەڵاتدار لەو کاتیشدا نەیدەهێشت مانگا تەنانەت پارووێک لەم کلۆش و بەڵم و دانەی بەردەمی بخوات و بۆ ئەم مەبەستە بە داوێکی قاییم دەمیان دەبەست و بەم جۆرە نەیدەتوانی دەم بکاتەوە. لەو دۆخەدا مانگا ناوی گاگێرە بوو و ئەو داوەی دەمی گاگێرەیان پێ دەبست، "دەمبین"ی پێ دەگوترا.

ئێستا بەم لێکدانەوەیەیەی سەرەوە، بەراوردێک لە نێوان بەربژێری نوێنەرایەتیی مەجلیسی ئێران بۆ خولی دوازدەی ئەم مەجلیسە و مانگادا دەکەین.

دیـــاره ئەم بەربژێـــرانەی بـــۆ ئەم خـــوله شـــیاوبوونیان ڕەت کـــراوەتەوه، ڕیزیـــان زۆره و ئەو ژن و پیـــاوانه نـــین ئەم بەراوردکارییه بیانگرێتەوه. خۆ ئەوانەیدیکەش بێڕێز نین، بەڵام دەگەڵ مانگای گاکێره خاڵێکی هاوبەشیان هەیه.

له بەرا باس له خاڵه جیاوازەکانی مانگا و بەربژێری خولی دوازدەی مەجلیسی ئێران دەکەین و پاشان دەچینه سەر خاڵی هاوبەشیان. خاڵه جوداکان ئەمانەن:

١ -مانگا شیاکەی بۆ ئاوردوو و سووتەمەنی دەبێت و هی بەربژێر به کەڵکی هیچ نایەت.
٢ -دوای تێرخواردنی گوێرەکه ماست و پەنیر و لۆر و دۆ و کەره و شیرێژی مانگا بەسووده، بەڵام شیری بەربژێر نادرێته گوێرکەش و گوێرەکەی ماڵوێرانی بەربژێر بەردەوام چاوەڕوانی شیری وشک دەبێت.
٣ -مانگا گۆشتی دەخورێت و کۆشتەکەی کەباب و کفته و قورمەسەوزه و گوێزینەمان بیر دێنێتەوه و هی جەنابی بەربژێر تەنیا بۆ ئەوه دەبێت به قووڵیی دوو ئەژنۆ بخرێته ژێر خاکەوه.

تەنیا خاڵی هاوبەشی گاگێره و نوێنەری خولی دوازدەی مەجلیسی ئێران "دەمبێن"ـه. دەمبێنیش له هەردوو جۆری واته دەمبێنی مانگا و دەمبێنی نوێنەری مەجلیس بۆ ئەوه له دەمی ئەم دوو ئاژەڵه دەبەسترێن، زیان به خاوەن دەستەڵاتان نەگەیەنن. له دۆخی یەکەمدا خاوەن خەرمان دەستەڵاتداران و دەمبێن له خزمەت خاوەن خەرمان دایه. له دۆخی دووهەمیشدا دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دیارن و دەمبێنی نوێنەرانی مەجلیسی دوازدەش هەر له خزمەت دەستەڵاتداران دایه. دەمبێنی مانگا بۆ نەخواردنی کلۆش و بەڵم و دانی زیادەیه و دەمبێنی نوێنەری مەجلیسی دوازدەش بۆ ئەوەیه بەربژێران قسەی زیاده نەفەرموون. دەمبێن له هەموو خولەکانی پێشووی مەجلیسی ئێراندا به بەربڵاوی و لەملاو لەولا کەڵکی لێوەردەگیرا، بەڵام ئێستا بەربژێرێک پێشتریش دەمبێنی نەبەستبێت، ئەمجاره ناتوانێت هەر له دەرەوەش سەیری باڵەخانەی مەجلیس بکات.

له کۆتاییدا پێویسته خوێنەرانی بەڕێز جیاوازیی دەمبێن و دەمامک بزانن. دەمامک خۆت دەیبەستی و دەمبێن به زەبری شەپ و گۆپاڵ دەبەسترێت.

١ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

## کاتێ پەنجەکانی دەست یەکتری دەشکێنن (شەهید ئەحمەد خزری(




**برایم چووکەڵی**

مێژووی مرۆڤ مێژووی خەبات و تێکۆشانێکی سەخت و دژوارە بۆ هەرچی زیاتر ئینسانیکردنی ژیان. بەدرێژایی مێژوو مرۆڤ لەگەڵ سرووشت بەربەرەکانیی کردوە و بۆ باشترکردنی ژیانی لەدژی شەوپەرستان و ئەو هێزانەی ڕێگای پێشکەوتنی ئینسان و ژیانیان گرتوە تێکۆشاوە و ململانێی کردوە و لەو زۆران بازییەدا ئارەق و فرمێسک و خوێنیان ڕشتوە. لەنێو مرۆڤەکاندا ئەو کەسانە لە هەموو کەس جێگای ڕێزترن کە لەپێناو چێکردنی ژیان و بۆ تێکڕووخانی کۆشکی ستەم و زۆرداری دەبنە پێشڕەو و دێنە مەیدان و بانگی ئازادی دەدەن و "مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان" دەکەن بە ڕێبازی ژیان.

لە ڕەوتی خەباتی نەتەوایەتیی گەلەکەماندا نەخشی ئەو ڕۆڵە قارەمانانە گرینگ و بنەڕەتییە و ئەوانن بە بەرزکردنەوەی ئاڵای خەبات و خۆڕاگری و نەبەزین و فیداکاری و لەخۆبوردوویی ڕۆژبەڕۆژ تەکانیان بە بزووتنەوە داوە تا بەرەو پێشەوە بڕوا و لە لووتکەی سەرکەوتن نزیکتر بێتەوە. لە درێژەی ئەو خەبات و بەربەرەکانییەدا کەم نین ئەو بنەماڵانەی باشترین ڕۆڵەکانی خۆیان بەختی ئازادی و بەختەوەریی گەل کرد و زۆر بنەماڵەی ئەم نیشتمانە هەیە چەند کوڕیان گیانیان لەو

خەبات و تێکۆشانەدا بەخت کردوە. یەکێک لەو بنەماڵە بەڕێزانە کە ۳ ڕۆڵەیان، سێ قارەمان، سێ برای خۆڕاگر و شۆڕشگێڕ کە تا دوا کاتەکانی ژیانیان دژی کۆنەپەرستان خەباتیان کرد، بنەماڵەی "خزری" و کوڕەکانی دایە "کابان"ی گردی قەبرانن لە بۆکان کە لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەدا ئاوڕ لە ژیان و خەباتی شەهید ئەحمەد خزری، سێهەمین شەهیدی ئەو بنەماڵەیە دەدەینەوە.

شەهید ئەحمەد خزری ساڵی ۱۳٤۲ی هەتاوی لە ئامێزی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە ئاوایی گردی قەبرانی ناوچەی بۆکاندا چاوی بە دنیا هەڵێنا. تەمەنی منداڵیی لەگەڵ باوکی زەحمەتکێش و برا و خوشکەکانیدا دوور لە هەموو خۆشییەکانی ژیان تێپەڕ کرد. سەرەڕای دەستکورتیی بنەماڵەکەی قۆناغی سەرەتایی خوێندنی تەواو کرد و دواتر نەداری و هەژاری ڕێگای نەدا لە خوێندن بەردەوام بێت. ئەحمەد تازە لە سەردەمی تازەلاویدا بابە دەستقەڵشیو و زەحمەتکێشەکەشی لەدەست دا و ئەمجار بەناچار هەمووان بە بنەماڵەوە ڕوویان کردە کوورەخانەکان و بە خشتبڕین و ئارەقەڕشتن لەبەر سوورەتاوی هاوین بەڵام بە سەربەرزییەوە بژێوی خۆیان دابین دەکرد.

ئەحمەدیش وەک قادر و تاهیری برای بۆی دەرکەوتبوو چەوسانەوە چیە و سەرچاوەی ئەم زوڵموزۆرییە دەچێتەوە کوێ؟ بۆیە بۆ ڕزگاری لەم دۆخە و لە کاتێکدا خۆپێشاندانەکانی ساڵی ۱۳۵۷ لە بۆکان دەستیان پێ کردبوو، بەکردەوە هاتە مەیدان.
دوای سەرکەوتنی شۆڕش و پاش ئەوەی ڕێژیمی خومەینی پەلاماری کوردستانی دا، ئەحمەد کە چاوی بەرایی دیتنی ئەو جینایەتانەی نەدەدا کە ڕێژیم لە کوردستان دەرهەق بە گەلەکەی دەکردن، بڕیاری شۆڕشگێڕانەی هاتنە نێو خەباتی دا. ئەگەرچی تاهیری برای زووتر چەکی پێشمەرگایەتیی کردبووە شان، بەڵام جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، ئەویان هێنابووە سەر ئەو بڕوایە دەبێ بۆخۆیشی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیم قۆڵی هیممەت هەڵماڵێ. بەمجۆرە ساڵی ۱۳٦۱ هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان و شان بە شانی تاهیری برای و هاوسەنگەرانی دیکەی لە سەنگەری خەبات و تێکۆشاندا بەرەنگاری داگیرکەرانی کوردستان بۆوە. ئەحمەد لە بنەماڵەیەکی سیاسیی شۆڕشگێڕدا پەروەردە ببوو. برایەکی (قادر خزری) لە شاری ئامول لە ڕیزی ئیتحادییەی کۆمۆنیستەکان (سەربەداران)دا کاتێک هێرشیان کردە سەر ئەو شارە شەهید ببوو و برایەکی دیکەشی بەناوی عوسمان لە زینداندا ئێعدام کرابوو.

ئەحمەد هەر زوو نیشانی دا پێشمەرگەیەکی ئازا و بە بیروباوەڕە و لە پێناو ئامانجەکانی حیزب و گەلەکەیدا ئامادیە گیانی ببەخشێ. ئەو لە چەندین عەمەلیات دژی هێزەکانی ڕێژیمی ئاخوندیدا ورە و ئازایەتیی خۆی نواند، بەڵام لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ۱۳٦۲ و لە کاتێکدا لەگەڵ ٥ کەس لە هاوسەنگەرانی بۆ گوندی قاجر دەچوون، کەوتنە کەمینی دژی گەلییەکان و پاش شەڕێکی کورت بە دیل گیران.

ئەحمەدی خۆڕاگر، ئەشکەنجە و ئازار نەیتوانی بە چۆکی دابێنێ، ئیرادەی پۆڵایینی پێشمەرگەی لە خۆیدا هێشتەوە و، لێوی هەڵنەپچڕی و دوژمنی زەبوون و دەستەوەستان کرد. سەرەنجام پاش دوو ساڵ مانەوە لە سیاچاڵەکانی ڕێژیم و بەرگەگرتن لە هەمبەر ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر لە هەلێکدا کە بۆی هەڵکەوتبوو لە بەندیخانە ڕای کرد و خۆی گەیاندەوە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان. زیندان نەک نەیتوانیبوو ئیرادەی پۆڵایینی ئەحمەد تێک بشکێنێ، بەڵکوو لە جاران بەهێزتر هاتبۆوە مەیدان. ورەی هەروا بەرز و لە شکاننەهاتوو بوو و لە شەڕەکاندا بەشداریی چالاکانەی دەکرد. ئازایەتی و ژیری لە هەڵسوکەوت و فەرماندەییدا بوو بەهۆی ئەوە سەرەتا لە پاییزی ساڵی ١٣٦٤دا وەک سەرپەل و دواتر لە کۆتایی زستانی هەر ئەو ساڵەدا بە فەرماندەری لک دیاری بکرێ. ئەو بەوپەڕی ئەرکوەخۆگری و هەست بە بەرپرسایەتی لە تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگانەی بەردەوام بوو و سەلماندی کە توانای بەڕێوەبردنی بەرپرسایەتیی گەورەتریشی هەیە. زۆر عەمەلیاتی قارەمانانە لە ناوچەی بۆکان بە فەرماندەیی ئەو بەڕێوە چوون لە شەرە بەناوبانگەکانی کانیزێرینە، باغی ئەحمەدی، کوێستانەکانی گەورکی سەقز و مەهاباد، پشتی حوسێناباد و چەندین حەماسەی دیکەی ناوچەی بۆکان ئازایەتیی خۆی سەلماندەوە. ئەحمەد وەک تاهیری برای بە هەموو وجوودیەوە حیزبی خۆش دەویست و باوەڕی بە ئامانجەکانی حیزبەکەی بوو. ئیمان بە ڕێبازەکەی وای لێکردبوو چاوی لە گوللە نەترسێ و هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی خۆڕاگریدا بێت.

مخابن ڕۆژی ٢٣ی خەرمانانی ١٣٦٥ لە پشتی ئاوایی حاشیاباد ئەحمەد لە شەڕی نێوخۆیی لەگەڵ کۆمەڵەدا لەگەل سێ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی محەممەد پوورهیمت، جەعفەر نۆمسلمان و کەماڵ ئوستادئیبراهیمی شەهید بوون و بەردەوامیی ڕێگەی خەباتیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد.

١ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

## خەزەڵوەر تا خەزەڵوەر هەر برینە!




**ئاسۆ مینبەری**

خەزەڵوەر بۆ خەڵکانی ئێران مانگێکی خوێناوییە. لە ٢٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٨دا بوو کە گرانبوونی کتوپڕی نرخی بێنزین، خەڵکی وەزاڵەهاتووی هێنایە سەر شەقامەکان و ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری دژی ڕێژیم دەستی پێ کرد. لە خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەردا کە بەداخەوە وەک هەمیشە کوردستان پشکی سەرەکیی لە سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم پێ بڕا، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک گیانیان لەدەست دا و بریندار بوون، ژمارەیەکی زۆر لە دەسبەسەرکرانیش لە چاڵەڕەشەکانی ڕێژیمدا کەوتنە بەر لێدان و ئەشکەنجە و سزای قورسیان بەسەردا سەپا.

لە خەزەڵوەری ٩٨دا و پاش دەسپێکی نارەزایەتییەکان، حەسەن ڕۆحانی، سەرۆکۆماری ئەوکاتی ڕێژیم بە ڕوهەڵماڵراوییەوە هاتە دەنگ و گوتی منیش وەکوو ئێوە، سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینی لە خەو هەستام و زانیم نرخی بێنزین گران بووە! ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە دڕندەیی ناوەندە سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتەکەی ڕەئیسی، لە گرینگترین ڕۆژنامە و میدیاکانی جیهانیدا باسی لێ دەکرا و هەموو دنیا بینەری دڕندەییەکانی ئەم ڕێژیمە بەرانبەر بە خەڵکی خۆپیشاندەر بوون.

له خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ٩٨دا، بە پێی ئاماره بڵاوکراوەکان، ١٥٠٠ کەس بەدەستی هێزەکانی ڕێژیم کوژران.

هەواڵدەریی رویتێرز، لە ٢ی بەفرانبـاری هەمان سـاڵدا بە پشتبەستن بە ئامـاره دزەپێکراوەکـان، کـوژرانی ٤٠٠ ژن و ١٧ مێرمنـداڵی لەم خۆپیشـاندانانەدا پشتڕاست کـردەوە. وتەبێـژی کۆمیسیۆنی ئەمنییەتیـی مەجلیسـی ڕێـژیمیش، لە ڕۆژی ٤ی سەرماوەزی هەمـان سـاڵدا ڕایگەیانـد کە ٧ هەزار کەس لە ڕەوتـی خۆپیشـاندانەکاندا دەسبەسەر کـراون. هەروەهـا لە ڕۆژی ١٢ی خەرمانـانی ٩٩دا، لێبـوردنی نێـونەتەوەیی بە بڵاوکـردنەوەی ڕاپۆرتێـک باسـی لە ئەشکەنجە، لێدانی قـامچی، شۆکی ئێلێکتریکی، لەسێدارەدانی سـاختە، تونـدوتیژیی سێکسی و بێبەریکردن لە پێڕاگەیشتنی پزیشکی لە زینـدانەکانی ئێرانـدا کرد.

خـاڵی سەرنجڕاکێش لە خۆپیشـاندانەکانی خەزەڵـوەری ٩٨دا ئەمە بـوو کە ڕاپەڕینەکە سەرتـاسەری بـوو، خۆپیشـاندانەکە ئەگەرچی پاش گرانبوونی نرخی بێنزین هاتە ئـاراوە بەڵام ئاراستەکەی ڕێبەریـی ڕێـژیم و تەواوییەتـی دەسەڵاتەکەی کـردە ئامانج، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، سەرکوتکارییەکان لە کوردستان و بەتـایبەتیش لە شـاری مەریـوان زیـاتر بـوو، چونکە لە بنەڕەتدا خواستی کورد جیاوازە.

پاش شەهیدبوونی ژینـا ئەمینـی و دەسپێکی ڕاپەڕینـی سەرتـاسەریی گەلانـی ئێـران لەژێـر نـاوی شۆڕشـی ژینـا و بە دروشمی سـەرەکیی ژن، ژیـان، ئـازادی، جـارێکی دیـکە مـانگی خەزەڵـوەر بـوو بە یەکێـک لەو مانگـانەی سـاڵ کە زیـاترین ڕێـژەی سـەرکوتکارییەکانی تێـدا بەڕێوەچـوو. بە پێـی ئامارەکـانی ڕێکخـراوی کوردپـا، تەنیـا لە مـانگی خەزەڵـوەردا، ٦٦ کەس لە شارەکانی کوردستاندا بەدەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم شەهید کران.

پشکی ژنان لە خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ١٤٠١دا بەرچاو بـوو، بە پێـی هەواڵ و ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکـان لە نـاوەنـدە مـافی مرۆییەکان، ژنان بەشێکی بەرچاو لە خۆپیشاندەران بوون کە دژی تەواوییەتی ڕێژیم ڕاوەستان و لەم پێناوەشدا قوربـانییـان دا.

بەشداریی ژنان لە شۆڕشی ژینادا، بابەتێکی گرینگە کە پێویستە هەم زۆر و بەبـایەخ و هەم لە لایەنگەلی جیـاوازەوە باسـی لێ بکرێ، بۆیە ئەوەی کە لێرەدا ئاماژەی پێ دەکرێ، تەنیا ئاماژەیەکی کورتە.

لە خۆپیشاندەکانی خەزەڵوەری ٩٨دا هەروەک ئاماژەی پێ کرا، ٤٠٠ ژن بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم کوژران و، لە یەک

ساڵەی شۆڕشی ژیناشدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان لە سەرتاسەری ئێراندا کوژران و بریندار کران. زۆربەی ئەو ژنانەی بە فیشەکی ساچمەیی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بریندار کرابوون، ئێستاش بەنهێنی دەژین و لە ترسی دەسبەسەرکران و سەپاندنی سزای قورس، ناوێرن ناو و شوناسی خۆیان ئاشکرا بکەن. بەڵام خاڵی جێگای سەرنج خۆڕاگری و پێداگریی ئەو ژنانەیە کە لە ڕەوتی شۆڕشەکەدا ئازیزانی خۆیان لەدەست دا.

کوردستان هەمیشە گۆڕەپانی ململانێ لەگەڵ داگیرکەر بووە، هەر بۆیە خۆڕاگری وەکوو میراتێک نەسڵ لە دوای نەسڵ لە کوردستانییاندا دەبینرێت. لە ڕۆژانی ڕابردوودا و لە ساڵوەگەڕی شەهیدانی خەزەڵوەردا، سەرەڕای گوشارەکانی ڕێژیم و دەسبەسەرکردنی بنەماڵەی ئەم شەهیدانە و وەکوو دوایین نموونەشی خوشکی شەهید شەهریار محەممەدی لە بۆکان، ژنانی نیشتمانپەروەری ئەم خاکە، بە یادکردنەوەی ڕۆڵەکانیان جارێکی دیکە، نیشانیان دا کە هیچ هێزێک ناتوانێ بە چۆکیان دابێنێ. لە بیرمانە ساڵی ڕابردوو دایکی شەهید میلاد مەعرووفی لە کاتی ناشتنی تەرمی کوڕەکەیدا گوتی کوڕی من شەهیدە و پێشکەشی ئەکەم بە نیشتمان، کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم. هەر ئەو دایکە ئەمساڵ پاش ڕێگریکردنی هێزەکانی ڕێژیم لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ساڵوەگەڕ لەسەر مەزاری کوڕە شەهیدەکەی، لەگەڵ دایکی شەهیدانی دیکەی ئەم شارە کۆ بووە و گوتی ئێمە دایکانی شۆڕش لە خوێنی کوڕەکانمان خۆش نابین و تا دوایین هەناسەمان دادخوازی خوێنی بەناحەقڕژاوی کوڕەکانمان بەدەست ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین.

لە خەزەڵوەر تا خەزەڵوەر بۆ ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد هەر برین بووە، لە هەر خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکدا ئەوە ئێمەی کوردین کە پشکی شێرمان بەر دەکەوێ گوشار و سەرکوتکارییەکان بۆ ئێمەش زیاترە.

سەرەڕای هەموو گوشارەکان، ژنانی ئەم نیشتمانە، نە چۆکیان داداوە و نە فێری نەوەی داهاتوویان کردوە کە چۆک دابدەن، دایکان، خوشکان، هاوسەران و کچی شەهیدان، بوونەتە هێمای خۆڕاگری و لەم شۆڕشەدا فێریان کردین کە ئەگەر خەزەڵوەر تا خەزەڵوەر برینمان بەر کەوتوە، خۆڕاگرتر لە جاران لەسەر داوا ڕەواکانمان سوورین و ناهێڵین ئەم کاروانە ڕاوەستێ!

٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# پڕوپاگەندە و کۆماری ئیسلامی




## ڕەزا دانشجوو

چەند ساڵ لەمەوبەر و پاش کوشتنی تێرۆریست قاسم سولەیمانی بە دەستی هێزە ئەمریکییەکان، خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کاردانەوە بەم زەبرەی لە ئوتوریتە و حەیسییەتی ڕێژیم کەوتبوو، باسی لە "تۆڵەی سەخت" کرد.

دوای ئەم قسانە، دەزگای پڕوپاگەندەی ڕێژیم بۆ پاساوهێنانەوە بۆ شکستەکەیان و دڵنەوایی لایەنگرانی ڕێژیم، دەستی کرد بە گەورەکردنەوە و تەبلیغی قسەکانی خامنەیی. ماوەیەک دواتر ڕێژێمی کۆماری ئیسلامی هێرشی کردە سەر بنکەی "عین الاسد"ی سەر بە سوپای ئەمریکا لە عێراق. هێرشێک بە دونیایەک پروپاگەندە! هێرشێک کە هەرگیز ڕووبەڕووی کاردانەوەی لایەنی بەرامبەر نەبۆوە! هەرگیز زانیاریی دروست لەسەر ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی ئەم ڕووداوە بڵاونەکرایەوە. لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی باسی دەیان کوژراو و برینداری لەم ڕووداوەدا کرد، تاکە وێنەی بڵاوکراوی ئەم ڕووداوە هەندێک باڵەخانە و بینا بوون کە وێران ببوون. ئێستا دوای چەند ساڵێک لەم ڕووداوە، سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دۆناڵد ترامپ، لە وتارێکدا باسێکی تەواو جیاواز لەم ڕووداوە دەکات. ترامپ دەڵێت: ئەمریکییەکان پێشوەختە

لەم هێرشەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئاگادار کرابوونەوە! لە ڕاستیدا ئەوەی وەک هەمیشە ڕووی دا، نمایشێکی میدیایی بوو بۆ نیشاندانی دەسەڵاتی خەیاڵیی دیکتاتۆر و فریودانی ڕای گشتی، بەشێک لە ئامێری پڕوپاگەندەی چڵ و چەند ساڵەی ڕژێمی وەلایەتی فەقیه!

پڕوپاگەندە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ژیانی سیاسیی هەموو دیکتاتۆرەکاندا، بەبێ گوێدان بەوەی هەڵگری کام بیروباوەڕ بوون و ئامانجە ئایدیۆلۆژییەکانیان چی بووە. نموونەی مێژوویی زۆرن کە گرنگی ئەم بابەتە بۆ دیکتاتۆرەکان نیشان دەدەن. ئەوەی مائۆییستە کان لە چین، یان لێنینیستەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو بە خەڵکیان دەگوت، هەرچەندە هەڵوێستێکی جیاواز بوو لە بیرکردنەوەکانی مارکس، بەڵام بە هەمان شێوە وێنەیەکی ناڕاستەقینە و خەوناویی واقیعەکانی کۆمەڵگەش بوو. ئاڵمانی نازی وەک یەکێک لە داهێنەرانی بواری ڕیکلام و پڕوپاگەندەدا پێناسە دەکرێت؛ کۆبوونەوەی چەند دەیان هەزار کەسی بە جلوبەرگی یەکپۆش, دەزگای دوورودرێژی پڕوپاگەندە و درۆ ناڕاستی ئەکتەرە گرنگەکانی ئەم گۆڕەپانە بوون.

هیتلێر پڕوپاگەندەی بەنهێنی سەرکەوتنی خۆی دەزانی. ناوبراو لە کۆبوونەوەی ساڵانەی پارتی نازی لە شاری نورنبێرگ لە ساڵی ١٩٣٦ دەڵێت: "پڕوپاگەندە ئێمەی گەیاندە دەسەڵات، دواتر توانیمان لە دەسەڵاتدا بمێنینەوە، هەروەها ئامرازەکانی داگیرکردنی جیهانمان پێ دەبەخشێت." وتەی بەناوبانگی گۆبلز، وەزیری پڕوپاگەندەی هیتلێر دوای چەندین ساڵ هێشتا یەکێکە لە وتە گرنگەکانی جیهانی پڕوپاگەندە. "هەرچەندە درۆکە گەورەتر بێت، باوەڕکردنەکەی ئاسانترە".

دەگوترێ لە سەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئەلبانی "ئەنوەر خۆچە"، ڕادیۆ تیرانا ساڵیانی ساڵ سەرقاڵی وەسفکردنی بەهەشتی خەیاڵیی کۆمۆنیستەکان بوو بۆ گوێگران بە چەند زمانی جیاواز! دوای مردن و نەمانی " خۆچە" کاتێک خەڵکی وڵاتانی دیکەی ئورووپا ئەم دەرفەتیان پێ درا کە ئەم بەهەشتە خەیاڵییە ببینن، بێجگە لە هەزاران سەنگەری لە بێتۆن سازکراو بۆ شەڕی خەیاڵی لەگەڵ ئیمپریالیزم! و هەژاری و ماڵوێرانی هیچی تریان نەدۆزیەوە.

پڕوپاگەندە یەکەمجار لەلایەن پاپ گریگۆری شازدەهەم، سەرکردەی ئەم کاتەی کاتۆلیکەکانی جیهانەوە بەکارهێنرا. پاپ بۆ بانگەشەی ئایینی مەسیحی خەڵکانێکی بۆ چەندین شوێنی جیاواز نارد. بە تێپەڕبوونی کات وشەی پڕوپاگەندە مانا و چەمکێکی تەواو پێچەوانەی پەیداکرد. لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەم وشەیە خۆی لە دونیای مەسیحی دورخستەوە و لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دێموکراسی بۆ یەکەمجار هاتە ناو مەیدانی کێبڕکێی سیاسییەوە. جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم خاڵگۆڕانی وەرچەرخانن لە ڕەوتی مێژوویی وشەی پڕوپاگەندەدا. ئێستا پڕوپاگەندە مانایەکی تەواو جیاواز لە ئامانجی دروستبوونی

دۆزیوەتەوە.

کیمیال یۆنگ بەم شێوەیە پێناسەی پڕوپاگەندە دەکات: "بەکارهێنانی کەم تا زۆر بەئەنقەست و ڕێکوپێک و داڕێژراوی نیشانەکان، کە بەئەنقەست لە ڕێگەی تەڵقین و تەکنیکی ناوەندی دەروونناسی گونجاوەوە ئەنجام دەدرێت، بە ئامانجی گۆڕین و کۆنترۆڵکردنی بیروڕاکان، بۆچوونەکان، بەهاکان و لە کۆتاییدا لە ڕێگەی گۆڕینی ڕەفتاری ئاشکرای خەڵک بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو.

بۆ ئەوەی پڕوپاگەندە کاریگەر بێت، دەبێت مەرجەکان دروست بن. دوای جەنگی جیهانی یەکەم، دۆخی ئابوری ئاڵمانییەکان زۆرخراپ بوو، شکست لە شەڕی جیهانیدا و ئەو مەرجانەی کە دوای شەڕ بەسەریاندا سەپێندرابوو، هەستی زەلیل بوونی پێدابوون. ئەمە هۆکار بوو تا دەنگێکی زۆر هەبێت کە بانگەشە بۆ هاتنەسەرکاری "سەرکردەیەکی بەهێز" وەک ڕزگاریدەرێک بکات.

بۆ پڕوپاگەندە باس لە زۆر تەکنیکی جۆراوجۆر دەکرێن کە گرنگترینیان بریتین لە تەڵقینی ناڕاستەوخۆ، فریودان و درۆ، هاندانی سۆزداری، دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ، دووبارەکردنەوە، ڕازاندنەوە و پێداهەڵگوتن، ناولێنان و ناوزڕاندن، هەڵخەڵەتاندن و ئیستدلالکردنی خراپ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک هەموو دیکتاتۆرەکان لە ماوەی ژیانی شەرمەزارانەی خۆیدا، لەدژی دوژمنان و نەیارانیدا، پڕوپاگەندەی وەک ئامرازێکی بەهێزی بەکارهێناوە. بە چاوخشاندنێکی کورت لە ڕووداوەکانی دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی، دەیان و سەدان بەڵگە و نموونە بۆ ئەم پرسە دەدۆزرێتەوە. ڕەنگە بتوانرێت هاندانی سۆزداری بە یەکێک لە گرنگترین تەکنیکەکانی شەڕی دەروونیی کۆماری ئیسلامی دابندرێت. ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ هەمیشە لە کاتێ کەڵەکەبوونی قەیرانەکاندا هەوڵی داوە بە دروستکردنی سیناریۆیەکی ساختە و وروژاندن وهەڵخڕاندنی هەستی سۆزداریی خەڵک لانیکەم بۆ ماوەیەکی کورت بەشێک لە کۆمەڵگە لە خۆی نزیک بکاتەوە و لەم ڕێگەوە بۆ ماوەیەک پرسی سەرەکی پەراوێزی بخات. وەک تازەترین نموونەی ئەم شێوەیەی پرۆپاگەندەیە دەتوانرێت ئاماژە بە هێرشی کوێرانەی ڕێژێم بۆ شاچرای شیراز لە سەروبەندیساڵیادی شۆڕشی ژینادا بکرێت، کە ڕێژیم هەوڵی دا لە ڕێگەی بەکوشتدانی خەڵکی بێتاوان و وروژاندنی سۆزداریی جەماوەری سەرنجی ڕای گشتی لەسەر تاوانەکانی ڕێژیم لە شۆڕشی ژینادا دوور بخاتەوە. هاندانی خەڵکی بێتاوانی غەززە بۆ نێو شەڕێکی ماڵوێرانکەر بە هاوبەشی حەماس بەشێکی تری سیناریۆی هاندانی سۆزدارییە.

دروستکردنی ترس و تۆقاندن یەکێکی دیکە لە تەکنیکەکانی تری شەڕی دەروونییە. پڕۆپاگەندەی نازییەکان هەمیشە تێکەڵی تۆقاندن و دڵەڕاوکێ بوو. تەنانەت پێش ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٣ بەپێی دەنگی خەڵک بێنە نێو دەسەڵات، هێزەکانی میلیشیای نازی (stormtroopers) زۆربەی کات بۆ ترساندن و تۆقاندنی نەیارانیان لە شەقامەکاندا حازر بوون.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و تۆقاندن وسازدانی دڵەڕاوکێ هاوڕێی دەیان ساڵەن! لەسێدارەدانی کەسانی سەر بە ڕێژیمی پێشوو دوای دادگاییکردنی تەنها چەند خولەکی، لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی و نەیارانی کۆماری ئیسلامی، بەشێکن لەم پرۆژەی تۆقاندن و ترساندن. لەسێدارەدانی دەیان کەس لە سەردەمی شۆڕشی ژینادا، دانپێدانانی زۆرەملێ بە تاقمێک شۆڕشگێڕان، دانی هەزاران حوکمی ناڕەوا زیندان و دوورخستەوە, دواییترین هەوڵی کۆماری ئیسلامی لەم بوارەدایە. داگیرکردنی شەقامەکان و سازکردنی کەشێکی ناهێمنایەتیی بۆ خەڵک لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیم بەناو بەسیج و جاش بۆ ترساندن و تۆقاندنیان یان شکاندنی شکۆی خەڵک بەتایبەت ژنان و تازەلاوان لە ژێرناوی ئەمر بە چاکە و نەهیی لە خراپە بەشێکی تاڵیی ئەم چیرۆکەن.

ناولێنان و ناوزڕاندن یەکێکی تر لە ئامرازەکانی دیکتاتۆرەکان لە شەڕی دەروونی دژی ئۆپۆزسیۆن و نەیارانە. ساڵانێکی زۆرە کۆماری ئیسلامی بە ناوی جوداخوازی هێرش دەکاتە سەر نەیارانی نەتەوە جیاوازەکانی ئێرانی، تاکتیکێک کە بەداخەوە بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی شۆڤێنیستی کۆماری ئیسلامی هاوشێوە لەدژی نەتەوەکانی ئێران بەکاری دەهێنن. "مفسد فی الارض" و "محارب" ، نازناوێکە کە ساڵیانە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ پەراوێزخستنی و زیندان و کوشتنی بەشێک لە نەیارانی ناڕازی یان هەندێک کەمایەتیی ئایینی بەکاری دەهێنێت.

گەورەکردن و پێداهەڵگوتن لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لایەنێکی دیکەی پڕوپاگەندەی کۆماری ئیسلامی بووە و هەیە. پێشکەشکردنی وێنەیەکی تەواو ناڕاست لە بەناو دەستکەوتەکان و نیشاندانی گەورەیی خەیاڵیی دیکتاتۆر. ڕێژیم کە توانای کاریگەریدانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی میلیشیا بەکرێگیراوەکانی و پشتبەستن بە ئامێری تێرۆر و کوشتن، دەسەڵاتی خەیاڵیی خۆی نیشان بدات. ئەوەی لە سەرەتای ئەم وتارەشدا هات -هێرشکردنە سەر بنکەی ئەمریکی لە عەین ئەسەد بۆ تۆڵەسەندنەوە لە کوشتنی قاسم سولەیمانی- بەشێکە لە تاکتیکی گەورەکردنەوە و پێداهەڵگوتن. لە کاتێکدا بە وتەی سەرۆک کۆماری ئەو کاتی ئەمریکا ئەوەی بە مووشەکی کۆماری ئیسلامیدا خاپوور کرا، تەنیا چەند بینایەک بوو، بەڵام بۆ چەندین ڕۆژ ئامێری تەبلیغیی ڕێژیم خەریکی وەسفکردنی ڕەهەندەکانی ئەم هێرشە بوو! کۆماری ئیسلامی درۆیەکی گەورە بوو کە بۆ ماوەیەک بە هۆی هەژاریی فەرهەنگیی خەڵک دەرئەنجامی سیاسەتی هەڵەی

پەهلەوی و بێگومان هاوڕێیی هەندێ ڕوناکبیری ئایینی چەپ و میللی-مەزهەبی هاتە ئاراوە و بۆ ماوەیەک جێی باوەڕ دەرکەوت! پڕوپاگەندە بەشێکی دانەبڕاو بوو لەی دەزگای درۆ و فێڵبازیی کۆماری ئیسلامی. حکوومەتێک کە بڕیار بوو هەم دونیا و هەم قیامەتی خەڵکەکەی مسۆگەر بکات، جگە لە هەژاری و ماڵوێرانی هیچی تری نەهێنا. هەرچەندە بە تێپەڕبوونی کات خەڵک ئاگاداری ڕووی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی بوون بەڵام تاکتیکی ڕژیم بۆ مانەوەی نەگۆڕدا، لە ڕاستیدا تەنیا درۆکان گەورەتر بوون و دەمامکەکان تاریکتر بوون!

ئێستا کۆماری ئیسلامی کە لە دەیەی پێنجەمی تەمەنیدایە، ئیتر هیچ ڕوویەکی شاراوەی بۆ خەڵک نەماوە و لای خەڵک جێی هیچ باوەڕ و متمانەیەک نییە. ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی ڕێک ڕۆڵی شوانە درۆزنەکەی هەیە و ئەمجارە ئەگەر بەڕاستیش گورگ هێرش بکاتە سەر مەڕەکان، کەس باوەڕ بە هاواری ناکات!

٣ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

"

# بوون به دانمارک(getting to Denmark) "




نا: ئەلبورز ڕۆنین تەن

ئاماژە: زۆربەمان ناوی فرانسیس فۆکایاما له تێزه بەناوبانگەکەیمان لەسەر کۆتایی مێژوو بیستوە، بەڵام فۆکۆیاما چەندین لێکـۆڵینەوه و کتێبـی دیـکەی به تـایبەت لەسـەر سیاسـەت هەن که گرینگیەکـی تایبەتیـان هەیه. یەکێـک لەو کتێبـانه "سـەرچاوەی نەزمی سیاسی"(The Origins of Political Order) یه. لەو لێکۆڵینەوه وێـڕای لێکدانەوەی بـنج و بنەوانی حکوومەت هەروەها چونیەتیی گەیشتن به حکومەتی بەهێـز و سـەروەری یاسـا؛ حکوومەتی وەڵامدەر له شارستانیه جیاوازەکـان شـی کـراوەتەوه. یەکێـک له بەشـەکان باسـی وڵاتـی دانمـارکی کـردوه که چـۆن وڵاتـی دانمـارک به هەبـوونی دێموکراسییەکی پێشکەوتوو هەروەها دەوڵەتی خۆشبژێوی و یاساسـەروەر دروست بـووه که له زۆر بـواردا نمـونەیه و خـاوەنی کەمترین ڕێژەی گەندەڵیی سیاسییه. چونکه بەردەوام ئەو بـابـاته لەژێر نـاوی "چـۆن بـوون به دانمـارک" له ژێـر لێکـۆڵینەوەی لێکۆڵەراندا بووه. هەروەها بۆ زۆربەشمان ئەو پرسیاره دێته پێش چۆن دانمارکێکی وا دروست دەبێ؟ فرانسیس فۆکۆیاما له لێکۆڵینەوەکەیدا بەو شێوەی خوارەوه باس له چونیەتیی دروستبوونی دانمـارکێکی وا نمونه دەکا که شایانی خوێنـدن و لـێ فێر بوونه.

**"بوون بە دانمارک※(getting to Denmark) "**

یەکێک لە پرسەکانی مێژووی ویگەکان ئەوەیە کە مێژووی ئینگلستان بۆ گەیشتن بە دێموکراسیی دەستووریی بە پارادایم وەرگرت. بەڵام دەکرا هەندێک وڵاتی دیکەی ئوروپایی بە نموونە بێنینەوە کە بە ڕێڕەوی دیکەشدا بە هەمان شوێن گەیشتن. هەر وەکو ئێمە کە لە سەرەتایی ئەو ڕیسالە درێژەدا سەبارەت بە پەرەپێدانی سیاسی پرسیمان چۆن دانمارک توانێ ببێ بە دانمارکێکی خاوەن سەروەریی یاسا، دێموکراتیک و خۆشگوزەران کە بەباشی بەڕێوە دەبردرێ و خاوەنی کەمترین گەندەڵیی سیاسییە لە جیهان. پێویستە شرۆڤەی بکەین کە چۆن ئەوە بەدی هاتووە.

ساڵی ١٥٠٠ دیار نەبوو کە دانمارک (یا هەر وڵاتێکی دیکەی ئیسکاندیناوی ) ڕێڕەوێکی جیاواز لە کۆمەڵگەکانی دیکەی ئورووپای چاخی نێوەڕاست دەگرێتە بەر. بەشێک لە چاودێران هەوڵیان داوە تا ڕیشەی دانمارکی ئێستا بگەڕیننەوە بۆ سەرەتای نیشتەجێبوونی وایکینگەکان لە ئیسکاندیناوی. بەڵام جیاوازیدانان لە نێوان ئەو عەشیرەتە مرڤکوژە و بەربەرەکانی دیکەی ژێرمەن کە لە دوای کۆتایی ئیمپراتۆریی ڕۆما لە ئورووپا نیشتەجێ بوون ئەستەمە، تەنیا لەوەدا نەبێ کە وایکینگەکان لەجیاتی سواری هەسپەکان بەلەمی درێژیان بەکار دەهێنا.

پاشایەتیی دانمارک کە لە ڕەچەڵەکێکی کەونارەوە دەهات، لە سەدەی سێزدەیەمەوە لاواز بوو، چونکە بۆ دەرکردنی بڕیارنامەیەک پێویستی بە ڕاوێژ لەگەڵ پارڵمانی ئیلیتەکان هەبوو، هەروەها دەبوا هەندێک ئیمتیازی تایبەتی بە کلیسا دابا. ئابووریی دانمارک وەکوو شوێنەکانی دیکەی ئورووپا لەسەر بنەمای بیناسازی دانرابوو، هەر چەند هەڵکەوتەی دانمارک لە دەروازەی دەریای بالتیک و نزیکبوونی لە شارەکانی یەکیەتیی هانسیاتیک (Hanseatic League) وایکردبوو کە بازرگانیی نێونەتەوەیی ڕۆڵێکی گرینگی لە پێشڤەچوونی ئابووریی دانمارکدا هەبێت.

داوای شکستی یەکیەتیی کالمار کە بۆ ماوەیەکی کورت لە نێوەڕاستەکانی سەدەی پانزە ئەسکاندیڤیاکانی یەک خستبوو، دانمارک وەک هێزێکی گرینگی فرەنەتەوە کۆنترۆڵی بە سەر نورویژ، ئایسلەند، ناوچەکانی ئەڵمانیزمانی شلێسویگ (Shleswig) و هۆلستاین (Holstein) هەروەها ناوچەی ساوند (Sound) کە ئێستا دەکەوێتە ڕۆژئاوای سویددا هەبوو. ئەگەر تەنیا یەک هۆکار هەبێ کە وای لە دانمارک کردبێ کە ڕێڕەوێکی جیاواز لە وڵاتانی دیکەی ئسکاندینیڤیا بگرێتە بەر ئەویش ڕەوتی چاکسازیخوانەی پرۆتێستان بوو. هەر وەکوو بەشەکانی دیکەی ئورووپا مارتین لوتر ناسەقامگیرییەکی زۆری دروست کرد بووە هۆی نارەزایەتییەکانی درێژمەودای جەماوەری بەرانبەر بە کلێسای کاتولیک.

لە دانمارک بە هەندێک شەڕی نێوخۆیی ڕەوتی پرۆتێستانتی سەرکەوتنی بەدەست هێنا و کلێسای نەتەوەیی دانمارکی لوتریان لە سالی ١٥٣٦دا دامەزراند. ئەو سەرکەوتنە زیاتر لە دەرئەنجامی هۆکارە ئەخلاقیەکان بە هۆی هۆکارە مادییەکان بوون، چونکە پاشای دانمارک بەو شێوەیە دەرفەتێکی باشی بەدەست هێنا ببێتە خاوەنی ئەو داراییە بەرچاوەی کلیسا کە بە ٣٠ لە سەدی زەوییەکانی دانمارک بەراورد دەکرا. بەلام کاریگەریی سیاسیی ڕەوتی پرۆتستانیسم لە دانمارک خۆی لە هاندانی جوتیاران بۆ خوێندندا دەرخست. لوترانیسم باوەڕی قوڵی بەوە هەبوو کە خەڵکی ئاسایی توانای خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و کەموکوڕییەکان یا ڕێنماییەکانی بچووکی لوتر لە سەر مەسیحیەتیان هەبێ، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ دەستیان بە خوا بگا. لە سەرەتاکانی سەدەی شانزدەی کلێسای لوترانیسم لە هەموو گوندێکی دانمارک قوتابخانەی کردوە و قەشەکان خەڵکیان فێرە خوێندن و نووسینی سەرەتایی دەکرد. ئاکامی ئەو کارە ئەوە بوو لە سەدەی هەژدە جووتیارانی دانمارک و بەشێک لە ئیسکاندیناڤی بە ڕێژەیەکی بەرچاو خوێندەواریی باشیان هەبوو و دەیانتوانی خۆیان لە چوارچێوەی چینی کۆمەلایەتیی باشدا ڕێک بخەن.

جووڵانەوە کۆمەلایەتییەکان لە کۆمەڵگەکانی ئەو سەردەمە زۆربەیان لە ئاکامی پێشکەوتنی ئابووری دروست دەبوون. ئەو ڕەوتە لە ئینگلستانی چاخەکانی نێوەڕاستیش کاتێک مافی خاوەنداریێتی لەژێر کاریگەریی یاسای عورفی پەرەی پێ درا، بووە هۆی ئەوەی چینی جوتیارە بچووکەکان وەک توێژی چالاکی سیاسی دەربکەون. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بەر لە سەدەی شانزدە ئەوە ئایین بوو کە دەبووە هۆی ڕەوتە کۆمەلایەتییەکان. خوێندەواریی جوتیارەکان وێڕای ئەوەی بووە هۆی بەرەوپێشبردنی دۆخی ئابووریی خۆیان، بووە هۆی ئەوەی بتوانن پەیوەندی لەنێو خۆیاندا دروست بکەن و بەرنامەی سیاسی ڕێکبخەن.

ئەستەمە خەیاڵکردنی ئەو جیاوازییە زۆرەی نێوان گوندنیشینەکانی ئیسکاندیناڤی و ڕووسیە لە سەرەتای سەدەی نۆزدە، سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕووی جوغرافییەوە لێک نزیکن.

بەپێچەوانەی ئەوەی لە ئینگلیس ڕووی دا، دێموکراسی نوێنەرایەتی بۆ پاراستنی دامەزراوەی فیودالی (پەرلەمان) کە باش خۆی ڕێکخستبوو بۆ ئەوەی لەبەرانبەر دەوڵەتی ناوەندگەرادا ڕابوەستێ سەری هەڵدا. لە دانمارک دەوڵەتێکی خاوەن دەسەڵاتی ڕەها بە بورۆکراسییەکی ئاڵۆز لە ساڵی ١٦٦٠ بە مەبەستی بەرگریکردن لە هێرشەکانی سوید دامەزرا. حکوومەتی دانمارک هەڵوەشایەوە و ئیتر هیچ پێکهاتەیەکی سیاسی نەبوو هەتا پاشایەتی بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی باج ڕوخسەتی لێوەرگرێت.

بەمجۆرە شۆڕشی گرینگی نێوان ساڵەکانی ١٧٦٠ تا ١٧٩٢ ڕووی دا، کاتێک پاشایەتیی ڕۆشنگەری دانمارکی قوناغ بە قوناغ یاسای کوێلایەتیی کە بە ستێڤنسباند (Stavnsbånd) دەناسرا سەرەتا لەو شوێنانەی لە دەسەڵاتی پاشایەتیدا هەبوو و دواتر بۆ هەموو خاوەنزەوییەکانی قەدەغە کرد، هەروەها ڕێی لە خاوەنزەوییەکان گرت لە سزادانی جوتیاران بە مەبەستی سوکایەتی پێکردن وەک سزای شەلاقلێدانی جوتیاران لەسەر ئەسپی دار. جوتیاران مافی دەنگدانیان نەبوو، بەڵام دەیانتوانی ببنە خاوەنی زەوی و هەروەها بازرگانی لەسەر بنەمایەکی یەکسان بکەن.

پاشایەتیی دانمارک دیتی کە ئازادیی جوتیارەکان دەرفەتێکە بۆ لاوازکردنی خاوەن زەوەییە گەورەکان کە بەتوندی دژی چاکسازییەکان بوون. ئازادکردنی جوتیاران وای دەکرد ئەوان ڕاستەوخۆ بخاتە خزمەتی سوپایەکی نەتەوەیی. ئایدیاکانیش گرینگ بوون. سەرمایەی نەتەوەکانی ئادام سمیتس لە ساڵی ١٧٧٦ بڵاو بۆوە کە دەیسەلماند جوتیارە خاوەنزەوییەکان دەتوانن بەرهەمی زیاتر و باشتر لە ئەو کوێلانەی کە ئازاد نین بەرهەم بهێنن. بەڵام ئەو ڕاستییە گرینگ بوو کە جوتیارەکان خویان بە چونەسەری پەروەردە و ڕێکخستنەکان ئامادە بوون کەڵک لە دەرفەتی ئازادیی ئابوری وەربگرن بۆ ئەوەی بەرەو پڕۆژەی بەرزکردنەوەی نرخی بەرهەمهێنان وەک پەرەپێدان خۆراک برۆن.

هۆکاری دووهەم کە ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو لەوەی دێموکراسیی مۆدێرنی دانمارک بێتە دی لایەنی دەرەکی بوو. دانمارک لە کۆتایی سەدەی هەژدە بە زلهێزێکی فرە نەتەوەی مامناوەند هەژمار دەکرا.دانمارک لە ئاکامی شەڕی ناپیلۆن (ساڵی ١٨١٤) نورویژی لەدەست دا. بڵاوبوونەوەی ئایدیاکانی پەیوەندیدیدار بە شۆڕشی فرانسە لە سەرەتای دەیەکانی سەدەی نۆزدە ئاڵۆزی سیاسیی لێکەوتەوە و، لە لایەک بووە هۆی وروژاندنی ویستەکان ل سەر بنەمای چینایەتی چینی جووتیار و بورژوازی بۆ بەشداریی سیاسی، لەلایەکی دیکە بووە هۆی وروژاندنی ویستی دانانی بە ویستیە نەتەوەییەکان لەنێو کەمینەی ئەڵمانیزمانی دانمارک.

پرۆسییەکان ئەو پرسەیان بە ستاندنەوەی ناوچەی ئەلمانیزمانی شلسویگ (Schleswig) و هولستاین (Holstein) لە ئاکامی شەڕیکی کەمماوە بەڵام چارەنووساز لە ساڵی ١٨٦٤ لە دانمارک چارەسەر کرد. بە شەوێک دانمارک بووە وڵاتێکی بچووک، وەک یەک یەک (یەک نەتەوە) کە بە زۆری بە زمانی دانمارکی دەدوا و دەرکەوت کە دەبێ لە سنووری وڵاتێکی بچووک لەگەڵ یەک بژین.

ئەوە بەستەری چونیەتیی هاتنە ئارای دێموکراسی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و هەروەها سۆسیال دێموکراسی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دروست کرد. جووڵانەوەیەکی سیاسی کە لەسەر بنەمای جوتیاران کە ئیلهامی لە هزری قەشە و زانای بواری

پەروەردە وەک نیکۆلای فردریک سڤرین گروندتویگ (N.F.S. Grundtvig) وەرگرتبوو دروست بوو، کە سەرەتا وەک جووڵانەوەیەکی چاکسازیی ئایینی جودابوونەوەی خۆی لە کلێسای لوتر ڕاگەیاند و دواتر لە سەرانسەری وڵات قوتابخانەی دامەزراند.

دوای ئەوەی پاشایەتیی دەستوری لە ساڵی ۱۸٤۸ بە دەسەڵات گەیشت جووڵانەوەی جوتیاری و لیبراڵە نەتەوەییەکان نوێنەرایەتیی ڕاستەوخۆی بۆرژوازیان بۆ بەشداریی سیاسی دەکرد، کە بووە هۆی ئەوەی لە ساڵانی دواتردا مافی دەنگدان بە دەست بێنن.

دەرکەوتنی دەوڵەتی خۆشبژێوی دانمارک لە سەدەی بیستەم سەرووتر لە باسی ئەو برگەیە، بەڵام سەرەئەنجام کاتێک بەوە گەیشتن، کە جووڵانەوەکەیان تەنیا لەسەر بنەمای چینی کرێکار نەبوو، بەڵکوو لەسەر بنەمای خەباتی چینی جووتیاریش بوو. ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەش کە هاتبووە ئاراوە لە ئاکامی پەرەپێدانی ئابووری نەبوو، بەڵکوو بە هۆی چاکسازی ئایینیەوە بوو.

پێشکەوتنی دیموکراسی و ئابووریی مودێڕن لەسەر بنەمای بازاڕ بە توندوتیژی و ململانێییەکی زۆر کەمتری لەوەی ئینگلستان هەبوو هاتە ئاراوە کە لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ فەڕانسە و ئیسپانیا و ئەڵمانیا هەر بەراورد ناکرێت. لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی دانمارکی مودێڕن دروست بێت، دانمارکییەکان چەند شەڕیان لەگەڵ دراوسێکانیان لەوانە سوید و پرۆس کرد، هەروەها چەند توندتیژی و شەڕی نێوخۆیی لە سەدەی هەڤدە و نۆزدەدا دروست بوون، بەڵام هیچ جورە شەڕی نێوخۆی درێژ ماوە، دەست بەسەرداگرتنی زەوییەکان، ستەمگەرییەکی ڕەها، یا هەژارییەکی زۆر کە لە ئاکامی شۆڕشی پێشەسازیدا درووست ببێت ڕووی نەدا و هەروەها میراتی شەڕی چینایەتیشی نەبوو.

ئایدیاکان لە چونیەتیی بوون بە دانمارک گرینگ بوون، نەتەنیا لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیی لوتری و گروندتویگی بەڵکوو بیرۆکەی ڕۆشنگەری لە بارەی مافەکان و دەستوریبووونی وڵات لەلایەن بەشێکی بەرچاوی پاشاکانی دانمارک لە سەدەی هەژدە و نۆزدە پەسند دەکران.

سەرهەڵدانی دیموکراسی لە وڵاتی دانمارک پڕە لە ڕووداو و ئەگەری مێژوویی و دۆخی تایبەت کە ناتوانرێ لە شوێنێکی دیکە کۆپی بکرێت. دانمارکییەکان بە ڕێگایەکی زۆر جیاوازتر لە ئینگلستان بۆ گەیشتن بە لیبرال دیمۆکراسیی مودێرن ڕۆیشتن، بەڵام هەردوکیان بە شوێنێکی وا گەیشتن کە زۆر لێک دەچێت. لە هەر دووک وڵات لە بارەی هەبوووی دەوڵەتێکی

بەهێـز، سـەروەریی یاسـا، و وەڵامـدەربوونی حکـومەت پێشـکەوتنی جیـدیان بە دەسـت هێنـاوە. ئەوەی ئاشکرایە ڕێگـای زۆر جیاواز هەن بۆ "بوون بە دانمارک"

***

(*ئەو بەشە لە لایەن ئامادەکاری ئەو بابەتە لە ئینگلیسەوە بۆ سەر کوردی وەرگێڕدراوە

٣ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

---

# ڕێگەی ڕزگاری لە یەکسانیی ڕەگەزییەوە تێدەپەڕێت



د. مجید حقی

لەم ساڵانەی کۆتاییدا سێ دیاردە بوونەتە هۆی باسکردن لە ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا: قەیرانەئابوورییەکانی جیهان، قەیرانی کار و پێویستیی بە هێزی کاری پسپۆڕ لە هەموو جیهاندا و هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەشداریی پڕڕەنگی ژنانی کوردستان لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی و بەتایبەت ڕۆڵی ژنان لە شۆڕشی ژینادا و خەبات و ویستی ژنانی ئێران بۆ هەڵگرتنی حیجابی زۆرەملی و مافە مرۆڤییەکانیان، خەباتی بەرچاوی ژنانی ئێرانی دژی توندوتیژیی ڕەگەزی لە ئێراندا کە بەشێوەیەکی سیستماتیک و قەوارەیی بەرێوە دەچێت. ئەم سێ دیاردەیە مژاری سەرەکیی بەشێکی زۆر لە ڕاگەیەنە گشتییەکان، تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، سمینار و کۆنفڕانسی جۆراوجۆر لەلایەن چالاکانی کورد، ئێرانی و نێونەتەوەیی بووە. ئێستا ئێمە بینەری دیاردەیەکین لەسەر ئاستی گشتی کە باس لە کاریگەری و پەیوەندیی گەشەسەندنی یەکسانیی ڕەگەزی دەکات لە سەقامگیری و ئارامی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتیدا.

کۆمەڵگەی ماندوو، پرتووکاو و شەڕخوازی پیاوسالار چی دیکە ناتوانێت گەشە بە جیهان بدات و داهاتوویەکی گەش بۆ

مرۆڤایەتی بەرهەم بێنێت. پیاوسالاری بووەتە هۆی شەڕ و وێرانکاری و لەدەستدانی هیواکان و سەدان ساڵە میلیۆنان مرۆڤی لە جیهاندا کردۆتە قوربانی. جیهانی ئەمڕۆ پێویستی بە پەرەپێدانی قوتابخانەیەکی نوێ هەیە. قوتابخانەیەک کە ئامانجی پەرەپێدانی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، پەرەپێدانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و یەکسانی لە نێوان هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بێت.

بۆ ئازادیخوازان و خەباتکارانی مافی دیاریکردنی چارەنووس، دەبێ جێی پرسیار بێت کە بۆچی ئاستی ژیان و خۆشبژێوی لەو کۆمەڵگەیانەدا کە یەکسانیی ڕەگەزی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری چەسپاوە، بەرزە؟ توێژینەوەکان لە وڵاتانی پێشکەوتوو لەوانە وڵاتانی سکاندیناڤی و ژاپۆن، دەریدەخەن لەو کۆمەڵگەیانەی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بڕیاری سیاسی لەسەر بنەمای یەکسانی جێندەرییە، مرۆڤ دڵخۆشترە، تەندروستیی گشتی باشترە، سەقامگیریی کۆمەڵایەتی زیاترە و متمانەی کۆمەڵایەتی لە هەموو ئاستەکاندا پترە. لەو وڵاتانەدا ویستی گشتی و هاوبەش هەیە بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەموو جۆرە لێگەر و تەنگژەیەکی کۆمەڵایەتی. لە توێژینەوەکانی پێوەندیدار بە پەیوەندیی نێوان یەکسانی ڕەگەزی و تەندروستی و باشتربوونی دۆخی کۆمەڵایەتیدا، تێبینی دەکرێت تا ئاستی یەکسانیی ڕەگەزی بەرزتر بێت، ئاستی تەندروستیی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیی ئەندامانی کۆمەڵ بەرزتر دەبێتەوە. بۆ نەتەوەیەک کە لە پێناو ڕزگاری نیشتمانیدا خەبات دەکات، پەرەپێدانی یەکسانی و تەندروستیی کۆمەڵایەتی بە واتای بەهێزکردنی هێزە خەباتکارەکان و زیادکردنی هێزی بەرگەگرتن لەدژی دیکتاتۆرییە.

لە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستانیدا، چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دیاسپۆرا، زۆر کەس تەندروستی کەسی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بە جۆری داهاتەوە دەبەستنەوە. بەڵام لەڕاستیدا ئەم بابەتە پەیوەندییەکی ڕێژەیی لەگەڵ ئاستی داهات و پێگەی کۆمەڵایەتی هەیە. ئەو کۆمەڵگەیانەی لەسەر بنەمای پێوەندی کۆی گشتیی سفر دامەزراون، ناتوانن پێگە و ئاستی کۆمەڵایەتیی خۆیان باشتر بکەن.

پرسی یەکسانی ڕەگەزی تەنها پەیوەست نییە بە ڕێگەدان بە ژنان بۆ بەشداریکردن لە بڕیارە سیاسییەکان بە بەدەستهێنانی چەند کورسییەک لەنێو پیاوان، بەڵکوا ئەم بابەتە پێشمەرجێکە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەسەر هەموو ئاستەکان و پەرەپێدانی کوالیتیی ژیانی سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگە لەگەڵ پیاوان. لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا وڵاتانی پێشکەوتوو شاهیدی باشتربوونی ئاستی ژیان و بەختەوەریی کۆمەڵایەتی بوون بەهۆی هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی یەکسانیی ڕەگەزی. ئەمڕۆ شاهیدی ئەو ڕاستییەین کە تەنانەت کاریگەریی گەرمبوونی گۆی زەوی نەیتوانیوە پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانە بوەستێنێت و ئەم وڵاتانە لێبڕاوانەتر لە پێشوو بۆ بەشداریی ژنان لە هەموو بوارەکانی

بەڕێوەبەری و ڕێبەریی كۆمەڵگەدا هەوڵ دەدەن.

هۆكاری سێیەمیش پێوەندی هەیە بە پرسە ئابووری و بازرگانییەكانەوە: كۆمەڵگەیەک كە یەكسانی بەرەوپێش ببات و پەرەی پێ بدات، خوڵقێنەری دەرفەتی ئابووریی زیاترە. ژمارەی ئەو دۆزینەوە و داهێنانانەی لە كۆمەڵگە پێشكەوتوو و یەكسانەكاندا تۆماركراون زۆر زیاترە لە كۆمەڵگە ناپێشكەوتوو و نایەكسانەكان. تەنانەت لە ڕوانگەی بەرژەوەندی پیاوانیشەوە پەرەپێدانی یەكسانیی ڕەگەزی لەبەر ئەم سێ هۆكارەی خوارەوە پێویستە:

**یەكەم**: نایەكسانی دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ماتریالیزم و لەدەستدانی بەها ڕۆحی و مرۆڤییەكان.

**دوو**: كۆمەڵگە یەكسانەكان هەستێكی هاوبەشیان هەیە بەرامبەر بە هەڕەشە دەرەكییەكان. ئەمەش لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی ئەوەی كۆمەڵگە خۆبەخشانە چارەسەری كێشە و لێگەرە هاوبەشەكان بكات.

**سێ**: لێكۆڵینەوەكان دەریدەخەن لەو كۆمەڵگەیانەی ڕێز لە یەكسانیی ڕەگەزی دەگیرێت، سەركردەكانیان زیاتر گرنگی بە پرسی ژینگە و سەقامگیری كۆمەڵایەتی دەدەن.

لە دەسپێكی شۆڕشی ژیناوە، زۆر باس و بابەت لەبارەی پێویستی گۆڕینی پارادایمی كۆمەڵایەتی لە كوردستاندا دەكرێن. زۆر قسەی جوان و سەرنجڕاكێش لە زمان ڕێبەرانی سیاسییەوە لەبارەی پاڵپشتیكردنیان بۆ یەكسانیی ڕەگەزی گوتراون؛ بەڵام ڕاستییەكەی ئەوەیە كە بەبێ گەشەپێدانی سیستماتیک و پلان بۆ داڕێژراو و ئامانجدار بۆ یەكسانییەكی ڕەگەزی بەواتای تەواوی وشە، گەشەسەندنی خەباتی نەتەوەیی تا هەموو ئاستەكانی كۆمەڵگەدا مسۆگەر نابێت. پەرەپێدانی یەكسانی تەنیا بە ژمارەی ئەندامانی ژنان لە دەستەی ڕێبەریی ڕێكخراوەكان بەدی نایەت، بەڵكو پێویستیی بە ڕاهێنان و بەرەنگاربوونەوە و بەتاوانناساندنی هەر جۆرە توندوتیژییەكی ڕەگەزی لە ڕێكخراوە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكانە. ئێمە زۆر بە دەگمەن دیالۆگێكمان بینیوە سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان گەشەپێدان و یەكسانی ڕەگەزی. دانان بەم پەیوەندییە بەردی بناغەی گۆڕینی پارادایمی نایەكسانیی كۆمەڵایەتی و كردنەوەی دەرگا بۆ بەشداریكردنی هەموو لایەنەكانی ژنان لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و خێراكردنی گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكانە.

ژێدەر: Equality, Sustainability and the Quality of Life. BMJ2010;341:c5816

٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# بەهەشتی زەهرا، ئاوێنەی کارەساتی دوو دەسەڵات!



**زانیار حوسێنی**

بەهەشتی زەهرا ناوێکی ئاشنا و لە هەمان کاتدا جوان، ئارامکەرەوە و فریودەرە؛ ناوێکە لە مێشکدا، وێنای خەیاڵی لە کەشێکی خەونئاساوە ساز دەکا و ڕەنگدانەوەی بەهەشتی بەڵێنیپێدراو لە نێوەرۆکی بەڵگە ئایینی و ئایینزایی لەنێو بیروڕای گشتی دروست دەکا. بەڵام بەڕاستی بەهەشتی زەهرا هەر ئەو مینای ڕووناک و دەرەوشاوەیەیە؟ ئایا مانا و چەمکی ئەو وشەیە لەگەڵ ڕاستییەکانی ئەو شوێنە یەکن؟

بەهەشتی زەهرا! گەورەترین گۆڕستانی ئێران لە باشوری تارانە کە لە ٢٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٤٩ای هەتاوی بە ناشتنی کەسێک بە ناوی محەممەد تەقی خەیاڵ (لە بنەماڵەیەکی ئەرتەشی و دەستڕۆیشتوو) لە بەشی یەک، ڕیزی یەک، ژمارەی یەک چالاکییەکەی دەست پێ کرا؛ لە ئێستادا بەهەشتی زەهرا بە ڕووبەرێکی نیزیک بە ٧٥٠ هێکتار نیزیکەی یەک میلیۆن و حەوسەد هەزار گۆڕی تێدایە.

ئەو گۆڕستانە بە شێوەی پارچە پارچە جیا کراوەتەوە بەڵام مەجاڵی سەردانی خەڵک بۆ هەموو پارچە یان بەشەکانی نییە؛ هێندێک لەو بەشانە بە کامێرای چاوەدێری-ئەمنی و بوونی گەشتی مەئموورە ئەمنییەکان زیاتر وەک زیندانێکی ژێر چاوەدێری چڕ و کۆنترۆڵکراو دەچێ تا گۆڕستانی مردووەکان!

لە بەهەشتی زەهرا جگە لە بەشە ئاساییەکان، بەشی بەناوبانگیش هەیە. هەروەک بەشی هەشتا و هەشت یان بەشی هونەرمەندان، بەشی چل و چوار یان بەشی شەهیدی نەناسراو، بەشی بیست وچوار کە زیاتر تایبەت بە بەرپرسان، کەسانی پایەبەرزی نیزامی و کەسانی ناسراو و بەرچاوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە؛ گۆڕی کوژراو و تێرۆرکراوەکانی حیزبی جمهوریی ئیسلامی و دەیەی شەستی هەتاوییش هەر لەو بەشەدایە. میرحوسێن مووسەوی، کۆتا سەرۆکوەزیری ئێران و لە کاندیداکانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ساڵی ٨٨، دیزاینەر و تەلارسازی ئەو بەشە بووە. بەشی بیست و نۆی ئەو گۆڕستانەش ئی دیپلۆماتکاران و کەسایەتییە ناسراوە سیاسی و نیزامییەکانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهە.

ئەوانە تەنیا بەشە ئاساییەکانی ئەو گۆڕستانەیە وەک هەموو گۆڕستانەکانی جیهان. بەڵام بەهەشتی زەهرا بەشی قەدەغە و ئەمنیەتیشی هەیە و هەر وەک داستانە تاڵ و بەئازارەکان، باس لە مێژووی ئاڵوگۆڕی سیاسی-کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە و سروشتی ڕژیمەکانی دەسەڵاتدار لە ئێران دەکەن.

یەکێک لەو بەشانە، بەشی بەناوبانگی سی و سێیە کە ل سێدارەدراوەکانی پێش شۆڕشی ٥٧ (لە کاتی دەسەڵاتی پەهلەویدا) لەوێ نێژاون. ئەو گۆڕی ئەندامانی حیزبی توودە، چریکەکانی فیدایی خەلق و سازمانی موجاهیدینی خەلقی تێدا کە؛ لە سەردەمی پاشایەتیدا دەوری ئەو بەشەیان بە دیوارێکی بێتۆنی گرتبوو و لە دوای شۆڕشی ٥٧ تەنیا بە کامێرای چاوەدێری لەژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵ گیراوە و دەکرێ بڵێین ئەو بەشە وەک پێشوو بە چڕی کۆنترۆڵ ناکرێ. ئەو کامێرایانە تەنیا بە هۆی لەژێر چاوەدێری گرتن و ناسینی ئەو کەسانەیە کە هاتووچۆی سەر گۆڕی مارکسیستەکان و مارکسیستە-موسوڵمانەکان دەکەن.

لەنێو بەشە قەدەغە و ئەمنیەتییەکانی بەهەشتی زەهرا یان هەمان مینای ڕووناک، بەشەکانی چل و یەک، و نەوەد و سێ لە هەموویان بەناوبانگترن.

بەشی چل و یەک میوانی بەشێکی زۆر لەو کەسانەیە کە لەسێدارە دراون یان تیرباران کراون؛ ئەو بەشە بە حەفدە کامێرای چاوەدێری، گەشتە بەردەوامەکانی مەئموورە ئەمنییەتییەکان و ئەندامانی ئەمنییەتی حەرەم و پۆستەکانی دێژبانیی ئەرتش

کۆنترۆڵ دەکرێ؛ پێویست بە ئاماژەیە لە ئێستادا پاراستنی بەهەشتی زەهرا لە دێژبانیی ئەرتەش وەرگیراوەتەوە و دراوە بە یەکەی فاتحینی سوپای پاسداران.

لە ماڵپەڕی "ڕاستیاد"دا بە تەسەلی باسی ئەو بەشە لە بەهەشتی زەهرا کراوە؛ ڕووبەری ئێستای ئەو پارچەیە نیزیکەی یەک هێکتارە و مەزەندە دەکرێ نیزیک بە یازدە هەزار گۆڕی تێدا بێ. بەپێی بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان و ئەوانەی سەردانی ئەو بەشەیان کردوە، زۆربەی بەردی سەر گۆڕەکان شکاون و لە هێندێک جێدا ئێسک و پروسکی مردووەکان سەریان لە خۆڵ هێناوەتە دەر و بەشێک لە گۆڕەکانیش تێکڕووخاون. پێشتر بەشێک لەو پارچەیە جیا کراوەتەوە و پارکینگی لەسەر ساز کراوە و بە ژماردنی ئەو بەشە و لەبەرچاوگرتنی ڕای شارەزایان، دەکرێ بڵێین کە لەسەریەک نیزیکەی سێزدە هەزار کوژراو لەو پارچەیەدا نێژراوە. زۆربەی گۆڕەکانی ئەو پارچەیە یان ئەو بەشە بەزەحمەت دەناسرێنەوە، بە شێوەیەک کە ناسنامەی زۆرێک لەو نێژراوانە نادیارە. لەکارکەوتنی ئینتێرنێت و ئانتێنی تەلەفوون لەو خاڵە بەرچاوانەیە کە لەگەڵ چوونە ژوور بەو بەشە، هەستی پێ دەکرێ. تەرمی زۆرێک لە ئێعدامکراوەکانی نێوان ساڵەکانی ٥٧ تا ٦٠ی هەتاوی، ئەندامانی کۆدەتای نۆژە یان عەمەلیاتی نیقاب، ئەندامانی موجاهیدینی خەلق، کەسانی دەوڵەمەندی تاوانبار بە کۆکردنەوەی ماڵی حەرام! سزادراوان بە گەندەڵی لەسەر عەرز (افساد فی الارض)، ئەندامانی گرووپی فۆرقان، بازاڕییەکانی نیزیک لە جەریانی دژ بە دەسەڵات، هێندێک لە فەرماندەران، نوێنەرانی پارلەمان، نیزامی و غەیرە نیزامییەکانی نیزیک لە دەسەڵاتی پەهلەوییش لەو پارچەیەدا نێژراون.

ئەو بەشە یان ئەو پارچەیە هەمان لەعنەتاوای بەناوبانگ یان پاژی سووتاوە کە ئیزنی چاککردنەوەی گۆڕەکان و پێڕاگەیشتنی بە بنەماڵە و کەسانی نیزیکی نێژراوەکان نادرێ؛ لە ڕاستیدا ئەو بەشە کراوەتە هێمایەک بۆ تۆقاندن و هەڕەشەیەک بۆ دژبەرانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیه لە دەرەنجامی دژایەتیی ئەو دەسەڵاتە.

بەش یان پارچەی نەوەد و سێ، دووهەمین بەشی تایبەت بە زیندانییە سیاسییە ئێعدامکراوەکانە کە بە نۆ کامێرای چاوەدێری-ئەمنییەتی دەپارێزرێ. دەگوترێ تەرمی زۆربەی ئێعدامکراوەکانی ساڵی ٦٣ لەو بەشەدا نێژراوە. کەسانێک کە زیاتر لە ئەندامانی چریکی فیدایی خەلق و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق بوون؛ زەویی ئەو بەشەش زیاتر لە بەشی چل و یەک دەچێ. گۆڕی بێ ناوونیشان و بەردی شکاوی سەر گۆڕەکان بەرچاون و هێندێکیشیان دیارە لەلایەن کەسوکاریانەوە دیسان گۆڕەکانیان نۆژەن کراوەتەوە. جگە لەو دوو بەشە، بەشی ئەمنییەتیی دیکەش لە بەهەشتی زەهرا هەیە، بۆ نموونە بەشەکانی نەوەد و یەک، و نەوەد و دووش پڕە لە تەرمی نێژراوی ئێعدامکراوانی سیاسی؛ بەشەکانی چل و دوو و هەشتا و پێنجیش لە بەشە ئەمنیەتییەکان لەقەڵەم دەدرێن کە پڕە لە گۆڕی بێ ناوونیشان لە دژبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە

لە دۆخێکی ئەمنیەتیدا نێژراون.

یەک لەو گۆڕانەی بەشی هەشتا و پێنج کە سەرنجڕاکێشە و ناکرێ ڕووی لێ وەرسووڕێنی، گۆڕی میرمنداڵێک بە ناوی ئەمروڵڵا کوردیلوویە کە لە تەمەنی یازدە ساڵیدا ئێعدام کراوە. لە بەهەشتی زەهرا یان مینای ڕوناک و درەوشاوە، بەشێک بە ناوی بەشی سێسەد و دوو هەیە کە ئەویش پڕە لە گۆڕی بێ ناوونیشان؛ بە وتەی دژبەرانی ڕێژیم و تێکۆشەرانی مەدەنی، زۆربەی کوژراوی خۆپێشاندانەکانی ساڵەکانی ٨٨ و ٩٨ لەو بەشەدا نێژراون و هیچ داتایەکی ورد لە گۆڕە بێ ناوونیشانەکانی ئەو بەشە لەلایەن هیچ نیهادێکەوە بڵاو نەکراوەتەوە. لە ماڵپەڕی "کەلمە" لە دەی سەرماوەزی ٩٨ دا، هەواڵێک بڵاو کراوە و بەپێی ئەو هەواڵە تەرمی سەد و پەنجا و شەش کوژراوی خۆپێشاندانەکان لە خەزەڵوەری ئەو ساڵەدا لە لایەن دەزگا ئەمنییەکان بردراوەتە بەهەشتی زەهرا و هیچ زانیارییەک لەسەر گۆڕ و بەشێک کە ئەو کوژراوانەی لێ نێژراون نەزاندراوە.

لە دوای شۆڕشی ژیناش زۆربەی کوژراوەکان لە بەشە جیاوازەکانی ئەو گۆڕستانەدا نێژراون، وەک حەمیدڕەزا ڕوحی لە بەشی دووسەد و یازدە، مۆحسینی شکاری لە بەشی نەوەد و دوو و یەڵدا ئاغافەزڵی لە بەشی سی و شەش لە هەرە بە ناوبانگەکانن.

بیرۆکەی بەهەشتی زەهرا یان مینووی ڕوناک و درەوشاوە بۆ کۆکردنەوەی گۆڕستانی تاران لە یەک شوێنی ئەو شارە زەبەلەحە بوو بەڵام بە پێچەوانەوە بوو بە شوێنی ناشتنی قوربانییانی مرۆڤکوژی و جینایەتەکانی ڕێژیمی ڕووخاوی پەهلەوی و ڕێژیمی شەکەتبووی کۆماری ئیسلامی.

گۆرستانێک کە میوانی تەرمە لەخوێنگەوزاوەکان، ئەشکەنجەدراوەکان، ئەوانەی پێش کوژران دەستدرێژی سێکیسیان کراوەتە سەر و هێندێکجار سووتێندراوەکانە؛ گۆڕستانێک کە لە مێژووداوەک یەکێک لە بەڵگە هەرەزیندوو و حاشالێنەکراوەکانی جینایەتی دەسەڵاتدارانی تینووی خوێن، دەسەڵات، پارە و گەندەڵییە. گۆڕستانێک کە لە دوای مردنیش، ئیزنی ئارامی و حەسانەوە بە نووستووەکانی ژێر گڵ نادات و بۆتە گەورەترین میتینگی دژبەرانی ڕێژیمی پێشوو و ئێستا؛ میتینگێک بە بارتەقا و پانایی بێدەنگی!

٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# نامەیەک لە بناری زاگرۆسەوە بۆ منداڵانی غەززە



**ڕەسووڵ سوڵتانی**

**منداڵە ئازیزەکانی غەززە!**

**سڵاو!**

دەزانم ئێوە من ناناسن. هەر ناویشتان نەبیستووە. بەڵام لەوە دڵنیا بن، ئەمن ئێوە باش دەناسم. ئێوە من ناناسن، چونکە کەس نەبووە باسی من بۆ ئێوە بکات و بەسەرهاتە تاڵەکانی ئەمن بۆ ئێوەی ئازیز بگێڕێتەوە. بۆیە هیچ خەتایەکتان نییە لەوەیکە نازانن لێرەیش کە ناوی کوردستانە، کەسانێک هەن ئازارەکانیان لە ئازارەکانی ئێوە دەچێ و برینەکانیشیان هەر بەو جۆرە خوێنیان لێ دەچۆڕێت کە برینی ئێوە خوێنی لەبەر دەڕوات. ئێوە ناوی منتان نەبیستوە. لەبەر ئەوەی مامۆستاکانتان لە قوتابخانە و مامۆستایانی ئایینیتان لە مزگەوتان تەنیا ئەو شێعرانەتان بۆ شی دەکەنەوە و ڕاڤەیان دەکەن کە خوێنی برینەکانی ئێوەیان لێ دەچۆڕێت. ئەوان لە ڕەگەزی خۆتانن و ڕاستگۆیانە لەگەڵ ئازارەکانتانا دەژین. ئەوان خەمەکانی ئێوە بۆ خەڵکی دنیا شی دەکەنەوە. ئەوان لەگەڵ گرمەی هەر تۆپ و بۆمبایەک وەک ئێوە

تەزوویان بە لەشدا دێت و لە پرسەی هەموو چۆلەکەیەک و لە ماتەمینیی هەموو مەل و باڵندەیەکی ئەوێدا بەشدار دەبن. مەلاکانی لای ئێوە نیشتمانی خۆیانیان خۆش دەوێ. ئەوان نیشتمان قیبلەگایانە. ئەوان خوێنی ڕەسەنی نەتەوەکەی خۆیانیان بە لەشدا دەگەڕێت، بە پێچەوانەی بەشێکی زۆری مەلای لای ئێمە، کە شینی هەموو شوێنێک دەگێڕن جگە لە نیشتمانی خۆیان. جا تۆ نازانی ئێمە لە کوردەواریدا بۆ ئەوانە مەسەلێکمان هەیە، پێیان دەڵێین "گای بنە"، گای بنە سەرەی خەڵک دەکا، بنەی خۆی ناکا.

لەلایەکی دیکەیشەوە لەگەڵ دەنگی گرمەی هەر تۆپێک و هاشوهووشی هەر فڕۆکەیەکدا چی کامێرا و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و ماڵپەڕی ئەم دنیایە، دەبنە زمانی هاوارەکانتان و لانیکەم هیچ نەبێ ناهێڵن وەک ئێمە لە تەنیایی و بێناویدا سەر بنێنەوە.

ئیزنم بدەن تۆزێک کوڵی دڵی پڕم لای ئێوە هەڵڕێژم. ئەمن زۆر زۆر بەر لە ئێوە جەستەی خاک و نیشتمانم برینداره و قەل و داڵم تێ هالاون. باس لە گورگە برسییەکانی عوسمانی و کەمتیارەکانی سەفەوی ناکەم کە چۆن لەسەر زگی من شمشێرەکانی غەزایان لێک دەوەشاند. باسی زۆر دوورت بۆ ناکەم. باسی زریکە و قیژەی منداڵانی قەڵای دمدمت بۆ ناکەم. کوردقڕانی شاروێران و موکریانیش هەر ئەتۆ خۆش و لێی گەڕێ. باسی دوێنێمت بۆ دەکەم. دوێنێ هاوڕێم، هەر دوێنێ بوو، هەناسەی ئاسمانی شارەکەمیان پڕ کرد لە گازی سیانید و جەستەی زاماری شارێکمیان هەڵوەراند و لە شەپۆلی ئەنفالێکدا هاوڕێکانیان بەکۆمەڵ زیندەبەچاڵ کردم. ئەوکات هاوڕێم، لەو بەری بۆنی سیانیدەکەوە، بڕوات بێ هەر تۆزێک لەوبەرەوە زۆریش دوور نا، چیی موسوڵمانی خوا هەبوون پەنجەی شادە و دۆشاومژەی موبارەکیان نایە نێو کونی گوێچکەیان و هیچیان نەبیست. هیچیان نەدی. کەس ئاوڕێکی نەدایەوە و فاتیحایەکیشیان بۆ ئێمە نەنارد. هیچ کەس دڵی ڕانەچڵەکا. هیچ کەس بڕواشی پێم نەکرد. زۆر سەیر بوو. هەر ئەوکاتە، لەو کاتەدا کە هاوڕێ ئازیزەکانم و منداڵانی دراوسێمانیان بەرەو خەرەندەکانی بیابان ڕاپێچ دەکرد و لەگەڵ خوێندنەوەی ئەڵلاهوئەکبەڕ و ئایەتەکانی سوورەتی ئەنفال وەبن گڵیان دەدان، بەڵێ ڕێک ئەوکاتەی چاوەکانیان بە زیندوویی دەخرانە بن بارستەی خۆڵ، ڕێک ئەو کاتەی خۆڵ و خاکی بیانان قیژە و ناڵەی کپ دەکردین، ڕێک ئەودەمەی بۆنی سیانید ئاسمانی ئێمەی دەخنکاند، بڵندگۆی مزگەوتەکانی شارەکەم باسی ئێوەیان بۆم دەکرد. باسی خەمەکانی ئێوە. باسی برینەکانی ئێوە و ئەو زوڵم و زۆر و زۆرداریيەی لەسەرتانە. ئەوکات ئەمن ئێوەم دەناسی. دەمزانی کەسانێک هەن لەم دنیایە و برینەکانیان لە برینەکانی من دەچێ. کەسانێک هەن کە وەکوو من بەر لەفڕین چۆلەکەی هاوارەکانیان دەکوژرێن. بەڵام ئێوە قەت ئاگاتان لە من نەبوو. ئاخر مەلاکانی وڵاتی من، بڕوا بە ژانی من ناکەن. ئەوان بۆ تاقە جارێکیش سەیری برینی من ناکەن. ئەوەتا، دوای ئەنفال و دوای هەڵەبجەش، ئەوان هەر وا لەسەر هێلکەی بێدەنگییان کڕ کەوتوون و جووڵە ناکەن. دەمیان بووەتە تەڵەی تەقیو. چەند ساڵێکە هەموو ڕۆژێ،

جەستەی سەوزی ڕەز و باخمان دەئەنجنن و بە ڕۆژ و شەو گرمەی تۆپی دراوسێکان خەو لە چاومان دەتۆرێنن. سالانێکە ناوەناوە خەونەکانی بەیانیان و ڕوانینەکانی ئێوارەی منداڵانمان دەدرێنە بەر ڕەهێڵەی تۆپ و ئاگری بۆمب. بەڵام دیسان مەلاکانمان -نیشتمانپەروەکانیان لێ دەرچێ، ئەوانیدی- کڕ و کپن. هەر ئەوانەی کاتێ لەوێ لە لای ئێوە چۆلەکەیەک هێلانەکەی لێ دەشێوێ، لێرە شمشێرەکانی زمانیان لە کالانان دەترازێنن و لەسەر ئێوە بەجواب دێن و پشتیوانیتان لێ دەکەن. بەڵام هەر ئەو موسوڵمانە بەدینانە، هەر ئەوانەی کە ڕۆژ و شەو لەبەر خەمی منداڵانی موسوڵمانی وڵاتانی دوور، خەو لە چاوانیان ناکەوێ، جارێک نەهاتن و نەیانگوت: منداڵانی کوردستانیش موسوڵمانن، یا نەخێر ئینسانن. ئێمە لە پێش چاوی ئەوان ئاوارەین و خێوەتێکیش شک نابەین تێیدا وەحەسێین، لەبەرچاوی جیهانبینیان هاوڕێکانی من گیان دەدەن، منداڵانی بناری کوێستانی قەندیل لە برسانا، لە تینوانا هەڵدەچۆقێن، کەچی ئەوان شەربەتی بێدەنگی مەست و مەنگی کردوون. لەو ڕۆژانەدا هەموو هەینوان گوێ هەڵدەخەم بەشکم لە بڵندگۆی مزگەوتێکەوە مەلایەک، بەشکم لە هێڵی ڕادوێیەکەوە فەقێیەک، کۆلکە مەلایەک بە تەفسیرێک، بە ئایەتێک، ڕەوایەتێک، بە حەدیسێک، بە کەلامێک پشتم بگرێت، هەتا ئێستاش نەمبیستووە. زۆر جار دڵخۆشیی خۆم دەدەمەوە و دەڵێم، لەوانەیە ئەوان زۆر بە دوای ئایەت و حەدیساندا گەڕابێن و لە هیچ شوێنێک شتێکی وایان دەست نەکەوتبێ بە تەفسیر و لێکدانەوەش منداڵی کورد بگرێتەوە و بۆ بەرگری و دیفاع لە منداڵانی کورد بیخوێننەوە. لەوانەشە هەر وا بێت و تەنیا بەشی ئێمەی منداڵانی ئەم کوردستانە غەریبە لە ئایەت و حەدیس و ڕەوایەتان تەنیا و تەنیا هەر ئەنفال و پەچە و ڕووبەند و چارشێو و سەنگەسار بێ و هیچی دیکە.

## هاوڕێیانم!

دڵگران مەبن. ئەمن ناڵێم لەسەر ئێوە بەجواب نەیەن. ئەمن دەڵێم، دەردی من و ژانی ئێوە هەر یەک ژانە. ئەمن ناڵێم ئەوان باسی ئێوە نەکەن. ئەمن دەڵێم: بۆچی ئەوانەی قولانجێک لەو لای خۆمەوە، ئەوەندە نزیک کە بۆنی پیاز و سیرەکەی زاری دەگاتە من، هەر بە زمانی خۆیشم دەدوێ و هەموو ڕۆژێ سێ چوار جاریش دێت و بەربینگم پێ دەگرێ کە بۆچی و لەبەر چییە تەرکەنوێژم. ئەو کابرایەی هەموو حەوتووان باوکم هان دەدا و پێی دەڵێ: ئەگەر عەولادەکەت نوێژی نەکرد، لێی دە، دەری بکە و ڕای مەگرە، هەر ئەو کابرایەی چاوەکانی بوونەتە ڕووباری خوێن بۆ منداڵانی غەززە، کەچی ئەمن لە پێش چاوی لەتلەت دەبم، داناچڵەکێ، ڕاناچەنێ، مێشێکی لێ میوان نییە و گرمەی تۆپەکانی ئێرانیشی پێ خۆشترین موسیقایە.

نا نا هاوڕێم، لەوەیاندا کە پشتیوانیتان لێ دەکەن، ئەمنیش وەک خۆم دەستخۆشانەیان پێ دەڵێم. بەڵام ئاخر هەقمە

پرسیاریشیان لێ بكەم بزانم بۆچی چاوی لای خۆمانیان كوێرە و گوێچكەی لای خۆمانیان كەڕە.

**منداڵە خەمبارەكانی غەززە!**

دڵتان خۆش بێ، ئێوە وەک ئێمە تەنیا نین. هەر هیچ نەبێ مەرگی ئێوە زۆر زۆر لە هی مە جیاوازە. ئێمە دەمرین، جەستەی ناسک و تاو نەدیومان لە پڕ ئەنجنئەنجن دەبێ، كەچی هیچ كەس گوێ لە ناڵە و نووزانەوەی ئێمە ناگرێ. ئێمە تەنانەت ئەو كاتەی لە گۆڕە بەكۆمەڵەكانیشا مەمكەمژەكانی سەر لێومان دەدۆزنەوە، جیا لە دایكمان كەس لیچێک هەڵناقرچێنێ بۆ خەممان. ئێوە چی كامێرا و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و ماڵپەڕ و منارە و میحراب و مزگەوتە لەگەڵتانن. بەڵام كامێرای لای ئێمە هەموو كوێرن. مزگەوتەكانیش هیچكامیان ئایەتێكیان هەتا ئێستا دەست نەكەوتوە كە بتوانن بۆ بەرگری لە ئێمەی كورد بیخوێننەوە. هەرچی هەیە هەر بۆنی ئەنفالی لێ دێ. ئێرە بناری زاگرۆسە. ئێرە شوێنێكە خۆمان پێی دەڵێین كوردستان و جیا لە خۆمان كەس نایەوێ بەو ناوەوە بانگمان بكات.


بە هیوای ئەو ڕۆژەی هیچ منداڵێک بووكەڵەكەی نەكەوێتە بن داروپەردووی ماڵەكەیان و بە گرمەی تۆپ خەوی بەیانیانی نەزڕێ.

**هاوڕێ و هاوخەمتان منداڵێكی كوردستان**

١١ - ٨ - ٢٠١٥

٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# سەڵتەنەتی ڕەزاشا و یەک وڵات-یەک نەتەوە



**مستەفا مەولوودی**

**مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا**
**)سەڵتەنەتی ڕەزاشا و یەک وڵات-یەک نەتەوە(**

پراکتیزەبوون و موتوربەکردنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بە چوونە سەر تەختی پاشایەتیی ڕەزاخان دەستی پێ کرد(١٩٢٥ز). ناسیۆنالیزمێک کە تا ئەوکاتە لە چوارچێوەی تیۆریدا مابۆوە، ڕەزاشا بەکردەوە هەوڵی دەدا بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجەی ڕووناکبیرانی ناسیۆنالیزم تیۆریزەیان کردبوو. ناسیۆنالیزم وەکوو میراتێکی ڕۆژئاوایی زۆر لەوە پێش گەیشتبووە ئێران و خودی ڕەزاخانیش کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەو ئەتمۆسفێرە و وەکوو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ناسیۆنالیستیی ئەوکاتی ئێران خاوەنی مەیلی ناسیۆنالیزمی توند بوو. هەربۆیەش کاتێک لە ساڵی ١٩٢١ی زایینی بە کودەتا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، زۆرێک لە لاوانی چالاکای بواری سیاسی و ژمارەیەک لە شاعیران و وتارنووسانی ڕۆژنامەکان کە لایەنگری ناسیۆنالیزمی ئێرانی بوون بە گەرموگوڕیی زۆرەوە پێشوازییان لێ کرد.

ئامانجی ڕەزاشا دامەزراندنی دەوڵەتێکی مۆدێرن و یەکگرتووی ناوەندی بوو، و بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش ڕێگەچارەی لەسەر بنەمای دروستبوونی یەک نەتەوە و یەک زماندا دۆزییەوە. ئەمەش واتە «نەتەوەسازی و یەکڕەنگکردنی کولتووری» کە تەنیا لە ڕێگەی تواندنەوە و ئاسیمیلەکردنی نەتەوەکانی غەیرە فارس لە نەتەوەی فارسدا وەدی دەهات. ڕێبازێک کە بە بەکارهێنانی ئامراز و ئەهرۆمەکانی دەسەڵاتی خۆی، واتە سوپا و بۆرۆکراسییەکی لە حاڵی پەرەسەندندا بەڕێوە دەچوو.(١) لە گرنگترین ڕیفۆرم و هەنگاوەکانی ڕەزاشا بۆ گەیشتن بەم ستراتیژییە دەتوانین ئاماژە بەو تەوەرانە بکەین:

ڕەزاشا بەمەبەستی سێنترالیزەکردنی دەسەڵات، ئاڵوگۆڕێکی زۆری کرد لە دابەشکردنی ئیدارەی وڵاتدا. هەر بۆیە دابەشکردنەکانی پێشووی ئیدارەی وڵاتی بەگشتی هەڵوەشاندەوە و لە شوێن ئەیالەتەکانی پێشوو «ئۆستان» پێک هات کە لە بابەت پێوەر و سنووری دەسەڵاتەوە لەگەڵ ئەیالەتەکانی پێشوو جیاوازییان هەبوو.

بەپێی یاسای نوێی دابەشکردنەکان، وڵاتی ئێران بە ١٠ پارێزگا و ٤٩ شارستان و ٢٩٠ بەخش دابەش دەبوو. هەر بەخشێک لە چەندین دەهێستان پێکدەهات. ئوستاندار و فەرماندار ڕاستەوخۆ لەلایەن پادشاوە دیاری دەکران و کەسایەتییەکانی خۆجێیی لە وەرگرتنی ئەو پۆستانە بێبەش دەکران. ئەو دەیویست بەم جۆرە وا بنوێنێ کە ئەو یەکە نوێیانە بە ناوی نوێ دامەزراون، بەڵام مەبەستی لەنێوبردنی یەکجاری هەستی کەسایەتیی خێڵەکی، گرووپی و ناوچەیی بوو. لەو دابەشکردنە ئیدارییەدا، سنووری هێندێک ئوستان تەواو لەسەر بنەمای ئامانجی ستراتیژیکی دەوڵەت دیاری کرابوون. بۆ وێنە بەشێک لە کوردستان وەسەر ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا خرا(٢). لەنێوبردنی پێگەی حەیاتی هەر چەشنە جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی، بە سیاسەتی ئابووریی ڕەزاشا وەدی دەهات. ئەو تارانی کرد بە ناوەندی بازرگانی و ئابووریی ئێران. دەوڵەتی ناوەندی کۆنترۆڵی بازرگانی دەرەکی، مۆنۆپۆلی بازرگانیی قەند، شەکر، تووتن و تەنباکۆ و تلیاکی لەئەستۆ گرت. کڕینی پێداویستییەکانی دەوڵەتی لە تاران ئەنجام دەدرا و پێداویستیی شارەکان لە تارانەوە ڕەوانە دەکرا.

دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی بەسەر ناوچە هۆزنشینەکان و ملکەچکردنیان بۆ شا، گرینگیی تایبەتی هەبوو و لە ڕیزی پێشەوەدا بوو. عەشیرەتەکان سەرکوت و چەک کران و ناوچەکانیان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی سوپا. بێجگە لەمە عەشیرەتەکان کۆچ پێ دران تا لە مەترسییان بۆ داهاتوو کەم بکرێتەوە. ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی لە بەرانبەر ڕەزاشادا بەربەرەکانییان دەکرد، چارەنووسیان لەسێدارەدان، زیندان و دوورخرانەوە بوو. کۆچپێکردنی دەیان هەزار کەس لە حەشیمەتی ئێل و عەشیرەت و بەزۆر نیشتەجێکردنیان لە شوێنێکی دایمیتر، زۆر کارەساتی لێ کەوتەوە، بۆ نموونە لە کوردستان جەلالییەکانی لە باکوور دوور خستەوە، گەلباخییەکانی لە کرماشانەوە بۆ ئیسفەهان و هەمەدان و یەزد ڕاگواست و خەڵکی تورکزمانیان لە شوێنی ئەوان نیشتەجێ کرد. «تووروەج ئەتابەکی» بە گێڕانەوە لە «لەمبتۆن(LAMBTON) » دەڵێ: لە دۆخێکی بێبەزییانەدا دەیان هەزار کورد لە مازەندەران و خوراسان (باکووری ئێران) و ئیسفەهان و یەزد (ناوەندی

ئێران ) نیشتەجێ کران. ئازەربایجانییەکانیان بۆ کوردستان پاڵ پێوەنا، لە کاتێکدا کە لوڕ و بەختیارییەکان بەزۆری لە ناوچەکانی ناوەند و باشووری ئێران نیشتەجێ کران.(٣(

دەوڵەتی مۆدێرنی ڕەزاشا تەنیا بە ملکەچپێکردنی ئێل و عەشایرەکان ڕازی نەدەبوو، بەڵکوو جەختی لەسەر «یەکگرتوویی نەتەوەییش» دەکردەوە. «یەرواند ئابراهامیان» دەڵێ: سیاسەتەکانی ڕەزاشا سەبارەت بە هۆز و عەشیرەکان لەگەڵ ئاواتی گۆڕینەوەی ئیمپراتۆریای چەند قەومی بۆ دەوڵەتێکی یەکە و خەڵکێکی یەکدەست و یەک قەوم، یەک زمان، یەک کولتوور و یەک دەسەڵاتی سیاسی، بە تەواوی پێوەندیی هەبوو«.

ڕەزاخان هەر لە ساڵی ١٩٢٠ی زایینییەوە کە لە ڕێگای کودەتاوە بوو بە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی ئێران و دوایی وەزیری شەڕ و دواتر سەرۆکوەزیران و تەنانەت ئەوکاتەی کە بوو بە شای ئێرانیش ساتێک لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ سەرکوتکردنی دەسەڵاتە ناوچەییەکان و سێنترالیزەکردنی دەسەڵات ڕانەوەستا. دەکرێ ئاماژە بە هەندێک کاری ڕەزاخان لەو پێوەندییەدا بکەین:

١- **کۆلۆنێل محەممەد تەقیخان؛** لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی (١٩٢١)ی زایینیدا کۆلۆنێل محەممەد تەقیخان بە وەڕێخستنی شۆڕشێک لە خۆراسان و گرتنی شاری مەشهەد ئیدارەی ئەو هەرێمەی بەدەستەوە گرت. ئەو هەوڵی دا بە چاپی دراوی تازە لە خۆراسان و تەیارکردن و ڕێکخستنی سوپایەکی ٤٠٠٠ کەسی بە هاوکاریی میرزا کوچکخان هێرش بکاتە سەر تاران. بەڵام بە پیلانی ڕەزا خان ئیل و هۆزە خۆجێییەکانی وەک «بیرجەندییەکان، باخزرییەکان، ئەفغانییەکانی بەربەری و تەیموورییەکان»(٤) یەکدەست کران و لەگەڵ کوردەکانی قوچان سوپای کۆلۆنێل محەممەد تەقی خانیان لەو ناوچەیەدا تێک شکاند و بۆخۆشیان کوشت.

٢- **میرزا کوچەکخان؛** پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و هەبوونی هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە باکووری ئێران هەلومەرجێکی وا ڕەخسابوو کە میرزا کوچەکخانی جەنگەڵی بتوانێ لەو ناوچەیە هێزێکی گونجاو و تەیار کۆ بکاتەوە و ببێت بە حاکمی ئەو مەڵبەندە. بەڵام ڕەزاخان بە یارمەتیی سوپای قەزاق هێرشی کردە سەر هێزەکانی کوچکخان. زیاتر لە ٦٠٠ کەسی لێ کوشتن و لە ماوەیەکدا تەفروتوونای کردن و مەڵبەندەکەی خستە ژێر کۆنترۆڵ و ڕکێفی هێزەکانی ئێرانەوە کە خۆی فەرماندەیان بوو. میرزا کوچەکخان بەناچاری پەنای بۆ دارستان برد و لە ڕۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٠٠ی هەتاوی (١٩٢١)ی زایینی لە سەرمان ڕەق هەڵات.

٣- **سمکۆی شکاک؛** ڕەزاخان پاش تێکشکانی کۆلۆنێل محەممەدتەقیخان و میرزا کوچەکخان چەند جار هێرشی کردە سەر سمکۆخان (سمایل ئاغای شکاک)، بەڵام نەیتوانیبوو سمکۆخان بەچۆک دابێنێ، چونکی سمکۆخان هەلومەرجێکی بۆ ڕەخسابوو تا خۆی بەهێزتر بکات و هەژماری چەکدارەکانی زیاتر بکاتەوە.

ڕەزاخان بۆ لەنێوبردنی سمکۆخان پێویستی بە کاتی زۆرتر و هێزی کارامە و پۆشتەوپەرداختر هەبوو. بۆیە زۆر بەپەلە کەوتە کار و لە ماوەی سێ مانگدا توانی سوپایەکی ٥٠٠٠ کەسی ئامادە بکا. مانگی گەلاوێژی ١٣٠١ی هەتاوی (١٩٢٢ی زایینی) هێزەکانی ڕەزا خان هێرشیان کردە سەر سمکۆخان و توانییان پاش شەڕێکی قورس سمکۆی شکاک ناچار بە پاشەکشە بۆ خاکی عوسمانییەکان بکەن و ئەمەش بۆ ڕەزاخان سەرکەوتنێکی یەکجار گەورە بوو. بەڵام ئەو سەرکەوتنەی ڕەزاخان بەسەر سمایلئاغای شکاکدا زۆری نەکێشا و سمکۆ توانی بگەڕێتەوە و هەموو ناوچەکانی باکووری کوردستانی ئێران بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ و بەرنامەیەکی گشتی کە داخوازەکانی جووڵانەوەی گەلی کوردی تێدا فۆرمۆلە کرابوو لە ورمێدا بڵاو بکاتەوە. سمکۆ بۆ یەکخستنی نەتەوەی کورد ساڵی ١٩٢٣ی زایینی چوو بۆ سلێمانی و چاوی بە شێخ مەحموود کەوت و هەوڵیان دا پێکەوە جووڵانەوەی کورد لە هەر دوو وڵات ڕێک بخەن و ئامانجەکانیان یەکگرتوو بکەن.

"جووڵانەوەی سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٠ی زایینییەوە هەتا ساڵی ١٩٣٠ی زایینی درێژەی هەبوو و ببوو بە کۆسپێک لەسەر ڕێگای ڕەزاخان کە دەیهەویست دەسەڵاتێکی بەهێزی مەرکەزی لە ئێراندا پێک بێنێ. بۆیە پاش دانانی پیلانێک لە ڕۆژی ٣١ی جۆزەردانی ١٣٠٩ی هەتاوی (١٩٣٠ زایینیدا) سمکۆ لەلایەن سەرهەنگێکی لەشکری ئێرانەوە بۆ وتووێژ بانگ کرایە شاری شنۆ و ناجوانمێرانە کوژرا."(٥)

٤- **شێخ خەزعەل؛** ڕەزاخان پاش سەرکوتی خانەکانی باکوور و پاشەکشە پێکردن بە سمکۆی شکاک بۆ خاکی تورکیەی ئەمڕۆ، کەوتە پیلان داڕشتن بۆ سەرکوتی قەشقاییەکان لە فارس و بەختیارییەکان لە ناوەند و باکوور و ڕۆژئاوا و عەشایری عەرەب لە خووزستان. بەڵام ملکەچ پێکردنی شێخ خزعەل حوکمڕانی بە مانای ڕاستەقینەی خوزستان زۆر ئاسان نەبوو، چونکە بریتانییەکان دۆستی زۆر نزیکی شێخ خزعەل بوون و شێخیش پارێزەری بەرژەوەندییەکانی بریتانیا بوو لەو مەڵبەندە. بە واتایەکی دی هۆکاری بەهێز بوونی شێخ و حوکمڕانییەکەی لەو ناوچەیە دەگەڕایەوە بۆ سیاسەتی قازانجخوازانەی بریتانیا لە ئێران. ئەوە بوو کە شێخ لە ساڵی ١٢٩٢ی هەتاوییەوە (١٩١٣ زایینیی) لە دانی ماڵیات بە حکوومەتی ناوەندی خۆی پاراستبوو بەو بیانوویە کە بۆ پارێزگاریکردن لە باشوور خەرجی کردوە. ڕەزاخان بە دایم لە دەرفەت دەگەڕا بۆ ئەوەی هێز بنێرێ بۆ باشووری ئێران و مەسەلەی بەختیارییەکان و شێخ خزعەل چارەسەر بکا. بەڵام

بریتانیا ئیزنی بە ڕەزاخان نەدەدا بەدژی شێخ هیچ دژ کردەوەیەک ئەنجام بدات.

ساڵی ١٩٣٣ی زایینی ڕەزاخان لە ڕێگای لۆرین (نوێنەری نیزامی بریتانیا) و هاوارد (ڕاوێژکاری کاروباری ڕۆژهەڵات لە باڵوێزخانەی بریتانیا) باڵوێزخانەی بریتانیای ئاگادار کردوە کە سوپای ئێران ئیسفەهانی بەجێ هێشتووە و بەرەو باشوور کەوتۆتە ڕێ. بریتانییەکان زۆریان هەوڵ دا بەر بە هاتنی سوپای دەوڵەت بگرن بۆ باشووری ئێران. بەڵام ڕەزا خان جوابی نەدانەوە و پێی ڕاگەیاندن کە ئەو کارە بە ڕەزامەندیی سەرۆک وەزیران کراوە و هەموو ئەندامانی کابینەش لەسەر ئەو لەشکرکێشییە هاودەنگن.

نزیک بە دە ڕۆژ پاش ئەو هەوڵە و دیداری قەوام، سەرۆکوەزیرانی ئێران و ڕەزاخان، وەزیری شەڕ لەگەڵ هاوارد، هێزەکانی ئێران لە کۆهگیلوویە لە کێوی مروارید لە نزیک «شلیل» لەلایەن لوڕەکانەوە هێرشیان کرایە سەر و نزیک بە ٤٠ سەربازیان لێ کوژرا و زیاتر لە ٢٠ کەسیان لێ بریندار کرا و چەک و تفاقێکی زۆری جەنگییش کەوتە دەست لوڕەکان. لە قشوونی ئێران ئەوەی بە سڵامەت دەرچووبوو، گەڕایەوە ئیسفەهان. ڕەزاخان دڵنیا بوو کە بەختیارییەکان ئەو کەمینەیان لە نزیک شلیل بۆ هێزەکانی ئێران داناوەتەوە. بریتانییەکانیش دەیانزانی ئەو کردەوەیە شوێنەواری قورس و گرینگی بەدواوە دەبێ. هیچ گومانێک نەبوو کە ڕەزا خان کۆڵ نادات و هێز دەنێرێ بۆ ناوچە نەوتییەکانی باشوور و هێزی خۆی دەسەپێنێ و کۆتایی بە فەرمانڕەوایی شێخ خزعەل دێنێت و کاری ئەویش تەواو دەکا و درەنگ یان زوو تۆڵە لە بەختیارییەکان دەکاتەوە.

سیاسەتمەدارانی بریتانیا دەیانزانی زاڵ بوون بەسەر باشوور و باشووری ڕۆژاوای ئێران لەڕاستیدا بە مانای کۆنترۆڵکردنی شێخنشینەکان و بەگشتی مێزۆتامیایە. هەربۆیە دڵنیابوون کە ڕەزاخان لە دوای پاشەکشێپێکردن بە سمایل ئاغای شکاک (سمکۆ) بۆ وڵاتی تورکیە ئەیەوێ هەموو خاکی وڵات بخاتە ژێر ڕکێف و هێزی ڕاستەوخۆی سوپاکەی و ئەوەشیان دەزانی تووشی شەڕ لەگەڵ عەشایری باشوور بەتایبەت بەختیارییەکان دەبێ و لەڕاستیدا ئەوەی لەو شەڕەدا سەردەکەوێ ڕەزاخان و سوپای ئێرانە؛ بۆیە پێویستە بریتانیا چاو بە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عەشیرە و هۆزەکانی ناوچەکەدا بخشێنێتەوە.

لە ڕاپۆرتێکدا لۆرین، ڕاوێژکاری نیزامیی بریتانیا کە بۆ کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ئەو وڵاتە بەرزی کردبۆوە، کورت و ساکار جەخت لەسەر دوو ڕوانگەی سیاسی دەکاتەوە: «ئێرانی بەهێز و سەقامگیر، سێنتراڵ (متمرکز) هیچ کات بۆ بەرژەوەندیی بریتانیا مەترسیی نابێت، بەڵام ئێرانی لاواز و بێهێز و ئاڵۆز لەژێر نفووزی مۆسکۆدا دەتوانێ جێگای نیگەرانی بێت».(٦)

لۆڕێن دوای ماوەیەک لەو شکانەی هێزەکانی ئێران لە نزیک شلیل، لەگەڵ ڕەزاخان پەیوەندیی گرتەوە و دەیهەویست کارێک بکات کە ڕەزاخان تۆڵەی ئەو شکستە لە بەختیارییەکان نەکاتەوە. ڕەزاخان لۆرینی دڵنیا کرد کە هیچ دوژمنایەتییەکی تایبەتیی لەگەڵ شێخ خزعەل نییە و هەتا ئاکامی لێکۆڵینەوەش لەسەر شەڕی شلیل ڕوون نەبێتەوە، هیچ دژکردەوەیەک بەدژی بەختیارییەکان ئەنجام نادات.

شەش مانگ دواتر ڕەزاخان لۆرینی ئاگادار کردەوە کە لێکۆڵینەوەکان تەواو بووە و بەڵگەی نووسراوی لە دەستدایە کە بەختیارییەکان دەستیان لە ڕووداوی شلیلدا هەبووە. بۆ قەرەبووکردنەوەی خەسار و زیانەکانی ئەو ڕووداوە ٤٨٠٠٠ تمەن لە بەختیارییەکان داوا دەکا و ئەگەر وەڵامی نەدەنەوە هێرش دەکاتە سەر بەختیارییەکان.

لە دانیشتنێکدا کە لە ساڵی ١٣٠١ی هەتاوی (١٩٢٣ی زایینی) کە لە نێوان ڕەزاخان و لۆرین کرا، ڕاوێژکاری نیزامی بریتانیا قەناعەت بەوە دێنێ کە ڕەزا خان بەختیارییەکان تەمبێ بکات. بەڵام بریتانیا ڕازی نابێت دەسەڵاتدارەتی و قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایی شێخ خەزعەل هێرشی بکرێتە سەر و بەرژەوەندیەکانی بریتانیا لەو مەڵبەندە بکەوێتە مەترسییەوە. ڕەزاخان جارێکیتر لۆرین دڵنیا دەکاتەوە کە بەرژەوەندییەکانی بریتانیییەکان لەو ناوچەیە دەپارێزێ و لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی شێخ خزعەلیش سەبر دەکا بەڵکوو بتوانێ بەبێ ناردنی هێز چارەسەری کێشەکە بکات..

هەتا ساڵێکی دیکەش ناکۆکیی بیرورا لەسەر مەسەلەی شێخ خزعەل لەنێوان بریتانیا و ئێران و بەتایبەت خودی ڕەزاخاندا درێژەی کێشا تا لە خەرمانانی ساڵی ١٣٠٢ی هەتاوی (١٩٢٣ی زایینی) هۆزەکانی قەشقایی تەقەیان لە فەرمانبەرانی کۆمپانیای نەوتی ئەیالەتی فارس کرد. ئەمە پێگەی بریتانیای تا ڕادەیەک خستە مەترسییەوە. لەبەر ئەوە کە کۆمپانیای نەوتی فارس دەستبەجێ داوای هێزی بۆ تەمبێکردنی قەشقاییەکان لەو ناوچەیە کرد. هەروەها ئارنۆلد ویڵسن، سەرۆکی گشتی پالاوگەی ئابادان داوای لە دەوڵەتی ئێران کرد بەرپرسایەتیی ئەو ڕووداوە بگرێتە ئەستۆ و قەرەبووی زیانی ماڵیی ئەو کۆمپانیایە بکاتەوە. لە کۆتاییدا ڕەزاخان بە هەر شێوەیەک بوو شێخ خەزعەلی بە بیانووی شکایەتی وەزارەتی دارایی ڕاکێشی تاران کرد و لە ماڵی تایبەتی دەستبەسەری کرد هەتا بە مەرگی سروشتیی خۆی مرد و بەمەش سەرئێشەی شێخ خەزعەل لەکۆڵ ڕەزاخان بۆوە.

## سەرچاوەکان:

١- ئیسماعیل بازیار، کورد و کودەتایەک، گۆڤاری «تیشک»، ژمارە ١٢، ساڵی ٢٠٠٢.

٢- یرواند آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب، ترجمه محمدی و محمد ابراهیم فتاحی ولیایی، نشر نی، چاپ نهم، تهران ١٣٧٧، لاپەڕەی ١٧٨

٣- پیتر اوری، تاریخ معاصر ایران از تاسیس سلسله پهلوی تا کودتای ٢٨ مرداد ١٣٣٢، ترجمه محمدرفیع مهرآبادی، جلد دوم، چاپ سوم، تهران ١٣٦٧

٤-سیروس غنی، «ایران، برآمدن ڕضاخان، برافتادن قاجار و نقش انگلیسها»، ترجمه حسن کامشاد، تهران، نیلوفر ١٣٧٧، ص٢٦٢


٥- د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا»، لە بڵاوکراوەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٦- ایران، برآمدن ڕضاخان، برافتادن قاجار و نقش انگلیسها. نوشتەی سیروس غنی، ترجمەی حسن کامشاد.

٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

---

# شاعیری ڕۆشندڵ، شامیی کرماشانی




**سارۆ خوسرەوی**

هەڵبەستوانی کورد، شامراد کرماشانی ناسراو بە "شامی کرماشانی" لە ساڵی ١٢٩٦ی هەتاوی لە گەڕەکی چەنانی شاری کرماشان لەدایک بوو. بە هۆی تووشبوونی بە نەخۆشی ئاوڵە، لە تەمەنی چوارده ساڵان هەر دوو چاوی لە دەست دا. لە تەمەنی مناڵیدا، باوک و دایکی کۆچی دواییان کرد و ڕەنگبێ هەر لەو سۆنگەیەشەوە لە نیعمەتی خوێندن بێبەش بوو، و بۆ بژیوی ژیانی خۆی ناچار بە کاری دەستگێڕی و "وردەواڵە فرۆشی" بوو، بەڵام وەدەستی بۆ هیچ کەسێک پان نەکرد.

شامی لە هەڕەتی لاوەتیدا کەوتە ژێر کاریگەریی شێعری شاعیرانی کلاسیکی فارس لەو سەردەمەدا و خولیای شێعرنووسینی لا دروس بوو، بەڵام ئەو بە زمانی دایکیی خۆی شێعری نووسی.

شێعرەکانی شامی سادەن، بەڵام هەڵگری پەیام و نێوەرۆکی بەرزی ئینسانین. شاعیر لە شێعرەکانیدا پەنجەی خستووەتە سەر دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی وڵات و بەرگری لە خەڵکی هەژار و چینی بێبەشی کۆمەڵگە کردوە. شامی بۆ

هۆنینەوەی شێعرەکانی، زۆر بەجوانی کەڵکی لە وشە، زاراوە و پەندی کوردی وەرگرتوە.

شامی شاعیری شێعری عەرووزییە و لە دەربڕینی شێعریدا زۆر هونەرمەندانە مامەڵەی لە گەڵ فۆرم و پێکهاتەی شێعریدا کردوە.

شێعرەکانی شامی کرماشانی، لە کتێبێکدا لەژێر ناوی "چەپکەگوڵ" لە لایەن ماجد مەردۆخ ڕۆحانییەوە چاپ و بڵاو کرایەوە. مامۆستا هەژار پێشەکیی بۆ دیوانی چەپکەگوڵ نووسیوە و بەم جۆرە باس لە کاریگەریی شێعری شامی دەکات: "کۆمەڵە شێعری شامی، کوردی کرماشانیم خوێندەوە. دەگەڵ هەر شێعرێکیدا بزەم دەهاتە سەر لێوان و کزەم لە جەرگەوە دەهات. زەردەخەنەم دیت، بە سەر گریان هەڵکێشراوە. خەم و مەینەت، بە بێژەنگی گەپ و گاڵتە دابێژراوە. هەناسەی سارد، لە دڵێکی گەرم و بە کوڵ هاتۆتە دەر."

شامی کرماشانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی ماڵاوایی لە ژیان کرد.

شامی لە شێعری "وڵم کە" پەرێشانی و ناڕەزایەتیی خۆی لە ژیانی پڕ لە ڕەنج و نایەکسانی کۆمەڵگە وێنا دەکات. شاعیر لەم هەڵبەستەدا بە دوای دەرمانی دەردەکانیدا دەگەڕێ و دەڵێ:

"پەریشانم پەریشانم، وڵم کە!
دوچار دەرد پەنهانم، وڵم کە!
وەدەردم ئاشنا کردی نەکردی
ستەمگەر فکر دەرمانم، وڵم کە"

شامی، هاوکات قەبوڵیشی دەکات کە چەپگەردی گەردوون تا سەر بە کامی دڵی هیچ کەس نابێت و پێی وایە مرۆڤ بۆ ئەوە خوڵقاوە لەگەڵ سەختییەکانی ژیان دەستوپەنجە نەرم بکات و دەڵێ:

"وە کام کەس نیەگەردد چەرخ تا سەر
نە دەرویشم نە سوڵتانم، وڵم کە!
وە واوەیلای دڵ هەر شەو ڕەوانە
سرشک غەم وە دامانم، وڵم کە"!

ئەوەی شـامی وەک شـاعیرێکی ناسـک خەیـاڵ و ڕۆشـندڵ لە گەڵ دەرد و ڕەنـج ئاشـنا دەکـا، ئەو دیـاردە سیاسـی و کۆمەڵایەتییانەن کە بوونەتە هۆکاری جیاوازیی چینایەتی و چینی بەشمەینەتی کۆمەڵگەیـان لە هەموو خۆشییەکانی ژیـان بێبەش کردوون. بەتایبەت شامی لە شێعری "وڵم کە"دا باس لە بێبەزیی مرۆڤەکان و مردنی شەرەف و ویژدان لەلای کەسانی بالادەست، چاوچنۆک و بەرژەوەندیخواز دەکات و دەڵێ:

"وە ئەرواح شەرەف سەوگەند کە دایم
مەلوول مەرگ وجدانم، وڵم کە!
شەرەف کوشیاد و وجدان جوانەمەرگ بی
وە بێ وجدانی حەیرانم، وڵم کە"!

شامی لە شێعری "ڕوین نەواتی"دا ڕەخنە لە حکومەتی پاشایەتیی ئەووەختی ئێران دەگرێت کە لە بـاتی ئەوەی گرنگی بە بەرەوبوومی خۆماڵی و خەڵکی جوتیار و هەژار بدا، ڕۆنی ئەمریکایی هاوردەی وڵات دەکرد و بە قیمەتێکی گران بە خەڵکی دەفرۆشت. شامی لە زۆربەی شێعرەکانیدا قسە لەگەڵ خەڵک دەکا و بە وشەی "خەڵک" دەست پـێ دەکـات و دەیەوێ خەڵکی بەشمەینەت لە نەهامەتی و نایەکسانییەکانی کۆمەڵگە وشیار بکاتەوە.

وەک ئەوەی کە دەڵێ:

"مەردم باینە دیار ئەی بەدبەختیە
ڕون خاترجەم وەی شار نییە
پەتوو فروتم، مەوج نامە گرەو
ئەڕا خەرج و بەرج عەید ساڵ نەو"

شامی لە نێو خەڵـک زۆرتـر بە شێعری "کرانشینی" ناوبـانگی دەرکردوە. وەک چـۆن ژیـانی دەربەدەری و دوورەوڵاتـی بـوو بە هەوێنـی "نـاڵەی جودایی"ی مامۆستا هێمن، ژیـانی کرێچیەتیـی "شـامی"یش لە کاروانسـەرای کرماشـان، بـوو بە هـۆی ئەوەی شێعری "کرانشینی"ی ئەم شاعیرە لەدایک بێت و ناوبانگ دەربکات.

شاعیر لە شێعری کرانشینیدا باس لە بێسەرپەنایی خەڵکی هەژار و گرانیی کرێی مـاڵ دەکـات و زۆر بە جوانی پەردە لە سەر بێدەرەتانیی ژیانی خەڵک هەڵدەداتەوە و دەڵێ:

"بەندە یەی نەفەر کرانشینم
چو عەزیرمردێ دایم غەمینم
نە خارج مەزەب نە جوداس دینم
ئەر دوعات گیراس، بکەر نفرینم
شایەد لەی دونیا دیتر نەمینم
ڕاحەت بووم لە دەس کرانشینی
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم حەقم نیەسینی؟"

شێعرەکانی شامی بە گشتی ئاوێنەی دەرد و ژانی خەڵک بوون.

ئەو یەکەم شاعیری شێعری تەنز و تەشەر بووە لە کرماشان و زۆرتر بە زمانی تەنز پەردە لە سەر دەرد و ژانی خەڵک هەڵدەداتەوە و دەڵێ:

"بازووم وە غوسە بیەسە باڵ سەگ
ئیقباڵم پەستر وە ئیقباڵ سەگ
هاتم وەی دونیا من وە ساڵ سەگ
هەر شەو نیەخەفم من وە قاڵ سەگ
نسف شەو ئویشم: خوەش وە حاڵ سەگ
نەکراماڵ دەێد، نە پاڵتاو سینی
چە بکەم وە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم حەقم نیەسینی"

شامی وەک شاعیرێکی بەشخوراو داوای مافی خۆی و خەڵکانی هاوشێوەی خۆی دەکات، بەڵام بێبەزەیی و چاوچنۆکیی چینی بەرژەوەندیخوازی کۆمەڵگە وا لە شامی دەکات کوڵی دڵی خۆی بە زمانی شێعر هەڵڕێژێ و دیاردە دزێوەکانی نێو کۆمەڵگە دەسنیشان بکات. شاعیر، تەنانەت لەو ڕۆژە دەترسێت، بمرێت و کرێ ماڵەکەی بەلاوە بمێنی، ئەوکات خاوەنماڵ بێتە سەر مەزارەکەی و داوای کرێماڵی لێ بکات.

وەک ئەوەی کە دەڵێ:

"سەرمانگ وە مانگ بایدە دیارم
وە بیل هەڵکەنی سەنگ مەزارم
بکەی شکەنجە و زەجر و ئازارم
بوشی کرا دەیت یا پاسبان بارم ؟
منیش لە ئەڵحەد سەرم دەرارم
داد بکەم: هاوار، کەفەن کی سینی؟
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم، حەقم نیەسینی"

شامی، هەروەها لە شێعری "کرانشینی"دا ئاماژە بەوە دەکا کە لە زێد و شاری خۆی ئاوارەیە و بستێک خاک شک نابات لە سەری بە ئاسوودەیی بژیت. زوڵمی خاوەنماڵ و بێدەنگیی خەڵک لە بەرانبەری نایەکسانیی کۆمەڵایەتی وا لە شامی دەکا لە دوایین دێڕەکانی شێعری "کرانشینی"دا بە دەنگی بەرز هاوار بکات و بڵێ:

"چو سەگ وڵگەرد دەروەدەر وەخوەم
شەو تا سوب نەخەف، ڕەنج بێوەر وەخوەم
دڵگیر وە دونیای دونپەروەر وەخوەم
لە دەس ساحیوماڵ خوین جگەر وەخوەم
مشتی خاک نەیرم، خاک وەسەر وەخوەم
لە زیندەی ئایەم بێ خەوەر وەخوەم
نیەزانم "شامی" دی تا کەی مینی؟
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
داد وەهەرکەس بەم، حەقم نیەسینی"

شامی هەر لە شێعری کرانشینیدا ئاماژە بە دەردی هاوبەشی پێکهاتە جیاوازەکانی ناو شاری کرماشان دەکا و بەشمەینەتیی ئەوانیش بە هی خۆی دەزانێ و دەڵێ:

"بیمەسە موونس چەن گروو بەشەر
لوڕ لە لوڕستان کورد لە دینەوەر

سنەیی و پاوەیی، جاف و کەمانگەر
کورد و  لوڕ و فارس، تورک قەزوینی
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم، حەقم نیەسینی"

شامی، هەر بە زمانی تەنز و تەشەر ڕەخنە لە دەسڵاتی سیاسی، مەسەلەی گرانی و بارۆدۆخی ئەو زەمانە دەگرێ و لە شێعرێکدا بە ناوی "داد مللەت" ڕوو بە دوکتور موسەدق، سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی ئێران دەڵێ:

"نیمی لە مللەت دوچار دەردن
لە سوب تا غوروب بێکار مەگەردن
وە گورسنەیی وێنەی زەعفەران زەردن
مەرد موبارز مەیدان نەبەردن
زەڕ ئەڕای ئیوە و شەڕ ئەڕای ئیمەس؟
دوکتۆر موسەدق تەکلیفمان چەس؟"

شامیی کرماشانی، شاعیری چینی هەژار و بەشخوراوی کۆمەڵگە بوو. شێعرەکانی شامی پڕن لە هەڵوێستی بەرزی ئینسانی و هەر ئەو هەڵوێستانەی بوونە هۆی نەمری و هەرمانی ناو و شێعری ئەم شاعیرە ڕۆشندڵەی کورد.

خۆشەویستیی شامی بۆ زمانی دایکیی و نووسینی شێعر بەو زمانە، تا ڕادەیەک بوو بە هەوێنی خەمخۆرانی زمانی کوردی لە کرماشان و ئێستاش زۆرێک لە نووسەران و شاعیرانی باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان، بۆ زیندووڕاگرتنی زمان و فەرهەنگی کوردی، ڕچەی "شامی"یان گرتوە و جوانترین بەرهەمی ئەدەبیی خۆیان بە زمانی کوردی پێشکەش بە گەلەکەیان دەکەن.

٤ی سەرماوەزی ۲۷۲۳

# كۆماری ئیسلامی و دژایەتیی لەگەڵ وەستاندنی شەڕ و ئازادكردنی دیلەكان




**سمایل شەرەفی**

لە ڕەوتی چەند ڕۆژەی ڕاوەستانی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس و ئاڵوگۆڕی دیلەكانی ئیسرائیلی و فەلەستینی، بۆ جارێكی دیكە سیاسەتی ئاژاوەنانەوە و شەڕەنگێزانەی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران ڕووی ڕاستەقینەی دەرخستەوە. بە پێچەوانەی ئیدیعاكانی وەزیری دەرەوەی كۆماری ئیسلامی، هەوڵەكانی ئێران نەک بۆ سەقامگیركردنی ئاسایش و ئەمنیەتی ناوچەكە و ڕاگرتنی شەڕ لە غەززە نییە و نەبووە، بەڵكوو ستراتیژیی نەگۆڕی ئەم ڕێژیمە پەرەدان بە شەڕ و توندوتیژی و نائەمنكردنی ناوچەكە و درێژكردنەوەی شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەكان بووە.

ئەمیرعەبدوڵڵاهیان، وەزیری دەرەوەی ئێران كە ئەو ماوەیە زۆرترین دیدار و چاوپێكەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان و هێز و گرووپەكانی دیكەی ژێر چەتری پشتیوانیی ڕێژیمەكەی لە ناوچەكەدا بووە، لە زۆربەی دانیشتنە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەكاندا ئیدیعای دەكرد "وڵاتەكەی و بەتایبەت تیمە دیپلۆماتیكەكەی ئەو، هەوڵیان كەمكردنەوەی ئاڵۆزی و ناكۆكییەكان، ڕاگرتنی شەڕ لە غەززە و دواجار سەقامگیركردنی ئاسایش و ئەمنیەتی سەقامگیر لە ناوچەكەدایە". بەڵام وەک دوور لە چاوەڕوانی نەبوو، لە درێژەی ڕەوتی وەستاندنی كاتیی شەڕ لە غەززە و ئاڵوگۆڕی

دیلەکانی ئیسرائیل و فەلەستین بە نێوبژیوانیی دەوڵەتی قەتەر و ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی، کۆماری ئیسلامی بەکردەوە هەموو هەوڵێکی دا ئەم ڕێککەوتنە شکست پێ بێنێ. جارێ هەر لە سەرەتاوە نەقڵانەی ئەوەیان بوو کە گوایا ئیسرائیل لە دەقەی نەوەددا ئەم ڕێککەوتنە پێشێل دەکات و مل نادات ئاڵوگۆڕی دیلەکان! کە شەڕ ڕاوەستا و دیلەکان گۆڕدرانەوە، دەستە دیار و شەڕەنگێزەکانی بەستراوە بە تاران، بە هێرشکردنەسەر کەشتییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا و کردنەئامانجی بنکەکانی ئەمریکا لە عێراق و سورییە لەلایەن هێزە نیابەتییەکانەوە، هەوڵیان دا ئیسرائیل بۆ پاشگەزبوونەوە لە ڕێککەوتن لەسەر وەستانی شەڕ و گۆڕینەوەی دیلەکانیان بخانە ژێر گوشارەوە. دوای درێژکردنەوەی دوو ڕۆژی دیکەی وەستاندنی شەڕ و درێژەدان بە گۆڕینەوەی دیلەکان کە دەرکەوت پیلانەکانی تاران سەری نەگرت، میدیاکانی سەر بە ڕێژیم هەر ئەوەیان بۆ مایەوە بڵێن "ڕاوەستانی شەڕ و ملدانی ناتانیاهۆ بۆ گۆڕینەوەی دیلەکان، نیشانەی سەرکەوتنی بەرەی مقاومەت و شکستی ئیسرائیل و ئامریکایە!"

لە ماهییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا کە "شەڕ بە نێعمەتی ئیلاهی" تەعبیر و پێناسە کراوە و ڕاگرتن و کۆتایی پێهێنانی، ڕاست بە مانای "خواردنەوە و فڕکردنی ژارە"، هەوڵدان بۆ ئاشتی و پاراستنی گیانی ئینسانەکان و ئازادکردنی دیلەکانی شەڕ و ڕزگارکردنی وڵات لە شەڕ، هیچ مانا و واتایەکی نییە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دوای ساڵێک لە هاتنەسەرکاری هێرشی کردە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران و بە دەیان کەس لە کارمەندانی ئامریکایی بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ بەبارمتە گرت و هەموو ڕێوشوێنێکی مرۆیی و جیهانیی خستەژێرپێ، تازە شەرمی لە ڕێزنەگرتن لە گیانی ئینسانەکان و لێکەوتەکانی شەڕێکی ماڵوێرانکەری وەک شەڕی غەززە، شکاوە. ئەم ڕێژیمە کە لەسەر بنەمای تێفکرینە شەڕەنگێزییەکانی خومەینی و "بەنێعمەتزانینی شەڕ"، شەڕێکی هەشت ساڵەی پڕ لە تێچووی ئینسانی و ئابووری و ژێربەنایی بەسەر وڵاتدا سەپاند و چارەنووسی زۆربەی دیلەکانی دەستی ڕێژێمی ئەوکاتی عێراقی بە "ئارەزووی شەهادەت" و تەماحوەبەرنانی دیلە عێراقییەکان بۆ پەیوەستبوونی زۆرەملێیان بە سپای بەدر و بەگژداکردنەوەی وڵاتی خۆیان سپارد، زۆر سەیر دەبێ چارەنووسی نەک دیلەکانی ئێسرائیل، تەنانەت دیلە فەلەستینییەکانیشی بۆ گرینگ بێت!

هەوڵە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان بۆ ڕاگرتنی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس لە غەززە و گۆڕینەوەی دیلەکانی هەر دوولا دەتوانێ نیشانەیەکی باش و سەرەتایەک بێت بۆ کەمکردنەوەی شەڕ و پێکدادانەکان؛ ئەگەرچی بەرپرسانی ئیسرائیلی باس لە دەستپێکردنەوەی هێرشەکانیان بۆ سەر هێزەکانی حەماس دەکەن و وەک خۆیان دەڵێن لەسەر کۆتاییهێنان بە حەماس سوور و پێداگرن و پێیان وایە تەنیا بە نەمانی حەماسە غەززە دەتوانێ لە داهاتوودا ڕووی ئارامی و سەقامگیری

بەخۆیەوە ببینێ. بەڵام وەک هەموو لایەک بە دەوڵەتان و نەتەوە جیاجیاکانەوە لێی ئاگادارن و بەباشی دەیزانن، هۆکار و ماکەی سەرەکیی بەشی زۆری شەڕ و نائەمنییەکانی ناوچەکە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ڕێژیمێک کە نەتەنیا نوێنەرایەتیی خەڵکی وڵات ناکات، بەڵکوو بەهۆی ئەم سیاسەتە شەڕئەنگێزانەیەوە، ٨٠ میلیۆن کەسی لە ئێران بە بارمەتە گرتووە و سەروەت و سامانە زۆر زەوەندەکەیانی لە پشتیوانیکردن لە گرووپە نیابەتییەکانی و قەیرانخوڵقێنی و نائەمنکردنی ناوچەکەدا خەرج دەکات.

٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

## وەفایەک بۆ وەفادارێک (تاهیر خەلیلی)




**مەنسوور مروەتی**

ڕۆژی یەکشەممە ٥ی سەرماوەز هونەرمەندی نـاودار و شۆڕشگێڕی کورد تـاهیری خەلیلی بەهۆی نەخۆشی لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد. تەرمی ئەو هونەرمەندە دەروەستە دوو ڕۆژ دواتر بە ڕێزەوە لەنێو ئـاپۆڕای خەڵک و هونەرمەندان لە گۆڕستانی بەکرەجۆی ئەو شارە ئەسپەردەی خاک کرا.

هەر لە یەکەم ساتەکانی بڵاوبوونەوەی کۆچی دوایی تاهیری خەلیلی، شەپۆلێکی بەربڵاو لە خەم و ماتەمینی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستانی داگرت و بۆ چەند ڕۆژێک دیسانەکە سروودی "لە قەندیلی سەربەرزەوە" بوو بە وێردی سەرزمانان و تەنانەت بوو بە دوایین ماڵاوایی خەڵک لەم هونەرمەندە نیشتمانپەروەرە لە گۆڕستانی بەکرەجۆ کە لە پۆلێک لە هونەرمەندانی کوردی ئامادەبوو لە ڕێوڕەسمەکە گوترایەوە. لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەشدا ڤیدیۆیی کۆبوونەوەیەکی تایبەت ماڵ بە ماڵی سۆسیالمیدیای تەنیبوو کە کۆمەڵێک لە هونەرمەندان، شاعیران و نووسەرانی دڵسۆزی کورد لە چەند شارێکی کوردستان کە شەوێک دوای کۆچی دوایی کاک تاهیر، لە شاری سەردەشت پێکیانهێنابوو؛ کۆبوونەوەیەک بۆ ڕێزگرتن لە هونەرمەندی خاک و نیشتمان و بە کۆمەڵێک سیمبول و نیشانەناسیی تایبەتەوە.

وەئەمما پرسیار ئەوەیە، چ شتێک لە تاهیری خەلیلی و هونەرەکەیدا هەبوو کە خەڵک بەتێکڕا ئاوا بۆ کۆچی دوایی ئەو بەپەرۆش بوون و ئاوا بەڕێزەوە بەڕێی مەنزڵی ئەبەدییان کرد؟

تاهیری خەلیلی ئەگەرچی بەرهەمە هونەرییەکانی بە هۆکاری جۆراوجۆر زۆر نەبوو، بەڵام ئەوەی هەیبوو خستبوویە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەی و سروودەکانی ببوون بە وێردی سەرزمانان و لە نێویشیاندا سروودی بەناوبانگی "لە قەندیلی سەربەرزەوە" زیادەڕۆیی نییە بڵێین کە لە کوردستاندا کەس نییە نەیبیستبێ، نەیزانێ و بۆ جارێکیش بووبێ لە بەرخۆیەوە نەیخوێندبێ. لەوەش پتر تاهیر خەڵیلی بۆخۆشی بەکردەوە لە مەیدانی خەباتدا بوو و هەر لە سەرەتاکانی شۆڕشەوە ببوو بە پێشمەرگە و چەکی پێشمەرگایەتیی کردبووە شان. لە عەمەلیاتەکانی هێزی پێشمەرگەدا مەیدانی بەشداریی کردبوو، تەنانەت لە لەشکەرکێشییەکەی ساڵی ١٣٧٥ی سپای پاسداران بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە نیزیک شاری کۆیە یەک لەو ماڵە پێشمەرگانەی بە تۆپباران و کاتیوشاباراانی سپا سووتان و خاپوور بوون، ماڵی تاهیری خەلیلی بوو. بۆیە پڕ بە پێستی خۆیەتی بڵێین تاهیری خەلیلی هونەرمەندێکی پێشمەرگە و پێشمەرگەیەکی هونەرمەند بوو.

"ڕێگای قازی قەت بەرمەدەن، هاوڕێی شەهید لە بیر مەکەن" کە خۆی ئەسڵێکی نەگۆڕی بزووتنەوەی کوردستانە، بۆ خۆی یەکێک لەو سروودە نەمرانەیە کە ساڵەهایە بووەتە ڕەمزی چڕین و بانگهێشتنی لاوان و هاتنی پۆل پۆلی لاوان بۆ نێو ڕیزەکانی شۆڕش. بەوپێیە تاهیری خەلیلی لە زومرەی ئەو هونەرمەندانەیە کە هونەرەکەیان بە هونەری بەرگری پێناسە دەکرێ و هونەری بەرگری نەتەنیا لەنێو کورددانـدا بەڵکوو لەنێو هەموو گەلاندا ڕێزی لێ دەگیردرێ و ئەو گەلانەش کە قۆناغی ڕزگاری نەتەوەییشیان تێپەڕاندبێ، هێشتا هەر بەڕێزەوە لەو هونەرە دەڕوانن. بەمجۆرە هۆکاری سەرەکیی خۆشەویستیی تاهیری خەلیلی لەنێو خەڵکدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاهیر بە هونەرەکەی سەنگەرێکی جوان و ڕازاوای دۆزی ڕەوای گەلەکەی خۆی بوو، بۆیە خەڵک خۆشیان ویست و ناو و یادی بۆ هەمیشەش لە دڵی نەتەوەکەیدا دەمێنێتەوە.

تاهیری خەلیلی پێشتر ئاواتی خواستبوو لە کوردستان بمرێ و ئەو خۆزگەیەی ئەگەرچی بڕێک دوور لە زێد و شوێنی لەدایکبوونی خۆی هاتە دی ،بەڵام هەڵوێستی خەڵکی باشووری کوردستان و بەتایبەتی شاری سلێمانی وای کرد بۆ جارێکی دیکەش هاودڵییەکی جوان لە نێوان ڕۆژهەڵات و باشووردا پێک بێت. وەک چۆن ڕۆژی ناشتنی ئەو هونەرمەندە زەحمەت بوو جیاوازییەک لە نێوان هەستی ئامادەبووان بە ڕۆژهەڵاتی و باشوورییەوە ببینی. ئەوەش دیسان سەلمێنەری ئەوە بوو کورد لە هەر چوار بەشەکەی کوردستان خاوەنی یەک پرس، ئەویش پرسی نەتەوەیی کوردە، کە ڕۆڵەیەکی هونەرمەندی ئەم نەتەوەیە ئەو هێمایانەی پێوە دیار بوو.

بەخۆشییەوە لە نێو کورداندا هونەرمەندی وەکوو تاهیری خەلیلیمان کەم نییە و هەرکام کەم و زۆر بە قەدەر توانایی خۆیان تەمەنی هونەریی خۆیان لە پێناو گەلەکەیاندا داناوە و کاریگەرییان حاشا هەڵنەگرە. تەنانەت چەندین هونەرمەندی دیاریش هەر لە ڕەوتی خەبات و لە نێو شۆڕشدا پێشمەرگانە و بە گوللەی دوژمن گیانی خۆیان پێشکەش بە ڕێگەی ڕزگاریی گەلەکەیان کردوە. بەڵام ئەوەی جێی داخ و کەسەرە ئەوەیە کە زۆرێک لە هونەرمەندانی ناوداری کورد بە کۆڵێک چەرمەسەری و بێبەشی لە ژیان کۆچی دوایی دەکەن و بەداخەوە بەهۆی دۆخی سیاسیی کورد و خەباتەکەی هەتا ئەوکاتەی لە ژیاندا ماون پاداشتی خزمەتەکانیان وەکخۆیان و بەپێی پێویست وەرناگرن و لە پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی ژین‌ئاوایی تاهیری خەلیلی دیسان ئەو بابەتە هاتەوە بەرباس. جیا لە بە جیددی وەرگرتنی ئەو گلەیی و ڕەخنەیە کە جێگای خۆیەتی، بەداخەوە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی و نەتەوەیی خۆی نییە هەتا ئەو ئەرکە گرینگە بگرێتە ئەستۆ و کەسانی ناوداری گەلەکەمان کە ژیانی خۆیان لە پێناو ڕزگاری گەلەکەیان دادەنێن، ئاوا بە غەریبی و دنیایەک ئاواتەوە و بێبەش لە خۆشییەکانی ژیان سەر نەنێنەوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە خەباتی نەتەوایەتیی کورد و هەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ هەمیشە خۆیان قەرزباریان دەزانن و هێمن گوتەنی "نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا دەژین."

سڵاو لە گیانی پاکی هونەرمەندی پێشمەرگە تاهیری خەلیلی و نەمری بۆ ناو و خەباتەکەی.

٩ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

## "هەنگەژاڵ"، سەلاخخانەکەی ئەم ڕۆژانەی کوردستان



**عەلی بداغی**

خەڵک لە بیریان ناچێتەوە کە خومەینی لە ڕۆژانی یەکەمی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و لە مزگێنیی دەرکەوتنی کۆماری ئیسلامیدا دەیگوت: "ئاو و برق و سووتەمەنی و هاتوچۆ بۆ هەموو خەڵکی ئێران بەخۆڕایی دەبن"، "بێکاری و هەژاری لە ئێرانی نوێدا نامێنن"، "دەست ڕاگرن، کرێنشینی کۆتایی دێ و هەمووتان دەبنە خاوەنی ماڵ"، "جیا لە دنیا و ئێستاتان، قیامەت و بەهەشتی خواشتان مسۆگەر دەگەین". ماوەیەکی کەم دوای ئەو وادەوبەڵێنە کە جیا لە کوردستان بەشی هەرەزۆری ناوچەکانی دیکەی ئێرانی پێ هەڵخەڵەتا، دەرکەوت کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێک نییە خەمی خەڵکی وڵاتی پێ خەمی خۆی بێ و بە حوکمڕانییەکەی، هەر ئەم دنیایەی ئێستای لە خەڵک کردە دۆزەخ و بەمجۆرە چی نەهامەتی و ڕۆژڕەشیی دنیا بوو لە سۆنگەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە ئاوقای خەڵکی وڵات بوو. لەو نێوەدا کوردستان لە چوار دەیەی ڕابردوودا بە بەردەوامی پتر لە شوێنەکانی دیکە باجی هەڵنەخەڵەتان و وشیاریی ئەوکاتی خۆی داوە و هەر کەس چاوی بکاتەوە دەبینێ کە ڕێژیم ڕۆژانە و بە شێوەی جۆراوجۆر تۆڵەی ئەو "نا"گوتنە لە کوردستان دەکاتەوە کە پرسی کوشتاری تەنانەت نائاسایی و نایاسایی خەڵک بەپێی قانوونەکانی خودی کۆماری ئیسلامییش لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان یەک لەوانە.

تەنیا لە ماوەی دوو مانگ و دە ڕۆژی پاییزی ئەمساڵدا ١٣٥ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان دراونەتە بەر دەستڕێژ کە ١٢ کەس لەوان کوژراون. لەو ١٣٥ کۆڵبەرە نیزیک بە ٩٠ کەسیان لە ناوچەی سنووریی هەنگەژاڵی بانەدا کەوتوونەتە بەر پەلاماری هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی. هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە شەش مانگی بەهار و هاوینی ئەمساڵیشدا ٨٣ کۆڵبەریان دابووە بەر دەستڕێژ و بەو پێیە ژمارەی ئەو کۆڵبەرانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتا ئێستا دراونەتە بەر گولله ٢١٨ کەس بووە کە ٢٧ کەسیان کوژراون و ١٩١ کەسیان بریندار بوون. ئەوە کە پارەکەش ٢٢٥ کەس لە کوردستان لە کۆڵبەریدا کەوتبوونە بەر دەستڕێژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، نیشانەی هەرئاشکرای قووڵبوونەوەی قەیرانی هەژاری و بێکاریی سیستماتیکی داسەپاو بە سەر کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی تارانە کە وای کردوە پارووە نانێک بۆ کورد بچێتە سەر پشتی شێر.

ئاورێکی کورت بۆ ئامارە ڕەسمییەکانی بێکاری، هەژاری، داماوی و دواکەوتنی پەرەسەندنە ئابووری و مرۆییەکان لە چوار پارێزگاکەی کوردستان کە لە باشترین حاڵەتدا دوو هێندە و هەندێک جار چەند هێندەی ناوچەکانی دەرەوەی کوردستانە، پێمان دەڵێ سەرەکیی هۆکاری ڕووتێکردنی بەلێشاوی خەڵک لە پیر و لاو، ژن و منداڵ بۆ کۆڵبەری تەنیا و تەنیا بۆ نەبوونی ژێرخانە ئابوورییەکان، دەستنەکەوتنی هەلی کار و دەستەوەستان مانەوە لە دابینکردنی بژێوی ژیان لە کوردستان دەگەڕێتەوە؛ بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە دەزانن بە ئەگەری زۆری گیانیان لەپێناو ئەو پارووە نانەدا دادەنێن، دیسانەکەش بەناچار پەنای بۆ دەبەن. لە ساڵانی ڕابردووشدا بەهۆی پەرەسەندنی زیاتری هەژاری و بێکاری و قەیرانی ئابوورییەوە کە بارگرانیی چەندقاتی لەسەر بنەماڵەکان دروست کردوە، ژنان سەرپەرستی خێزان و لاوانی دەرچووی زانکۆکانیش بە ڕێژەیەکی زیاتر ڕوویان لە کۆڵبەری کردوە. هەروەها بەهۆی قەیرانە ئابوورییەکان لە وڵات کە دەرەنجامەکەی داخرانی سەدان کارگا و کارخانە و لەو سۆنگەیەوە بێکاریی دەیان هەزار کرێکار بووە؛ ئەو کۆمەڵە کرێکارە کوردەش کە پێشتر بۆ کار ڕوویان لە یەکە بەرهەمهێنەکانی شارەکانی دەرەوەی کوردستان کردبوو، گەڕاونەتەوە کوردستان و بەناچار بەشی زۆریان ڕوویان لە کۆڵبەری کردوە. بەڵام کۆی ئەو دۆخە کارەساتبارە نەک نەبووەتە هۆی ئەوەی کاربەدەستانی حکوومەت ڕێوشوێنێک بۆ چارەسەری قەیرانەکانی وڵات بدۆزنەوە، بەڵام لە سەرکوتی زیاتری نارەزایەتییەکانی خەڵک و کوشتوبڕەکاندا، وەستاتر و لێبڕاوتر هاتوونە پێشێ و بە هارینی ژیان و گیانی کۆڵبەران و بنەماڵەکانیان و چینوتوێژە مافخوازەکانی دیکەی کۆمەڵ چەرخی وەبەرهێنان و قازانجکردنەکانیان هەڵدەسووڕێنن.

لەو نێوەدا ئەوەی ونە و نادیارە و کەس باسی ناکا ڕۆڵی ئەو کەسانەیە کە جڵەوی هاوردە و بازرگانییە نایاساییەکانی سنووریان لەدەست دایە و هەموو کاربەدەستانی ڕێژیم و بازرگان و دەستوپێوەندییەکانی خوارەوە سەر بە خۆیانن کە بە کەلکوەرگرن لە ڕانت، دەسەڵات و چەوساندنەوەی کۆڵبەران قازانجە سەرەکی و زۆروزەوەندەکە ئەوان دەیکەن و سروشتییە کە ناشیانهەوێ لێیان تێکبچێت. ئەگینا کێیە نەزانێ ئەو کۆڵبەرانەی ڕێگای هاتونەهات دەبڕن و خۆیان بەرەوڕووی

مەترسییەکانی فیشەکی گەرم و شەختەوسەهۆڵی سروشت و هەڵدێران و تەقینەوەی مین لەبن پێیاندا دەکەنەوە، کەمترین قازانج لەو بازاڕەیان پێ دەبڕێ و ئەوە سێحەببار و بازرگانان و دەستوپێوەندییەکانی بەرپرسانی ڕێژیمن کە دوور لە هەموو ئەو مەترسییانە قازانجە زۆرەکەی دەچێتە گیرفانیان.

بێگومان گرینگترین هۆکاری هانابردنی خەڵکی کوردستان بۆ کۆڵبەری دوو شتە :**یەکەم** ڕوانگە ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان و لەو سۆنگەیەوە ڕەگداکوتانی هەڵاواردن و بێبەشی لە هەرچەشنە پەرەسەندنی ئابووری و مرۆیی .**دووهەمینیش** کە دەرەنجانی هۆکاری یەکەمە، بێکاری و هەژاریی چەندقات لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران. مەسەلە ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکان چ کۆڵبەری بکەن یان ڕووی لێ وەرگێڕن، چارەنووسیان ئاوێتەی هەژاری و مردنە و هیچ دەروویەکی ڕوون بۆ دەربازبوون لە دۆخی ژیانیان نابینن و کۆڵبەری هەڵبژاردەیەکی داسەپاوە. لەو نێوەدا حکوومت سەرەڕای ئەوەی زۆرترین قازانجی ئەو بازاڕە دەچێتە باخەڵی، دوو کاری کردوە:

**یەکەم؛** هەموو بەرپرسایەتییەکانی گیانپارێزیی ئەو خەڵکە داماوەی لە کۆڵ خۆی کردووەتەوە و لەبری چارەسەری بنەڕەتیی قەیرانەکان و هەڵگرتنی ڕوانگەی ئەمنیەتی لەسەر کوردستان دەیەوێ بە میکانیزمی پێدانی پسوولەی کۆڵبەریی یاسایی ئەو دیاردەیە بەڕەسم بناسی؛ ئەویش لە کاتێکدا کە کۆڵبەری کار و ئەو بەناومشوورخواردنەی ڕێژیمیش دابینکردنی هەلی کاری نییە تا لەو ڕێگەیەوە نرخی ڕەسمیی بێکاری لە کوردستانی پێ دابەزێنێ.

**دووهەم؛** بە ڕاگەیاندنی کۆڵبەری بە قاچاغ و ناقانوونی دەستی هێزە چەکدارەکانی ئاوەڵا کرتوە کەوکوژی سێرە لە کۆڵبەران بگرن و بە ڕەشەکوژییەکانیان و سیاسەتی دووفاقەیان هیندەی دیکە پەرە بە قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان بدەن.

بەوپێیە دیاردەی کۆڵبەری لە کوردستان و دیارە هاوچەشنەکانی وەک هێنان و بردنی سووتەمەنی لە بەلوچستان کاتێک نامێنێ کە ڕوانگەی ئەمنیەتیی ناوەند لەسەر کوردستان و ناوچە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئێران لابچێ و لەبری ئەوە نەک دەرفەتی کاری، بیمەی بێکاری و ستانداردەکانی ژیان و کەرامەتی مرۆیی بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە دابین ببێ، بەڵکوو هەوڵ بدرێ بە سیاسەتی هەڵاواردنی موسبەت لە هەموو بوارەکانی وەبەرهێنان، کشتوکاڵ، وەبەرهێنان و گەشتیاری و هتد نیزیک بە یەک سەدە پەرەنەسەندنی بەپلان، وەلانان و لەدواکەوتوویدا ڕاگیرانی سیستماتیکی حکوومەتییان بۆ قەرەبوو بکرێتەوە. بەڵام ئەوە نە لە باوەڕی کۆماری ئیسلامی و نە لە تواناکانیدا دەگونجێت.

١٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# کاوە ئاهەنگەری: لە قسەدا کەس دژی دێمۆکراسی نییە، بەڵام لە پڕاکتیکدا بەرژەوەندی جێگە بە فەلسەفە و ماف تەنگ دەکات



**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:** دێمۆکراسی بە ئەسڵێکی گرینگ لە چارەسەری پرسی نەتەوەکان دادەنرێ و قسەی لەسەر دەکرێ، هاوکات کۆمەڵێک پرسیار لەم بارەوە لای هەر تاکێکی کۆمەڵگەوە دروس دەبێ کە ڕۆڵی دێمۆکراسی لە چارەسەری کێشە و گرفتەکانی نەتەوەی کورد چییە؟ ئایا دێمۆکراسی دەتوانێ وڵامدەری ویست و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد بێ؟ ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان تا چ ڕادەیەک پابەند بە چەمکەکانی دێمۆکراسی بۆ ئێرانی داهاتوون؟ لای ئەوان تەنیا دروشمێکە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات یان ئەسڵێکی چەسپاو لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیاندا و کۆمەڵێک پرسیاری دی. لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کاوە ئاهەنگەری، شرۆڤەکاری سیاسیی ئەو بابەتە تاوتوێ دەکەین:

**شەهرام سوبحانی:** کاک کاوە سەرەتایی مژارەکەمان لەم پرسیارەوە دەست پێ دەکەین کە ڕۆڵی دێمۆکراسی لە چارەسەری گرفت و کێشەکانی نەتەوەی کورددا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**کاوە ئاهەنگەری**: ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر فەلسەفی چاو لەم پرسیارەت بکەم و بمهەوێ لەم ڕەهەندەشەوە وڵام بدەمەوە، دەتوانم بڵێم کە دێمۆکراسی چارەسەری زۆرینەی کێشە و گرفتەکانمانە. دیارە دەبێ مەبەستتان نەتەوەی کورد لە ئێران بێ، بەڵام ئەگەر مەبەستت کورد بە گشتیش بێ ئەوە هەمدیسان وڵامەکەم لە ڕووی فەلسەفییەوە هەر لە جێگەی خۆیەتی. بۆ وا دەڵێم؟ لەبەر ئەوەیکە دێمۆکراسی لە زات و ناخی خۆیدا، " ڕێگەچارە"یە. واتە گەیاندنی هەر تاکێک بە ستاتووسی شیاوی خۆی. لە دێمۆکراسیدایە کە "تاک" و "کۆ" شانسی بەکردەییکردنی ئیرادەی خۆیان پێدەدرێ. حەتمەن بیستووتانە کە دەڵێن دێمۆکراسی واتە حکوومەتی خەڵک بە سەر خەڵکدا. دیارە ئەم چەمکە کە ڕیشەی لە زمانی لاتین دایە، هەر بەو مانایەیە، واتە کراسیای (حکوومەت) دێمۆس (خەڵک). یان حکوومەتی خەڵک. بەڵام ئەوە تەنیا باری زەینی و تیۆریکی باسەکەیە کە وەک باسیشم کرد، لەم ڕووەوە بە باوەڕی من دەتوانین وەک چارەسەری زۆربەی کێشەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناوی ببەین. بەڵام لە کردەوەدا هەندێک شت دێنە ئاراوە کە ئێمە مەجبوور دەکەن ڕوو لە هەندێک مکانیزمی کرداری دیکە بۆ بەڕێوەبردنی دێمۆکراسی بکەین. لێرەدایە کە "ئابراهام لینکۆڵن"، سەرۆککۆماری بە ناوبانگی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و یەکێک لە باوکانی بنیاتنەری ئامریکا دەڵێ: دێمۆکراسی واتە حکوومەتی خەڵک بە سەر خەڵکدا، لە ڕێگای خەڵکەوە بۆ خەڵک. ئەم تێبینییانەش لەبەر ئەوە دێنێتە ئاراوە کە لێرەدا مەجالی باسیان نییە. بەڵام با من باس لە پێناسەیەکی دیکە بکەم کە وێکچوونێکی هزری- فەلسەفی جوانی لەگەڵ ڕێبەری ناوداری کورد شکۆیان دوکتور قاسملوو هەیە. ئەوەیکە ڕێبەری مەزنمان دروشمی " دێمۆکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان"ی لە نێو گوتاری سیاسی حیزبی دێموکراتدا جێ خست، لە ڕاستیدا هەڵقووڵاوی ڕوانین و تێگەیشتنێکی فەلسەفی زۆر وردبینانە و دووربینانە بوو. ئەگەر ئێمە ئەم دروشمەمان لە پێش شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە دەبیست، چەند دەیە دواتر، فەیلەسووفی بەناوبانگی جیهان؛ "جان کەین" ئاوا دێمۆکراسی پێناسە دەکات: "دێموکراسی واتە خودموختاریی بەرابەرەکان". سەرنج بدە سەر دوو وشەی " خودموختاری" و "بەرابەری" لە دێمۆکراسیدا. ئێستا گرینگی و قورسایی و جوانی دروشمەکەی قاسملووی مەزنمان باشتر بۆ دەردەکەوێ. چوون لە فەلسەفەی دێمۆکراسیخوازی شکۆیان عبدولڕحمان قاسملوودا، "خودموختاری" و "بەرابەری" دوو بیچمی بنەڕەتی خەبات و ژیان بوون و هەر لەو پێناوەشدا سەری دانا. بەکورتی دێمۆکراسی لە ڕووی فەلسەفی و تیۆریکەوە چارەسەری کێشەکانمانە بەڵام لە کردەوەدا پێویستیمان بە کۆمەڵێک مکانیزمە.

**شەهرام سوبحانی**: ئەو مکانیزمانە چین؟

**کاوە ئاهەنگەری**: کۆمەڵێک ڕێگەچارەی سیاسی هەن وەک مکانیزم کە کۆمەڵگەکان بەکاریان هێناوە. واتە تەتبیقی دێمۆکراسی فەلسەفی بۆ سەر دێمۆکراسی سیاسی. بۆ نموونە بۆچی دێمۆکراسییەکان هیچیان عەینی یەک نین لە ڕووی پێکهاتەی سیاسییەوە؟ لەبەر ئەوەیکە هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە تەتبیقی سیاسییدا ئەگەر

دێمۆکراسی بنەما بێ، ئەوە دەرکەوتەی جیاواز و جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە. یان شێوازەکانی تەتبیقی دێمۆکراسی، ئایا دێمۆکراسییەکە ڕاستەوخۆ دەبێ یان ناڕاستەخۆ؟ پارلمانی دەبێ یان سەرۆکایەتی؟ و ....هتد. و بگرە چەند و چۆنی دابەشکردنی دەسەڵات بەشێکە لە پرۆسەی دێمۆکراتیزاسیۆن. فۆرم و چەند و چۆنی دابەشکردنی دەسەڵات لە وڵاتانی دێمۆکراتیکدا وەک یەک ناچن.

ئەم باسە بەرفراوانە، هەر بۆیە وتم کە دێمۆکراسی لە ڕووی فەلسەفییەوە چارەسەرە، بەڵام بە کردەوە کۆمەڵێک مکانیزم و ئاڵۆزیی تایبەت بە خۆی هەیە.

**شەهرام سوبحانی**: **دێمۆکراسی دەتوانێ وڵامدەری ویست و داواخوازییەکانی نەتەوەی کورد بێ؟**

**کاوە ناهەنگەری**: ئەگەر بوونی هەبێ و ئینجا سازو کاری سەردەمیانەی بەڕێوەچوونی دەستەبەر بکرێ، پێموایە دەتوانێ ویست و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد بەدی بێنێت. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە زۆر کەس بە ڕواڵەت دێمۆکراسی قەبووڵە بەڵام زۆر جار بە کردەوە، لە دژی دەوەستێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر مانەوەی نەتەوەکانی زاڵ و بندەستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە قەیرانێکی مەعریفیدان و ئەوەش وەک گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای دێمۆکراتیزاسیۆنی لێهاتووە. تێگەیشتنی ئێمە بە نیسبەت دێمۆکراسی زۆر کرچ و کاڵە. ئەوەی فێری دەبین لە پەروەردەی فەرمی و نافەرمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، زۆربەی دژ بە دێمۆکراسین. ئینجا لە مەڵبەندێک یان لە وڵاتێکدا دێمۆکراسی وەک وانە لە منداڵییەوە نەوترێتەوە، بۆ دەبێ بەرهەمی ژیانی کۆییمان " دێمۆکراتیک" بێ!؟ دەگەڕێمەوە سەر پێناسەی دێمۆکراسی؛ وەک باسم کرد لە دێمۆکراسیدا خودموختاری ئەسڵێکی سەرەکی و بنەڕەتییە. واتە تاک دەبێ خودموختار بێ، واتە بتوانێ ئیرادەی خۆی بە کرداری بکات، واتە ستاتووسی هەر تاکێک لە ناو کۆیەکدا پارێزراو بێ، واتە تاک بڕیار دەر بێ.

**شەهرام سوبحانی**: **ئایا سیستەمی پەروەردە لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست لە سەر بنەمای ئەم تێگەیشتن و گۆشە نیگایە دارێژراوە؟**

**کاوە ناهەنگەری**: بێگوومان وەڵام نایە، کەوابوو سیستەم و مکانیزمی ژیانی کۆیی ئێمە ناتوانێ دێمۆکراتیک بێ. بۆیە ئێمە وەک کورد لە دوو بەشدا دەبێ لە فکری چارەسەردا بین یەکەم، کۆمەڵگەی کوردی خۆمان کە بە دەست بیچمی کولتووری و دەستووری ناکوردی و نادێمۆکراتیکەوە دەناڵێ. دووهەم، چەند و چۆنی هەڵسووکەتی نەتەوە و حکوومەتە سەردەستەکان لەگەڵ ئێمە و ئێمە لەگەڵ ئەوان کە لە ڕاستیدا خەبات و هێز و وزەی کورد بە زۆری بۆ ئەم بەشە تەرخان کراوە و

چەندین دەیەیە کە قەرارە ئەو باڵانس و موعادلەیە بە قازانجی خۆمان بگۆڕین.

**شەهرام سوبحانی**: ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان تا چ ڕادەیەک پابەند بە چەمکەکانی دێمۆکراسی بۆ ئێرانی داهاتوون، لای ئەوان تەنیا دروشمێکە بۆ بە دەسەڵات گەیشتن یا ئەسڵێکی چەسپاو لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیاندا؟

**کاوە ئاهەنگەری**: وەک کەسێک کە شارەزای ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش وەک خەڵکەکەی لە قەیرانی مەعریفیدا تل دەخواتەوە. وەکی باسیشم کرد، لە ڕواڵەتدا و لە ئاستی وشەدا کەس دژی دێمۆکراسی نییە، بەڵام لە ئاستی کردەوە و پراکتیکدا، زۆر شت دەگۆڕدرێ و بەرژەوەندی جێگە بە فەلسەفە و ماف تەنگ دەکات.

**شەهرام سوبحانی**: کۆمەڵگەی کوردستان و بەگشتیی ئێران تا چ ئاستێک خوازیاری دامەزراندنی ئەم شێوە نیزامەن؟ و خوێندنەوەی کۆمەڵگەی ئێرانی بۆ ئەم پرسە لە چ ئاستێک دایە؟

**کاوە ئاهەنگەری**: من بە تایبەتی بە دوای شۆڕشی ژینا زیاتر لەگەڵ ئاستی مەعریفی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان و ئێران ئاشنا بووم و بۆ من جێی دڵخۆشییە. بە زمانێکی دیکە و زۆر بێپەردە عەرزتان دەکەم؛ ئەگەر باوەڕم بە داهاتوویەکی گەش هەبێ، ئەوە پێموایە کە بە دەست نەوەی نوێی یاغی و کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێ، نەک ئۆپۆزیسیۆنی کلاسیک. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر هەندێک شت کە من زۆتر بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەم،

**یەکەم**، شکستی بیرۆکەی کۆن و کلاسیکەکان کە وەک دەرفەت و دەسکەوتێکی باشی بۆ نەوەی نوێ لێهاتووە و چیتر ئەو شێوازە کلاسیکانە تەجرووبە نەکەنەوە.

**دووهەم**، تابۆ شکەنی یەکێکی دیکە لە خسڵەتە باشەکانی ئەو نەوەیەیە کە دەتوانێ ئەولاتر ببینی و بخوێنێتەوە و لە ڕابردوودا چەق بەستوو نەبێ.

**سێهەم**، ئاشنا بوون لەگەڵ بیرۆکەی سیاسی نوێ و تەجرووبەی گەلانی دیکە. چوارەم؛ بوونی ئامێری پێوەندی کە توانیویتی بە نیسبەت پێکهاتنی هزری گشتی (خرد جمعی) زۆر یارمەتیدەر بێ و باس و بابەتەکان زۆر خێراتر و قوڵتریش بکەوێتە نێو نەوەی نوێیەوە.

**شەهرام سوبحانی**: کەند و کۆسپەکانی بەردەم دێمۆکراسی و ڕەهەندەکانی چین؟ و چەندە دەتوانێ ڕێگر بێت؟

**کاوە ناهەنگەری**: ڕاستییەکەی یەکەم کێشە نەبوونی خودی " دێمۆکراسی"یە بۆیە باس کردن لە کەند و کۆسپ و ڕەهەندەکانی شتێک کە بۆخۆی بوونی نییە، کەمێک سەیر دەنوێنێ. کەوابوو ئێزن دەخوازم سەرەتا بە ڕاشکاوی "نەبوونی دێموکراسی" باس بکەم و ئینجا بە ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی پێک نەهاتنی دێموکراسی لەم ناوچەیە ئاماژە بکەم. سەبارەت بە هۆکارەکانی لەدایک نەبوونی دێمۆکراسی لەم ناوچەیەدا، بە باوەڕی من نەبوونی بزووتنەوەیەکی ڕووناکبیریی تابۆ شکێن، پێشڕەوە و ڕێخۆشکەر، باسێکی جیددی و سەرەکییە. هەتا ئەم بزووتنەوەیەش ڕوو نەدات، قەیرانی مەعریفی کە یەخەی هەمووانی گرتۆتەوە، چارەسەر نابێ و لە نەهایەتدا ناتوانین دڵ بە بنیاتنانی دێمۆکراسی لەم ناوچەیەدا خۆش بکەین. دیارە وەک لە پرسیارەکەشتدا هاتووە، ئەم ڕێگەیە بێ ڕێگر و کۆسپ نییە. بۆ نموونە عەقڵیەتی دینی، پێکهاتەی هیرارشییەکی عەشیرەیی، نەبوونی سیستەمێکی پەروەردە و بارهێنان هەر لە منداڵییەوە تا کۆتایی، نەبوونی ڕێبەرییەکی بنیاتنەر وەک "باوکانی بنیاتنەر"ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، ناوچە و جیرانی دواکەوتووی نووقمی عەقڵیەتی نادێمۆکراتیک و .... هتد. لە کۆتاییدا، نەبوونی"هزری سیاسی"(خرد سیاسی) پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکان بە سەرەکیترین کۆسپەکان دەزانم.

**شەهرام سوبحانی**: **حیزبەکانی ڕۆژهەڵات تا چ ئاستێک توانیویانە دێمۆکراسی و ڕەهەندەکانی لە نێو کۆمەڵگەدا نەهادینە بکەن؟**

**کاوە ناهەنگەری**: نەهادینە کردنی دێمۆکراسی لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا ناکەوێتە سەرشانی ئەحزابێک کە بۆخۆیان قەدەغەن و ناتوانن چالاکی یاساییان هەبێ. لە وڵاتێکیشدا کە ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی بە سەریدا زاڵە، هەمدیسان باس لە نەهادینەکردنی دێمۆکراسی دوور لە لۆژیکە. بۆیە بەگشتی دەبێ باس لە چۆنێتی دەستپێکردنی دێمۆکراسی بکەین کە هێشتا گەلانی ئێران بەگشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی لێی بێبەهرەیە. بەڵام لەوانەیە ڕووی پرسیاری ئێوە لە دێمۆکراسی نێوخۆیی حیزبەکان بێ کە ئەوەش باسێکی دیکەیە. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش لە ڕواڵەت و تێئۆریدا خاوەن ستاتووسی دێمۆکراتیکن. بۆ نموونە هەڵبژاردن هەیە، کۆنگرە و کۆنفرانس هەیە، کەسانێک خۆ دەپاڵێون، دەنگدان هەیە و بگرە چەند ساڵ جارێک ئەکتێکی دێمۆکراتیک بەڕێوە دەبەن. بەڵام ئایا دێمۆکراسی هەر ئەوەندەیە؟

بە باوەڕی من نا. لەبەر ئەوەیکە دێمۆکراسی مۆدیڕن کە "جان کەین" وەک خودموختاری بەرابەرەکان پێناسەی دەکات، زۆر شتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. هەر بۆیە ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئایا هەموو ئەندامانی ئەحزابی کوردی، لە ژن و پیاو ڕا بگرە تا ئەوانەی خۆیان بە کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینە پێناسە دەکەن و ... هتد. بە ستاتووسی بەرابەر و خودموختار گەیشتوون؟ بۆیە پێموایە کە دێمۆکراسی پێش ئەوەی قالب بێ، ناوەڕۆکە. پێش ئەوەی ئەساسنامە بێ کردار و ڕەفتارە.

لێرەدایە پێموایە حیزبەکانیش تا نەهادینەبوونی دێمۆکراسی مەودایەکیان لە پێشە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک کاوە زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانە، ماندوو نەبن.

**کاوە ئاهەنگەری**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

**١١ی سەرماوەزی ٢٧٢٣**

## ٢٨هەمین کۆنفڕانسی ڕێکخراوی پێشگیری لە چەکی شیمیایی



**محەممەد کەسرایی**

ڕۆژی ٢٧ی نوامبری ٢٠٢٣ی زائینی ٢٨هەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی "ڕێکخراوی پێشگیری لە چەکی شیمیایی" لە شاری لاهەی هولەند، پێک هات. لەو کونفرانسەدا کە تا ڕۆژی ١ی دێسامبر درێژەی هەبوو، نوێنەرانی دەوڵەتانی ئەندام، نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مروڤ و نوێنەرانی دەیان ئێن جی ئۆ، بەشدار بوون. هەروەها دەستەیەکی نوێنەرایەتی لەلایەن هەر دوو کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی شیمیایی لە سەردەشت و هەڵەبجە و نوێنەرانی قوربانیانی ئەنفال لە کوردستان، کە بەڕەسمی بانگهێشتی کۆنفرانسەکە کرابوون، بەشداری ئەو کۆنفڕانسە بوون.

لە ڕۆژانی یەکەم و دووهەمی کۆنفڕانس، بە دەیان پەیام لە لایەن نوێنەرانی وڵاتان و ڕێکخراوەکانی بەشەردۆستی، بۆ مەحکوم کردن و پێشگیری لە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی، پێشکەش کران.

لەو وتار و پەیامانەدا وێرای مەحکومکردنی کەلکوەرگرتن لە چەکی کۆمەڵکوژی شیمیایی، ڕێکارەکانی پێویست بۆ پێشگیری لە بەکار هێنانی ئەو چەکە و قەرەبوو کردنەوەی زیانلێکەوتوان، خرانە ڕوو. نوێنەرانی هەر دوو کۆمەڵەی کوردی و

نوێنەرانی ئەنفال لە کوردستان، وێڕای بەشداری لە دانیشتنەکانی کۆبوونەوە، ڕۆژانە لە پەراوێزی کۆبوونەوەکاندا، لە سالۆنی گشتی و سالۆنەکانی دیکە بە دانانی پێشانگای قوربانیان، نمایشی کورتە فیلمی ڕووداوەکان و کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان، بەشداری چالاکانەیان لەو کۆنفرانسەدا هەبوو.

لە ڕۆژی سێهەمی کۆنفرانسەکەدا، بە پێی بەرنامەی دیاریکراو، بەیاننامەی قوربانیانی چەکی شیمیایی شاری سەردەشت لە لایەن نوێنەری دەستەی بەڕێوەبەری خوێندرایەوە کە لەلایەن بەشدارانەوە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا.
جەلەسەی ڕۆژی چوارەمی کاری کۆنفرانس، بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕوحی شەهیدانی شارەکانی سەردەشت و هەڵەبجە و هەموو شەهیدان، دەستی پێ کرد کە لە لایەن هەیئەتی نوێنەرایەتی کۆمەڵەی شیمیایی سەردەشت و تەئیدی بەڕێوەبەری کۆنفرانسەوە، پێشنیار کرابوو.
هەر لەو ڕۆژەدا بەشێکی ٣٠ دەقیقەیی لە فیلمێکی یەک و نیو سەعاتی دێکیومینتاری لەسەر بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت، لە سالۆنی گشتی نەمایش کرا کە لەگەڵ دەربڕینی حەسرەت و پێشوازی گەرمی بەشداران بەرەوروو بوو. پێویستە بگوترێ کە جیا لە پێشانگای شەهیدانی هەڵەبجە، ئەو ساڵ شوێنێکی تایبەتی بۆ پێشانگای قوربانیانی چەکی شیمیایی سەردەشت دیاری کرابوو کە ڕۆژانە بەشداران و نوێنەران سەردانیان دەکرد. هەروەها هەیئەتی نوێنەرایەتی قوربانیانی چەکی شیمیایی سەردەشت، ڕۆژانە لەگەڵ بەشداران و نوێنەرانی دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان و ئین جی ئۆکان چاوپێکەوتنیان دەکرد و لە سەر وەزعی نالەباری شاری سەردەشت و دەرئەنجامەکانی ئەو بۆمبارانە و نەخۆشیە بڵاوبوەکانەوە، باس و وتوێژیان دەکرد و لەسەر وەزعی نالەباری بریندارەکان کە تا ئێستاش بە دەستی نەخۆشی و بێ دەرمانیەوە دەناڵێنن، ڕونکردنەوەیان دەدا.
هەروەها داوای پشتیوانی بۆ مەحکومکردنی نێونەتەوەیی و هاوکاری و پێراگەیشتن بە برینداران و گرینگیدانی زیاتر بە شاری سەردەشت و قەرەبوو کردنەوەی زیانلێکەوتوان و ناوچەی سەردەشت، بەشێک لە داواکانی ئەو نوێنەرانە، لە کۆنفرانس و لە ڕێکخراوەکان بوو.

بۆ بیرخستنەوە، پێویستە بگوترێ کە شاری سەردەشت لە ڕێکەوتی ٧ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی (١٩٨٧/٦/٢٨) ی زایینی، لەلایەن فرۆکە شەڕکەرەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆری سەدامەوە، بە چەکی شیمیایی بەتوندی بۆمباران کرا و هەر لە ڕۆژانی یەکەم تا سێهەم زیاتر لە ١٢٠ کەس بوونە قوربانی و زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس بریندار بوون. لەو کاتیشەوە تا ئێستا، دەیان کەس بەهۆی بەرکەوتنی چەکی شیمیایی، گیانیان لەدەست داوە و سەدان کەسیش بە دەردی برینداری و بێدەرەتانی و بێدەرمانی، دەناڵێنن.

١٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# دزی و ئیختلاسی سیستماتیک لە کۆماری ئیسلامیدا



**مەنسوور مروەتی**

چەند ڕۆژ پێشتر هەواڵی دزی و گەندەڵییەکی ئابووریی سەرسوڕهێنەر لە ئێران بڵاوبوویەوە کە تا ئێستا لە مێژووی ئێراندا بێ وێنە بووە. ئەم هەواڵە، دزینی سێ میلیارد و چواردسەد میلیۆن دولار پارەی ئەرز لە لایەن شیرکەتی چایی" دبش"ە کە زۆر بە درەنگیشەوە بڵاو کرایەوە. ئەگەرچی لە ماوەی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا هەواڵی دزی و ئیختلاس و گەندەڵیی بەرپرسانی ڕێژیم بابەتێکی تازە نییە و بەردەوام هەواڵی لەم جۆرەمان گوێ لێ بووە، بەڵام ژمارەی ئەم گەندەڵییە بەڕاستی سەرسوڕهێنەرە. ئەم هەواڵەش نە یەکەم هەواڵی لەو جۆرەیە و نە دوایین هەواڵیش دەبێ، بەڵام لانیکەم تا ئێستا گەندەڵیی ئاوا کە ئینسان تووشی شۆک بکا، بێ وێنەیە.

شیرکەتی چایی دێبش ساڵی ١٣٩٨ بڕی سێ میلیارد و چوارسەد میلیۆن دۆلار ئەرزی دەوڵەتی بۆ هێنانی چایی لە هێندستانەوە وەردەگرێ و قەراریش دەبێ بەو پارەیە گەورەترین شیرکەتی چایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێراندا دابمەزرێنێ و چایی بەکەیفیەتی بەرزەوە بە خەڵک بفرۆشن. قەرار وادەبێ کە چایی بە نرخی کیلۆیەک چواردە دولار لە هێندەوە بێنێتە ئێران بەڵام لە جیاتی ئەوە چایی دەرەجە دووی خودی ئێران بە کیلۆیەک دوو دۆلار دەکڕن و دەیبەنە

دەرەوە و بە حیسابی چوارده دۆلاری وادەنوێنن کە لە هێندوستانەوە هێناویانەتە ئێرانەوە. بەم جۆرەش ئەرزە سێ میلیاردوچوارسەد میلیۆن دولاریەکەش لە بازاڕی ئازاددا بۆ خۆیان دەفرۆشن و دەیخەنە گیرفانی ناموبارەکیانەوە. وەک باس کرا ئەمە یەکەم جار نییە دزیی لەو بابەتە لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ڕوو بدا، هەر دوێنێ ڕاگەیەندرا لە شارەداری تاران حەقدە هەرزار میلیارد تمەن ونە. پێشتریش نەک پارە تەنانەت دەکەڵی نەفتی لە سەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدینەژاددا دزرا. کار گەییشتە جێگایەک کە تەنانەت دەنگی ئەحمەدی نژادیش دەرهات و لە سەر گەندەڵییەک کە لە گومرگەکانی جنووبی ئێران دەکرا، ئەحمەدی نژاد ناوی پاسدارەبەرپرسەکانی نا "برادەرانی قاچاخچی ."

بێگومان دزی و ئیختلاس لە ئێراندا بەشێوەیەکی سیستماتیک بەڕێوەدەچێ و لەو بارەوە نموونە زۆرن. دیارە گەندەڵیی ماڵی تەنیا لە ئێراندا ناکرێ و خەڵک لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیا بەتایبەتی وڵاتانی دواکەوتوو بەم دەردەوە گرفتارن، بەڵام قەباحەتی ئەم دزییانەی ئێران زیاتر لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە دەسەڵاتەکەیان بە دەسەڵاتی ئیسلامی و مەملەکەتی ئیمامی زەمان و وەلیی فەقیە بە خەڵکی هەژار و داماوی ئێران دەفرۆشنەوە. لە حاڵێکدا جگە لە گەندەڵیی ئابووری، گەندەڵی لە هەموو جمگەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا گەییشتۆەتە لووتکە و ڕۆژ نییە چکۆلەترین ناڕەزایەتیی خەڵک چارەنووسی بە زیندان و شکەنجە و کوشتن کۆتایی پێ نەهێنن. ڕۆژ نییە هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیم دەیان کەس لە خەڵکی لێقەوماوی ئێران بە تۆمەتی جۆراوجۆر ڕاپێچی زیندانەکان نەکەن. هەموو ئەم دزی و ڕانتخواری و ئیختلاسانە لە حاڵێکدایە کە ئێران لە زومرەی دەوڵەمەنترین وڵاتانی دنیا و لە هەموو بوارێکەوە وڵاتێکی بەپیت و بەرەکەتە, کەچی هەژاری و نەداری وبرسیەتی و نەدامەتی برستی لە خەڵکی ئەو وڵاتە بڕیوە و هەموو خێر و بێری وڵات تەنیا بۆ کەسانێکی تایبەت و چەندین مافیای سەر بە سپای پاسدارن و بەیتی ڕەهبەرییە .

لەم وڵاتەدا کە زیاتر لە چل ساڵە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بە هەموو شێوازێک خەڵکەکەی دەچەوسێنرێنەوە تا ئێستا نەبینراوە یەک نەفەر لەو دز و ئیختلاسچییانە بدرێنە دادگا و پارەی دزراوی خەڵکیان لێ بسەنرێتەوە، کەچی هەرساڵی پار تەنیا بە تاوانی لە دەرەوەبوونی تاڵەقژێکی کچێکی کورد، گیانیان لێ ئەستاند و وڵامی ناڕەزایەتیی خەڵکیان بە کوشتنی سەدان کیژ و کوڕی لاو دایەوە و بە هەزاران کەسیان برینداد و تووشی زیندان و چەرمەسەری کردەوە. ڕۆژی نییە لەم وڵاتە بەڵاێدراوە چەندین کیژ وکوڕی لاوی ئێرانی بە تۆمەتی سواوی "تێکدانی ئاسایش و ئەمنیەتی وڵات" تووشی گرتن و زیندان و ئەشکەنجە و دەیان کێشەی دیکە نەکەن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا دیاربوونی تاڵەقژێک و ناڕەزایەتیی خەڵک بە هەر هۆیەک ئەمنیەت و ئاسایشی وڵات تووشی مەترسی دەکا یان دزینی یەک قەڵەم سێ میلیارد و چوارسەد میلیۆن دۆلار؟! لەم وڵاتەدا کە هێزە سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتی ڕەهایان بۆ بێڕێزی و

کوشتن و بڕینی خەڵک هەیە و وادەنوێنن کە ئاگاداری هەرچەشنە جموجووڵێکن کە لە ئێراندا دەکرێ، ئایا ئاگاداری ئەو دزییانە نین کە لە سامانی وڵات دەکرێ؟ جوابەکە ئەوەیە کە بێگومان هەموان ئاگاداری دۆخەکە هەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە دزی و ئیختلاس و بەتاڵان بردنی سامانی خەڵکی ئێران بە سیستماتیک لە لایەن خودی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بەڕێوە دەچێت و تا کاتێک ئەم ڕژیمە کۆتایی پێ نەهێنرێ چارەنووسی خەڵک و وڵات لەمە باشتر نابێ.

١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

## شەڕی عەززە بیرهێنەرەوەی ئەو ڕاستییەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستە پێداچوونەوە بە سیاسەتەکەی لەهەمبەر ئێراندا بکات



ئاتلانتیک کاونسڵ- شوکریە برادۆست

و لە ئینلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

تاقمە میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە ٧ی ئۆکتۆبر بەولاوە، لە عێراق و سووریە هێرشیان کردۆتە سەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان. بەڵام، وڵاتە یەکگرتووەکان تەنیا بە چەند هێرش بۆ سەر تاقمە میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراق و سووریە وەڵامی داونەتەوە. ئەو هێرشانە لە کاتێکی هەستیاردا، کە شەڕی غەززە و ئەگەری داڕشتنەوەی داینامیکی دەسەڵات لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە ئارادایە، دەکرێن.

سەرەڕای هەوڵی بەڕێوەبەرایەتیی جۆ بایدن بۆ پێشگرتن بە فووڵتربوونەوە و تەشەنەکردنی شەڕی ئیسرائیل - حەماس لە ناوچەکەدا، تاقمە میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراق، سووریە و یەمەن درێژە بە دروستکردنی ئالنگاری بۆ هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەدەن. ئەوە بەتایبەتی لە عێراق ڕوون و ئاشکرایە، شوێنێک کە تاران خاوەنی کۆنترۆڵی بەشی هەرە

زۆری دەسەڵاتی دوای هاتنەسەرکاری چوارچێوەی هاوئاهەنگیی شیعەیە کە ئێران پشتیوانیەتی. ئەو شەڕە ناڕاستەوخۆیە لە هەشتاکانی زایینی و دوای دامەزراندنی حیزبوڵڵا لە لوبنان دەستی پێ کرد، کە ئێران پێی باش بوو خۆ لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل ببوێرێ، بە تایبەتی دوای دەستپێکی شەڕی غەززە. لە کاتێکدا کە ئێران بە سەرکەوتوویی ئەو سیاسەتەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ جێبەجێ کردوە، ڕەنگبێ پێشهاتە نوێیەکانی شەڕی ئیسرائیل و حەماس ئەو دۆخە بگۆڕن.

بێتوو ئەو هێرشانە بەردەوام بن، ڕەنگبێ وڵاتە یەکگرتووەکان ناچار بێ وەڵام بداتەوە. ئەو ئاڵوگۆڕە ڕەنگبێ یان بەرەوڕووی تاقمە میلیشیاکان لەنێو عێراق بکرێتەوە، یان ڕاستەوخۆ داوێنی ئێران بگرێتەوە. وەڵامێکی دیکە لەوانەیە چۆلکردنی باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەغدا و بردنە دەرەوەی ئەو ۲۵۰۰ کەسە لە هێزەکانی ئەمریکا بگرێتەوە. بێتوو ئەوە ڕوو بدا، دەبێتە نموونەیەک بۆ وڵاتانی دیکە کە ڕەچاوی هەمان کردەوە بکەن. لێرەیە کە عێراق بەرەوڕووی قەیرانی ئەمنیەتی و سیاسی دەبێتەوە، بەو ئەگەرە کە ڕەنگبێ ببێتە هۆی شەڕی نێوخۆ لە نێوان تاقمە شیعە ڕکابەرەکان: حەشدی شەعبی و هاوپەیمانانی؛ چوارچێوەی هاوئاهەنگیی شیعە و؛ مەلای شیعە موقتەدا سەدر. بێجگە لەوە، تاقمە تێرۆریستەکانی دیکە، وەکوو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، دەتوانێ کەلک لە دەرفەت وەرگرێ و دیسان دەسەڵات بەدەستەوە بگرێتەوە. کاردانەوەکانی ئەو دۆخە دەتوانێ وڵاتانی دیکەش بگرێتەوە، بەو ئەگەرە کە لە دوای شەڕی حەماس، سەرجەم ناوچەکە ناسەقامگیر بکات.

شەڕی غەزە کاتێک دەستی پێ کرد کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەوڵی گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە ناردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەک بۆ ڕووسیە (بۆ کەلک لێوەرگرتنیان دژی ئوکراین) و وەستاندنی بەرنامەی ناوکیی ئێران بوو. ئەو دەستپێشخەرییە دوای جێبەجێکردنی یەکەم ڕێککەوتن، کە ئازادکردنی چەند بارمتەی ئەمریکایی لە بری گواستنەوەی ٦ میلیارد دۆلار لە دراوی سڕکراوی ئێران لە بانکەکانی کۆرەی باشوورەوە، دەستی پێ کرد. هەڵسوکەوت لەگەڵ سیاسەتی ئێران کە پشتگیریی لە تاقمە بەکرێگیراوەکان و سەرکوتی نارەزایەتییەکانی دژی دەسەڵات لە ئێران دەگرێتەوە، لە سەرەوەی لیستەی پێشتریبەتییەکانی وڵاتە یەکرتووەکان و ئورووپا لەو ساڵانەی دواییدا نەبوو. ئەو سیاسەتە کورتبینانەی کۆشکی سپی تەنانەت بۆتە هۆی زەخت خستنەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوپەیمانە هەرێمییەکان، وەکوو عەرەبستانی سعودی و ئیمارێتی یەکگرتووی عەرەبی. بەڵام، هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبر، سەرنجی جیهانی بۆ لای پشتگیریی ئێران لە تاقمە بەکرێگیراوەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ڕاکێشا. ئەو بووە هۆی پەرەگرتنی نیگەرانییەکان لەبارەی ئەگەری تەشەنەکردنی قەیرانەکە بەگوێرەی لێکدانەوەکانی تاران.

ئەو دۆخە هەستیارە لە ناوچەکەدا ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە کە بەرنامەی ناوکی نابێ تەنیا خاڵی نیگەرانی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێران بێ. تاقمە بەکرێگیراوەکانی ئێران توانایی قووڵترکردنەوەی قەیرانی هاوشێوەی هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیلیان هەیە و هەروەها دەتوانێ ببێتە هۆی ئالنگاری بۆ سەر ئەمنیەتی وزە، قەیرانی کۆچبەران و کارەساتی مرۆیی. بێجگە لەوە، شەڕی غەززە یەکەم تاقیکردنەوەی جیددی ئێران پاش سەردەمی قاسم سولەیمانییە. فەرماندە کوژراوەکەی سوپای قودس لایەنێکی سەرەکیی دامەزرێنەر، کۆنترۆڵکار و ڕێکخەری تاقمە میلیشیاییەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و گەشەپێدەری دەسەڵاتی ئێران بە هۆی ئەو بەکرێگیراوانە لە ناوچەدا بوو. سیاسەتی هەنووکەیی ئێران لەمەڕ حاشا کردن لە بەشداریی لە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و هەروەها هەوڵەکانی بۆ پێشگرتن بە تەشەنەکردنی شەڕ بۆ ئێران، بۆتە هۆی پێشکەشکردنی پشتگیریی لە حەماس تەنیا بە قسە، کە یەکێک لە باڵە فەلەستینییەکانی شەڕەکەی لەگەڵ ئیسرائیلە و ئەوەش مەترسی لەکیس چوونی ڕەوایی و دەستڕۆیشتوویەکەی لە ناوچەدا هەیە.

شکستی حیزبوڵڵای لوبنان لە یارمەتیدان بە حەماس و پێشگرتن بە دۆڕاندنی دەسەڵاتەکەی لە غەززە، دەتوانێ زیانی زیاتر بە متمانەی ڕایەڵەی بەکرێگیراوان بە ئێران و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتە بگەیەنێ. لە کاتی وتاردانەکەی لە ٣ی نۆڤەمبەر، حەسەن نەسروڵڵا، لایەنگەرەکانی نائومێد کرد کە بە حەزووە چاوەڕوانی ڕاگەیاندنی شەڕ دژی ئیسرائیل بوون. لە جیاتان، ئەو گوتی ئەوان لە ٨ی ئۆکتۆبرەوە لە دۆخی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل دان و نیشانی دا کە ستراتێژیی هەنووکەیی حیزبوڵڵا درێژەدان بە هێرشی جاروبارەیە نەوەک قووڵترکردنەوەی قەیرانەکە بۆ شەڕێکی هەمەلایەنە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە حیزبوڵڵا تاقمێکی دەستکردی ئێرانە کە فەرمانەکان لە ئێرانەوە ئاراستەی دەکرێن، خۆ پاراستنی حیزبوڵڵا لە وەڵامدانەوە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوە سیاسەتی دەسەڵاتی مەلایانە لە ئێستادا.

بێجگە لەوە، شکستی ئێران لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانی جەماوەریی بۆ پشگیریی لە فەلەستینییەکان لە نێوخۆی وڵات، سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی هەرە بەرچاوی حەشیمەتە ٨٠ میلیۆنییەکەی موسڵمانن، بۆتە هۆی پرسیار. وەزیری کاروباری دەرەوە، حوسێن ئەمیرعەبدوڵڵاهیان، وێنەیەکی لە خۆپیشاندان لە ئەندۆنێزی بۆ پشتیوانی لە خەڵکی غەززە بڵاو کردەوە، لە کاتێکدا لە ئێران خۆپیشاندانی لەو ئاستەدا نەبینرا. ئەوە دەکرێ دوو هۆی سەرەکی هەبن:

**یەکەم**. ڕەنگبێ ڕێژیم لە وروژاندنی ئاپۆڕای جەماوەر بۆ خۆپیشاندان بە مەبەستی پشتگیریی لە غەززە تووشی ئالنگاری بێ و،

**دووهەم**. ڕەنگبێ ڕێژیم لە کۆبوونەوەی ڕێژەیەکی بەرچاو و گۆڕانی ئاراستەکە بەرەو دەربڕینی ناڕەزایەتی دژی خۆی و


لەکیسدانی کۆنترۆڵەکەی، بە لەبەرچاوگرتنی سەرکوتی بێبەزەییانەی سەرهەڵدانی ژن، ژیان، ئازادی لە ٢٠٢٢، نیگەران بێ.

ئێرانییەکان بەردەوام دەرفەتی دەبڕینی نارەزایەتی خۆیان بەرانبەر بە سیاسەتەکانی پشتگیریی لە تاقمە فەلەستینییەکان لەدژی ئیسرائیل، بە کەلکوەرگرتن لە سامانەکانی ئێرانیان قۆستۆتەوە. دروشمی، "نە غەززە، نە لوبنان، گیانم فیدای ئێران"، لە خۆپیشاندانێکی حکوومەتی لە ڕۆژی قودس لەساڵی ٢٠٠٩، لە وەڵامی خۆپیشاندانی حکوومەتی بۆ پشتگیریی لە فەلەستین، درا. ئەو هەڵوێستە لە نارەزایەتییەکانی دواتر لە ٢٠١٧، ٢٠١٩ و ٢٠٢٣-٢٠٢٢ درێژەی هەبوو و بەردەوام لە سەرانسەری ئێران دەنگ دەداتەوە. دۆخی هەنووکەیی شەڕی غەززە، لەگەڵ نادڵنیایی لە بڕیارەکانی ئێران و فەرمانەکانی بە تاقمە بەکرێگیراوەکانی لە ناوچەدا، پێویستیی پێداچوونەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران پشتڕاست دەکاتەوە. دانپێدانان و چارەسەر کردنی دەستڕۆیشتوویی پەرەئەستێنی تاقمە بەکرێگیراوەکانی ئێران، کە بە پشتیوانیی تاران بواری بۆ دەرەخسێ، فرە گرینگە. یەکەم هەنگاوی یەکلاکەرەوە ئامادە کردنی ستراتێژی پێویست بۆ بڕینی پەیوەندیی نێوان دابینکردنی پشگیریی ئێران و دابینکردنی سامانی تاقمە بەکرێگیراوەکان و لەو ڕێیەوە دارشتنەوەی دینامیکە ژیۆپۆلیتیکییەکان و پێشگرتن بە قەیرانی ناوچەییە.

١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

---

# هەگبەی شاخ و شۆڕش (تەها حەقتەڵەب)




**برایم چووکەڵی**

**"بزەی هاتێ وتی ڕووناکە ئاسۆم**
**وەرە جەلاد پەتت باوێژە ئەستۆم"**

دەمهەوێ دیسان لە ژیلەمۆی شۆڕش بڵێسەی ئاگری خەبات هەڵگیرسێنم، دەمهەوێ بچمە شاری فەرماندەرانی شەهید، لە گەڕەکی هێزی پێشەوا، هێزی شەهیدانی هەوشار و ئاربابا، هێزی بێستوون و دالاهۆ، زرێبار و شاهۆ، لە ڕووباری هێزی ئاگری، لە دەڤەری گیاڕەنگ و دمدم، زمزیرانێک وەڕاژێنم، لە پێدەشتەکانی هێزی کێلەشین، خۆ بگەیێنمە لووتکەی قەندیل و پڕ بە ئاسمانی کۆمار هـــاوار بکەم، شا هەڵۆکانم بێنەوە. ...

تەها حەقتەڵەب کە لە "هەگبەی شۆڕش و شاخ"ی ئەمجارەماندا یادی دەکەینەوە، یەک لەو لاوانەی کورد بوو کە فەلسەفەی ژیانیان "ژینی کورت و بە هەڵۆیی مردن" بوو.

هەر کە جوڵانەوەی بەحەق و ڕەوای گەلەکەمان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەستی پێ کرد و کورە ئازا و بەجەرگەکانی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافی خوراو و دیفاع لە نیشتمان و مەوجودیەتی گەلەکەیان دەستی دایە چەک و هەستی نیشتمانپەروەری و گەلدۆستی و ئاوری شۆڕشگێرانەی لە دڵیدا هەڵگیرسا، ئەوەی ساڵهای سال لە مێشکیدا پنگی خواردبۆووە لە ئاوێنەی چەکی پێشمەرگەکاندا دیتی و هەستی بەوە کرد کە هاتنەڕیزی پێشمەرگایەتی دەتوانێ مافی خۆی لە زۆرداران بستێنێ و دیفاع لە نیشتمان و مافی گەلەکەی بکات. بۆ گەیشتن بە مافی خۆی کە ئامانجی هەموو خەڵکی کوردستان بوو دەستی دایە چەک و بە شانازیەوە هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکان. تفەنگ هەر لە قەڵافەتی جوان بوو، بە چەشنێک کە ببووە ویردی زمانی خەڵکی ناوچە.

نەترسی، پیاوەتی، لەسەرەخۆیی، هاواڵدۆستی، خزمەت بە خەڵک بێ هیچ چەشنە چاوەڕوانیەک لە تایبەتمەندیەکانی ئەو بوو، پێشمەرگە بوونیشی سەد بەرامبەر خۆشەویستری کردبوو، لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە جوامیری و غیرەتی ئەو هەبوو.

شەهید تەها حەقتەڵەب دووهەمین شەهیدی بنەماڵە لە ساڵی ۱۳۲۰ لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێری مەهابادی لەدایک بوو. براکەی قادر شەریف لە بەرپرسانی حیزب بوو کە لە ساڵی ۱۳۴۹ شەهید کرا. بەرە بەرە کە گەورە بوو ڕەوانەی قوتابخانە کرا. زۆر زیرەکانە دەرسی خوێند و توانی لیسانسی فیزیک وەرگرێ، پاشان لە قوتابخانەکانی شاری مەهاباد وەک مامۆستا دامەزرا، بەڵام بە هۆی ئەوە لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێردا پەروەردە بوو ساواک ڕێگای نەدا لە شاری مەهاباد دەرس بڵێتەوە بەناچاری ڕووی لە تاران کرد و پاش ماوەیەک کاری ئازاد لە ئیدارەی پۆست و تەلفوون دامەزرا و بە هۆی وشیاری زوو بەرپرسایەتی گرینگیان پێدا.

تەها حەقتەلەب بە هۆی براکەیەوە (شەهید قادر شەریف) هەمیشە لەگەڵ حیزب لە پێوەندیدا بوو. پاش شەهیدبوونی براکەی لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێ هەتا سەر درێژەدەری ڕێگای براکەی بێ، هەر ئەو ماوەیەی لە تاران بوو بڵاوکراوەکانی حیزبی لەگەل خۆی دەبردەوە و لەوێ بڵاوی دەکردنەوە.

تەها وەک هەموو خەڵکی دیکە لە خۆپێشاندانەکاندا ڕۆڵی باشی هەبوو. ئەو لە سەرەتای شۆڕشدا دەستی بە تێکۆشانی ئاشکرا کرد و لە کۆبوونەوەی جەمعییەتی کوردەکانی تاراندا بەشداریی چالاکانەی کرد. پاش سەرکەوتنی شۆڕش تەها حەقتەلەب لە دروستکردنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە تاران ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا، لە بەهاری ساڵی ۱۳۵۹ تا کاتی گیرانی لە ساڵی ۱۳٦۲ بەرپرسایەتیی تەشکیلاتی حیزبی لە شاری تارانی لەسەر شان بوو. لەو ماوەیەدا زۆر کاری گرینگی

کرد کە حاواندنەوە و چارەسەکردنی بریندارەکانی حیزبی دێموکڕاتی لە شاری تاران بەشێک لەو کارانە بوون.


تەها حەقتەلەب لە کۆنگرەکانی ٤وەی حیزبی دێموکراتدا وەک ئەندامی مشاویری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. ئەو لە ماوەی ژیانی حیزبایەتییدا ئەندامێکی چالاکی حیزب، بەدیسیپلین و خاوەنی کەسایەتیی سیاسی بەرز بوو. ئەو شۆڕشگێڕێکی ڕووناکبیر و تێگەیشتوو وپێگەیشتوو بوو لە هەمان کاتدا ئازا و بەجەرگ، لەنێو جەرگەی دوژمندا کاری بەنرخی دەکرد، لەنێو هاوڕێیانیدا زۆر خۆشەویست و بە مانای واقعی، کوڕی خەڵک و خۆشەویستی خەڵک بوو.

تەها حەقتەڵەب لەسۆنگەی چالاکییە سیاسییەکانی گیرا و کەوتە بەر ئەشکەنجە و گوشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە. بەڵام دووساڵ زیندان نەیتوانی چۆک بە کوڕی تێکۆشەری دێموکرات دادا و ورەی نەهێنا خوارەوە. بەرامبەر بە ئەشکەنجەگەرانی داخ لەدڵ ئازایانە ڕاوەستا و تا سەر بە ڕێبازی حیزبەکەی و ئامانجەکانی وەفادار مایەوە و گیانی خۆی بەخت کرد. ئەو ڕۆڵە فیداکارەی کورد دواجار ڕۆژی ١٥ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٤ لە بەندیخانەی ئێڤینی تاران ئێعدام کرا.

١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

---

## گاز و مازووت سەروبنی شۆڕشگێڕی نەوتی خاون



**دارسمە**

سەر لەبەیانیی ڕۆژی ٥ی جۆزەردانی ساڵی ١٢٨٧ی هەتاوی بۆ یەکەم جار لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە گەڕەکی "خرسان"ی شاری "مەسجد سولیمان"ی پارێزگای خووزستان نەوت دۆزرایەوە. دوای ئەم ڕووداوە شلەمەنیەک دەرکەوت بە تەڕی وەک پووشوو ئاگر بگرێت.

هەرچەندە کۆنینەناسانی زۆربڵێ و درێژدادڕ دەڵێن نەوتی ڕەش لە زۆر لەمێژەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە، بەڵام ئەم یەکەم بیرە نەوتەی گەڕەکی خرسان یان گەڕەکی "ورچان"ی مەسجد سولەیمان چارەنووسی ئەم ناوچەیەی گۆڕی. ئینگلیسی سووری چاوشین ئیمتیازی نەوتی ئێرانیان گرتەوە و بە دوای ئەودا ڕوویان کردە بابە گوڕگوڕی کەرکووک و لەوێش سنگی مانەوەیان داکوتا و لەم نێوەدا دەردێکیان بەکوردان کرد با بە دەواری شڕی نەکات.

لە باشووری ئێرانیش ئەوەندە پیاوی سووری چاوشینی ئینگلیسان ڕوویان کردە مەسجد سولەیمان و لەوێ مانەوە، شارەکە

وەسەر مرۆڤی سووری چاوشین گەڕا. خوا بە بوختان بۆ ئێمەی نەنووسێت، دانیشتووانی مەسجد سولەیمان خۆیان دەڵێن ئێمە تەنیـا وەک خـاڵوانی ئەم بەرانەی دوای هـاتنی ئینگلیسـانین و ئەم ژن و پیـاوانەی ئێسـتای مەسجد سـولەیمان بیلامـانێ هەموویان خوارزای خەڵکی ناوچەکەن و بە قژی زەرد و چاوی شینیانەوە دەچنەوە سەر باوەگەورەیان.

هەتا سەردەمی دەستەڵاتی کورتخایەنی حەمەی موسەدیق و وەرگرتنەوەی ئیمتیازی نەوتی ئێران لە دەست ئینگلیسـان، ئێمە زۆر باشتر بووین و هەتـا ئەوکـات دەستەڵاتدارانی ئێران تەنیـا سکی خۆیـان پـێ تێر دەکرا. دوای ئەوەی نەوت لە دەست ئینگلیسان هاتەدەر، ئیدی شای دەستەڵاتدار بەلێشاو فرۆشتی و بەشێکی زۆری بە چەکوچۆڵ دا و هێزی سەرباز و ساواکی پێ پتەو کرد و بەم جۆرە ئێرانیش بوو بە خاوەنی خەڵکێکی تێر و سەرکوتکراو.

هاوکات ئەم نەوتە زۆرە تەماعی زیاتری دەبەرناین و لەو ئانوساتەدا ئاخوندێکمان لێ پەیدا بوو، دەلینگی لە درۆکردن هەڵکرد و گوتی ئەگەر من دەستەڵاتم هەبێت، پـارەی فرۆشتنی ئەم نەوتە زۆر و زەبەنـدە بەسـەر تاکتـاکی ئەم وڵاتەدا دابەش دەکەم و سـەرەڕای ئەمە ئـاو و کارەباشـتان بە خـۆڕایی بـی بەرانـبەر پـێدەدەم. لەم جیهـانەدا هـیچ لە جیهـانی ئـاخرەتیش هەمووتـان بە دوای خۆمدا بەرە بەهەشت نێریکێش دەکەم و پـردی سیڕاتیش بە لـۆدێر و بۆلـدوزیری جیهـادی سـازەندەگی بەریـن و فـراوان دەکەم و هەرچـی قیـر و نەوتە سـووتاوی ئەم نەوتە زۆر و زەبەنـدەیە دەیـکەم بە قیرتـاوی ئەمبەر و ئەوبەری پردی سیڕات و هەرچی گەراجی بەر کۆشکە پڕ لە حۆریەکانی بەهەشتیشە هەر بە بەرهەمی ئەم بیرە نەوتانە قیرتاوی دەکەم.

جـا وەک هەمووتـان ئاگـادارن بە چەپڵەرێـزان شـامان دەرکـرد و ئاخونـدمان بە سـواری فڕۆکەیەکـی گەورە لە شـارۆچکەی "نۆفڵلۆشاتۆ"ی فەرەنساوە گەڕاندەوە و لەسەر تەخت و بەختی پاشایەتی دامانا.

"شـامەلا" چەنـد سـاڵێک ژیـا، بەڵام نە پـارەی نەوتـی دابەش کـرد و نە کارەبـا و ئـاوی بەلاش پێـداین، بەڵکـو شـەڕێکی درێژخـایەنی بە خەڵکـی نێوخـۆ و وڵاتـانی دەر و دراوسێ فرۆشـت. ئاخونـد مـرد و یەک لەشکر ئاخونـدی دیکە بـوون بە دەستەڵاتداری ئێران. ئەم ئاخوندانەش دوای ئەم هەمـوو درۆ و دەلەسـەیەی ئاخونـدی گـۆڕین و خۆیـان دەگەڵ خەڵکـی ئێـران کردوویانە لە ترسی ئەوەی لە دەستەڵات لایان بدەن، بە زەحمەت تفیان بۆ قووت دەدرێتەوە.

لەماوەی ئەم چەند ساڵەشدا زانست پێش کەوت و ئەزموونی هەڵوەشاندنەوە و دابەشکردنی پێکهاتەی نەوتیش پەرەی سەند و بێنزینی عادی، سوپێر، نەوتی سپی و مازووت و گازو ڕۆنی مەکینە و دەیان لێکەوتەی دیکە لە نەوتە ڕەشە وەردەگیرێت.

له نێوان ئەم هەموو لیکەوتەیەی لە نەوتی خاو وەردگیرێت، بێنزینی سوپێر و گاز زۆر بە قەدر و قیمەتن و وڵاتانی دیکەش پارەیان پێ‌دەدەن. مازووتیش بنکڕی ئەم لێکەوتانەیە لە نەوتی خاو دەکەونەوە. بێنزین و گاز سووکن و سووتانیشیان لە سووتانی مازووت زیانی بۆ ژینگە کەمترە.

ئێستا ئەو دەسەڵاتدارانەی لە ترسی هێرشی خەڵک بە زەحمەت تفیان بۆ قووت دەدرێتەوە، بۆ پەرەپێدانی دۆخی لایەنگرانیان لە دەرەوەی ئێران و پەرپێدان بە ڕوحی شۆڕشگێڕی لە وڵاتانی دەورو بەر، بێنزین و گازەکە دەفرۆشن و مازوتە قوونگرانەکەش دەکەنە سووتەمەنیی یەکەی بەرهەمینانی کارەبای خۆماڵی.

سووتاندنی مازووت جگە لە بەرهەمهێنانی کارەبا، دووکەڵی چاکیش دەکات. دووکەڵەکەشی لەم سەروبەندی ئەم خۆپێشاندان و شتەی ئەم ساڵانەی دواییدا زۆر بەسوودە. ئەم دووکەڵە دەبێتە هۆی نەخۆشیی ئەو هاووڵاتیانەی ڕەنگە بە لەشی ساغەوە کێشە بۆ دەسەڵات دروست بکەن و داوای گۆڕان و دیموکراسی و شتی وا بکەن. بە تایبەت نەخۆشیی درێژخایەن وادەکات لە جیات بیرکردنەوە سەبارەت بە گۆڕینی دەسەڵات بە ڕاکە ڕاکە بە دوای دکتۆر و دەوا و دەرمانەوە بن.

سووتانی مازووت لە یەکەی بەرهەمهێنانی کارەباوە دووکەڵێکی لێ‌دەکەوێتەوە دەبێتە هۆی بوغ و تەم و لە ئاکامدا هەوا پیس دەکات. ئەم پیس‌بوونی هەواش بیانوویەکی چاکە بۆ ئەوەی قوتابخانە و زانکۆیان دابخرێن و بێ‌ئەوەی پۆلیسی باتووم بەدەست لە شەقامان پێش بە خۆپێشاندان بگرێت، بە بیانووی دووکەڵ و مەترسیی پشوو سواربوون، بەر بە خۆپێشاندان دەگیرێت. بەم جۆرە گاز و مازووت سەر و بنی نیشتمانپەروەر و شوڕشگێڕی نەوتی خاون.

دروشمی شوڕشگێرانە واتە "شعار انقلابی: بۆپێشەوە بەرەو پارەدارکردنی بەرەی خۆڕاگریی لە وڵاتانی دراوسێ.

١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# خوێندنەوەیەکی نیشانەناسانە



**شەهلا دەباغی**

**ئێپیزۆدی یەکەم**

هەموو دالێک دەدوێ. نیشانەکان زیاترین قسەمان لەگەڵ دەکەن. وشەیەک، وێنەیەک، گڵۆپی سەر چوارڕێیەک، پەردە و پەنجەرەیەک. نیشانەکان بۆ ناسینی ڕووداوەکان و جیهان و خۆمان گرینگن. دالەکان چین و توێژەکان دەناسێنن. جیاوازییەکان نیشان دەدەن. پەردە و تابلۆکانی ماڵێک زیاترین زانیاری لەسەر جۆری ژیانی خاوەنی خۆی دەداتە ئێمە. پەردەکان گرینگییەکی تایبەتیان هەیە. هێندێک وەستا و خەیات دێنن تا پەردەکانیان بۆ دیزاین بکەن. هێندێک بە چێوێک، دوو بزمارێک و پەردەیەک ڕازی دەبن.

کلیپێک دەست بەدەست لە دنیای مەجازییدا سەفەر دەکا. هەستی بەرخۆدان ئاوپرژێنی دڵی تاسەباران دەکا. کۆمەڵە پیاوێک لە هۆدەیەک کۆبوونەتەوە و بە "لە قەندیلی سەربەرزەوە" ڕەسمی وەفا بە مێژوویەک، نەتەوەیەک و شەهیدان

بەجێ دێنن. من لەبەرامبەر ئەو خەڵکە نوتقم دەبڕێ. چاوم بە مێلاق لەسەر پەردە و پەنجەرەی هۆدەکە ڕادەوەستێ. پرسیار مێشکم دەکۆڵێ:

بڵێی ئەوە هۆدەی خانەباغێک بێ یا ماڵێک لە گەڕەکێکی پەڕاوێزی شار؟

پەردەکە لە دوودڵیدا دەمهێڵێتەوە. "ڕەنگە لە هۆدەی خاوەن باغێک هەڵاوەسرابم." دەڵێم "ڕەنگە. بەڵام ساڵی ڕابردوو پێی گوتم کە شۆڕش لە گەڕەکە پەڕاوێزخراوەکان نەگەیشتە گەڕەکە دەستڕۆیشتوویەکان. مەیدانی حەیوانان، مەنبەع، پشتتەپەکان تەنیا مانەوە. ڕەنگە تۆ لە هۆدەی ماڵی زەحمەتکێشێک، کە هەمیشە وەفاداری شۆڕشەکانن، هەڵاوەسرابی. دەستڕۆیشتووەکان کەمتر خۆ لە خەتەر داوێن".

وەبیر کتێبی فەرمانده شەهیدەکان دەکەومەوە. زۆربەی هەرە زۆری شەهیدان لە چینی زەحمەتکێشانن. وڵامێک دەتوانێ ئەوە بێ کە ئەوە چینی زەحمەتکێشانن کە بە سروودی "لە قەندیلی سەربەرزەوە" پەیامی وەفاداری بۆ منداڵەکانی خۆیان دەنێرن. یا ڕەنگە ماڵە هونەرمەندێک بێ کە تەمەنێک خزمەتی چاندی کوردی کردوە.

لە دوودڵی و شک دام کە ترووسکەی هیوایەک بە هەناو و گیانمدا دێ. شەبەقی گڵۆپ و پەنجەرەیەک ڕوو بە تاریکی تریقاوەتەوە. هۆدەیەکی ڕووناک پڕ لە دەنگی بەرخۆدان شەوەزەنگ دەشکێنێ.

## کورد و دۆخی ئاوارتە

دوابەدوای ڕووخانی شا و هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان، حاکمانی ئیسلامی لە تاران هێژمۆنی و سەروەریی خۆیان سەپاند و ڕێبەری شیعەکانی ئێرانی، واتە خومەینی، دژی نەتەوەی کورد فەتوای دەرکرد. بۆ نیشاندانی دەسەڵات و سەپاندنی دەسەڵات (اعمال قدرت) هەزاران ئینسان بێ هیچ دادگاییەک وەبەر گولـلە دران و شارەکانی کوردستان بۆمباران دەکران. هیچ یاسایەک نەبوو پارێزەری ژیانی خەڵکی کورد بێ. ئینسانی کورد لەژێر هێژمۆنی و دەسەڵاتی تازەدا لە دۆخێکی بێ یاساییدا خۆی دەدیتەوە. حاکم خودی یاسا بوو و هەر یاسایەکی هەڵدەوەشاندەوە، بەتایبەت کە دەسەڵاتەکەی بەپێی ئایینی ئیسلام لە خودا وەرگرتبوو و ئەو "ولی فقیە" بوو لەسەر زەوی. ئەم دۆخە ٤٢ ساڵی ڕەبەقە بەردەوامە. خەباتکاران و چالاکان لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامیدا هۆمۆ ساکێرێک بوون/هەن کە هیچ یاسایەک نایانگرێتەوە. دەسەڵاتی تازەی ئێران لەدوای ڕێبەندانی ١٣٥٧ جارناجارێک بە ڕاگەیاندنی حکوومەتی نیزامی لە کوردستان و بە دروستکردنی شەڕ

لەگەڵ کورد، یا شەڕی ئێران و عێراق و هتد، بەردەوام دۆخی نیزامی و "وضعیت ویژە"ی ڕاگەیاندووە، بە جۆرێک کە لە ماوەی ئەم چل و دوو ساڵەدا ئەم دۆخە هەمیشەیی بووە. هەر ئەو جۆرەی ئاگامبێن پێی وایە کە لە ڕۆژاوا لە دۆخی ئاوارتەدا حاکم بڕیاردەرە، ئێرانی دوای ۱۳۵۷ کەوتە دۆخێک کە دەکرێ بە دۆخی ئاوارتە (ئیستیسنایی) ناوی لێ ببەین. کە هەڵبەتە لە ڕوانگەی نووسەری ئەم وتارەوە، ئەم دۆخە هەمیشە ئاوارتەیی بووە. بەپێی ئاگامبێن دۆخی شەڕی ناوخۆ، شۆڕش، شەڕی چەکداری، بەرخۆدان ئەو بەرزەخەن کە پڕن لە دژایەتی و بە یاسا ناکرێ مافەکان بپارێزی و خودی یاسا دەکەوێتە هەڵپەساردن و تاک بێ پشت و پەنا دەمێنێتەوە. (Agamben 2004) لە جوغرافیای ئێرانیشدا ئێمە بەردەوام شاهیدی شەڕی ناوخۆ، شەڕی چەکداری و بەرخۆدان و دۆخێکی بەرزەخی بووین.

دوای ۱۳۵۷ پرسی کورد و چارەسەری پێویست لەگەڵ فۆڕم و سروشتی پرسەکە لەژێر ناسیۆنالیزمی شیعە-فارسدا بەردەوام لە دۆخی ئاوارتەدا ماوەتەوە. هەڵبەت بەلووچەکان و عەرەبەکانیش بەهۆی بەرخۆدان ئێستا زۆر زیاتر لە جاران کەوتوونەتە بەر زەبروزەنگی دەسەڵات. لە ڕاستیدا حاکمی تاران بە هیچ جۆرێک تاکی نەتەوەکانی ژێردەست وەک تاکی نەتەوەی باڵادەست نابینێ، گەرچی دەزانین کە تاک و گرووپی یاخی لە نەتەوەی باڵادەستیش بوونەتە قوربانی. لێرەدایە کە دەکرێ بڵێین کە کۆی دانیشتووانی جوغرافیای ئێران بەتایبەت نەتەوەکانی غەیرە فارس و ژنان بێ ماف و لە دۆخی ئاواتەدا دەژین. شوناسی مێژوویی نەتەوەکانی ژێردەست بە شێوەیەکی سیستماتیک سەرکوت کراوە و گوتاری زاڵی حاکمییەتی ئێرانی لەلایەک بە نەفی ئەوانیتر، گەڵتەپێکردن و نزمنیشاندانی پرسی نەتەوەی بەکۆلۆنیکراو، و لەلایەکی تر بەسووژەکردن و بەکەسایەتیکردنی نەتەوەی باڵادەست بووە. ئەم بەسووژەکردنە لە ڕێگای ئاپاراتووسەکانی حاکم و دامودەزگاکانی پڕوپاگاندا لەگەڵ زەختی هێزەکانی نیزامی بە شێوەیەکی سیستماتیک ڕێکخراون. هێز و کارایی تاک و نەتەوەکانی دیکە یان بەرەو لاوازی بردراوە یان خراوەتە خزمەتی دەسەڵاتی فارسزمان. دۆخی ئاوارتە لە کوردستان لەدوای ۱۳۵۷ تێکەڵاوییەکی بێبڕانەوەی لەگەڵ زەبروزەنگ و میلیتاریسم و "تحقیر" بووە. دەسەڵاتی سەرووی یاسا (تەنانەت یاساکانی خۆی) لە هەموو ئەو ساڵانەدا زەبروزەنگ و دەسەڵاتی ڕەهای بەکار هێناوە. دەسەڵات پێی وایە هەر ئەکتێک لە دەرەوەی ویستی ئەو خەتەرە بۆ سەر بوونی ئەو، و نیزامەکەی دەکەوێتە خەتەر.

## هۆمۆساکێر

چەمکی هۆمۆ ساکێر (۱۹۹۸) لە چەمکە گرینگەکانی ئاگامبێن، فیلسووفی بەناوبانگی ئیتالییە. ئاگامبێن پێی وایە کە دەسەڵاتی سەروەر بڕیاردەرە لەسەر ژیان و مەرگ، هەبێ یا نەبێ، بتکوژێ یا ژیانت پێ بداتەوە. لە کاتێکا سووژە/سابجێکتی سیاسیی نوێ لەژێر دەسەڵاتی مۆدێڕندا بووەتە ئاژەڵێک بە بوونێکی سیاسیی تایبەت کە بوونەکەی دێتە

ژێر بڕیاری دەسەڵاتەوە.

ئاگامبێن پێی وایە Sovereign Power یاساکان هەڵدەوەشێنێتەوە، هەڵیاندەپەسێرێ و ڕایاندەگرێ. لە سیاسەتی سەردەمدا دۆخی نائاسایی و ئاوارتە هەرچی زیاتر بووەتە دۆخی ڕۆژانە. واتە یاسا هەیە، بەڵام هیچ مانا و کاکڵی نییە و دێمۆکراسی کاری خۆی ناکا، بەڵکوو دەسەڵات بڕیاردەرە. ئینسان لە دۆخی ئاوارتەدا دەژی و ژیان لەژێر زەبروزەنگی دەسەڵاتی سەروەردایە. ئاگامبێن بۆ ئەوە ئەم دۆخە بەباشی نیشان بدا لە یاسای ڕۆم و لە چەمکی "هۆمۆ ساکێر" کەڵک وەردەگرێ. لە ڕۆمی کۆندا هەر کەس دەیتوانی هۆمۆ ساکێرەکان بکوژێ، بەڵام نەدەکرا قوربانیيان بکەی. ئەوان یاسایان بەسەردا دەسەپێندرا، بەڵام هیچ مافێکی یاساییان نەبوو. هۆمۆ ساکێرەکانی ڕۆمی کەونارا وەک ئینسانی خاوەن ماف نەدەدیتران و ئەگەر کوژرابان، وەک قەتڵ ئەژمار نەدەکرا. بە ڕای ئاگامبێن، هۆمۆ ساکێر لە دەرەوەی یاسا دەمێنێتەوە و یاسا مافی ناداتێ و بگرە سزاشی دەدا. هۆمۆ ساکێر یاسای پاراستن و شارۆمەندی نایگرێتەوە. نموونەی هۆمۆ ساکێر لە دۆخی ئاوارتەدا ئاوشویتس و کەمپەکانن بۆ وێنە زیندانی گوانتانامۆ. لە دۆخی ئاوارتەدا State of Exception بۆ وێنە لە کەمپەکانی نازیستەکاندا هیچ یاسایەک پارێزەری ژیانی جوویەکان نەبوو، ئەوسا کە جوویەکان لەنێوان ژیان و مەرگدا هەبوون و نەبوون. هەوڵی ئاگامبێن لە زنجیرە نووسینێکدا لەسەر چەمکەکانی هۆمۆ ساکێر، دۆخی ئاوارتە، یاسا و باسی شارۆمەندی ئەوەیە کە بە ڕەچەڵەکناسی لە ڕۆم هەتا شۆڕشی فەڕانسا و شەڕی ناوخۆیی ئەمریکا، ئاڵمانی نازی و فاشیزمی ئیتالیا و دوای ١١ی سێپتامبر ئەوەمان نیشان بدا کە نیزامی یاسایی-سیاسی بووەتە ماشێنی کوشتار. دۆخی ئاوارتە بە جۆرێک بەردەوام و هەمیشەیی بووە. سەروەر بە زەبروزەنگ دەسەڵاتەکەی دەپارێزێ، بە شێوەیەک کە لە "دێمۆکراسییەکانی ڕۆژاوایی"دا دەوڵەت بە جێگای ئەوە دەوڵەتی شارۆمەندان بێ، شارۆمەندی بێکەڵک کردووە و لە سیاسەت دووری دەکاتەوە و بەردەوام لە ترس و شکدا ڕایدەگرێ تا بتوانێ دەسەڵاتی خۆی بەسەردا بسەپێنێ و بەرەو ئەو ئامانجەی ببا کە خۆی دەیهەوێ. بۆ وێنە لە دوای ١١ی سێپتامبر لە ئەمریکا دۆخ و دەوڵەتی ئەمنییەتی (security state) دروست دەکا. (Undantagstillståndet, Agamben Giorgio. 2004)

## ئێپیزۆدی دووهەم


بە پێچەوانەی ژووری یەکەم کە بەدەم تاریکیدا تریقابۆوە، لە ژوورێک کە کەس ناتوانێ بزانێ کوێیە، جگە لەوانەی ئەسیر کراون، چەند ئینسانێک مات و مەلوول دایاننیشاندوون. دەنا خۆ ئینسان بە هۆی ئەوە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و سەرفەرازی پێخۆشە، بەسەر پێ بوونیان پێ خۆشترە. ژوورێک کە پەردەکەی بە پێچەوانەی پەردەی ژووری یەکەم، ژووری بازجوییمان وەبیر دێنێتەوە. دەستەکان لەنێو دەست، و مل بەلایەکدا شۆڕ بۆتەوە، وەک چۆن باڵندەیەک سەری هەڵدەقەنن.

بە پێچەوانەی ئێپیزۆدی یەکەم کە قاز و قورینگ دەیانخوێند و چۆلەکە جریوەیان دەهات، لێرە زمانێکی بێگانە بە قریوە قریو ئاهەنگێکی ناشاز دەڵێتەوە. مام خدر پیر و خەمگین لە سەر زەوی دانیشتووە. چاوم دەچێتە سەر گۆڕێ سپییەکانی ئەو خەڵکە و گۆڕێکان پێم دەڵێن: چاو لە سەرمان مەکە خۆڵەمێشی لێدەبارێ و بەخۆمانەوە ناگرێ و لەبەر خۆمان ناوە، ڕێگامان ڕێگای ڕووناکییە و سروودی یەکەمان ئەسڵ بوو.

ئێپیزۆدەکان بەدوای یەکتردا دێن. نازانین سبەی لەم ئاڵقەیەدا چ ڕوو دەدا. ئێستا لە دۆخی ئاوارتەدا گەرووی مام خدر زیاتر لە هەمیشە پڕە لە حەیران، بەڵام بەدڵنیاییەوە هۆمۆساکێرێک خەریکە زنجیرەکان بپسێنێ و ببێتە بکەر و خولقێنەری داهاتووی خۆی.

١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# لە شۆڕشی ژیناوە هەتا دیاردەی "حیجاب‌بان"



**ڕەزا محەممەدئەمینی**

توندوتیژیی دژبە ژنان لە هەموو جیهاندا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و بۆ فەرهەنگی دواکەوتووی پیاوسالاری لە کۆمەڵگەکاندا کە هەزاران سالە وەک دیاردەیەکی دزێو بە تەوێڵی مرۆڤایەتییەوە نووساوە. بەوحاڵەش لەگەڵ پێشکەوتن و شۆڕشە سیاسی و ئابوورییەکان و گۆڕانگارییە کۆمەڵایەتییەکاندا دیاردەی توندوتیژیی دژبە ژنان و شێوەکانی لەباری چۆنیەتی و چەندایەتییەوە ئاڵوگۆڕی بەسەدا هاتووە.

لەسەردەمی ئێستادا توندوتیژیی دژبە ژنان لە وڵاتانی پێشکەوتوو تا ڕادەیەکی زۆر هەوسار کراوە، یاسای تایبەت بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانی ژنان لە هەموو بوارەکاندا چەسپێندراوە و بەکردەوە جێبەجێ دەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەی توندوتیژیی دژبە ژنان لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا هێشتا بەتەواوی خاشەبڕ نەبووە و ژنان بە وەڕێخستنی جووڵانەوە فیمینیستییەکان لە چوارچێوەی یاساکاندا دژبە هەڵاواردنی ڕەگەزیی تێدەکۆشن. لەڕاستیدا هەر ئەو جووڵانەوە یەکسانیخوازانە و هەڵوێستانە بوون کە پاشەکشەیان بە دیاردەی پیاوسالاری و هەڵاواردن و تەریکخستنەوەی ژنان لەو

کۆمەڵگەیانەدا کردوە و لەنێوەدا کار و چالاکی هەمەلایەنە و لەخۆبوردوویی بێوچانی ژنان و پشتیوانیی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەت حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و ڕووناکبیران هۆکاری سەرەکیی دەستەبەربوونی ئەو دەسکەوتانەبوون.

له وڵاتانی دواکەوتووی جیهان دیاردەی توندوتیژیی دژ بە ژنـان و پیاوسالاری وەک دابونەریتی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی کە ئاوێتەی دەسەڵاتی دیکتاتۆڕی و سەرەڕۆییە زۆر بەزەقی خۆ دەنوێنێ و ژنان زۆر بەتوندی دەچەوسێنەوە و ماف و ئازادییەکانیان پێشێل دەکرێ. دیارە لەنێو ئەو وڵات و کۆمەڵگەیانەشدا چەوسانەوە و توندوتیژیی دژبە ژنان لە باری چۆنیەتی و چەندایەتییەوە جیاوازە. بۆ وێنە لە وڵاتانی دیکتاتۆری، بەڵام سیکۆلاردا ڕادە و چۆنیەتی توندوتیژیی دژبە ژنان لەگەڵ وڵاتانی دواکەوتوو و سەرەرۆ کە یاساکان لە ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت سەرچاوە دەگرن جیاوازی هەیە. ئێران لەو چەشنە وڵاتانەیە کە لەودا ژنان لە هەموو بوارەکاندا بەرەوڕووی توندوتیژیی دەبنەوە.

ڕاستە لە ئێران توندوتیژیی دژبە ژنان و هەڵاواردنی ڕەگەزی ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی پیاوسالاری و دابونەریتێکی دواکەوتووی سەدان ساڵە، بەڵام ئەو دیاردەیە لە ماوەی دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامیدا بەیاسایی کراوە و دەسەڵات بە پشتئەستووربوون بە یاسادواکەوتووەکانی کە لە شەریعەتەوە سەرچاوە دەگرن و دژی مافی مرۆڤ و هەموو یاسا و ڕیسا پەسندکراوەکانی جیهانن، زۆر بەتوندی سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانی ژنان پێشێل دەکا. کۆماری ئیسلامی بە دانانی یاسا دواکەوتوەکانی خۆی بەشێوەی پلانمەند ڕێخۆشکەر بوو بۆ تەریکخستنەوەی ژنان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا. ئاخوندەکان نەیانشاردووەتەوە و بەئاشکرا هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریانەوە گوتوویانە و بەکردەوەش سەلماندوویانە کە ژنان دەبێ لەماڵەوە ملکەچی پیاوان بن و تەنیا، کۆیلەی جنسی و ماڵبەڕێوەبەر و بوونەوەرێک بن بۆ زاوزێ و زیادکردنی حەشیمەتی وڵات.

کۆماری ئیسلامی ئازادییە سەرەتاییەکانی وەک شێوەی پۆشینی جلوبەرگی لە ژنان سەندەوە و حیجابی ئیجباری و پەچە و ڕووبەندی بە زۆرەملی، بەکەلکوەرگرتن لە دەزگای سەرکوتی خۆی بەسەر ژناندا کێشا. دیارە ژنان هەر لە سەرەتاوە لەدژی ئەو سیاسەتە دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی نارەزایەتییان دەربری و دەیان خۆپێشاندانیان لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران وەڕێخست؛ بەڵام ئاخوندەکان هەرچەشنە ناڕەزایەتی و بەربەرەکانی ژنانیان زۆر بەتوندی سەرکوت کرد و هاوتەریب لەگەڵ پەلاماری هێزەسیاسییەکان و کوشتاری ئازادیخوازان لە بەندیخانەکان، سەدان ژنی ئازادیخوازیش کوژران.

ئاکامی هەڵاواردنی ڕەگەزی و توندوتیژی بەیاساکراو لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوو لەئێراندا، جگە لە پەراوێزخستنی ژنان وەک نیوەی کۆمەڵ لە ئیدارەی وڵات، دەیان کێشەی کۆمەڵایەتیی لێ بۆتەوە کە ئێستا ژنان و بەگشتی کۆمەڵگەی ئێران پێوەی دەناڵێنن. کوژرانی سالانە دەیان ژنان و کچان بە بیانووی نامووسپارێزی، چوونەسەری دیاردەی خۆکوژی و


خۆسووتاندن لە نێو ژناندا، كچ فرۆشی و بەشوودانی لە تەمەنی منداڵی و بەزۆرەملی، هەژاری و بێكاری و ئاوارەبوون و لەشفرۆشی و گیرۆدەبوون بە ماددەسركەرەكان و زۆر دیاردەی نامۆی كۆمەڵایەتی دیكە ئاكامی هەڵاواردنی ژنان و سیاسەتە دواكەوتووەكانی كۆماری ئیسلامییە لە ئێراندا.

سەرەڕای سیاسەتی زەبروزەنگی ئاخوندەكان، ژنان هەروا پێداگرن لەسەر ماف و ئازادییەكانیان و جگە لە نافەرمانییە مەدەنییەكان و بەگژداچوونەوەی سەركوتكەران كە وەک دیاردەیەكی ڕۆژانە لە ئێرانی لێهاتووە، ژنان لە ماوەی دوودەیەی ڕابردوو لە زۆربەی ڕاپەڕینەكانی ئەو ساڵانەدا لەپێشەوە بوون و لەو پێناوەشدا خوێن و قوربانیی زۆریان داوە و هەرئێستاش بە هەزاران ژنی ئازادیخواز لە بەندیخانەكاندان. بەڵام چڵەپۆپەی ڕاپەڕینی ژنان كە بەڕاستی كۆڵەكەكانی كۆماری ئیسلامییان وەلەرزەخست، شۆڕش ژن، ژیان، ئازادی بوو كە بە شەهیدبوونی ژینای كوردان بەدەستی سەركوتكەرانی كۆماری ئیسلامی دەستی پێ كرد و لە كوردستانەوە تەواوی ئێرانی تەنی. ئەو شۆڕشە سەلماندی كە ژنان گەورەترین هێز و پۆتانسیەلی خەباتن بە دژی دەسەڵاتی ئاخوندەكان و ئەگەر هەلومەرج لەبار بێ دەتوانن دەسەڵاتی ڕێژیم هەڵتەكێنن.
شۆڕشی ژینا نیشانیدا ژنانی كورد و نەتەوەكانی دیكەی غەیری فارس وەک بەلووچەكان جگە لەوەی وەک ژنان توندوتیژیان لەگەڵ دەكرێ و كەوتوونەتە بەر سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی كۆماری ئیسلامی، ستەمی نەتەوایەتیشیان لەسەرە و دەبێ باجی بۆ بدەن.

شک لەوەدا نییە كۆماری ئیسلامی وەک چۆن بە شەهیدكردنی ژینا و كوژران و زامداركردنی سەدان كچ و كور و میرمنداڵی ئازادیخوازی ئێران نەیتوانی خۆی لە ناڕەزایەتییەكانی خەڵكی ئێران دەرباز بكا، بە دانانی"حیجاببان" لە شوێنە گشتییەكانیش ناتوانی وەک پێشوو درێژە بە سەركوت و ئازاری ژنانی ئازادیخوازی ئێران بدات. گڵۆڵەی ئاخوندەكان لەلێژیدایە و شۆڕشی ژینا هەرچەند گڕوتینی پێشووی نەماوە، بەڵام وەک گڕكان وایە كە سەرهەڵدەداتەوە. ئەو ڕێژیمە لەگەڵ دەیان قەیرانی نێوخۆیی و دەرەوە بەرەوڕوویە و خۆلێدەربازكردنیان بۆ ئاخوندەكان مەحاڵە .

١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

## سۆران باریکە: لە فەرهەنگی ئیسلامی سیاسیدا شتێک بە ناوی بیری نەتەوەیی نییە




**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە**: ئیسلامی سیاسی وەک دیاردەیەکی هاوچەرخ کاریگەریی زۆری لە سەر بزاڤی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە کوردستان و ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە. هاوکات کۆمەڵێک پرس و پرسیار لەو پێوەندییەدا هەمیشە گەنگەشەی لەسەر دەکرێ: پرسی نەتەوەیی و سەروەریی خاک و گەل لە کوێی ئایدۆلۆژیی ئیسلامیدا جێ دەگرێ؟ بەشداریی ئایین لە سیاسەت و خەباتی کورددا تا چەند لە پێناو چەسپاندنی مافی نەتەوەیدا بووە؟ کورد وەک نەتەوەکانی دیکەی وەک فارس و عەرەب و تورک چەند توانیویەتی لە ئایین وەک پاڵپشتێک بە قازانجی بەرەوپێشبردنی پرسی نەتەوایەتی کەڵک وەربگرێ؟ "کوردستان" بۆ وەرگرتنی وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەند پرسیاری دیکە وتووێژێکی لەگەڵ سۆران باریکە، مامۆستای زانکۆ و کارناسی باڵا لە بواری ئیسلامی سیاسیدا پێکهێناوە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک سۆران سەرەتا بۆ چوونە نێو باسەکەمان ئەگەر باسێکی کورت لە مێژووی ئیسلامی سیاسیی لە کوردستان بکەی.

**سۆران باریکە**: مێژووی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاوازە لە وڵاتانی دیکە، چونکە ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی ئەوەندە دووروودرێژی نییە بە نیسبەت وڵاتانی دیکە. ئیسلامی سیاسی لە کۆتاییەکانی دەیەی ٥٠ی هەتاوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵداوە کە ئەمەش زیاتر لەژێر کاریگەری و هەژموونی حۆجرە و کەسایەتییە ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەیوەندیان لەگەڵ حۆجرەکانی باشووری کوردستان و مەدرەسە دینییەکانی باشوور بووە. هەتا ئەو سەردەمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەوتێک یان بزووتنەوە یا هیچ جووڵانەوەیەک بەو ناوە یان لەژێر کاریگەریی ئیسلامی سیاسیدا نەبووە. بەڵام لە سەرەتاکانی دەیەی ٥٠ی هەتاوی بەهۆی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی کەسایەتییە ئایینییەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ باشووری کوردستان هەیانبوو، ئەو هاتوچۆیەی لەنێوان حۆجرەکان یان مەجلیسە دینییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو، ئەمانە وای کرد ئەم بیروڕایە بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بپەڕێتەوە و وردە وردە لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پەرە بستێنێ.

**شەهرام سوبحانی**: بڵاوبوونەوەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بەرهەمی چ خوێندنەوە و تێڕامانێکە و ئامانجەکانی چین؟

**سۆران باریکە**: ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمی بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوانییە لە ناوچەکە بەتایبەت بۆچوونەکانی سەید "قووتب" و خوێندنگە ئایینییەکانی باشووری کوردستان کە زیاتر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بیری ئیسلامی سیاسیدا هەبووە. لە ساڵانی بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران و لە ساڵی ١٣٥٧ ڕەوتێکی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵات سەری هەڵدا بە ناوی "مەدرسەی قورئان" کە دواتر ناوەکەیان گۆڕی بۆ "مەکتەبی قورئان" بە سەرکردایەتیی ئەحمەدی موفتیزادە. ئامانجی ئەم ڕەوتە سیاسی ئیسلامییەش دامەزراندنی حکوومەتێکی ئیسلامی بوو.

**شەهرام سوبحانی**: چۆن بوو بیری ئیخوانی گەیشتە ڕۆژهەڵات و ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵات گەشەی کرد؟

**سۆران باریکە**: گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵات بۆ ئەو دۆخە ئازادە دەگەڕێتەوە کە لە ماوەی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵانی (١٣٥٦ - ١٣٥٧) هەبوو. دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی بە سەر کوردستاندا زۆر لاواز بوو و ئەمەش وای کردبوو هەر لایەنێکی خاوەن بۆچوون بێتە مەیدان و موفتیزادەش کە پێشتر "مەکتەبی قورئان"ی دامەزراندبوو، و بە هۆی زاڵبوونی گوتاری نەتەوەیی و لایەنەکانی دیکە و پێگەی کۆمەڵایەتی ڕێبەرانی ئەو حیزبانە ئیمکانی دەرکەوتنی نەبوو؛ لەو پشێوپشێوییەی سەردەمی شۆڕش کەڵکی وەرگرت. ئەو توانی خۆی زیاتر بناسێنێ و دواتریش بە پشتیوانیکردن لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بیری خودموختاریی ئیسلامیی هێنایە گۆڕێ کە دیارە ئەمەش زیانی زۆری بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد گەیاند.

دواتر ئیخوانی ڕۆژهەڵاتی بە سەرکردایەتیی "ناسر سوبحانی" لەژێر چەتری ئیخوانی نێونەتەوەییدا هەوڵی دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامی و پێکهێنانی ئوممەتی ئیسلامیی دا. لە ڕاستیدا بیری ئیخوان لە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوییەوە لە ڕێگەی باشووری کوردستانەوە گەیشتە ڕۆژهەڵات و لە ساڵی ١٣٥٨ وەک ڕێکخراوێک کە پێی دەگوترێ "دەعوەت و ئیسلاح" دەستی بە چالاکی کرد.

**شەهرام سوبحانی**: ئەدی بیری سەلەفیەت و سەلەفییەتی جیهادی چی؟ چۆن بوو بیری سەلەفیەتی جیهادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چێ بوو و گەشەی کرد؟

**سۆران باریکە**: مێژووی سەلەفیزمیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی زۆر دوور نییە. سەلەفیزمیزمیش لە ڕۆژهەڵات بەرهەمی سەلەفییەتی باشووری کوردستانە. شەڕی ئەمریکا و ئەفغانستان و دواتریش عێراق هۆکارێکی کاریگەر بوون بۆ بڵاوبوونەوەی بیری سەلەفییەتی جیهادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. سەلەفییەت لە سەرەتادا پشتیوانیی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی لە پشت بوو، واتە سەرهەڵدانی بیری سەلەفیی جیهادی لە ڕۆژهەڵات جگە لە دەرەنجامی سیاسەتە نێوخۆییەکان لێکەوتەی سیاسەتە ناوچەییەکانی ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا بووە.

**شەهرام سوبحانی**: کاریگەرییە نەرێنییەکانی بزاڤە ئایینییە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر پرسی نەتەوەیی و یەکگرتوویی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**سۆران باریکە**: ئیسلامیزم یان ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژی دەرکەوتنیەوە کێشەی بۆ بیری ناسیونالیزمی کورد دروست کردوە و لە فەرهەنگی ئیسلامیزمدا شتێک بە ناوی بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم نییە. بۆیە گوتاری هەموو لایەنە ئیسلامییەکان زیاتر نەیارەتیی ناسیۆنالیستە کوردەکانی لە هەگبەدا بووە. ڕەوتە ئیسلامییەکان هەر لە سەرەتاوە پشتیوانییان لە کۆماری ئیسلامی کرد و ڕێگای خۆیان لەگەڵ بیروبۆچوونی حیزبە ناسیۆنالیستەکان یان ڕەوتە ناسیۆنالیستەکانی کورد جیا کردەوە. ئەمەش بە نموونەوە لە چەندین قۆناغی جیاجیادا دەرکەوت بەتایبەتی لە شەڕی سێ مانگە و هەروەها دروستکردنی ڕێکخراوی "پێشمەرگەی موسوڵمان" کە کاریگەریی نەرێنیی یەکجار زۆری هەبوو لە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریی خوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

**شەهرام سوبحانی**: یانی بەشداری ئایین لە سیاسەت و خەباتی کوردستان لە پێناو چەسپاندنی مافی نەتەوەییدا نەبووە؟

**سۆران باریکە:** تا پێش دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی بەشداری ئایین لە سیاسەت و خەباتی کوردستاندا زیاتر لە پێناو مافی نەتەوایەتیدا بووە و ڕەنگ و بۆی کوردایەتیی پێوە دیار بووە. تەنانەت لە چەند قۆناغێکی مێژوودا سەرکردایەتیی زۆربەی هەرە زۆری بزووتنەوە یا دەبێ بڵێی ڕەوتە نەتەوایەتییەکان لە دەستی کەسانی ئایینیدا بووە. بەڵام کاریگەریی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو کاتەوە کە سەری هەڵداوە بۆ کوردستان و بۆ کۆمەڵگەی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا نەرێنی بووە و بە زیانی شکاوەتەوە. لەڕووی کۆمەڵایەتی هەوڵیان بۆ گۆڕینی کولتوور و فەرهەنگی کوردی داوە، لە ئاراستەی پێکهێنانی کولتووری هاوبەشی ئیسلامیدا هەوڵیان دا هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕن و لە بواری سیاسییەوە باوەڕیان بە چەمکە مۆدێڕنەکانی وەکوو سێکۆلاریزم و دێموکراسی و ناسیۆنالیزم نییە و خوازیاری دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامین. بێگومان پاراستنی هەر نەتەوەیەک پێویستی بە زمانەکەیەتی بەڵام یەکێک لەو بابەتانەی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵات کاریگەریی نەرێنی لەسەری هەبووە زمانە. ئیسلامییەکان کەش و هەوایەکیان ڕەخساندوە کە تێیدا ئەوەندەی بایەخ بە گەیاندنی پەیامە ئیسلامییەکان دراوە کەمتر گرنگی بە زمانی کوردی دراوە. هەربۆیە هەموو ئەم کاریگەرییانەش دەبنە هۆی دروستبوونی کەلێنی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات لێک دردۆنگ دەکەن و هەوڵ بۆ پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی نادەن.

**شەهرام سوبحانی:** وەک باس کرا زۆر نەتەوەی دیکەی موسوڵمان توانیویانە ئیسلام سیاسی بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانیان بەکار بێنن، بەڵام کورد بۆ نەیتوانیوە؟

**سۆران باریکە:** لە بنەڕەتڕا و لە مێژووی بیری ئیسلامیدا پرسی ناسیۆنالیزم وەک دیاردە و پرسیار لە بەردەم زانا و ڕێبەرانی ئیسلامی کلاسیک نەبووە تاکوو هەڵوێستی هزری و شەرعیی لەسەر دیاری بکەن. بۆیە لە جیهانی سەردەمدا سەبارەت بە پێگەی ئایینی ناسیۆنالیزم لە ئیسلامدا ڕوانگەی جیاواز سەری هەڵدا و لە هەر وڵاتێک ئاراستەیەکی وەرگرتوە. هێندێک لە ئیسلامخوازان لەو باوەڕەدان ئیسلام و موسڵمانان یەک ئوممەتن و نابێ باس لە نەتەوەی جیاواز بکرێت و تەنانەت پێداگری لە سەر یەک دەوڵەت بۆ هەموو موسوڵمانان دەکەن. ئەوەی ئاشکرایە هەر گرووپ و کۆمەڵێکی ئیسلامی کاتێک دەست بە بانگەواز دەکات یاخود بابەتێک یەکلا دەکاتەوە پێویستە لەسەریان بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕا و بۆچوونانەیان بەڵگە یان ئایەت و فەرمووده بهێننەوە بۆیە دەبینین کاتێک گرووپێک بە شێوەیەکی جیاواز بیری کردەوە بۆ نموونە نەتەوەییەکان هەمیشە ئەوەیان خستۆتە ڕوو کە لە دینی ئیسلام و یاساکاندا شتی لەو بابەتە ڕێگەپێدراو نییە. هەر بۆیە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی هەستی نەتەوایەتی و بەرەبەرە بڵاوبوونەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیا تازەیە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست هەر زوو شارەزایانی ئیسلام و پێشەواکانیان دەستیان بە فتوای جۆراوجۆر کرد و تەنانەت ئایەتی قورئانیشیان بۆ دەهێناوە و پاڵپشت و پشتبەستوو بەو ئایەتەی لە سوورەتی "الحجرات" ئایەی ١٣دا هاتووە، هەڵگرانی

بیـری ئیسـلامی جەخـت لەوە دەکەنەوە مـرۆڤ ئاسـاییە لە هەر نەتەوە و هـۆز و ڕەگەزێـک بێـت و لای خـودا ئەو کەسـە پەسەندترینە کە خوداپەرستی دەکات و پارێزگاری ئایینەکەی بێت. گرینگ ئەوەیە هەستی نەتەوەیی پێش موسڵمانێتیی کەسەکە نەکەوێ و بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نەدراوە هەستی نەتەوایەتی یاخود هیچ هەستێکی تر ببێتە ناوکی کۆبوونەوەی کۆمەڵە مرۆڤێکی موسوڵمان کە ببێتە هۆی دروستبوونی ترازان لە کۆمەڵە سەرەکییەکە ئەویش ئۆممەتی ئیسلامییە. ئەڵبەت دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە بەپێچەوانەی ئیسلامی سیاسی وەک ئاماژەی پێ درا بە پشتبەستن بە هێندێک گێڕانەوەی ئایینی کە پەیوەندییان بە واتـای سیاسی و سەردەمی ناسیۆنیزمەوە نییە هەوڵیـان بۆ ڕەتکردنەوەی ناسیۆنالیزم داوە لە کاتێکدا دۆخی سیاسیی سەردەم جیاوازە و نەک‌هەر بوونی یەک دەوڵەت بۆ هەموو نەتەوەکان جێبەجێ ناکرێ بەڵکوو خودی عەرەبەکـانیش وەکوو نەتەوەیەک نەیـانتوانیوە بە یەک دەوڵەت ڕازی بـن. بـۆیە نە ئـایین پەسـەندی دەکـات و نە دۆخـی نەتەوەیی بێ‌دەوڵەتەکـانیش ئەوە قەبـووڵ دەکـات نەتەوەیەکی وەکوو عەرەب چەنـدین دەوڵەتـی هەبێ و هێندکیش وەکوو کورد هیچ دەوڵەت و وڵاتێکیان نەبێ. هەربۆیە لەژێر کاریگەریی ئەم بۆچوون و بەڵگانەی ئیسلامییەکان دەیهێننەوە دەبینین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژی دەرکەوتنەوە هەمان کێشەی بۆ بیری ناسیۆنالیستی کورد دروست کـردوە بەپـێچەوانەی ئیسلامی نەریتـی. چونکە ئیسلامی نەریتـی لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لە سـەدەکانی ڕابـردوو بە تـایبەت لە سەدەی بیستەمدا شانبەشانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی ڕۆڵی بینیوە، تەنانەت لە زۆر وێستگەدا خۆیان ئاڵاهەڵگری شۆڕش و بـزووتنەوە نەتەوەیەتییەکـان بـوون. لە سـەرەتای دەیەی حەفتـای زایینیـی سـەدەی ڕابـردوودا ئەو کـوردانەی خەریکـی دابونەریتـی ئیسلامخوازی بـوون، شوناسی نەتەوەیـی خۆیـان وەلانـا بـوو، و لەڕاستیدا ئەمەش پرۆژەیەکـی ئاڵتێرنـاتیڤ و نەیار بوو لە بەرامبەر هەردوو ناسیۆنالیزمی کوردی و ڕەوگەی ئیسلامی نەریتخواز لە کوردستاندا.

**شەهرام سوبحانی:** دەتانەوێ بڵێن گوتاری ئیسلامی سیاسی لەگەڵ گوتاری مافخوازیی کورد یەکی نەدەگرتەوە؟

**سـۆران بـاریکە:** ڕێـک وایە، بەو واتـایەی لە بیـری ئیسلامی سیاسیدا نەتەوەخـوازی نـابێ هەبـێ. هەڵبەت ڕێکخراوێکی ئیسلامیی وەک مەکتەبی قورئـان لە سەرەتای دامەزرانی و دوای قۆنـاغی شۆڕشی گەلانی ئێرانیش پرسی نەتەوایەتیی بە یەکێک لە سێ داواکارییەکەی دادەنا کە مەزهەب، چینایەتی و نەتەوایەتی بوو، بەڵام لە کردەوەدا هیچ هەنگاوێکی بۆ بـابەتی نەتەوایەتـی هەڵنەدەهێنـا و زۆر جـاریش لەمپەریش بـوو لە بەرامبەریـدا. هەروەهـا ئەگەرچـی بەشێکی کەم لە سەرکردایەتیی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان پێشتر کەسانی نەتەوەیی بوون، بەڵام کاریگەرییـان لەسەر کەسـانێکی زۆر هەبـوو کە لەدژی پرسی نەتەوەیی بجووڵێنەوە. ئەوان باوەڕیان بە خودموختاری بۆ کوردستان هەبوو بەڵام خودموختـاریی ئیسلامی نەک خودموختاری نەتەوەیی، بۆیە پێیان وابوو گوتاری نەتەوەیی کێشەخوڵقێنە بۆ گوتـاری ئیسلامی و مەسـەلەی نەتەوایەتییـان وەک بـابەتێکی قێزەون سـەیر کـردوە. ئاکـامگیری لەو باسـەمان ئەوەیە گوتـاری ئیسلامی سیاسـی لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان

زیاتر نەیارێتیی ناسیۆنالیستە کوردییەکانی لە هەگبەدا بوو. ئێمە دەبینن لە کاتێکدا حیزبە کوردییەکان ڕیفراندۆمی بەڵێ یان نەخێری کۆماری ئیسلامییان بایکۆت کردبوو، ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە تارانەوە لە ڕێگای پەیامێکی ڕادیۆوە داوایان لە کوردەکان دەکرد بچن و بەشدار بن لە ڕیفراندۆمی حکوومەتی ناوەندی و بە بەڵێ دەنگ بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بدەن. تەنانەت ئەوە گەیشتە ئاستێک کە ڕێکخراوە ئیسلامییەکان کوردیان بە ڕێگری سەرکەوتن و ڕزگاربوونی ئێران لە دەستی زلهێزەکان دەزانی و دەیانگوت هەرکات ئێران هەنگاوێک بۆ ڕزگاری دەنێتە پێش، زلهێزەکان کورد بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی ئێران نەتوانێ ڕزگار بێت لە دەستی داگیرکەران. لە قۆناغێکی دیکە سەلەفییەتی جیهادی دەبینین کە لە هەموو ڕێکخراوەکانی تر ڕادیکاڵانەتر بەرانبەر بە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەجووڵێتەوە. ئەوان زۆربەیان دژی بیروبۆچوونی نەتەوایەتیی حیزبە ناسیۆنالیستەکانی دژبە کۆماری ئیسلامی بوون و بانگەشەی سەلەفیگەری، ڕەتکردنەوەی هەموو هەستێکی نەتەوەیی نیشتمانپەروەرانە و بەحەرامزانینی زۆربەی داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لایەنی سەرەکی بانگەشەی ئەم گرووپانەن. ئەوان جگە لە هەموو حیزبە سیاسی نەتەوەیی و چەپەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنانەت دەسەڵاتی سیاسی باشووری کوردستانیش بە کافر و دوژمنی ئیسلام و پەرەپێدەری کوفر و بێئیمانی دەزانن و دژی هەموو گرووپ و تاقمێکی کوردستانین بە تەریقەتی نەقشبەندی قادری و تەنانەت مەکتەبی قورئانیشەوە.

ئێمە دەبینین لە قۆناغی دوایی شۆڕشی گەلانی ئێران کە کورد پێویست بوو یەکگرتوو بێ بۆوەی بە مافەکانی خۆی بگات لەم قۆناغەدا هێزە ئیسلامییەکان کەوتنەوە بیری ڕەچەڵەکی ئایینیی خۆیان و بە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و هێنانە ئارای چەمکی ئۆممەتی ئیسلامی لە بەرانبەر ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەستان. دەمەوێ بڵێم گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەر قەوارەیەکدا، چ لە قەوارەی نوێخوازی و چ لە قەوارەی فێندەمەنتاڵدا دەتوانێت پێش بەسازبوونی گوتاری هاوبەش بگرێت و لە گوتارێکی جیاواز لە چوارچێوەی هزری ئایینیدا هەوڵ دەدات کۆمەڵانی خەڵک لە خۆی کۆ بکاتەوە و لانیکەم تا ئێستا نەیتوانیوە لە چوارچێوەی گوتاری نەتەوەیی بزووتنەوەی سیاسی کورددا خۆی پێناسە بکات.

**شەهرام سوبحانی: واتە دوو ڕاستەهێڵی جیاواز لەگەڵ دنیای سەردەم بەتایبەت لەلایەن سەلەفییەتەوە؟**

**سۆران باریکە**: ئیسلامی سیاسی هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە هەوڵی ئەوە بووە کۆمەڵگە لە هەموو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دابڕێ و بیخاتە ژێر هەژموونیی کولتووری ئیسلامی. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەم بیرە لە سەرەتای بڵاوبوونیەوە هەوڵی دا نەریتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کورد بسڕێتەوە. ڕەوتە ئیسلامییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بە ئاراستەی پێکهێنانی کولتووری هاوبەشی ئیسلامی هەوڵیان دا هەڵسووکەوتە کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕن کە بۆ خۆی بووە هۆی پێکهێنانی کەلێنی کۆمەڵایەتیی زیاتر بە تایبەتی لە نێوان ئایین و کولتووردا. ئەم کردەوەیە پاشخانی مێژوویی هەیە و بە هێندێک جیاوازییەوە شێوازێکی نوێ بە خۆوە دەگرێت. هاتنی هەر ئایینێک بۆ ناوچەیەکی تازە بریتی بوو لە هاتنی دابونەریتی نەتەوەی خاوەن ئایین بۆ ناوچەکە و سڕینەوەی بەشێکی زۆر لە کولتووری کۆمەڵایەتیی ناوچەکە. ئەمە ڕەنگە بەزۆرەملێش نەبووبێ، بەڵکوو زۆر جار ئایینەکە فرەچەشنیی کۆمەڵایەتی و کەلەپووریی قەبووڵ بووە، بەڵام خەڵک نائاگایانە خۆیان بەرەو گۆڕان چوون و هەندێ کەس کولتوور و کولتوور گۆڕین و زمان و پۆشینی جلووبەرگی بێئاگایانە بە نیشانەی موسڵمان بوون دەزانی. هەر لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا سەرهەڵدانی بیری نوێی ئایینی لەژێر کارتێکردنی ڕەوتە ئیسلامییەکانی سەردەمدا کاریگەریی کۆمەڵایەتی بە تایبەت لەسەر کەلەپووری نەتەوەیی هەبووە. پێش دەرکەوتنی ئەم ڕەوتانە ئایین و کەلەپووری کوردی وەها لەگەڵ یەکتر ڕاهاتبوون کە بە دووی سڕینەوە و لاوازکردنی یەکترەوە نەبوون کەلەپووری کوردی بۆ خۆی کەلەپوورێکی خاوەن خاوێن و دەوڵەمەند بووە و ڕێزی لە ئیمانداران و لە سەرووی هەموویانەوە زانایانی ئایینی دەگرت لە بنەڕەتدا ئەوانیش بەوپەڕی لێبووردەییەوە لەو کەلەپوورەدا دەژیان و ڕێزیان لێ دەگرت و خۆیان بە بەشێک لەوە دەزانی و بەشدارییان تێیدا دەکرد هەروەها خەڵک بە بیستنی دەنگی بانگ کۆڕی شایی خۆیان ڕادەگرت و ئەوانەی پێیان خۆش با دەچوونە مزگەوت و پاشان درێژەیان بە جێژنو شاییەکەیان دەدا و ئیمانداران و هێندێک جار زانایانی ئایینی خۆشیان لە کۆڕوشاییدا بەشدار دەبوون و ئەم دووانەیان بەدژی یەکتر نەدەزانی و هەرکام لەمانە لە جێی خۆیاندا ڕێزیان هەبو. بەڵام بە سەرهەڵدانی ڕەوتە نوێیە ئایینییەکان کەلێنی ئایینی و کولتووری و نەتەوەیی و ناکۆکییەکان زیاتر لە پێش خۆی دەرکەوت و ڕواڵەت و جلوبەرگ و شێوازی هەڵسوکەوت و قسەکردن و بەشداریی کۆمەڵایەتی لە کۆڕ و ڕێوڕەسمەکاندا لەلایەن کۆمەڵانی ڕاکێشراو بەرەو ئەم بزاڤانە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و بە جۆرێک دابڕانێکی کۆمەڵایەتی لەو چەشنە و ناهاوسەنگێکی کۆمەڵایەتی لێ کەوتەوە. شتەکان لە جێی خۆیان نەمان و هێندێک جار وا بوووە کۆڕی شایی و زەماوەند بۆتە جێی چاوپێکەوتنی زانایانی ئایینی. ئەم ڕەوتانە هەموو هەوڵیان ئەوە بووە کولتووری نەتەوەیی بگۆڕن بەرەو کولتووری ئیسلامی و ئەڵبەت بە شێوەیەکی سەرەکی ئەم مەبەستە لەلایەن سەلەفییە جیهانییەکانەوە زەق و بەرچاوە و ڕەوتەکانی دیکەش بە پلە و چەند پلە لە خوار ئەوانەوە دێن. ئەم ڕێکخراوانە جگە لە دژایەتیکردنی نۆرمە کۆمەڵایەتییە نەتەوەیەکان بە هەموو شێوە دژی ئیسلامی نەریتی تیژ وەستاونەوە و مەلاکانی مزگەوت بە نەزان و دواکەوتوو لە قەڵەم دەدەن و چوونە سەرقەبران و فاتیحاخوێنی بە کوفر دەزانن و دژی ئەو شێوە دینداریییەی تەریقەتەکانیشن. لە کاتێکدا تەریقەتەکان هەر زۆر زوو خۆیان لەگەڵ نیشتمانپەروەری یەکلا کردبۆوە.

ئەو کۆمەڵگەیەی سەلەفییەکان دەیانهەوێ لەگەڵ ئەو کولتوور و فەرهەنگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە بواری ئایینی و چ

له بـواری نەتەوەییـیەوه یەک نـاگرێتەوه. ئەوان بـاوەڕی سـەرجەم موسـوڵمانان بەتونـدی ڕەت دەکەنەوه و به کۆمەڵێـک خورافـات له قەڵەمیـان دەدەن و کـۆی ئەو بیرکـردنەوه و ڕەفتـار و هەڵسـوکەوتـانه وایـان کـردوه سـەلەفییەت له کولتـووری کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستـاندا نامۆ بێت و کەمتر بگونجێت.

**شەهرام سوبحانی**: **کاک سۆران زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانه.**

**سۆران باریکه**: **ئێوەش ماندوو نەبن**

**١٦ی سەرماوەزی ۲۷۲۳**

# توندوتیژیی سیستماتیک



ئاسۆ مینبەری

هەڵمەتی ١٦ ڕۆژەی پرتەقاڵی کە لە ٢٥ی نۆڤامبرەوە دەست پێ دەکات و هەتا ١٠ی دێسامبر درێژە دەکێشێ، دەرفەتێکە بۆ ئەوەی کە بتوانین زیاتر فۆکۆس بخەینە سەر جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژیی دژی ژنان و هەوڵەکانمان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان دژی ژنان چڕ بکەینەوە، بۆیە بە کەڵکوەرگرتن لەم دەرفەتە، ئاوڕێک لە توندوتیژییە سیستماتیکەکانی ڕێژیم دژی ژنان لە ئێران بدەینەوە.

ڕەنگە زۆر جار کە باس لە توندوتیژیی دژی ژنان دەکرێ، ژنێک بە سەر و دەستێکی شکاو و کۆمەڵێک برینی سەر جەستەیەوە وێنا بکەین بەڵام لە ڕاستیدا توندوتیژی لایەنی زۆر جیاواز و لە هەمان کاتیشدا بەربڵاوی هەیە. لە توندوتیژیی زارەکی، خێزانی، ئابووری، ڕەگەزی و دەروونییەوە بگرە هەتا توندوتیژیی سیستماتیک کە ڕەنگە کەمتر قسەی لەسەر کرابێ.

توندوتیژیی سیستماتیک جۆرێک لە توندوتیژییە کە بەپێچەوانەی زۆرینەی جۆرەکانی توندوتیژی لەلایەن کەسێکی

تایبەتەوە ئەنجام نادرێت، بکەری ئەم جۆرە لە توندوتیژی لە ڕاستیدا، سیستم، پێکهاتە یان ناوەندێکی دەسەڵاتە. نموونەی ئەم جۆرە لە پێکهاتەی توندوتیژ کە بە شێوەی سیستماتیک توندوتیژی دەنوێنێ، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە.

پرسی توندوتیژیی سیستماتیک، پرسێکی تازە نییە، بەڵام بە کوژرانی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد لە تاران، زیاتر کەوتە بەر باس. خودی توندوتیژیی سیستماتیک لەسەر هەڵاواردنەکان دامەزراوە. کاتێک لە سیستمێکدا هەڵاواردنەکان بناغەی پێوەندییەکان و گرینگترین بڕیار و پێشهاتەکانی کۆمەڵگە بن، کەوابوو توندوتیژیش بەشێوەی بەربڵاو پەرە دەستێنێ. ئەم جۆرە لە توندوتیژی زیاتر لە جوغرافیای ژێردەسەڵاتی، وڵاتە دیکتاتۆر/ تۆتالیتەرەکاندا دەبینرێت و ئامانجی سەرەکی لەم جۆرە لە توندوتیژی، سەپاندنی ئیدئۆلۆژی بەسەر کۆمەڵگەدایە. بۆیە دەسەڵاتی تۆتالیتەر/دیکتاتۆر هەوڵ ئەدات کەلک لە هەموو ئامرازەکانی بەردەستی خۆی وەکوو میدیا، کەرتی پەروەردە، ئایین و گرینگتر لە هەموویان دابونەریت و یاساکان وەربگرێت.

سسیتمەتی تۆتالیتەر/دیکتاتۆر لە پەرەدان بە هەڵاواردنەکاندا، ڕووبەڕووی کاردانەوەی کۆمەڵگە دەبێتەوە و ناچارە بۆ سەپاندنی هێژموونیی خۆی، کەلک لە ئامرازەکانی سەرکوتیش وەربگرێ. نموونەی ئاشکراشی هاتنەسەرکاری ڕێژیم لە ڕێبەندانی ٥٧ و گوشارەکان بۆ سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ لە ڕەشەمەی هەمان ساڵدا بوو، ئەم هەڵاواردنە ڕەگەزییە، وای کرد کە ژنان بێنە مەیدان و لە ٨ی مارسی هەمان ساڵدا دژی ئەم بڕیارە بوەستنەوە، کەوابوو ڕێژیم ناچار بوو سەرکوتکارییەکە زیاتر بکات، وەک دەبینین پرسی حیجاب لەو کاتەوە و بە گەلاڵەی حیجابی زۆرەملێ لە ئیدارەکان دەستی پێ کرد و گەیشتە کوژرانی ژینا و ئارمیتا!

یەکێک لە گرینگترین ڕێگاکانی بەردەستی دەسەڵات بۆ سەپاندنی هێژموونی، کەلکوەرگرتن لە یاساکانە، هەر ئەو بابەتەی کە لەم چەند دێڕەدا وەکوو توندوتیژیی سیستماتیک ناوی لێ دەبەین. کاتێک دەسەڵات توانای کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی نامێنێ، بە داڕشتنی یاسا و بە سیستماتیککردنەوە هەوڵ بۆ سەپاندنی خۆی دەدات.

یەکێک لەو توێژانەی کۆمەڵگە کە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو، بە هۆی کاردانەوە بە هەڵاواردنەکان بەرەوڕووی توندوتیژیی سیستماتیکی ڕێژیمی ئێران بووەتەوە، توێژی ژنانە. هەر بۆیە ئەم دەسەڵاتە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توێژی ژنان، بە داڕشتنی یاسا، ئەویش یاساگەلێکی تەواو توندوتیژ، هەوڵی سەرکوتی زیاتری ئەم توێژەی داوە. یاساکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بە هۆی باری مەعنەوی و پاڵپشتیی دەسەڵات، بە چاک و خراپ دەبێ جێبەجێ بکرێن و بێگومان بۆ دەسەڵاتگەلی دیکتاتۆر/تۆتالیتەر، گرینگ نییە کە جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە تا چ ڕادەیەک دەتوانێ کاریگەریی

نەرێنییان لەسەر کۆمەڵگە و تاكەكان هەبێت.

ڕێژیمی ئێران بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ژنان لە بیاڤی خێزانیدا ژنانی لە مافەکانی بێبەش کردوە، بەپێی یاسا ئیزنی جیابوونەوە بە ژنان نییە، ژنان مافی سەرپەرستی منداڵەکانیان پێ نادرێت، دەبێ نیوەی پیاوان میرات وەربگرن، بۆ پرسە گرینگەکان شاهێدیی ئەوان نیوەی پیاوانە، بە پشتیوانیی ڕێژیم و لە ڕێگەی گرووپە مافیاییەکانەوە قاچاخ دەکرێن، سانسۆر دەکرێن و پۆستی باڵای حکوومەتدارییان پێ نادرێت، مافی دایکایەتیشیان بەپێی سیاسەتەکانی ڕێژیم بڕیاری بۆ دەدرێت، لە خوێندن و کارکردندا تووشی هەڵاواردن دەبن، دەکوژرێن و بکوژەکانیشیان سزا نادرێن، بە بیانووی ڕچاونەکردنی حیجابەوە کچان دەکوژرێت و ژنانی ناڕازی دەخاتە زیندانەوە و دەستدرێژی دەکاتە سەریان و مافەکانیان پێشێل دەکات. ئەمانە تەنیا نموونەگەلێکی سادە لەو جۆرە توندوتیژییانەن کە دەچنە چوارچێوەی توندوتیژی سیستماتیکەوە، پاڵپشتی سەرەکییان یاسایە و پەروەردەی سیستماتیک و ئیدئۆلۆژیکیش وای کردوە کە زۆر جار لەلایەن کۆمەڵگەوە نابینرێن یان خودی تاكەكانیش ئەبن بە بکەری سەرەکییان!

مەرگی ژینا و ئارمیتا، دوو نموونەی بەرچاوی ئەم جۆرە لە توندوتیژییەن کە ڕێک بە پاڵپشتی یاساکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕەچاوکردنی حیجاب و دواتریش بە پارێزراوبوونی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد و حیجاببانان لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕوویان دا. پاش مەرگی ژینا، توندوتیژییە سیستماتیکەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە پەرەی زیاتریان ئەستاند و جگە لە ژنان، پیاوانیش بوون بە بەشێک لە قوربانییانی ئەم جۆرە لە توندوتیژی.

لە ڕاستیدا توندوتیژیی سیستماتیک لە کۆمەڵگەی ئێران و بەتایبەتیش کوردستاندا کە هەمیشە بە شێوەی جیاواز و بە خوێندنەوەی سیاسی بەرەنگاری دەسەڵات بووەتەوە، بنبڕ نابێ، مەگەر ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە بڕووخێت و یاساکان سەرلەنوێ بنووسرێنەوە. بێگومان دەسەڵاتی تۆتالیتەر/ دیکتاتۆر بۆ بەردەوامبوون لەسەر ڕێچکەی خۆی، پەرە بە هەڵاواردنەکان و سەرکوتکارییەکان دەدات، بەڵام گرینگ هەبوونی ئیرادەیەکی گشتگیر بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژییەکانەوە، وەک ئەوەی کە لە پاش مەرگی ژینا کرا و ناوی لێ نرا شۆڕشی ژینا!

١٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

## شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵک و پیلانی ئاسایبوونی سەرکوت



شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵک و پیلانی ئاسایبوونی سەرکوت

**سمایل شەرەفی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر تەنیا ئیسرائیل و ئەمریکا و ڕۆژاوا و هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە دوژمن و نەیاری خۆی نازانێ، بەڵکوو خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانیەوە وەک دوژمن سەیر دەکات و بەکردەوەش شەڕی بەدژ ڕاگەیاندوون. ئەوەندەی ئەم ڕێژیمە و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی هەڕەشە و مەترسین بۆ سەر خەڵکی ئەم وڵاتە، هیچکات نیوئەوەندەش خەڵک هەڕەشە و مەترسیی دەرەکییان بۆسەر خۆیان هەست پێ نەکردوە. تەنانەت ئەوکاتانەش کە لە ڕەوتی شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراقدا کوشتن و وێرانییان بەسەردا سەپێنرا، دیسان هۆکار و سەبەبی هەموو ئەم کوشتار و ماڵوێرانیانە، هەر سیاسەتە شەڕئەنگێزەکانی ئەم ڕێژیمە تینوو بە خوێن و ئاشق بەشەڕە بوو.

شەڕی کۆماری ئیسلامی دژبە گەلانی ئێران بەدرێژایی تەمەنی ئەم ڕێژیمە درێژەی هەبووە و لە ئێستاشدا ڕۆژانە خەڵک جیا لە هەڵگرتنی باری قورسی ژیان و گوزەرانێکی پڕ لە هەژاری، گیانیان لێ دەستێندرێ. شەڕی کۆماری ئیسلامی دژبە خەڵک فرەچەشنە؛ لە بەرتەسکردنی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان، کۆنترۆڵی جموجۆڵی ڕۆژانەی خەڵک، لەهەژاریدا هێشتنەوەیان و

هەوڵدان بۆ دابڕاندنیان لە دنیای ئازاد و زانیارییەکانەوە بگرە تا دەستبەسەرکردن، داسەپاندنی حوکمی قورسی ناڕەوا و کوشتنی سیستماتیکیان بە شێوە و بیانووی جۆراوجۆر.

شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵک ڕۆژانە خوێن و قوربانی وەردەگرێ؛ ژنان و کچانی وڵات تەنیا بە تاوانی دەرکەوتنی بسک و پرچیان ئەوپەڕی بێڕێزییان پێ دەکری و وەها دەستیان لێ دەوەشێندرێ کە وەک ژینا و ئارمیتا گیان دەدەن، خەڵکی ڕەخنەگر و بەندییە سیاسی حوکمی قورس و گرانی ناڕەوایان بەسەردا دەسەپێندرێ و لە کۆتاییدا بەگۆترە و لەسەر مەیلی بێدادگاکانی ڕێژیم پەتی سێدارەکان بۆ هەڵدەخرێ و گیانیان لێ دەستێندرێ. کوشتنی بەئەنقەستی کاسبکارە بێدەرەتانەکانی کوردستان و بەلوچستانیش بەتاوانی کۆڵبەڕی و سوختبەری لایەنێکی دیکەی جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمەن. بۆ سەرلماندی ئەم ئدیعایانە تەنیا لە سەر لەسێدارەدانی زیندانیان و کوشتنی کۆڵبەران ئاماژە بە ئاماری دوو ڕێکخرای "هەنگاو" و "ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" دەکەین:

"تەنیا لە مانگی نوامبری ئەمساڵدا ١٢٢ زیندانی لە زیندانەکانی سەرتاسەری ئێراندا لە سێدارە دراون کە بە بەراورد لەگەڵ مانگی پێشووتر نیواونیو زیاتر بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینیوە." لە پێوەندی لەگەڵ کوشتنی کۆڵبەران لە کوردستانیشدا؛ تەنیا لە ماوەی دوو مانگ و دە ڕۆژی پاییزی ئەمساڵدا ١٣٥ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان دراونەتە بەر دەستڕێژ کە ١٢ کەس لەوان کوژراون. بە واتایەک تەنیا بەپێی ئەم دوو ڕاپۆرتە، لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا ٢٥٧ ئینسان لە لە لایەن سیستەمی سەرکوت و مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە گیانیان لێ ئەستێندراوە کە زۆربەیان کوردن.

ئەووێکە کۆماری ئیسلامی ئێران ٤٤ ساڵە لەگەڵ خەڵکی ئێران و کوردستان لەشەڕدایە و ڕۆژ نییە خوێنی خەڵکی ئەم وڵاتە نەڕێژێ، سەلماندنی زۆر ئاسانە. بەڵام ڕوویەکی دیکەی ئەم شەڕە کە ڕۆژانە قوربانیی لێ دەکەوێتەوە و تا کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەسەڵاتدا بێت درێژەی دەبێ، ئاساییبوونی ئەم قوربانیوەرگرتن و قوربانیدانەیە! لەلایەک کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای بردنەسەرەوەی ڕێژە و ژمارەی قوربانییەکان هەوڵی ئاساییکردنەوەی ئەم دیاردەیەی داوە و لەلایەکی دیکەوە پێدەچێ کۆمەڵگەش ئەم قوربانیدانەی بەلاوە ئاسایی بووبێتەوە کە ئەمەی دووهەمیان ئەگەر کەمتەرخەمبوونی تاک و کۆیەکانی کۆمەڵگەی ئێران نەبێت، بێگومان هۆکارەکەی دیکەی دەتوانێ زۆر زەرەرمەند و مەترسیدار بێت کە ڕەوایی بە کردەوەی هێزی سەرکوتی ئەم ڕێژیمە ناڕەوایە بدات.

کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆژییە نەخۆش و تینووبەخوێنەکەی، ٤٤ ساڵە سەلماندوویەتی ئەوەی بۆی گرینگ نەبێت؛ ماف و

کەرامەت و گیانی ئینسانەکانە. هەر لە کوشتنی کیانی پیرفەلەک و ژیناوە بگرە تا کوشتنی هونەرمەندی ناوداری سینما، داریوش مێهرجوویی و بێحورمەتیکردن بە پیرەپیاوێکی ٩٠ ساڵەی وەک مامۆستا خدر قادری (خلە دەرزی). ئەوە ماهییەت و نێوەرۆکی ئەم ڕێژیمە و کاربەدەستە پیاوکوژەکانیەتی.

بەڵام کەمتەرخەمیی کۆمەڵگەش بەرانبەر بەم سەرکوتکاریانە، جێی تێڕامان و لێبوردبوونەوەیە. ڕاستە هێزی سەرکوتی ڕێژیم دڕندانە و بێبەزەییانە بەرانبەر بە هەر ناڕەزایەتییەک دەجوڵێتەوە و سەرکوت دەکات. بەڵام بەدڵنیاییەوە تاکەهێز کە بتوانێ و توانیویەتی پاشەکشە بەم سەرکوتکاریانە بگرێت، هەر هەڵوێستی یەکگرتووانەی جەماوەریی خەڵکە کە ڕێژیم لێی تۆقیوە.

خەڵک لە ئێران و کوردستان وەک لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا بەرانبەر بە کوشتنی کچێکی بێتاوانی وەک ژینا سەڵماندیان کە بەرانبەر بە گیانی ڕۆڵەکانیان، نەتەنیا کەمتەرخەم نین، بەڵکوو دەتوانن تەخت و بەختی ئەم ڕێژیمەی پێ وەلەرزین بخەن، پێویستە وێڕای پاراستنی یەکگرتووییان، دژکردەوەیان بەرانبەر بە تاوانکارییانی ئەم ڕێژیمە هەبێت. کۆمەڵگەی زیندووی کوردستان نابێ ئیزن بدا کۆماری ئیسلامی مەرگ و کوشتنی خەڵکی وڵاتەکەمان بە دەستی هێز و ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ئاسایی بکاتەوە. کەمتەرخەمبوونی کۆمەڵگە بەرانبەر بەم هەموو جینایەتانەی ڕێژیم، بەتایبەت لە دۆخی ئێستادا کە خودی ڕێژیم هەوڵ دەدات هەموو سەرنجی بیروڕای گشتی بەلای شەڕی ئیسرائیل و حەماس و شەڕ لە غەززەدا بەرێت، دەستی ڕێژیم لە سەرکوتکاری و جینایەتی زیاتر ئاوەڵا دەکاتەوە. بۆیە لەسەر هەموو حیزبە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات و گشت چین و توێژەکانی کوردستانە کە پێش بە پیلانی ئاساییکردنەوەی سەرکوت لە وڵات بگرن و پاشەکشە بە سیاسەتی سەرکوت و مرۆڤکوژیی کۆماری ئیسلامی بکەن.

**١٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٣**

# وەرددانەوەیەکی شۆڕشی ژینا و فاکتەرەکانی سەرکەوتنی



**ناسر سالْحی ئەسلْ**

شۆڕشی ژینا لە باری فورم و شکڵ و نێوەڕۆکەوە لە ڕاپەرین و نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی گەلانی ئێران زۆر گشتگیرتر و جیاوازتر بوو. ڕاپەرینی ژینا کە ئاخێزگەلەی کوردستان بوو، دروشمەکەی "ژن، ژیان، ئازادی" بوو بە دروشمی هەموو نەتەوە و گەلانی ئێران و تەنانەت دروشمی خوپێشاندانە بەرینەکانی دیاسپوڕاش. ژینا ئەمینی لەلایەک بوو بە سیما و سیمبوڵی شۆڕش و ڕاپەرینی گەلانی ئێران و لەلایەکی دیکەوە شۆڕشەکەش شکڵ و قەوارەی بزوتنەوەیەکی سەرانسەریی لەسەر بنەمای دژایەتی کردن لە گەڵ کۆی دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە خۆوە گرت. کەوابوو شۆڕشی ژینا وێڕای ئەوەیکە خاڵی هاوبەشی لەگەڵ کۆی نارەزایەتیەکانی پێشوو هەبوو، بەڵام خاوەندی هێندێک تایبەتمەندی دیکە بوو کە جێی ئاماژە و باس کردنن.

١- بە پێچەوانەی بەشێکی زۆر لە نارەزایەتی و ڕاپەرینەکانی پێشوو کە لە ساڵەکانی دەیەی حەفتا بەولاوە لە لە ئاستی گەورەدا وەڕێ خراوون و زیاتر لە بازنەی چاکسازی لە دەسەڵات و باشکردنی بژیوی ژیان و داوا سینفییەکاندا و لە

چوارچێوەی ڕێفۆرمخوازیدا خولاونەتەوە، ئەمجارەیان کەڵکەڵەی گەلانی ئێران بەهاکانی ڕێفۆڕمخوازیی نەبوون، بەڵکوو تێپەڕین لە تەواوەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو. هەر بۆیە شۆڕشی ژینا تەواوکەری ئەو ناڕەزایەتییە بەربەرینانەش بوو کە لە ساڵی ۱۳۹٦ەوە دەستی پێ کرد و لە ساڵەکانی ۱۳۹۷ و ۱۳۹۸دا گەشەی کرد و فۆڕمی شۆڕشی سەراسەریی گەلانی ئێرانی وەخۆ گرت.

۲- هەرچەند شۆڕشی ژینا لە بەردەوامیی شۆڕش و بزوتنەوە ناڕەزایەتییەکانی گەلانی ئێران و، بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و حکوومەتێکی وەڵامدەر و یاساپارێزە و هەروەها درێـژەدەری بـزوتنەوەی دێموکراسیخوازیی گەلانی ئێـرانە، بەڵام لە ئێرانی فرەنەتەوە و ئیتنیک و ئایینیزای جۆراوجۆردا سەرەڕای بزوتنەوەی دێموکراسیخوازی، بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلانی ئێـرانیش لە ئارادایە و لە بزوتنەوەی شۆڕشی ژینادا بوو بە پێشەنگی ناڕەزایەتییەکان لە ئاستی ئێراندا.

۳- لە باری پێکهاتەی چینایەتی لە شۆڕشی ژینادا دەکرێ بڵێین غـایبی سەرەکی، بە تـایبەت لە پاریزگا ناوەنـدییەکانی ئێراندا، ئەمجارەش هاوشێوەی ناڕەزایەتییەکـانی دیکەی گەلانی ئیـران، چینی مامناوەنـدی بـوو. لە پێناسـەی کۆمەڵناسیی بـزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانـدا دەگـوترێ کە چینـی مامناوەنـدی چینـی گۆڕانخـوازی لەهەر کـۆمەڵگەیەکە، کەچـی چینـی مامناوەنـدی ناوەندنیشـین سـەرەڕای ناڕەزیەتییـان لە بـارودۆخی سیاسـی، کـۆمەڵایەتی، فەرهەنگـی و لە پـاش ڕاپەڕیـن و ناڕەزایەتییەکـانی ۸۸ بە ئاکـامی ڕاگەیەنـدراوی هەڵبژاردنەکـانی سەرکۆمارییەوە؛ لە ڕاپەڕیـن و ناڕەزایەتییەکـان ڕەنگێکـی ئەوتۆیان نییە. بەپێچەوانەوە چینی مامناوەنـد لە کوردسـتان بە تـایبەت و لە بلوچسـتان و هێنـدیک نـاوچەی نەتەوەکـانی ئێـران هەمێشە هاوشـانی چین و توێژەکـانی دیکەی کـۆمەڵگە لە ڕاپەڕیـن و ناڕەزایەتییەکـانی خەبـاتی شـاردا بەشـداریی چالاکانەی بووە". ئەوەش دەتوانێ چەند هۆکاری هەبێت:

**ئا**. چونکە زۆربەی ڕاپەڕین و ناڕەزایەتیەکان لە ئاستی ئێران و بە تایبەت لە ناوەندی ئێرانـدا بە هۆکـاری ئـابووری شکڵی گرتوە و، ئەگەرچی چینی مامناوەندیش وێڕای هەموو چینەکانی دیکەی گەلانی ئێران تووشی قەیرانـی ئـابووریە، بەڵام ئەم چیـنە بەپێـی تایبەتمەنـدی چینـایەتیی خـۆی هەسـتیاریی کەمتـری بەم کێشـەیە هەیە و کێشـە و قەیـرانە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکـان زیـاتر چینـی مامناوەنـد دەبزوێنێت. ئەگەرچی ئێران لە سێبەری ڕەشی کۆمـاری ئیسلامیدا دەستەویەخەی هەمـوو ئەو قەیرانگەلەشـە، بەڵام چـونکە بیـانووی شکڵگرتنی ڕاپەڕیـن و ناڕەزایەتییەکـان ئـابووری بـوون، زیـاتر چینـی دەستکورت و هەژاری کۆمەڵگە لە گۆڕەپانەکەدا بوون.

**ب**) چینی مامناوەند ئەگەرچی لە ساڵەکانی کۆتایی دەوڵەتەکانی ڕەفسەنجانی و خاتەمیدا وردە وردە قەوارەی

خۆی دەگرتەوە و گەورە بۆوە، بەڵام لە دەوڵەتی ئەحمەدی نژاددا بە هۆی جۆری بەرنامە ئابووری و فەرهەنگییەکانی کەوتە ژێر گوشارەوە و لاواز و لاوازتر بوو. هەروەها بەهۆی هەڵاوسان و چونەسەری قیمەتەکان و بێبەهابوونی دراوی نیشتمانی و زیادکردنی باج و ماڵیات و... هتد، چینی مامناوەند، واتە موچەخۆرەکانی بەستراوە بە دەوڵەت و چینی بازار و نابەستراوە بە دەوڵەت زیاتر لاواز کرا و لە ئیستای کۆمەڵگای ئێراندا چینیکی زۆر دەوڵەمەند و ڕانتخور هەیە و چینەکەی دیکە کە زۆربەی گەلانی ئێران پێکدەهێنی لەژێر هێڵی هەژاریدان. هەر بۆیە لە ڕاپەرین و نارەزایەتییەکاندا ئەم مووچەخورانی دەوڵەت وەک بەشێک لە چینی مامناوەندی ڕەفتاری سیاسییان جیاوازە لە بەشەکەی دیکەی چینی مامناوەندی کە بەشی بازار و نابەستراوە بە دەوڵەتە. چینی مووچەخۆرانی دەوڵەت، پتر لە سندوقەکانی دەنگدان بۆ نارەزایەتی و دەربڕینی سیاسی کەڵک وەردەگرن، بەڵام چینی مامناوەندی بازار و نابەستراوە بە دەوڵەت لە ڕاپەرین و نارەزایەتییەکانی سەر شەقامدا بەشداریی چالاکانە دەکات. هەر بۆیە چینی مامناوەندی نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەتی چینی مامناوەندی نەتەوەی کورد، واتا چینی بازار و نابەستراوە بە حکوومەت هەمیشە لە جوغرافیایی نەتەوەکانی ئێراندا کە پراویزخراوە لە ناوەندی دەسەڵات و بڕیاردا، شان بە شانی چین و توێژەکانی دیکەی نەتەوەکانی ئێران بەشداریی چالاکانەی لە ڕاپەرین و نارەزایەتییەکاندا هەبووە. لەو سۆنگەیەشەوە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم هەمیشە هەوڵیان داوە چینی مامناوەندی بازار و نابەستراوە لە ئاستی ئێران و بە تایبەتی لە جوغرافیای سیاسیی نەتەوەکانی ئێراندا بە هۆی ڕکودی ئابووری، دابەزینی بازار و مایەپووچبوون و لەکارخستنی پیشەسازی نەتوانی پشت ڕاست بکاتەوە و لاوازتریان بکا هەتا نەتوانی وەک بەشێکی کاریگەری و کارتێکەر لە ڕاپەرین و نارەزایەتییەکاندا حوزووری چالاکیان هەبێت.

**ج)** ئەگەرچی بەپێی پێناسەی کۆمەڵناسی چینی مامناوەندی چینێکی گۆڕانکاریخوازە، بەڵام ئەم چینە بەپێچەوانەی چینی هەژار و دەستکورت، چینیکی خۆپارێزیشە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش هەمیشە لەو خاڵە لاوازەی چینی مامناوەندی ناوەند بۆ سەرکوتی شۆڕش و ڕاپەرینەکانی گەلانی ئێران کەڵکیان وەرگرتوە. هەر بۆیە ڕێژیمی ئیران هەمێشە هەوڵی داوە ڕاپەرین و نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێران، هەر لە سەرەتاوە بەرەو توندوتیژی ببات و بە سڵکردن و ترساندن ئیزن نەدا چینی مامناوەندی موچەخوور و بازار لە ڕاپەرین و نارەزایەتیەکاندا تێوەگلین.

**د)** چینی مامناوەند بە ئاگایی و زانیارییەوە خۆ لە قەرەی هەر جۆرە ڕەفتارێکی سیاسی دەدات. گرینگترین هۆکار کە دەتوانێ چینی مامناوەند ببزوێنێ، هەبوونی دوورەدیمەنێکی ڕوون لە داهاتوو و ئاڵتێرناتیو و جێگرەوەیەک بۆ دەسەڵات و حکوومەتە. ئاڵتێرناتیو دەتوانێ ورە و توانا ببەخشێ بە چینی مامناوەندی کۆمەڵگە تا چینی مامناوەند ڕیسک بکا و تێکەڵی شەپۆلی شۆڕش و نارەزایەتییەکانی ڕووخێنەرەکان (بەرەنداز) بن.

٤- یەکیک لە خاڵە بەهێزەکانی بزوتنەوەی ژینا پێکهاتەی تەمەنیی بەشداربووانی شۆڕشەکە بوو. بە شێوەیەکی ڕێژەیی زۆرترین بەشداربووانی شۆڕشی ژینا بازنەت تەمەنییان ژێر بیست ساڵ و پاشان بیست تا بیست و پێنج ساڵ بوو، و ئەو نەوەیە لە کۆمەڵگەی ئێران بە شێوەیەکی جەوهەری دوورن لە بەهاکانی کۆماری ئیسلامی و لەژێر کاریگەریی ڕاگەیاندن و کلتورە جیهانییەکانن. هەروەها بەشێکی زۆر لەو نەوەیە کە دەچنە زانکۆ یا زانکۆیان تەواو دەکەن و دەبنە بەشێک لە خێڵی بێکاران، سروشتییە کە دەبێ چاوەڕوانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و سیاسییان بین تا لەدژی نۆرم و بەهاکانی دەسەڵات دەنگ هەڵبڕن و تێکەڵ بە شۆڕش بن.

٥- لە شۆڕشی ژینادا بە پێچەوانەی ڕاپەڕینەکانی دیکە، گەلانی ڕاپەریوی ئێران لە دروشمی ڕیفۆرمخوازەکانی حکوومەتی تێپەڕین و گوتیان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان لە تەواوەتیی خۆیدا ناوێت. هەر بۆیە ڕاپەرینی ئەمجارەی گەلانی ئێران لە ڕاپەرینەکانی پێشوو بەهێزتر و یەکگرتووتر و هاوئاهەنگتر بوو. وەک چۆن دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە ناوچەیەکی پەراویزخراوە بوو بە دروشمی سەرەکیی ناوەندیش و کوردستان بوو بە چاو و چرای ئێران و هەروەها شۆڕشی ژینا بوو بە سەرمایەی کۆمەڵایەتیی گەلانی ئێران.

٦- لە شۆڕشی ژینادا کوردستان بوو بە باسکێکی بەهێزی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی سەراسەری و بزوتنەوەی نەتەوەخوازیی گەلانی ئێران. هەروەها شۆڕشی ژینا نیشانی دا کە مەرج نییە شۆڕشەکان هەر لە ناوەندەوە دەست پێ بکەن بەڵکوو هەرێمە پەراویزخراوەکانی نەتەوەکانی ئێرانیش دەتوانن ببنە مەکۆی ڕاپەرین لە ئێرانی فرەنەتەوەدا. هەربۆیە ڕێژیم کە بەو مەترسییەی زانی و دیتی کوردستان پێشەنگی شۆڕشی ژینایە، ویستی بە زەفکردنەوەی ویستی جیاییخوازیی خەڵکی کوردستان هەم شۆڕشی ژینا سەرکوت بکا و هەم ناوەندی ئێران بە کورد چاوترسێن بکات. دواتریش بە شێوەیەکی بێرەحمانە ڕاپەرینەکەی لە کوردستان سەرکوت کرد و بنکە و بارەگای حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی ئێرانی لە باشووری کوردستان موشەکباران کرد.


٧- هەم لە شۆڕشی ژینا و هەم لە ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییەکانی دیکە لە کوردستان دەرکەوت کە بابەتەکە جیاوازە لە گەل و ناوەند و بەشەکانی دیکەی ئێران. چونکە لە کوردستان بەدیل و ئاڵتێرناتیو هەیە. خەڵکی کورد خاوەن حیزب و ڕیکخراوە و کۆمەڵگەی مەدەنیی بەهێزی خۆیەتی. هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە حیزب و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی کوردی هەم چالاکە و هەم ئەزموونی پەیدا کردوە و پشتیوانیەکی گشتگیری جەماوەریشی لەگەڵە. بۆیە کۆمەڵگەی کوردی بەو ناوەندە بەهێزانەی کە هەیەتی دەتوانێ شکڵ و قەوارش بە ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییەکان بدات. ئەوەی لە کوردستان زۆر جێی سەرنجە ئەو شێوە خەباتەیە کە لانیکەم توانیویەتی بە شێوەیەکی باش فەزای کوردستان و تەنانەت

ئێرانیش بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و هەستی نەتەوایەتیی کوردی زیندوو ڕابگرێ و خەباتی جەماوەر شار و شاخ پێکەوە گرێ بدات. وێنەی باشی ئەم یەکگرتووییە لە ساڵانی ڕابردوودا لە بۆنەکاندا بە شێوەی مانگرتنی بازار، نیشانەی وشیاری و دەروەستبوونی خەڵکی کوردستانە. سەرەڕای ئەوانە بەشداریی چینێکی نوێ لە چالاکانی مەدەنی، فەرهەنگی و سیاسییە کە هەم خوێندەوارن هەمیش وشیار و هەستیار و ڕۆژانە خەریکن بە شێوەیەکی نەرم پاشەکشێ بە هێڵەسوورەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دەکەن.

لە کۆتاییدا مخابن گرینگترین شتی نادیار لە شۆڕشی ژینادا بە تایبەت لە ناوەندی ئێراندا بێ شکڵ و بێسەربوونی شۆڕش بوو کە هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕشەکەوە پێوەی دیار بوو. بۆیە بێگومان کاتێک بەدیلێک و ئاڵتێرناتیویکی بەهێز ساز بێ و بتوانی دوورەدیمەنێکی ڕوون لە داهاتوو بە گەلانی ئێران بدات، بەدڵنیاییەوە وردەوردە جەغز و بازنەی ڕاپەرین و نارەزایەتییەکان گەورە دەبنەوە و چینە نوستووەکانی وەک خۆڵەمێشی و مامناوەندی بە هەموو جۆرەکانیەوەی تێوەدەگلێ و ئەم ڕاپەرین و نارەزایەتیانە هەم شکڵ و قەوارە دەگرێ و هەم سەر پەیدا دەکات. هەروەها ئەم ئاڵتێرناتیوە دەتوانی وردە وردە ڕێکخراوە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی ئەم گۆڕانکاریانەدا هەڵوەشێنێ و هەرەس بە تەواوەتیی ڕێژیم بێنێت.

١٨ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# ئیسرائیل بۆ بەهێزە؟



(خوێندنەوەیەک بۆ تیوریی هێز/زانین power/knowledge ی میشل فۆکۆ)

ئەلبورز ڕۆئین تەن

## پێشەکی

تیورییەکانی فەلسەفەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە دادەنرێن. لە ڕێگەی ئەو تیورییانەوە باشتر دەتوانین کۆمەڵگە لە هەر سەردەمێکی تایبەت شی بکرێنەوە و تەنانەت ڕێگەی شرۆڤەی نوێ دەکەنەوە. یەکێک لەو بیرمەندانە کە لە سەدەی بیستەمدا کاریگەریی لەسەر شیکردنەوەی چەمکە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەدا هەبوو میشل فۆکۆیە کە هەوڵی دەدا چەمکی جیاواز بە گوێرەی پێداویستی و دۆخی کۆمەڵگەی سەردەم شی بکاتەوە. تیوریی هێز/زانین(power/knowledge) ی میشل فۆکۆ یەکێک لەو تیورییانە کە فۆکۆ لە خوێندنەوە بۆ کۆمەڵگە نوێ بە کاری هینا و تەنانەت شرۆڤەی نوێ لە مەڕ چەمکەکانی هێز و زانینی خستە بەر باس کە لە گەڵ خویندنەوە نەریتییەکەی جیاوازی هەبوو. لەو وتارەدا هەوڵ دەدرێ فاکتەری بەهێزیی ئیسڕائیل بەگوێرەی ئەو

تیۆرییەی فۆکۆ شەن و کەو بکەین و بە وەڵامی ئەو پرسیارە بگەین کە چۆن ئیسرائیل توانی بەو شێوەیە هەوڵی دامەزراندنی و پاراستن و پێشخستنی خۆی بدات.

## وڵاتی ئیسرائیل و زانست

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٨ ئیسرائیل وەک وڵات بەفەرمی ڕاگەیەندرا هەر زوو لە لایەن پێنج وڵاتی عەرەبییەوە هێرشی کرایە سەر. ئەوکات بۆ ئیسرائیل و یەهودییەکان پاراستنی خۆیان لە چوارچێوەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەی خۆیان لە سەروی هەمووی شتێکەوە بوو، بەڵام تەنیا ٥٠ ساڵ دوای دامەزراندنی وێرای هەموو ئەو مەترسییانەی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل هەبوو، وەک بیستوسێهەمین دەوڵەتی لە ئاستی بەرهەمهێنانی نێوخۆیی (GDP) یەکێک لە وڵاتانەی جێگای سەرنج بوو کە خۆشبژێوی هاوکات لەگەڵ ئەمنیەتی بۆ ئیسرائیلییەکان دابین کردبوو.

بۆ ئەوەی لە پێشکەوتوویی ئیسرائیل لە بواری زانستدا تێبگەین دەتوانین ئاماژە بە چەندین ئاماری جیاواز بکەین، لەوانە ژمارەی ٢٢ لە سەدی هەموو میداڵیاکانی نوبل، واتە ٢١٤ میداڵ بە جوولەکان لە شوێنی جیاوازەکانی دونیا دراوە، تەنانەت ئیسرائیل وەک وڵات خاوەنی ١٣ میدالیای نوبڵە، پازدەهەمین وڵاتی بەهێزی دنیایە و لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا یەکەمی بێ ڕکابەرە. ئیسرائیل ساڵی ٢٠١٨ بە گوێرەی ئیدیکسی بلۆمبێرگ دەیەمین وڵاتی داهێنەر بووە و لە کاتێکدا وەبەرهێنان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە بواری وەکوو نەوتەوە بەستراوەتەوە، ئیسرائیل ملیاردها دۆلار وەبەرهێنانی لە تێکنۆلۆژیی زانستیی پێشکەوتوودا هەیە، ساڵانە بە هەزاران لێکۆڵینەوەی زانستی لە زانکۆکانی ئیسرائیلدا بەرهەم دەهێنرێ و لە زۆر ئاستی جیاواز لە ئاستی بەڕیوەبەریدا لە وڵاتانی ناوچەکە زۆر لەپێشترە و تەنانەت کێبەرکێ لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا دەکات. بۆ نموونە ڕێژەی بەرهەمهێنانی نێوخۆی ئیسرائیل ٥٤٦ ملیار دۆلارە، داهاتی ساڵانەی تاکێک سەرووی ٥٨٠٠٠ دۆلارە و بەو داهاتە لە ساڵی ٢٠٢٣دا دەبێتە سێزدەهەمین وڵاتی دونیا لەڕووی داهاتەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە لە ساڵی ٢٠١٧دا نزیکەی سەدا پێینجی ئەو پارەیە، واتە زیادتر لە ١٥ ملیارد دۆلاری بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی تەرخان کردوە.

ئەو ئامارانەی سەرەوە تەنیا بەشێکی زۆر کەمی ئەو ڕاستییانەن کە نیشان دەدات زانستی لە وڵاتی ئیسرائیل لە چ ئاستێکی بەرزدایە، هەر بۆیەش پرسیاری ئەوەی ئایا بەرزیی ئاستی زانستی کاریگەریی لەسەر هێزی ئەو وڵاتە داناوە یا نا، یەک لە نموونە بەرچاو و ڕۆژهەڤەکەی شەڕی ئێستایە کە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین و قەڵغانی ئاسنین بە نموونە بێنینەوە کە توانیوویەتی ژیانی ئیسرائیلییەکان تا ئەندازەیەکی زۆر لە هێرشی مووشەکی بپارێزێت، بە جۆرێک کە لەو پەڕی دۆخی

ئاڵۆزی شەڕدا لە شارە سنوورییەکانی ئیسرائیل ژیانی ئاسایی بەردەوامە. تەنیا کەمتر لە یەک لە سەدی ئەو مووشەکانەی لە ئیسرائیل دەگیرێن لەو قەڵغانە تێدەپەڕێ و ئەو قەڵغانە لە ڕووی زانست و تێکنۆلۆژییەوە بەرهەمی خودی ئیسرائیلییەکانە. لێرەدایە بە تێکهەڵکێشی باسی پێشکەوتنە زانستیەکانی ئیسرائیل و هەروەها بەهێزیی ئیسرائیل و کاریگەرییان لەسەر یەکتر ئەو بەشە لە تیوریی میشل فۆکۆ بەرجەستە دەبێ کە دەڵێ "زانین هێزە و هێزیش زانین بەرهەم دەهێنێ."

## میشل فۆکۆ و تیوریی هێز/زانین (power/knowledge)

میشێل فۆکۆ (١٩٢٦ - ١٩٨٤) یەکێکە لە بیرمەندە کاریگەرەکانی سەدەی بیستەمە کە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی بۆ تیۆرییەکانی وەک مارکسیزم پۆست-ستراکترالیزم و پۆست فێمینیزم هەبووە. کاریگەری تیۆرییەکانی فۆکۆ لە چەند بواری جیاجیای زانستی کۆمەڵایەتیدا دەبینرێت، لەوانە کۆمەڵناسی و فەلسەفەی ئەنترۆپۆلۆژی. لە هەمووی گرنگتر فۆکۆ بۆ گەیشتن بەم ئەنجامەکانی لە بواری جیاواز لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندی مێژووی دیاردەکان بەکاردەهێنێت، هەربۆیە بە مێژووزانیش ناسراوە و تێزی دکتۆراکەی شێتی و شارستانییەت لێکۆڵینەوەیە لە مێژووی شێتی. بەڵام لە پاڵ هەمووی کارەکانی فۆکۆدا، لێکۆڵینەوەکانی لە چەمکی دەسەڵات و زانین، ڕاستیی زۆر بەناوبانگن، چونکە بەپێی شیکارییە نوێیەکەی فۆکۆ، ئەم چەمکانە نەک وەک دیاردەی جیاواز بەڵکوو وەک دیاردەی پەیوەندیدار بە یەکترەوە شی دەکرێنەوە، تەنانەت بۆ شیکردنەوە، وردبوونەوە و لێکۆینەوە لە پەیوەندی نێوانیان بە پێویستیەکی حاشا هەڵنەگر دادەنێت.(Abera 2019)
ئەوەی فۆکۆ لە بیرمەندەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، لێکۆڵینەوەی سیستماتیکی چەمکەکانی وەک هێز، زانین، ڕاستی نییە، بەڵکوو ئەو شێوازێکی نویی شیکردنەوەی ئەو چەمکانەی داهێنا کە لەوێدا بە ناوەند وەگرتنی مرۆڤ بۆ ڕوونکردنەوەی هەر چەمکێک بە لێوردبونەوە لە چەمکێکی دیکەی پەیوەندیدار بە پێویست دەزانی، ئەو لێوردبوونەوەش لە چوارچێوەی ڕهەندێکی مێژوویی و ڕەخنەییەوە دەکرا. هەربۆیەش بۆ شیکردنەوەی هەر یەک لە چەمکەکانی وەک دەسەڵات، زانین دەتوانرێ بە پەیوەندی نێوانیان باشتر بناسرێ.(Willcocks 2004)

بۆ فۆکۆ گرنگە بزانین چۆن دەزانین و چۆن هەندێک زانین وەک ڕاستی وەرگیراون. ئەم گرنگییە وا دەکات بەدوای شیکارییەکدا بگەڕێین بۆ چەمکی زانین، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە چەمکی زانین پێویستی بە شیکاریی پەیوەندیی نێوان هێز و زانین هەیە، چونکە تێگەیشتن لە هێز لەو چوارچێوەیە دەبێتە بنەمای تیۆرییەکی زانستیی ڕەخنەگرانە کە بەپێچەوانەی توێژینەوەکانی پێشوو ڕوانگەیەکی نوێ بۆ بابەتی دەسەڵات دروست دەکات، تەنانەت لێوردبوونەوە بۆ چەمکی ڕاستییش کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆدا ئەو تێڕوانینە پێویستە.(mills 2012)

بە بڕوای فۆکۆ، زانین هێزە و هێزیش دەتوانێت زانین بەرهەم بهێنێتەوە، هێز و زانین وەک دوو دیاردەی جیاواز پەیوەستن بە یەکەوە و دەتوانن کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبێت. پەیوەندییەکی توند لەنێوان هێز و زانین وەک دوو چەمک هەیە، بە جورێک کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە. فۆکۆ ئەم چەمکانە بۆ ڕوونکردنەوەی داینامیزمەکانی بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەکارهێنا. هەروەها لە ژێر ڕۆشنایی ئەو شیکردنەوانە بوو کە جیاوازی تێگەیشتن لە چەمکی هێز لە زانستە سروشتییەکاندا و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوت..(Abera 2019)

بەگوێرەی بیرکردنەوەی فۆکۆ گرنگی و باڵادەستیی زانین لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوادا کاریگەری لەسەر گەشەسەندنی هەموو بوارەکاندا هەبووە. هەروەها ئەم دیاردەیە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر زیادبوونی هێز وەک کۆمەڵێک تەکنیک لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا هەبووە، بە مانایە کە "زانین دەسەڵات بەهێز دەکات." بە بڕوای فۆکۆ نەک تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی هێز ناسینی چەمکی زانین یا بەپێچەوانە پێویستە بەڵکوو بوونی یان نەبوونی هێز و زانین بە یەکتر بەستراوەتەوە، بۆیە فۆکۆ پێی وایە لە سەدەی هەژدەهەمدا پێشکەوتنی مرۆڤ و بەرهەمهێنانی زانست لەژێر کاریگەریی گۆڕانکاریی ئابووریدا بووە. ئەم تێڕوانینە بۆ هێز و زانین وایکرد فۆکۆ ڕەخنە لە تێڕوانینی کلاسیکی هێز و پەیوەندییەکانی بگرێت، بەجۆرێک کە دەگوترا هێز تەنیا لەلایەن بەهێزەوە بەسەر ئەوانی دیکەدا بەکاردەهێنرێت، هەربۆیەش ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە هێز دەتوانێ لە هەموو شوێنێکەوە بێت و هێز لە هەموو شوێنێکە. (Abera 2019)
بەگوێرەی تیۆری هێزی فۆکۆ، هێز چەند جۆری هەیە بۆیە دابەشی دەکات بەسەر سێ جۆردا، هێزی باڵادەست، بایۆهێز و هێزی سزادەر کە هەر یەکەیان لە ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو ڕوانگە کلاسیکی یان مارکسیستییە کە دەڵێ هێز لە دەستی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەدایە. بە بڕوای فۆکۆ، کاریگەریی زانین لەسەر بەرهەمهێنانی هێز هەیە، ئەوەش بەو مانایە دێت کە هێز لە هەموو شوێنێکی کۆمەڵگەدا دەبینرێت.(Raine 2019)
گرینگیی تێڕوانینی فۆکۆ بۆ هێز بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو دوو چەمکە واتە هێز و زانین پێشتر وەک دوو چەمکی جیاواز سەیر دەکران، شیکارییەکانیش لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزرابوون کە هەریەکێک لەو چەمکانە پێناسەی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام فۆکۆ ئەم بۆچوونەی ڕەت کردەوە. ئەو پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە بۆ ئەوەی لە هەر یەک لەو چەمکانە تێبگەین پێویستە ئەوی دیکەیان باشتر بناسین، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دیدێکی نوێ بۆ جەوهەری هێز بێتە ئاراوە کە پێچەوانەی تێگەیشتنی مۆدێرنیزم بوو. بە بڕوای فۆکو "هێز شتێک نییە، دامەزراوەیەک نییە، توانایەک نییە، یان ئۆبژێک نییە. هێز باسی پەیوەندییەکانی هێز دەکات و بەو پێیەش چەمکێک نۆمینالە: مرۆڤ پێویستی بە نومینالیستی هەیە، بێگومان: هێز دامەزراوە یا پێکهاتە نییە؛ هەروەها هێزێکی دیاریکراو نییە کە ئێمە لە خۆ بگرێت؛ ئەو نۆمینالەیە کە مرۆڤ دەیگێڕێتەوە بۆ دۆخێکی ستراتیژی ئاڵۆز لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا.(Basumatary 2020) "

بەپێچەوانەی خوێندنەوەی کۆن بۆ هێز، لە چاخی مودێرندا لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایدا هێز فورمی نوێ بە خۆ دەگرێت و لە ئەو هێزە باڵادەستەیی کە پێشتر هەیبو کە بریتیە لە بە کارهێنانی هێز لەلایەن یەکێک بە سەر یەکێکی دیکەوە دەگوڕێ بۆ شێوەیەکی نوێ و ئاڵۆز لە کۆمەڵگەدا کە خۆی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسەت و ئابووری دەبینێتەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە فۆکۆ، هێز لە سەردەمی مودێرندا بابەتێکی پەیوەندیدار و لە حاڵی جێگۆڕکی لەنێوان تاکەکان، گروپەکان، دامەزراوەکان دەزانێ. بۆ فۆکۆ هێز لە پێش چاخی مودێرندا هێزی باڵادەستە (هێزی پاشایەتی)، بەڵام لە چاخی مودێرن خۆی وەکوو بایوهێز و هەروەها هێزی سزادەرخۆی نیشان دەدات. بۆ تێگەیشتنی باشتر لەو تێڕوانیەی فۆکۆ سەبارەت بە هێز دەتوانین ئاماژە بە نمونەی قوچەک بکەین. لە پێش چاخی مودێرندا لە سەروی قوچەک پاشا هەبوو لە نێوەڕاستی قوچەک وەزیرەکان و هەروەها لە خوارەوەی قوچەک سابژێکتیڤ واتە خەڵک هەبوو، هێز لەو مودێلەدا لە سەرەوە بۆ خوارە دەهات بە جورێک پاشا فەرمان دەکات وەزیرەکانیش لە سەر خەڵکی جیبەجێ دەکەن. ڕامانی فۆکۆ بەتەواوی پێچەوانەی ئەو مودێلەیەو دەڵێ هێز لە خوارەوەش بۆ سەرەوە کاریگەری هەیە و ئەوە کاریگەری لەسەر سابژێکتیڤیتی خەڵک دادەنێ و شێوازێکی نوێ لە پەیوەندی هێز کە بە "disciplinary power" دەناسرێت.(Taylor 2014)

دیسپلینەری هێزی سزادەر لە چاخی مودێرندا کاتێک دەردەکەوێ کە تاک لە سەنتەر دادەنێت، هەروەها لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دامەزراوەکان جۆرێکی دیکە لە هێز دروست دەکات کە لە چاخی مودێرندا هاتووەتە کایەوە. بەگوێرەی فۆکۆ ئیتر لە سەردەمی ئێستادا تەنیا جۆری هێزی کلاسیکی لە کۆمەڵگەدا نییە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو بێتە کایەوە کە تاکەکانیش دەتوانن کاریگەری لە دروستکردنی هێزدا دابنێن و ئەوەش وای کردوە پەیوەندی تاک لەگەڵ تاک و پەیوەندی تاک لە گەڵ دامەزراوەکان هەیە بە جۆرێک کە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبێت (Taylor 2014)

ئەو شێوازە لە شیکردنەوەی هێز/زانین دەتوانین لە پەیوەندی وڵاتی ئیسرائیل و بەهێزی ئەو بەکاربهێنین چونکە ناتوانین باس لە بەهێزی ئیسرائیل بکەین بەڵام باس لە توانا پێشکەوتووەکانی ئیسرائیل نەکەین، ئەوەش تێڕامانێکی پێویستە بە تایبەت بە نیسبەت کورد کە هەوڵی پاراستنی خۆی دەدات کە هێزی زانین چەندە گرینگە.

## پوختەی مەبەست:

بێ گومان کاتێک باس لە بەهێزیی ئیسرائیل دەکرێ لەوانەیە هەر زوو باس لە هێرشی حەماس بکرێ کە چۆن وڵاتێکی بەهێز بەو شێوەیە دەکەوێتە بەر هێرش، بەڵام ئەو بابەتە نابێ وەک هەڕەشە و هێرشێکی کلاسیک ببیندرێ و ئەوە بە

مانای لاوازیی ئیسرائیل نییە. چونکە گرووپە بچووکەکان دەتوانن بەو شێوەیە زیان بە وڵاتە بەهێزەکان بگەیەنن، بەڵام ئەوەی لە کۆتاییدا وەک هێزی سەرکەوتوو دەردەکەوێ هەر ئەو وڵاتە بەهێزانن، نەک گرووپە میلیشیاکان. لەسەر هێزی وڵاتی ئیسرائیلیش دەکرێ زۆر لێکۆڵینەوە بکرێ و لە ڕۆچنەی جیاوازەوە ببیندرێت و لێی وردببینەوە، لێکگرێدانی پێشکەوتنەکانی زانستی ئیسرائیل و هێزی ئیسرائیل یەکێک لەو ڕەهەندانەیە شایانی لێکۆڵینەوەیە بە تایبەتی بە هەبوونی تیورییەکی وەکو تیئور هێز/زانین ی میشل فۆکۆ لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا. بەگوێرەی ئەو تیورییە پێشکەوتنی زانستی و بەهێزی دو بابەتی لێکگرێدراون کە دەکرێ بۆ تێگەیشتن لە یەکێکیان ئەوی دیکە شرۆڤە بکرێ هەر ئەوەش وا دەکات یەکێک لە وەڵامەکانی پرسیاری کە ئیسرائیل بۆ چی بەهێزە لەلای ئێمە هەبێت، هەر ئەوەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی بڵێین کە لە کۆتاییدا ئیسرائیل دەیباتەوە.

## سەرچاوەکان:


- Israel Science & Technology: History & overview. History & Overview of Science & Technology in
- Abera, Teshome. (2019). Michel Foucault Power Knowledge Nexus: Critical Analysis and Its Relevance.
- Basumatary, Jagadish (2020). Michel Foucault on Regenerative Relatedness of Power/ Knowledge and Truth
- Mills, Sara. (2012). Michel Foucault. Routledge.
_Willcocks, L. (2004). Foucault, power/knowledge and information systems: Reconstructing the present. Social theory and philosophy for information systems, 238-296
- Raine, Dr. S. (n.d.). Foucault's theory of Power & knowledge: Definition, Examples & Analysis. Perlego Knowledge Base.
- Taylor, D. (2014). Michel Foucault: key concepts. Routledge.


١٨ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# دیپلۆماسیی سایبری پێویستییەکی هەنوکەیی بزاڤی نەتەوایەتیی کوردستان



د. مەجید حەقی

دیپلۆماسی مەجازی یان سایبێری بەواتای جێبەجێ کردنی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لەڕێگەی کەشی سایبرییەوە، دەرفەتێکی زێڕینە کە بزاڤی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان -ئەگەر بەجوانی بەکاری بێنێت- دەتوانێت دەرفەتە لەدەستچووەکانی ڕابردووی پێ قەرەبوو بکاتەوە. دیپلۆماسیی مەجازی یان سایبریی بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستا و ئالوگۆڕە جیهانییەکان و بە لەبەرچاوگرتنی پرسی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و پێوەندییە ستراتیژیکەکانی پرسی کورد بە پرسە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان، بە هۆی ئەوەی نێوەرۆکی خەباتی نەتەوەی کورد خەباتێکی مرۆڤ سەنتەرە، و هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی کارکردی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕینی پارەسەنگی هێز لە جیهاندا، لە هەموو کات زیاتر پێویستی بەوەیە کە لە پێوەندی و دیالۆگی ڕاستەوخۆدا بێت لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بیروڕای گشتی.

گرینگە بزانین کە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان ئەگەر بەشێوەی گونجاو بەکار ببردرێن، دەتوانن ببن بە سەنگەریکی گرینگی

دیپلۆماسی بۆ ناساندنی پرسی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەڕاستیدا بەهۆی شوێندانەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەرچێ کەمتر لەو جیهانەدا بوونمان هەبێت، داگیرکەرانی کوردستان دەرفەتی زیاتر دەدۆزنەوە بۆ سڕینەوەی پرسی کورد و پەرەدانی تێرۆری سایبری دژی نەتەوەکەمان. کۆماری ئیسلامی و هێزە نەیارەکانی کورد خاوەنی کۆمپانیا و دامودەزگای گەورەن لە کاتێکدا بزاڤی نەتەوایەتیی کوردستان تەنیا خاوەنی هێزێکی بەبڕوا و نشتیمانپەروەر و کەسانی دڵسۆز و خۆبەخشە. ئەم شەڕە نابەرامبەرە سەرەڕای ئەوەی لە ڕوانگەیەکەوە بە قازانجی نەیارانی بزاڤی نەتەوەیی کوردستان دەبیندرێت، بەڵام بەهۆی دەوڵەمەندیی کۆمەڵگەی کوردستان خاسمایی لە دیاسپۆرا و خاوەن هێزی نشتیمانپەروەر و گەنج، ئەم بزاوتە خاوەنی تواناییەکانی جۆراوجۆرە کە ئەگەر بە شێوەی گونجاو، یەکگرتوو و لە چوارچێوەی ستراتێژییەکی نەتەوەیی بەکار ببردرێت، دەتوانێت ببێتە خاڵی بەهێزی ئەو بزاڤە.

سەرەرای گەشەی زۆری مرۆڤایەتی و سیستەمە نێونەتەوەییەکان، سیاسەتی نێودەوڵەتی ئێستاش نەیتوانیوە بەشێکی زۆر لە پرسە نێونەتەوەییەکانی جیهان لەوانە شەڕ و خوێنرێژی و چەوساوەیی نەتەوە بندەستەکان چارەسەر بکات و ئاشتیی جیهانی وەدی بێت. سەرەڕای ئەمانە دیپلۆماسی وەک یەکێک لە گونجاوترین ڕێگەکان دەزانرێت بۆ چارەسەری پرسەکانی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی. پێبەپێی گەشەی تەکنۆلۆژیی پێوەندیی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان سنوورە نەریتییەکانی خۆی تێپەر کردوە و ئێستا نەتەوە بێدەوڵەتەکان لە جاران زیاتر دەتوانن لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی لە پێوەندیدا بن و بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری خەڵکی جیهان، ویستی چارەسەری کێشە نێونەتەوەییەکان لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە پەسەنترە. دیپلۆماسی وەک کەرەسەی سیاسەتی دەرەوەی وڵات یان بزاڤێک بە واتای هونەری بەرێوەبردنی هەڵسوکەوت لەگەڵ جیهانی دەرەوە لەلایەن دەوڵەتەکان و ڕێکخراوەکانەوە. دیپلۆماسی لە واتای کلاسیکی خۆی بریتییە لە سێ ئەستوونی سەرەکی واتە ئەستوونی سیاسی، ئابووری و ئەمنیەت. دواتر بەپێی گەشەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان ئەستوونێکی دیکەی پێوە زیاد بوو بە ناوی ئەستوونی کولتووری.

ئەمرۆ بەگشتی ئەم چوار ئەستوونە لە دیپلۆماسیدا ڕۆڵ دەگێڕن، بەڵام لەگەڵ ئەمەش زۆر ستوونی لاوەکی دیکەش لە دیپلۆماسیدا کاریگەرییان هەیە بۆ نموونە: دیپلۆماسیی بەرگری، دیپلۆماسیی ڕاگەیاندن و دیپلۆماسیی کۆمەڵایەتی و هتد. گۆڕینی خێرای هەلومەرجی سیاسی جیهان و سەرهەڵدانی هۆکاری نوێ لە پێوەندییە نەتەوەییەکاندا بووەتە هۆی ئەوەی وڵاتان تەنیا بیر لە دیپلۆماسیی نەریتی کە بریتی بێت لە پێوەندیی تەنیا لەنێوان دەوڵەتان نەکەنەوە و فاکتەرەکانی دیکەی سیاسیش لە پێوەندییەکاندا لەبەرچاو بگرن. لە ڕاستیدا شۆڕشی پێوەندییەکان و بەرفراوانبوونی کەرەسەی پێوەندییە گشتییەکان لەلایەک و بەهێزبوونی چالاکیی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەک ڕێکخراوە مەدەنییەکان، کۆمپانیا بازرگانییەکان بوونەتە فاکتەرێکی بەهێز لە پێوەندییە نێونەتەوەیی و بڕیارە گشتییەکاندا. بۆیە تەنیا پێوەندییە

نەریتییەکان ناتوانن وەڵامدەری پێویستییەکانی ئەمرۆی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بن. هاوکات بەپێی گەشەی تەکنۆلۆژیی پێوەندییەکان و ئێستاش شۆڕشی هۆشی دەستکرد کە لەوانەیە زۆرکاریگەرتر لە شۆڕشی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بێت، کەشی مەجازی زۆرتر لە هەموکات شوێندانەرە لەسەر پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و دەکرێ وەک یەکێک لە فاکتۆرە ستراتێژیی و دیاریکەرەکان لە بەرچاو بگیرێت.

لە ئێستادا دیاردەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندە بەخێرایی گەشە دەکات، کە هەر ڕۆژێ لاپەڕەیەکی نوێی پێوە زیاد دەبێت و هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ لە خۆی دەگرێت. ئەم جۆرە دیپلۆماسییە ڕوو بە داهاتوویە، دیپلۆماسییەک کە نەوەی ئەمرۆ واتە نەوەی Z و نەوەی دوای ئەو واتا نەوەی ئالفا نوێنەرایەتیی دەکەن. دیپلۆماسیی سەرکەوتوو ئەو دیپلۆماسییەیە کە بتوانێت لە کەرەسە نوێیەکان بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرێت و سەنگەریکی دیکەی خەبات بۆ نەتەوەی کورد بکاتەوە. ئێمە پێویستمان بە دیپلۆماسییەکی سەرکەوتوو و کاریگەر هەیە کە بتوانێت بە پێی پێویستی ئەمرۆی بزاڤی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی ژینگەی سیاسی ناوچە ئامانجە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بەرەو پێش ببات. شتێک کە تەنیا لە ڕێگەی کەلکوەرگرتنی باس و پڕسوود لە تەکنۆلۆژیی پێوەندییە گشتتیەکانی و داهێنانی زانیاریی وەدێ دێت.

تێگەیشتن لە دیپلۆماسیی سایبری (Cyber Diplomacy) بۆ بزاڤی نەتەوەیی کوردستان حەوجێیەکی ستراتێژیکە و بەبێ تێگەیشتن لە جیهانی نوێ و تایبەتمەندییەکانی نەوەی ئەمرۆی جیهان لەوانەیە دیسان دۆڕاوی دەرفەتە مێژووییەکان بین. لۆژیکی دیپلۆماسیی سایبری لۆژیکیکی سێ ڕەهەندییە: بەدەستهێنانی بڕوا و جووڵە لەسەر شەپۆلی بیروڕای گشتی لە پێناو وەدیهێنان و دەستەبەری بەرژەوەندیی نەتەوەیی.دووەم: بڕوا بە هێزی خەڵک وەک ڕێبەرانی مەیدانی و نوخبەکانی کۆمەڵگە کە دەتوانن شوێندانەر بن لەسەر بیروڕای گشتی و؛ سێهەم پێکهێنانی ئاسانکاری بۆ ڕێکخراوەکان بۆ ئاشنایی لەگەڵ دیپلۆماسیی سایبری و پەروەردەی سامانە مرۆڤییەکانی ئەو بوارە.

ئاستی پێوەندییەکانی سایبری زۆر بەرفراوانە و هەر تاکێک لەو جیهانەدا دەتوانێت وەک باڵیۆزێکی پرسی نەتەوەیی خۆی کار بکات. بۆیە دیپلۆماسیی سایبری دەتوانێت سەرچاوەیەکی هێز بێت بۆ بزاڤی نەتەوەیی. لە ڕوانگەی جۆزێف نای (Joseph Nye)؛ بیرمەندی سیاسیی ئەمریکی و باوکی هێزی نەرم، هێز بە واتای توانایی شوێندانەری لەسەر هەڵسوکەوتی کەسانی دیکەیە بە شیوەیەک کە ببێتە هۆی ڕوودانی ئەو شتەی ئێمە خوازیارین. بەواتایەکی دیکە هێز بە واتای شوێندانەری لە ەر هەڵسوکەوتی کەسانی دیکە بۆ بەدەستهێنانی ئاکامە دڵخوازەکانە.

لەو پێناسەیەدا هێز یان دەسەڵات بەسەر دوو جەمسەردا دابەش دەبێت: هێزی نەرم واتە نرخ و بەهاکان، کولتوور، سیاسەت، دەزگا مەدەنی و نەتەوەییەکان، ڕێکخستنی ئەولەوییەتەکان و ڕاکشانی سەرنجی بەرەدەنگ و هێزی ڕەق واتە هێزی سەربازی و ئابووری. بەو پێیە کەشی سایبری کەرەسەی دەسەڵاتی نەرم و هێزی نەرم سەرچاوەی داهێنانی کەشی مەجازییە. بە بڕوای مانوئێل کاستێل داهێنەری تیۆریی هێزی ڕایەڵکە ئەو هیز و گرووپانەی دەستیان بە تەکنۆلۆژی پێوەندییەکانی نوێ دەگات و شارەزای شێوازی بەکارهێنانی ئەون، دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە ئاڵۆگۆڕەکان کۆنترۆڵ بکەن. ئەگەر ئەو هێزانە خاوەنی ڕایەڵکەی بەهێزی پێوەندییەکانی سایبری بن، دەتوانن وێنەیەکی جوانتر لە خۆیان بە جیهان نیشان بدەن. کەوابوو هێزی جیهانیی هەر ڕێکخراوێک پیوەندی هەیە بە توانایی دیپلۆماسیی ڕاگەیاندن و پێوەندییەکانی و بۆیە بزاڤێکی نەتەوەیی و هێزە کوردستانییەکان پێویستیان بە سیاسەتێکی نێونەتەوەیی نیشتمانی هەیە کە پێکەوە بتوانن دیپلۆماسیی سەرکەوتوانە لە ڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە دیاردە جیهانییەکانەوە پرسی نەتەوەی کورد بکەنە پرسی کۆمەڵگەی جیهانی.

## دەرفەتەکان

دیپلۆماسیی سایبری ئەم دەرفەتانەی خوارەوە بۆ بزاڤی نەتەوەیی کوردستان دەخوڵقێنێت:

- ئاسانکاری بۆ پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵێکی بەرفراوان لە نوخبە و ئیلیتە شوێندانەرانی جیهان و خێراکردنی کاروباری دیپلۆماسی و ڕێکارەکان و بەشداری لە بۆنە دیپلۆماسییەکانی مەجازی بە تێچوویەکی کەمەوە.

- دەرفەتی ناسینی ڕیکخراوەکانی هاوئامانج و خاوەنی بایەخی هاوبەش و کەلکوەرگرتن لە تواناییەکانی هێزی گەنج و دیاسپۆرا.

بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستای خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دۆخی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی بە هۆی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق، دیپلۆماسیی سایبری دەرفەتێکی زێڕینە بۆ پێوەندی بە بنکە و بنیاتەکانی نێونەتەوەیی دیکە کە پێشتر بەهۆی پێوەندییە تەک ڕەهەندییەکانی حیزبەکانەوە نەناسرابوون.

یەکێک لە کارو تایبەتمەندییەکانی پرۆژەکانی دیپلۆماتیک بەتایبەت نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکان بەدواداچوون و لێکدانەوە و ناسینی ئاڵوگۆڕەکانی جیهانە بۆ ئەوەی بە تێگەیشتنێکی دروست هەنگاوە دیپلۆماتیکەکانی خۆیان هەڵگرن، دیپلۆماسیی سایبری دەبێتە هۆی خوڵقاندنی توانای نوێ بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوە و ئاڵۆگۆڕی ڕاپۆرت لە نێوان

نوێنەرایەتی بزاڤی نەتەوەیی و دیپلۆماتەکانی وڵاتان و دەرفەتێکە بۆ مامەڵەی سەردەم لەگەڵ جیهان و دۆزینەوەی بەرژەوەندیی هاوبەش.

## هەڕەشەکان

تایبەتمەندی کەشی مەجازی، خێرایی و ئاسانیی پێوەندیگرتنە. کۆماری ئیسلامیی ئێران و نەیارانی بزاڤی نەتەوایەتی لە ڕێگەی دامودەزگاکان و بەکرێگیراوانی خۆیانەوە دەتوانن بە تێرۆریزمی سایبری ببنە هەڕەشە بۆ سەر ڕێگەی دیپلۆماسیی مەجازی بزاڤی کوردستان.

دەستکاری کردن و دزینی زانیاری و گۆڕینی ڕاستییەکان بە کەلکوەرگرتن لە هۆشی دەستکرد هەڕەشەیەکی دیکەی سەر ڕێگەی بزاڤی نەتەوەیی کوردە.

بە بڕوای نووسەری ئەو دێرانە، بۆ ئەوەی دەرفەتەکانی دیپلۆماسی مەجازی بە شێوەیەکی باش و بێهێنەیی بەکار بهێنرێت، پێویستە هێزە کوردستانییەکان بە هاوکاری ڕێکخراوە مەدەنییەکانی دەرەوەی وڵات و پسپۆران و نوخبەی کورد لە دیاسپۆرا پلاتفۆرمێکی هاوبەشی نەتەوەیی پێک بێنن، بۆ داڕشتن و بەڕێوەبردنی ستراتێژی دیپلۆماسیی سایبریی هۆشمەند لە ڕێگەی دیاریکردنی سازوکاری پێویستی، هاوئاهەنگی و دابەشکردنی ئەرک و کارەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بەهێزکردنی هاوکاری و وێکگەیشتنی نەتەوەیی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا.

٢٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# ئەدەب و هونەری بەرگری



**ڕێباز مەریوانی**

هونەر و ئەدەبی نارەزایەتی دەچێتە خانەی ئەدەبی بەرگرییەوە. كاتێک مرۆڤ لەهەمبەر بەرامبەرەكەیدا نەتوانێ بە شێوازی فیزیکی ڕاوەستێ و ڕووبەڕوو ببێتەوە، بە شێوازی دیکە لە چوارچێوەی دەربڕین، جوڵە و هێمای تایبەتدا نارەزایی و بێزاریی خۆی دەردەبڕێ. مرۆڤی کەونارا و ئەشکەوتنشین بۆ ترساندن و دوورکردنەوەی ئاژەڵە دڕندەکان بە دەربڕینی دەنگوهەرای نائاسایی، کردنەوەی ئاگر، دروستکردنی داهۆڵ و دێوجامە و هتد ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان پاراستوە. زۆر بوونی حەشیمەت و سەرهەڵدانی شەڕە نێوخۆیی و نێونەتەوەییەکان، گەشەی بە ئەدەب و هونەری بەرگریدا. پێویستە بگوترێ کە ئەدەب و هونەری باڵادەستەکان دەمارگرژ و هێرشبەرانەیە، بەڵام ئەدەب و هونەری ژێردەستەکان مەزڵوومانە و بەرئەنگاریانەیە. هەڵکەوتی جوغڕافیایی کوردستان چ لە باری سروشتی و کێوستانی بوونییەوە و چ وەک ژیئۆپۆلیتیک، بەردەوام لە ژێر کاریگەری شەڕی ناوخۆیی و شەڕی دەرەکییدا بووە. ئەو بارودۆخە جەنگییە کاریگەری لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی کوردەکاندا بووە. دیاردەی بەرگری و حەماسەت هەر لە جلوبەرگەوە بگرە هەتا سەما و هەڵپەڕکێ، شێعر و مۆسیقا، پەند و مەتەڵ، چیرۆک و ڕاسەکان، کەرەسەکانی گەمەی منداڵان و هتد

دەبینرێ و تەنانەت ڕەگەزایەتی کراوتەوە.

## زاراوە سەرچەشنەکان: هونەری بەرگری، ئەدەبی بەرگری، داهاتووی ئەدەبی بەرگری

کاتێک تاکەکەسێک، بنەماڵەیەک، هۆزێ یا نەتەوەیەک بیهەوێ بە سەربەخۆیی و کەرامەتەوە بژی، مەجبوورە لە بەرامبەر ئەو بەڵێنە ئەخلاقییەدا تێچووی مرۆیی و ماڵی بدات. یەکێ لە تێچووەکان ڕاوەستانە بەرامبەر بە دەستە زاڵ و هێرشبەرەکان. لەبەرامبەر هێرشبەراندا مرۆڤ لە قۆناخی یەکەمدا شەڕ دەکات، ئەگەر لە بواری سەختئامێری و شەڕدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا دادەبەزێ بۆ بواری نەرمئامێری و شەڕی سارد. ئەدەب و هونەری بەرگری بریتییە لە کۆمەڵە هەوڵ و تەقەلا و چالاکییەک کە بە شەڕی نەرم ئاراستەی داگیرکەر دەبێتەوە و هەروەها جۆرێک ڕۆحیاتی خۆبەدەستەوەنەدان و نیوەشەڕ ئەدات بە مرۆڤ. لە ئەدەب و هونەری بەرگرییدا، ناڕەزایەتییەکان دابەش دەبێ بە سەر ڕەهەندەکانی شێعر و چیرۆک، مۆسیقی و گۆرانی، وێنەکێشان و کاریکاتۆر و هتد. لە شرۆڤە و واتاکاندا ئەدەب و هونەری بەرگری بە شێعری حەماسی و هونەری حەماسی پێناسە کراوە. لێرەدا بەکورتی شێعر و هونەری حەماسی بە شێوازی گشتی و چڕبوونەوە لە سەر ئەدەب و هونەری کوردی تاووتۆی دەکرێ.

## شێعری حەماسی:

"شێعری حەماسی بریتییە لە شێعری درێژ، گێڕانەوە یا داستانێک سەبارەت بە بابەتێکی گرنگ کە بە شێوازێکی ئاهەنگدار هەڵبەسترابێ و هەروەها ناوەڕۆکەکەی لە سەر کەسێیەتییەکی پاڵەوان یا نیوەخوداییی چڕ بووبێتەوە و لە ئاکامدا بە ئاکاری سەرنجڕاکێشی خۆی چارەنووسی هۆزێک، ڕەگەزێ یا نەتەوەیەک دیاری بکات"(١). بە پۆلێنبەندکردنی ئەدەبیاتی حەماسی، دەردەکەوێ کە ئەو سەبکە بەدرێژایی مێژوو چەند قۆناخێکی مێژوویی تێپەڕاندوە و هەروەها بەشی زۆری ئەدەبیات و گێڕانەوەکانی لە ڕابردوودا بە خۆوە تەرخان کردوە. سێ قۆناخی "نەریتی یا سەرەتایی کە بە ئەشعاری ئیلیاد و شانامەوە دەست پێ دەکا، قۆناخی نێونجی کە (بەهەشتی ونبوو)ی مەسیحییەت نموونەی ئەو قۆناخەیە و هەروها قۆناخی کۆتایی کە بە شانامەی کوردی و هۆنراوەکانی ئەڵماس خان کۆتایی پێ دێت"(٢.(

هەرچەند خوڵقاندنی ئاسەواری حەماسی بە سەبکی ڕابردوو، بە گۆڕانکارییەوە کۆتایی پێ هات، بەڵام لە کۆمەڵگە نەریتی و پڕ لە ئاڵۆزییەکانی وەک بەلووچستان، لوڕسانات و کوردستاندا هەتا پەیدابوونی خوێندنگا و زانکۆکانیش لەلایەن گۆسانەکانەوە بۆ خەڵکی دەخوێندرایەوە و هەموو لایک چێژیان لێ وەردەگرت. ئەشعاری حەماسی لەڕاستیدا بۆ خەڵکی وانە

و فێرکاریی ئیخلاقی جوامێری، بوێری، خۆڕاگری و هتد بووە و سەبارەت بە خۆڕاگری و بەرخۆدان، بەردەوام وەکوو پێویستی بۆ نەوەکانی داهاتوو گوتراوەتەوە.

**شێعرە حەماسییەکان خاوەن هندێک تایبەتمەندیین کە بریتین لە:**

- قارمانی چیرۆک کە کەسایەتییەکی خۆشناو، پێگەیشتوو (کامل) و زۆرجار زیاترە لە مرۆڤی ئاسایی.
- لایەنی شوێن یا مەکان کە لە چیرۆکی بەهەشتی ونبوودا بێجگە لە گۆی زەوی، بەهەشت و جەهەنمیش دەگرێتە بەر.
- ئاکار و کردەوەی گەورە وەکوو کووشتنی دێو و درنج
- ڕۆڵی خودا و فریشتەکان لە چیرۆکەکاندا
- شێوازی گێڕانەوەی شێعری حەماسی کە پڕە لە شانازی و وشە و زاراوەی تایبەتمەند"(۳).

**لە چیرۆکە حەماسییەکاندا ئاژەڵەکان، ڕووبارەکان، گیا و درەختەکان و... هندێکجار دەبنە خاوەن ڕۆڵ.**

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام و زاڵبوونی وێژمانی دین بەرەبەرە شێعر و چیرۆکی حەماسی بە شێوازی ڕابردوو کۆتایی پێ هات و شێعرە عیرفانییەکان جێگای گرتەوە. "هێرشی مەغوولەکان بۆ سەر ئێران کەرامەت و شکۆی خەڵک دەشکێنێ و دوای ئەو هێرشە ئیتر ئەشعاری حەماسی و قارەمانپەروەری جێگای خۆی دەدات بە ئەدبی عیرفانی. ئەشعاری حافیز و مەولانا دژی حەماسەت و خەیاڵاتە"(٤). لە کوردستاندا ئەدەبی عیرفانی لەو چەند سەدەی ڕابردوودا گەیشتە لوتکە و ئەدەبی نووسیاری و کلاسیکی کوردی بە زۆری لەو بوارەدا ڕەنگدانەوەی هەبووە. لە عیرفانی ئیسلامیدا هونەری حەماسەت بەدی دەکرێ. لە زیکر و حاڵی پێڕەوانی تەریقەتی قادری و پێڕەوانی ئەهلی تەشەیووعدا هێماکانی توندئاژۆیی، شمشێر و خوێنڕشتن دەبینرێ کە ئەو بەشە دەچێتە خانەی شانۆی حەماسییەوە. ئەدەبی کوردی کە بە ئەدەبی زارەکی بەناوبانگە و ئوسکارمانیش ئاماژەی پێداوە بە زۆری لە ئەستۆی خەڵکیدا بووە و هەر ئەو خەڵکەش گەشەی پێداوە. پەند و مەتەڵی کوردی کە کاریگەری لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان وەرگرتووە بە جۆرێک ڕنگ و بۆنی حەماسەت و بەرگرییان پێوەدیارە. لێرەدا ئاماژە بە چەن نموونەیەک لە پەندی کوردی دەکرێ کە سەبارەت بە دوژمن هەڵوێستی توند و شۆڕشگێڕانە دەگرێ.

- دوژمن بێ بە پرد مەڕۆ بە سەریا
قەت بە دەمی سەگ پیس نابێ دەریا

- با دوژمن بچووک بێ، بە کەمی مەزانە
- شەڕ بە چەک دەکرێ و مامەڵە بە پوڵ
- شەو قەڵای مێردانە
- باوڕت بە زردەخەنەی حاکم و خۆشیی زستان نەبێ
- ڕان مەدەرە دەست گورگ
- مەبە بە کەواسوور بەر هۆردوو
- قنگ حیزی باشە لە دەم حیز"(٥).

## موسیقی و هونەر:

هونەر و گۆرانی کوردی چەندە لایەنی خۆشەویستی، عیرفانی، ناتۆرالیستی و هتدی هەیە ئەوندەش باری حەماسی و بەرگریکارانەی بە خۆوە گرتوە. بەیت و حەیرانی کوردی ئاهەنگێکی تایبەتی کوردییە کە لە باری نێوەرۆک و شێوازی دەربڕینەوە چەندە باری ئەویندداری و خۆشەوستی تێدایە، ئەوەندەش دەربڕینی ناڕەزایەتی و نیگەرانیی سەبارەت بە ڕۆژگار و بارودۆخ تێدایە. کەرەسە و ئامێرە هونەرییەکانی حەماسەت و بەرگری وەکوو دەهۆڵ، دەف، کەڕەنا و هتد لە کوردستاندا مێژوویەکی دێرینیان هەیە. نەریتی کەلکوەرگرتن لە ئامێرەکانی مۆسیقی لە کاری سەربازی و جەنگیدا هەر لە کۆنەوە هەتا ئیستە بەردەوام بووە و تەنانەت نەتەوەکانی دوروبەریش لە کوردستانەوە وەریانگرتووە. "دەهۆڵ یەکێ لە ئامێرەکانی مۆسیقای جەنگییە کە ئورووپایەکان لە سەدەی سێزدەدا لە کاتی شەڕی خاچپەرەستی لەلایەن هێزی موسڵمانان، سوڵتان سەلاحەدینی کوردەوە وەرگیراوە "(٦).

دوازدە سوارەی مەریوان بۆ ڕووخاندنی ورەی دوژمن کەلکیان لە تەپڵ وەرگرتوە. زاراوی "کۆس کەوتن" کە لە فولکلۆری کوردیدا بە واتای داڕووخان، بێدەرەتانی، داماوبوون و هتد هەر لە شکستی سپای کوردەوە سەرچاوەی گرتوە کە لە کاتی گەڕانەوەدا تەپڵی شادییان لێنەدەدا و تەپڵ یا کۆسەکەیان لە دەنگ کەوتبوو.

هونەری هەڵپەرکێی کوردی هەم بە هۆی دەسەجەمی بوونییەوە و هەم لە ڕووی بزاوت و جموجوڵەوە، تارادەیەک ڕەنگ و ڕەواڵەتی بەزم و ڕەزمی جەنگی وکوو ڕێژەی پێوە دیارە. بەو پێیە بێت بەشێک لە هەڵپەرکێی کوردی وەکوو هەڵپەرکێی قرەپیرەژن، هەڵپەرکێی قەڵایی و بەتەواوی ڕەزمین و هەروەها تایبەتی پیاوانیشە. هونەر و ئەدەبی حەماسی لە ڕابردوودا بەتەواوی پیاو ڕەهەند بووە و ژنان کەمترین ڕۆڵیان لە ڕێخستنی شەڕ و بەرگری کردندا هەبووە.

## ئەدەب و هونەری بەرگری لە سەردەمی نوێدا:

ئەدەب و هونەری بەرگری لە سەردەمی ئایدۆلۆژیاکان و تیکنۆلۆژیای نوێدا هەم لە باری فۆرم و هەم لە باری نێوەڕۆکەوە گۆڕانکاری بەرینی بە سەردا هاتووە. ئەدەبیاتی کلاسیک جێگای خۆیدا بە ئەدەبیاتی مۆدێرن.

شێعری نوێ و کورتەچیرۆک جێگای سەبکە کۆنەکانی گرتەوە. ئەدەبی عیرفانی کە قەرزباری ئەدەبی کوردی و فارسییە، بەتەواوی بازاڕی لەدەست دا. قوتابخانەگەلی ئەدەبی وەکوو ڕۆمانتیزم، ئیدەئالیزم، ڕیئالیزم، ناتۆڕالیزم و هتد شرۆڤەی تایبەتییان لە هونەر و ئەدەبیات بەتێکڕایی و ئەدەبی بەرگری کردوە. لە دنیای نوێدا ژانرەکانی دیکە وەکوو وێنەکێشان، شانۆ، فیلم، کاریکاتۆر، تەنز و... بە خوێندنەوەی مۆدێرنەوە گەشەیان پێدرا و تەنانەت حەماسەت و بەرگریکردن گوێزراوە بۆ ئەو دنیا هونەرییە.

## ئاکام:

کوردستان بە هۆی شەڕی بەردەوام لەگەڵ داگیرکەراندا بەشی زۆری هونەر و ئەدەبیاتی ناڕەزایەتی بەرگریکارانەیە. ئەدەب و هونەری کوردی سەرەڕای لاوازی لە چاو دەورووبەر، دێموکراتیک و جیهان پەسەندە و بەڕاستی دژی شووینیزم و ڕەگەزپەرەستییە. بۆ کورتکردنەوەی باسەکە ئەوەندە بەسە بۆ ئاماژە کردن بە شۆڕشی ژینا کە بێجگە لەوەیکە ئێرانی ڕاچڵەکاند، دەنگی حەقویستیی کوردی گەیاندە جیهان و هەروەها شۆکێکی گەورەی لە بزاوتی فمینیستی دا کە ماوەیەکی زۆرە تێکەڵ بە جیهانی ئابووری بووە.

داری هونەر و ئەدەبی حەماسی کە ڕابردوویەکی دەوڵەمەندی هەیە لە شۆڕشی ژینادا بەر و سەمەری خۆی دا و بەخێرایی هەموو دنیای سایبری و دیجیتاڵی تەنی. بە مەرگی ناحەقی کچە کوردێک ڕێباز و فەلسەفەیەکی نوێ لە ژیانی گەلی کورد و خەڵکی ئێراندا سەری هەڵدا. کورد دەڵێ حەق کۆن ئەبێ بەڵام نافەوتێ. کاتێک لە شەقامەکاندا درووشمی "ئێمە کوردین نابەزین ڕۆڵەی پێشەوا قازین" دەگوترێتەوە، ئەوە نیشان ئەدات کە لە هەناوی دروشمێکی حەماسییدا بەرنامەیەکی بەربڵاو بۆ ژیانی نوێ شاراوەتەوە. هونەرمەندان ڕۆڵی چالاک و بەرۆژییان لە هونەری حەماسییدا هەیە. بە راستی لەو چاخەدا حەماسەت پێشڕەو و لیدر و مامۆستایە.

## سەرچاوەکان:

١- آبرامز، مایر هوارد. گلت هارپهام، جفری. فرهنگ واره اصطلاحات ادبی. مترجم سیامک بابایی. انتشارات جنگل ١٣٨٦. ص ١٢٩

٢- ذاکری، مختار، مرادی علیرضا. ادبیات حماسی Mokhtazakeri.blogfa.com .

٣- سەرچاوەی ژمارە یەک.ص ١٣٠


٤- ناصر، بیتا. ادبیات عرفانی چگونه جای ادبیات حماسی را گرفت.روزنامه آرمان ملی. ٢٣ - ٦ - ١٤٠١.

٥- مودەڕسی، محەممەد عارف. پەندی پێشینیان(کەلەپووری کوردی) ١٣٨٤

٦- نقیب سردشت، بهزاد. سازشناسی موسیقی کوردی. انتشارات توکلی.

٢٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا



)بارودۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتیی ئێران بەر لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران(

مستەفا مەولوودی

بە هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ نێو خاکی ئێران لە خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی (سێپتامبەری ١٩٤١)ی زایینی ڕەزاشا لە دەسەڵات وەلا نرا و بۆ دەرەوەی وڵات دوور خرایەوە. هۆی بوونی هێزی هاوپەیمانەکان لە ئێران کە چارەنووسی وڵاتیان کەوتبووە دەست دەگەڕایەوە بۆ بێهێزی و بێئەزموونی شای نوێ -محەممەد ڕەزا پەهلەوی-، بەڵام ناوبراو لە ساڵەکانی دواتر و بەتایبەت پاش کودەتای ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی (١٩٥٣)ی زایینی شوێن پێی خۆی پتەوتر کرد و بوو بە درێژەدەری سیاسەتی ناسیۆنالیزمی باوکی و پێناسەی ئەو سیاسەتەش درووشمی «تەک نەتەوەییکردنی ئێران» و خۆ بە میراتگری پاشایەتیی پێش ئیسلام زانین بوو لەو وڵاتە.

دیاردەیەکی بەرچاو لە پاش نەمانی ڕەزاشا کە لە کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئێراندا دەرکەوت، دروستبوونی سەرلەنوێی ژمارەیەکی زۆر لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بوو. ئەو حیزب و گرووپانە بە ئایدۆلۆژیای جیاوازەوە لە کۆمۆنیستەوە

بگرە تا ناسیۆنالیستی توند، لە ڕێکخراوە ئایینی و میلی-ئایینیەوەکانەوە بگرە تا ئیسلامی ڕادیکال و دەمارگرژی لەخۆ دەگرت. لەو بارودۆخەدا قوتابخانەی پانئێرانیزم لە ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی (١٩٤٧)ی زایینی دامەزرا. ئەندامانی ئەو قوتابخانەیە لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی (١٩٤١)ی زایینی لە کاتی هاتنی هێزەکانی ئینگلیز بۆ ئێران و لە ساڵەکانی ١٣٢٥ - ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥ - ١٩٤٦)ی زایینی کە ئازەربایجان لەلایەن سووپای سوورەوە داگیر کرابوو، بە پێکهێنانی گرووپی نهێنی لەدژی ئەو هێزانە چالاکیان هەبوو. لە ١٣٣٠ی هەتاوی (١٩٥١)ی زایینی قوتابخانەی پانئێرانیزم، دەچێتە قۆناغێکی نوێ و حیزبی پانئێرانیست پێک دێت.

پانئێرانیستەکان بەو شێوەیە پێناسەی خۆیان دەکەن: «پانئێرانیزم جووڵانەوەیەکە لەسەر ئەو باوەڕەی هەموو ئێرانییەکان دەبێ لە نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆیان لەژێر ئاڵایەکدا بژین. پانئێرانیزم بەرهەمی دۆخی مێژووی ئێستای «نەتەوەی ئێرانە». چونکە پێویستی بە گوتن نییە کە لە قۆناغی ١٥٠ ساڵی ڕابردوودا وڵاتی ئێران دابەش بووە و ئێرانییەکان لە بەشی جیاواز لەگەڵ ڕێژیمی جۆراوجۆردا دەژین.» مانیفێستی قوتابخانەی پانئێرانیزم، بانگەوازی بۆ هەموو دانیشتوانی ئێرانی و ئەو ناوچانە داوە کە لەژێر ئاڵای ئێرانی مەزن کۆ ببنەوە. واتە: ناوچەی قەفقاس (ئازەربایجان، ئەرمەنستان، گورجستان) بوخارا و سەمەرقەند، ئەفغانستان و هەر چوارپارچەی کوردستان و بەحرەین.

محەممەدڕەزا پەهلەوی، دووهەمین شای پەهلەوی لە ئێران کاتێک کرا بە جینشینی باوکی، بەهێزکردنەوەی پایەی حکوومەتەکەی لە سێنترالیزەکردنی ئێران و ڕەچاوکردنی سیاسەتەکانی باوکیدا دیتەوە. بۆیە هەموو ئەو حیزب و گرووپانەی لە پاش تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە دروست ببوون و بەستێنێکی تا ڕادەیەک بەربڵاویان بۆ تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەخسابوو، کۆ کردەوە و چالاکییە سیاسییەکانی بەتەواوی قەدەغە کرد و تێکۆشان و هەوڵە کۆمەڵایەتییەکانی بەتەواوی سنووردار کرد، بە جۆرێک کە دەزگا سیخوڕییەکانی حکوومەت دەبوا چاوەدێرییان بەسەریاندا هەبێت.

حیزبی توودە کە لە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٠ی هەتاوی (٣ی فورییەی ١٩٤٢ی) زایینی دامەزرابوو، لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ی زایینییەوە دەستی کرد بە بانگەشە و پڕوپاگەندە بۆ پێویستی دامەزراندنی شوراکانی ئۆستانی و ویلایەتی کە لە یاسای بنەڕەتیدا پێشبینی کرابوون. ئەگەرچی ئەو بەشە لە یاسای بنەڕەتی قەت نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام پێناسە و دیاریکردنی ئەنجوومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی لە یاسای بنەڕەتیدا بۆخۆی نیشانەی ئەو شێوە هزرین و بیرکردنەوە سیاسییەیە کە ئێرانییەکان بتوانن لە پێناویدا وڵاتەکەیان باشتر بەڕێوە بەرن.

حکوومەتی میلیی ئازەربایجان کە لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥ی زایینی) دامەزرا، لە بەرنامەی کاریی خۆیدا ئاماژەی بە خاڵە جێبەجێنەکراوەکان لە یاسای بنەڕەتیدا کردوە، وەک دامەزراندنی شوراکانی ویلایەتی بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە دامەزراندنی حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجان لەسەر زەمینەی ئەو ماددە یاساییە دامەزراوە.

لە ئوتی ١٩٤٥ی زایینی (گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی) کۆمیتەی نەجاتی میلیی ئازەربایجان دەبێت بە فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و لقی حیزبی توودە لە ئازەربایجان دەچێتە نێو ئەو حیزبە و بەو جۆرە حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان (فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان) لە تەورێز دادەمەزرێ. فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٢ی سێپتامبری ١٩٤٦)ی زایینی حکوومەتی میلیی ئازەربایجانی لە تەورێز ڕاگەیاند و پێوەندیی سیاسی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت دامەزراند. هەروەها پەیماننامەیەکیان لەگەڵ حکوومەتی کۆماری کوردستان کە لە مەهاباد دامەزرابوو، لە حەوت خاڵدا ئیمزا کرد. ئەو پەیماننامەیە لە ڕیکەوتی ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی (٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦ی زایینی) لە شاری تەورێز لە نێوان دوو هەیئەت بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و جەعفەری پیشەوەری واژۆ کرا. فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان هاوکات لەگەڵ چەند حیزبی دیکە لە ئێران وەک حیزبی توودە، حیزبی سۆسیالیست، حیزبی دێموکراتی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی جەنگەڵ بەرەیەکیان پێکهێنا.

پاش تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانی بەپێی ئەو هەلومەرجەی لە ناوچەی مەهاباد هاتبووە پێش، نە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لەشکریان تێدا جێگیر کردبوو، نە لەشکری سوور بەو شێوەیە دۆخێکی سەقامگیر و تایبەتی لە ناوچەی سابڵاغدا خولقاندبوو. ئەوە بوو کە یەکەم ڕێکخراوی بەهێزی سیاسی کوردی بەناوی «کۆمەڵەی ژ - ک» یان «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» لە ناوچەی مەهاباد لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی (١٦ی ئوتی ١٩٤٢ی زایینی) پێک هات کە دامەزرێنەرانی ١١ کەس بوون.

لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژ - ک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٦ی ئوتی ١٩٤٥ی) زایینی لە شاری مەهاباد دامەزرا و بەرنامەی خۆی بڵاو کردەوە و زۆر زوو پشتیوانیی زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەم حیزبە پاش ١٦٠ ڕۆژ کار و تێکۆشانی بەردەوام لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦ی زایینی) لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد «کۆماری کوردستان»ی دامەزراند و پێشەوا قازی محەممەد، پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بە یەکەم سەرۆکی حکوومەتی کۆماری کوردستان و کابینەی ئەنجوومەنی وەزیرانی بە سەرۆکایەتیی حاجی باباشێخ و ١٣ وەزیر پێکهێنا. ئەو کۆمارە ١١ مانگ درێژەی کێشا.

بەپێی ئەو پەیمانەی لەنێوان هاوپەیمانەكاندا واتە ئامریكا و یەكیەتیی سۆڤیەت و بریتانیا لەلایەک و ئێران لە لایەكی دیكەوە لە كۆنفرانسی تاران لە ڕۆژەكانی ٧ تا ٩ی سەرماوەزی ١٣٢٢ی هەتاوی (٢٨ - ٣٠ نوامبری ١٩٤٣ی زایینیدا) بە بەشداریی ستالین، ڕۆزڤێلت و چەرچیل بەسترا، بڕیار وابوو شەش مانگ پاش تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانی لەشكری هاوپەیمانەكان ئێران بەجێ بێڵن. ئەم شەڕە لە ئورووپا لە ١٨ی بانەمەڕی ١٣٢٤ی هەتاوی (٨ی مای ١٩٤٥ی زایینی) بە خۆبەدەستەوەدانی بێقەیدوشەرتی ئاڵمان و لە ئاسیا لە ١١ی خەرمانانی ١٣٢٤ی هەتاوی (٢ی سێپتامبری ١٩٤٥ی زایینیدا) بە خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆن كۆتایی هات. لەشكری ئەمریكا و بەریتانیا لە كاتی دیاریكراو و تەنانەت ئەمریكا زووتریش ئێرانیان بەجێ هێشت، بەڵام لەشكری سوور هەر لە جێگای خۆی مایەوە. ئێران لە نەتەوە یەكگرتووەكان سكاڵای لەدژی یەكیەتیی سۆڤیەت تۆمار كرد. ئەمریكا هەڕەشەی كرد كە ئەگەر لەشكری سوور ئێران بەجێ نەهێڵێ ئەویش دەگەڕێتەوە ئێران. ئێران و یەكیەتیی سۆڤیەت پێكەوە كەوتنە وتوویژ و لە ئەنجامدا ئەو دوو وڵاتە لە ١٥ی خاكەلێوەی ١٣٢٥ی هەتاوی (٤ی ئاوریلی ١٩٤٦ی زایینی) ڕێكەوتننامەیەكیان بە واژۆی قەوام و سادچیكۆف بڵاوكردەوە كە تێیدا هاتبوو:

١- لەشكری سوور لە ڕۆژی ٤ی خاكەلێوەوە تا مانگ و نیوێک خاكی ئێران بەجێ بێڵێ.
٢- كۆمپانیایەكی نەوتی لەنێوان ئێران و سۆڤیەتدا پێک دێت و لە ڕۆژی ٤ی خاكەلێوەوە تا حەوت مانگی دیكە ڕێككەوتننامەكە لەسەر ئەم كۆمپانیایە بۆ پەسندكردن دەدرێ بە مەجلیسی پازدەیەم.

هەروەها هەردوو وڵات ڕێككەوتن لەسەر ئەوەی كە مەسەلەی ئازەربایجان گیروگرفتێكی نێوخۆیی ئێرانە و دەبێ بۆ چارەسەركردنەكەی لە ڕێكاری نێوخۆیی و ئاشتیانەوە بگەڕێن. بەم چەشنە بوار بۆ كشانەوەی هێزەكانی سۆڤیەت لە خاكی ئێران ئامادە كرا.

لەدوای كشانەوەی لەشكری سوور لە خاكی ئێران و وتوویژ لەنێوان كۆماری كوردستان و ئازەربایجان لەلایەک و دەوڵەتی مەركەزی ئێران لەلایەكی دیكە دەستی پێ كرد. پاشان چەندین جار هاتوچۆ لە نێوان تاران و تەورێز و مەهاباد، ڕێكەوتنێک لەنێوان حكوومەتی مەركەزی و حكوومەتی ئازەربایجاندا پێكهات. ئازەربایجانییەكان ڕایانگەیاند كە خۆیان وەک حكوومەتی میلیی ئازەربایجان بە بەشێک لە ئێران دەزانن و داواكانیان لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندایە و دەوڵەتی ناوەندییان دڵنیا كردەوە كە خەیاڵی جیابوونەوە لە ئێرانیان نییە. حكوومەتی ناوەندی لەو كاتەدا تا ڕادەیەكی بەرچاو نەرمیی بەرانبەر بە حكوومەتی میلیی ئازەربایجانی نواندبوو و دوكتۆر سەلاموڵڵای جاویدی وەک ئوستانداری گشتیی ئازەربایجان دیاری كرابوو.

له نیوەی مانگی گەلاوێژی ١٣٢٥ی هەتاوی (سەرەتای ئوتی ١٩٤٦ی زایینیدا) پێشەوا قازی لەگەڵ چەند کەس له بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان سەردانی تارانیان کرد. ئاکامی ئەو سەفەره ئەوە بوو که دەوڵەتی مەرکەزی و شەخسی قەوام پەسەندیان کرد ئۆستانێکی تازه به ناوی کوردستان دیاری بکرێ که سنووری له یەکیەتیی سۆڤیەتەوه تا نێوان کرماشان و سنه، واته ناوچەی کامیاران درێژەی هەبێ و شەخسی قازی محەممەد به ئۆستانداری گشتی دیاری بکرێت. قەوام ئەو پێشنیارەی بەڕواڵەت قبووڵ کردبوو بەڵام چاوەڕوانی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت بوو له ئێران تاکوو ئەرتەشی شاهەنشاهی بۆ داگیرکردنی دووبارەی ئازەربایجان و کوردستان ئامادە بکات.

له شەوی ١ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی لەشکری ئێران هێرشی کرد بۆ زەنجان و ڕۆژی ٢ی سەرماوەز ئەو شاره بەتەواوی کەوته دەستی دەوڵەتی ناوەندی و، چەکدارەکانی فیدایی حکوومەتی میللی ئازەربایجان چووکترین بەربەرەکانیان نەکرد و پێش ئەوەی هێزەکانی حکوومەتی ناوەندی له ٢٠ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی (١١ی دیسامبری ١٩٤٦ز)دا بگەنه تەورێز، کاربەدەستانی فیرقەش ئاشبەتاڵیان کرد و بەفەرمی تەسلیم بوونی خۆیان ڕاگەیاند و زۆرینەشیان هەڵاتن بۆ یەکیەتی سۆڤیەت که جەعفەری پیشەوەریش لەگەڵ هەڵاتووەکان بوو.(١) بەو جۆره ڕۆژی ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی (١٢ی سێپتامبری ١٩٤٦٩ی زایینی، واته ڕاست ساڵێک پاش پێکهاتنی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لەشکری حکوومەتی ناوەندی گەیشته شاری تەورێز و بەبێ ئەوەی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان کەمترین بەربەرەکانییەک له خۆیەوه نیشان بدات. له گرتنی شاری تەورێزدا سەدان کەس له بەرپرسانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان ئێعدام کران و زیاتر له ١٥٠٠ کەس له خەڵکی شار و گوندەکانی ئازەربایجان لەلایەن کۆنەپەرستانەوه کوژران.

له مانگی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی ڕا له مەهاباد هەست بەوه دەکرا که مەترسی نیزیکه. هەر لەبەر ئەوەش ڕۆژی ١٤ی سەرماوەز (٥ی دیسامبری ١٩٤٦ی زایینی) لەسەر پێشنیاری پێشەوا قازی، شوڕای شەڕ به بەشداریی ١٠ کەس و سەرۆکایەتیی خودی پێشەوا پێکهات و له دواییدا بڕیاری بەربەرەکانی له هەمبەر ئەرتەشی دەوڵەتی ناوەندی درا. لەدوای داگیرکردنی سووک و ئاسانی ئازەربایجان و ئاشبەتاڵکردنی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، پێشەوا قازی هیچ هیوایەکی به یارمەتیی هێزه دێموکراتەکانی ئێران نامێنێ و دەزانێ لەسەر ئەو بارودۆخەی کۆماری کوردستان هەیەتی بەربەرەکانی نیزامی لەگەڵ ئەرتەشی ئێران ڕێگەچارەیەکی گونجاو نییه. بەم جۆره ڕۆژی ٢١ی سەرماوەز (١٧ی دیسامبری ١٩٤٦ی زایینی) واته ڕێک یەک ساڵ پاش چەککردنی شارەوانی مەهاباد و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لەو شاره، ئەرتەشی دەوڵەتی ناوەندی گەڕایەوه مەهاباد و پاش دوو ڕۆژ پێشەوا و ٢٨ کەس له بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان دەستبەسەر کران.

دادگـایی کردنی پێشـەوا و هاوڕێیـانی لە بەفرانبـاری ١٣٢٥ی هەتـاوی دەست پـێ دەکـات. پێشـەوا لە ١٩ی بەفرانبـار (٩ی ژانویەی ١٩٤٧ی زایینی) بەرگرییەکی ئازایانە لە پێناو مافی گەلەکەی دەکات کە نزیک بە چوارده سەعات درێـژەی ئەبێت. ڕۆژی ٣ی ڕێبەنـدانی ١٣٢٥ی هەتـاوی (٢٣ی ژانـویەی ١٩٤٧ی زایینـی) واتە سـاڵێک و ڕۆژێـک دوای ئەوەی پێشـەوا بە سەرۆککۆماری کوردستان هەڵبژێردرا مەحکووم بە ئێعدام کرا و ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتـاوی حوکمەکە جێبەجێ کرا. پێشەوا قازی و سەدری قـازی و سەیفی قـازی لە مەیدانی چوارچرای مەهابـاد لە سێدارە دران. پێشەوەری، سەرۆکی حکوومەتی ئازەربایجـانیش لە خـاکی وڵاتـی سۆڤیەتدا بە ڕووداوی هـاتوچۆ تێدا بـردرا و بەو شێوەیە حکـوومەتی میللیـی ئازەربایجان و حکوومەتی کۆماری کوردستان کۆتاییان پێ هات.

ڕووحانییەت لە مێژووی ئێراندا بەشێوەی ڕاستەوخۆ کەمتر ڕۆڵیان گێڕاوە. دیارە ڕەفتـاری پادشـا و حاکمـانی ئێـران لە زۆری و کەمی ئەو ڕۆڵگێڕییەدا شوێندانەر بوون، بەڵام لەنێو کۆمەڵگەی ئێرانیدا بەتایبەت لەنێو شیعە مەزهەبەکانـدا ڕوحـانییەت هەمیشە جێگای تـایبەتییـان هەبـووە و ڕێـزی زۆریـان لـێ گیـراوە. کۆمەڵگەی ڕووحـانییەتیش بە نیسبەت مەسـەلە سیاسـی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانەوە پاسیڤ و کەمتەرخەم نەبوون.

ڕەزا شا و بەتایبەت محەممەدڕەزا شای کوڕی پاش ئەوەی لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشتن، ویستیان چەند گۆڕانکارییەک بـۆ چاکسازی لە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتدا بکەن، بەتـایبەت ئەوە کە هەردووکیـان هەمـوو هەوڵیـان سێنترالیزەکردنی ئێران بوو، ئەویش لە ڕێگەی کەمکردنەوە و بنەبڕکردنی جووڵانەوەی ئێل و عەشایر و بەگشتی نەتەوەکـانی نێـو ئێران، تەنـانەت ترس لە ڕۆڵـی کاریزمای ڕووحانییەکانیش وای کردبوو کە نەهێڵن بێ چاوەدێریی دەوڵەت جموجۆڵێکی ئەوتۆیان هەبێت.
ساڵی ١٣٤١ی هەتـاوی (١٩٦٢ی زایینی) محەممەدڕەزا شـا پـرۆژە یاسـای چاکسـازیی زەویوزار (اصلاحات ارضـی)یان هەر ئەو بەتـاڵکردنەوەی مڵکـایەتیی زەویوزاری ئاغـا و فئـۆداڵە گەورەکـان و دابەشکردنی بەسـەر جووتیـاران و خەڵکـی ڕەشـایی و کەمزەویدا جێبەجێ کرد. محەممەدڕەزا شا زۆر دڵـی بەو کـارەی خـۆش بـوو بـۆیە بەجێ و بێجـێ لە هەمـوو قسەکردنەکانیدا باسـی گرنگـی و چـاکیی ئەو پـرۆژە چاکسـازییەی خـۆی دەکـرد. ڕۆژی ١٥ی جـۆزەردانی ١٣٤٢ی هەتـاوی (١٩٦٣ی زایینـی) خۆپیشـاندانێکی گەورە بە هانـدان و ڕێبەری ڕووحـانییەکـان بەتـایبەتی شەخسـی خومەینی لە تـاران وەڕێ خـرا. خەڵکێکـی ئەوەنـدە زۆر بەشـداریی لەو خۆپێشـاندانانەدا کردبـوو کە کاربەدەسـتان چاوەڕوانییـان نەدەکـرد و ئەمەش خـودی شـای زۆر نیگەران کرد. لەو ڕۆژەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئاخوندەکان کوژران و بریندار بوون و ژمـارەیەکیش گیـران. پاشـان هێنـدێکیان لەسێدارە دران و زۆربەشیان بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لە زینـدانـدا مـانەوە. پـاش خۆپیشـاندانی خەڵکـی تـاران لە ڕۆژی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ی هەتاوی زۆر بەپەلە ڕێژیمی پەهلەوی ئایەتوڵڵا خومەینییان بۆ وڵاتی تورکیە دوور خستەوە.

پاش ڕووداوەکانی ١٥ی جۆزەردان، دەربارەی پەهلەوی تا ڕادەیەکی زۆرتر هەوڵی دەدا بە کێشە و گرفتی ڕووحانییەت لە ئێران ڕابگات. تەنانەت فەریدە دیبا -دایکی فەرەح پەهلەوی- ڕاسپێردرا بۆ پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووحانییەکان. وەک لە بیرەوەرییەکانی ئەرتەشبۆد حوسەین فەردووسدا نووسراوە پاش ١٥ی جۆزەردان جارجار دانیشتن و چاوپێکەوتن لەنێوان محەممەدڕەزا شا و ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری لە کۆشکی نیاوەران ڕووی داوە.

پاش ئەو ڕووداوە دۆخێکی سەقامگیری کاتی بەسەر ئێراندا زاڵ بوو. ئەو سەقامگیرییە ڕێژەیی و کاتییە پاشان بە جۆرێک بوو کە ئیدی لە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی (١٩٧٨ی زایینی) بەتەواوی جێگیر دەهاتە بەرچاو. لەبەر ئەوەی ڕۆژئاوا بە تەواوی پشتیوانی لێ دەکرد و لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ تا ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی (١٩٥٣ - ١٩٥٧ی زایینی) حکوومەتەکەی محەممەدڕەزا شا بە مەیلی ئەمریکا دیکتاتۆرییەتێکی بێهاوتا بوو. بە چەشنێک ئەمریکا لەوە زیاتر چاوەڕوانییەکی لە شای ئێران نەبوو. ئینگلیزەکان «سەڵتەنەتیان» بۆ دۆخی ژێئۆپۆلێتیکی ئەوکاتی ئێران بە باشترین سیستەمی حکوومەتی دەزانی، تەنانەت شووڕەوی و چینیش باوەڕی تەواویان بە سەقامگیربوونی دەسەڵاتدارییەکەی محەممەدڕەزا شا لە ناوچەکەدا هەبوو.

بەکورتی هەموو شتێک بۆ محەممەد ڕەزا شا و ئەمریکا و بریتانیا و باقی هاوپەیمانەکان بەباشی دەڕۆیشت و بە گشتی ڕازیبوون بە دڵنیاییەکی تەواوەوە دەیانڕوانییە بارۆدۆخەکە، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان ئاوا دەرنەهات.

٢٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# ترسی ڕێژیم لە ناوڕەمزێک، "ژینا"



سمایل شەرەفی

ڕۆژی هەینیی ڕابردوو (١٧ی سەرماوەزی ١٤٠٢) دایک و باوک و برای جوانەمەرگ، ژینا ئەمینی کە بە مەبەستی بەشداریی لە ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی خەڵاتی ساخارۆف بە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و ژینا دەیانهەویست بەرەو وڵاتی فەڕانسە سەفەر بکەن، لە فرۆکەخانەی خومەینی لە شاری تاران پێیان ڕاگەیەندرا کە چوونەدەر لە وڵاتیان لێ قەدەغە کراوە. کاتێک کە کاک ئەمجەدی ئەمینی، باوکی ژینا بەدواداچوون بۆ ئەم بڕیارە دەکات، دەردەکەوێت بڕیارەکە هی وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمە و ئەم بنەماڵەیە تا ڕێکەوتی ٣٠ی بەفرانبار ئیزنی چوونەدەر لە ئێرانیان پێنادرێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە هیچ ناوەندێکی یاسایی پێوەندیدار لەو بارەو پێشتر هیچ ڕوونکردنەوە و بڕیارێکی ئەوتۆیان بە بنەماڵەی ئەمینی ڕانەگەیاندوە.

وەک لە ڕاگەیەندراوەکەی باوکی ژینا لەم پێوەندییەدا هاتووە، جیا لەوەیکە ئەوانە باوک و دایکی ژینا ئەمینین، هیچ هۆکارێکی دیکە بۆ قەدەغەبوونی سەفەری دەرەوەی وڵاتی ئەوان نیە و نەبووە. بەڵام وەک موژگان خاتوونی دایکی ژینا لە پەیامێکی ئینستاگرامیدا نووسیبووی، "ئەوانە چەندە کاڵفامن کە نازانن لەگەڵ هەر خۆرهەڵاتنێک دیسان لەگەڵ ناوی ژینا

چیان پێ دەکرێ؟"

کۆماری ئیسلامی ئێران و ئێستا کە وەزارەتی ئیتلاعاتی ئەم ڕێژیمە وەها بڕیارێکی داوە، دیارە کە چەندە لە پەیامی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی کە بە ناوی ژینا و بە کارەساتێک کە بەسەر ژینادا هێندرا دەستی پێ کرد، دەترسن و لێی هەراسانن. ئەوان باش دەزانن دوای کوشتنی ژینا و سەرهەڵدانی جەماوەریی بزووتنەوەی ژن، ژیان ئازادی، پێگەی بنەماڵەی ژینا ئەمینی و ژینا و ئارمیتا و کیان و خودانوورەکان چ پێگەیەکی مەعنەوی لە بیروڕای گشتیی خەڵکی وڵات و جیهاندا وەرگرتوە. بۆیە لە حزووری ئەم کەسانە لە ڕێوڕەسمی خەڵاتێکی جیهانیی بە بزووتنەوەیەکی ڕەوا دەترسن. بزووتنەوەیەک کە تەخت و بەختی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە تەواویەتی خۆیدا لە مەرگ و ڕووخان نزیکتر لە هەمیشە کردەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران و وەزارەتی بەدناو و سەرکوتکەری ئیتلاعات کە ماوەیەکی زەمانیی دیاریکراویان بۆ پێشگرتن لە سەفەری بنەماڵەی ژینا بۆ دەرەوەی وڵات دیاریکردوە، پێیان وایە دەتوانن بە پێشگرتن لە حزووری دایک و باوکی ژینا لە ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی ئەم خەڵاتە، دەتوانن لە ئەهمییەت و گرینگیی ئەم خەڵاتە و پەیامەکانی کە پشتیوانی لە بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران و ڕەوایی بەخشینی زیاتر بە بزووتنەوەی ژینایە، کەم بکەنەوە. کاڵفامبوونی ئەم ڕێژیمە هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی خەڵاتی نوبڵی ئاشتی بە خانمی نەرگسی محەممەدی زیاتر دەردەکەوێ کە، لە کاتێکدا خودی وەرگری خەڵاتەکە، نەرگس خۆی لە زیندانە، کەچی ڕێوڕەسمێکی بەو شێوە بەشکۆیەی بۆ بەڕێوەدەچێ کە دوێنێ یەکشەممە لە ئۆسلۆی پێتەختی وڵاتی نۆرویژ بەڕێوەچوو. ڕێوڕەسمێک کە لە نەبوونی حزووری نەرگس محەممەدی و بەندکردنی لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، بە دەیان و سەدان کەس لە کەسایەتییە ناودارە بیانی و ئێرانییەکان تیایدا بەشدار بوون و ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی تێدا ترۆ کرا.

کاتێک کە جێگری یەکەمی دادستانی گشتیی شاری تاران، لە وڵامی ناڕەزایەتیدەربڕینی باوکی ژینا ئەمینیدا دەڵێت، بڕیاری قەدەغەکردنی سەفەرەکەیان لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە دراوە، چ شتێک دەمێنێتەوە بۆ وتن جیا لە بەتاڵبوونی جێگە و پێگەی یاسا لەم نیزامە نایاساییەدا. وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیم بە پێی کام ڕێوشوێنی یاسایی دەتوانێ بڕیارێکی ئەوتۆ بدات؟! ئەم بڕیارە لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە، جیا لەوەیکە سەلمێنەری نایاساییبوونی خودی بڕیارەکە و لە ئەساسدا بەهیچگرتنی یاسا لەم نیزامەدایە، دەرخەری جۆری تێڕوانینی ڕێژیم بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران بەتایبەت بزووتنەوەی ژینایە. ڕوانینێکی تەواو ئەمنیەتی کە دەستی هەموو دامودەزگا ئەمنیەتی و سەرکوتکەرەکان بۆ لێدان و کپکردنی بە ئاوەڵەیی دەهێڵێتەوە. ڕوانینەکە بە کورتی ئەمەیە کە؛ ئەم بزووتنەوە مافخوازانەیە – هەڵبەت بە

قەولی ڕێژیم ئێغتشاش و ئاژاوانە — دەسکردی ئیستکباری جیهانی و عەواملی دەرەوەی وڵاتن و پێویستە بە شێوەی سەخت بەرخوردیان لەگەڵ بکرێ. کەوابوو هیچ پێوەندییەکی بە ئەمری سیاسی و ناوەندە سیاسی و دەوڵەتییەکانەوە نیە و ئەرکی کۆتاییپێهێنان و سەرکوتکردنی دەکەوێتە سەر ناوەندە ئەمنییەتییەکانی وەک وەزارەتی ئیتلاعات!

بەڵام ڕاست بە پێچەوانەی ڕوانگە و خوێندنەوەکانی ڕێژیم، بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران و بەتایبەت بزووتنەوەی نوێی خەڵکی وڵات، بزووتنەوەی ژینا، هەڵقولاوی هەناوی کۆمەڵگەی ئێران و پەیامەکەشی لە ئێستادا تەواو ڕوونە؛ تێپەڕین لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بنیاتنانی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک. بە خۆشییەوە بزووتنەوەکەش لە ئاستی کۆڕوکۆمەڵی جیهانیدا خاوەنی پشتیوانییە و دانی خەلاتی ساخارۆف بە ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان ئازادی و پێشکەشکردنی خەلاتی نۆبڵی ئاشتی بە نەرگس محەممەدیش، سەلمێنەری ئەم واقعیەتەیە.

**٢٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٣**

# ٢٦ی سەرماوەز و پێداگری لەسەر خەبات و تێکۆشان




**برایم چووکەڵی**

**ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی ڕۆڵە ئازا و خەباتگێڕەکانی نەتەوەکەمان هێرشیان بردە سەر شارەوانیی مەهاباد کە دوایین ئاسەواری بنکەی زوڵم و زۆری دامودەزگای ڕێژیمی پاشایەتی لەو شارە بوو و لە ماوەیەکی کورتدا توانییان دەستی بەسەردا بگرن. ئەو کردەوە شۆڕشگێڕانەیە لە دوو بارەوە بۆ نەتەوەی کورد گرینگ و جێگای خۆشحاڵی و هەستبزوێن بوو.**

**یەکەم: سڕینەوە و لەنێوبردنی دامودەزگایەکی سەرکوتکەری حکوومەتی دیکتاتۆری پاشایەتی و نەمانی بنکەی زوڵم و زۆر و داسەپێنەر کە ئاواتێکی لەمێژینەی نەتەوە چەوساوەکەمان بوو. دوویەم: ئەو ئەزموون و ڕووداوە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی ڕۆڵە دڵسۆز و فیداکار و بەئەمەگەکانی نەتەوەکەمان بۆ خۆیان ڕاستەوخۆ لە شێوە و شکڵی سپای میللیدا کاروباری پارێزگاری لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەدەستەوە بگرن و ببنە باسکی بەهێزی گەل و ئەرتەشی حکوومەتی کۆماری کوردستان، کە پاش ماوەیەکی کورت لەو ڕووداوە، لە شاری مەهاباد پێک هات و ڕاگەیەندرا.**

دوا بەدوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و داسەپانی شەڕ بەسەر خەڵکی کوردستان لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ دیفاع لە مان و مەوجوودییەتی نەتەوەکەی و بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، هاتەوە گۆڕەپان و لەو ڕێگایەدا تا ئەمڕۆکە، بە سەدان و هەزاران داستانی پڕ لە سەروەری و ئازایەتی، فیداکاری و لەخۆبوردوویی تۆمار کردوە و کە لە مێژووی خەباتی خوێناویی نەتەوەکەماندا دەدرەوشێنەوە و دەمێننەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە لەبەرچاوگرتنی گرینگیی مەفهوومی سیاسیی ڕووداوی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ لەلایەک و بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قۆناغی نوێی خەباتدا لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی بڕیاری دا، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری بکرێ. بۆیە لەو کاتەوە هەموو ساڵێک جێژنی بۆ دەگرین و بیرەوەرییەکەی زیندوو ڕادەگرین.

پێشمەرگە گیانبەختکەری ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کوردە، ئەو ئینسانە بەرز و تێکۆشەرەیە کە ئازایانە گیانی لەسەر بەری دەستی داناوە تا لە ڕێی ڕزگاریدا بیکاتە قوربانی، کەسێکە کە خەبات بۆ ڕزگاری وڵاتەکەی و پاراستنی دەسکەوتەکانی بە ئەستۆیە.

هەر لەو کاتەدا کە شانازی بە خەبات و تێکۆشان و سووربوون و خۆڕاگری کادر و پێشمەرگەی حیزبەکەمان دەکەین، لە هەمان کاتیشدا پێویستە زیاتر سەرنج بدەینە ڕابردووی خەباتمان بۆ نەهێشتنی خاڵە لاوازەکان و بۆ بەهێزکردنی خاڵە باش و بەهێزەکانمان. دەبێ خۆمان گورج و گۆڵ و هەڵسووڕتر بکەین، پێویستە کادر و پێشمەرگەکانمان زیاتر فێر بکەین و ئاموزشی بەردەوام ئەرکمان سووکتر دەکا و بۆ ئەوەی زیاتر ئامادەگیمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەموو هەلومەرجێکی سەخت و نالەبار هەبێ. ئامادە بین بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ پیلانەکانی دوژمن، یا بۆ ئەو ئەرکەی کە لە داهاتوودا دەکەوێتە سەرشانمان. بۆیە پێداچوونەوە بە تاکتیک و بەرنامەی کاری و خەباتەکەمان بەپێی ئاڵوگۆڕ و هەلومەرجی ڕووداوەکان پێویستە.

پێشمەرگەکانی کوردستان ئەمساڵ لە کاتێکدا ڕێز لە ڕۆژی پیرۆزی پێشمەرگە دەگرنەوە کە هێشتا خۆری ئازادیی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵنەهاتوە و ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی هەروا لەژێر سێبەری ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا ژیانی کۆیلایەتی و کۆڵەمەرگی تێپەڕ دەکەن. دەسەڵاتدارانی دڵڕەش بۆ چاوترسێنکردنی ڕۆڵەکانی کوردستان لە هیچ پیلانێک خۆیان نەپاراستوە و ناپارێزن، ڕایەڵەی سیخوڕی و جاسووسی لە کوردستان و تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بەهۆی کەسانی نەفس نەزم پەرەی پێ دەدا و لاوەکان بەرەو ئیعتیاد و بەلاڕێ

بردن ڕادەکێشن.

ئەگەر لە لووتکەی ڕیسوایی و بێئابڕوویی کۆماری ئیسلامیدا چەند مانگ لەمەوبەر قۆڵێکی نێو دەسەڵاتداێتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ویستی بۆ دامرکانەوەی بێزاریی خەڵک و هێشتنەوەی ئەم ڕێژیمە زیاتر بە قسە و کەمتر بە کردەوە سیمایەکی دیکە لەم ڕێژیمە پیشان بدا و ئەو شک و گومانە بڵاو بکاتەوە کە بۆ مانەوەی بناغە فکرییەکانی کۆماری ئیسلامیش دەکرێ ئاڵوگۆڕێ بنەڕەتی، یان ڕێژەیی لە سیاسەت، هەڵوێست و کرداری ئەم ڕێژیمەدا بە قازانجی خەڵک پێک بێ. چەند مانگ پاش هەڵبژاردنی ڕەییسی بە سەرۆک کۆماری ئێران دەرکەوت کە بۆچوونەکانی چەندە بێ بناغە و بێ بنەمان. ڕەییسی ئەگەر بیشیهەوێ مەبەستەکانی بەجێ بگەیەنێ، وادیارە توانا و دەسەڵاتی نییە، یان باشتر بڵێین، ئەویش لەو تاقمە ڕووهەڵماڵاوەیە.

ئاڵوگۆڕەکانی دوو ساڵی ڕابردوو لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێران بە تەواوی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە نێوەرۆکی دژی خەڵکی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کات زیاتر بۆ خەڵک دەرکەوتووە، بەڵام لە دەرەوە ساز و هەوایەک لێ دەدا و دەیەوێ وا پیشان بدا کە پێبەپێی کۆمەڵگەی جیهانی هەنگاو دەنێ و ئامادەیی خۆی بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و عەرەبستان و بەتایبەتی ئەمریکا لەمەڕ پیتاندنی ئۆرانیوم دەربڕیوە.

ئێران بەرەوڕووی زنجیرەیەک قەیران بۆتەوە کە بریتییە لە: قەیرانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، و هەموو قەیرانێک لە وڵاتەکەیدا هەیە. نرخی دراوی ئێران نیزیکەی هەشتا لەسەد دابەزیوە، کەوابوو لە ئێران ئاڵۆزی هەیە. ئەم ڕێژیمە هیچ ڕێگاچارەیەک و پرۆژەیەکی نییە کە قەیرانەکانی نێوخۆی ئێرانی پێ چارەسەر بکا. بە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ، هەوڵ دەدەن تا ناسەقامگیری لە ناوچەدا دروست بکەن و بە خەڵکی ئێران بڵێن کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دوژمنی زۆری لێیە کە هەڕەشە لە ئێران دەکەن. بە مووشەکبارانکردنی بنکەکانی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوان پەیامێکی زۆریان هەبوو بۆ ناوچە. یەکەم، ئەوان هێرشیان کردە سەر حیزبی دێموکرات، چونکە حیزبی ئێمە یەکێک لە سەرەکیترین حیزبەکانە کە پشتیوانی خەڵکی لە نێوخۆی کوردستانی ئێرانی لە پشتە و لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا دەرفەتێکی مەزن بووە بۆ کوردستانی ئێران دژی ڕێژیمی ئیسلامی. بەتایبەتی لە شۆڕشی ژینادا دەستیان لەنێو دەستی یەکتر ناو و پشتیوانی خۆیان لە حیزبەکەیان دووپاتە کردەوە. دوویەم، ئەوان دەیانەویست پەیامێک بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک زلهێزێکی ئەو ناوچەیە بدەن و بۆ وڵاتانی ناوچە بنێرن کە ئەو ڕێژیمە توانایی ئەوەی هەیە کە مووشەکی دوورهاوێژ و خاڵکوت بهاوێژێ و تەنانەت ئەگەر پێویست بکا مووشەک بە هەموو شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە دەنێن.

لەلایەکی دیکەوە لەنێوخۆی وڵات زیاتر تووشی قەیران بووە، لە تازەترین هەنگاوی دژی مرۆڤانەی کە بریتییە لە ئێعدامی لاوانی کورد و بەلووچ کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری دەکا. ئەمەش ڕەخنە و بێزاری زیاتری لێ بەرز بۆتەوە، ئەم ڕێژیمە پێیوابوو کە بە کوشتنی لاوانی کورد خەباتی ڕەوای کورد بێ دەنگ دەکا. بەڵام دژکردەوەی بەرینی ڕۆڵەکانی کورد لە کوردستان و دەرەوە بۆ جارێکی دیکەش ئەو خەیاڵە خاوەی پووچەڵ کردەوە.

زیندان، ئێعدام، دەربەدەری، کوشتن و ماڵوێرانی و کاولکردن ناتوانێ خەباتکاران بە چۆک دابێنێ. لە سەردەمی دوو ڕێژیمی پەهلەوی و ئیسلامی دا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی خەباتێکی بەرحەق بووە و لە داهاتووشدا تا وەدیهاتنی ئامانجە بەرحەقەکانی نەتەوەی کورد لە هەر هەلومەرجێکدا خەباتی ڕەوای خۆی درێژە دەدا و تا ئامانجی شەهیدان کە بریتیە لە دیاریکردنی مافی چارەنووس وەدی نەیە، کوردستان ئەمنییەت بەخۆیەوە نابینێ. کۆماری ئیسلامی بە چاوێکی ئەمنییەتی وەک هەمیشە چاو لە کوردستان دەکا و هەر بۆیەش پێویستە ڕۆڵەکانی کورد لە هەموو دەرفەتێکی لەبار کەلک وەرگرن. ئەگەرچی پێشمەرگە ڕۆڵی پێشەنگی لە خەباتدا هەبووە و دەبێ، ئەو ئەرکەی بەڕێوە بردووە، بەڵام ئەوە بە هیچ جۆرێک بەم مانایە نییە بەردەوام ئەو ئەرکە قورسە بە تەنیا هەر لەسەرشانی پێشمەرگەیە. خەبات بۆ ڕزگاری و ئازادی بە دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی ئەرکی هەموو تاکێکی نیشتمانپەروەرە لەو خەباتە پیرۆزەدا بەشداری بکا، هاوکات لەگەڵ خەباتی هەمەلایەنە کۆمەڵانی خەڵک دەبێ لە ڕابردوو زیاتر پاڵ وێک بدەن و ئازایانە بێنە مەیدان و ڕۆڵ و دەوری خۆیان ببینن. خەبات و بەربەرەکانێ شێوە و ڕێگای جۆراوجۆری هەیە هەرکەس بەپێی هەلومەرج و لەو پێوەندی لەگەڵ دۆخ و ئەرکی دا دەتوانێ بە شێوەی تایبەتی لە خەبات دژی ڕێژیم بەشداری بکا، دیارە ئەرکی لاوەکان لە هەموو کەس زیاتر و قورسترە.

٢٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# خەڵاتی ساخارۆڤ و دەرفەتێک بۆ نیشاندانی نەجابەتی مرۆڤ



**مەنسوور مروەتی**

یەکیەتیی ئورووپا ئەمساڵ خەڵاتی ساخارۆڤ بۆ ئازادیی ئەندیشەی پێشکەشی ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی کرد. هەر بەم بۆنەیەوە ڕۆژی سێشەممە لە بارەگای پارڵمانی یەکیەتیی ئورووپا لە ستراسبۆرگی فەرانسە و، لە ڕێوڕەسمێکی سەرنجڕاکێشدا ئەو خەڵاتە پێشکەشی پارێزەری بەناوبانگی کورد دوکتور محەممەدساڵەحی نیکبەخت، پارێزەری بنەماڵەی ژینا ئەمینی و ئەفسوون نەجەفی خوشکی حەدیس نەجەفی لە گیانبەختکردوانی ئەو شۆڕشە و مرسێدە شاهینکار لە بریندارانی بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی کرا. ئەگەرچی بە بڕیاری وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران ڕێگە نەدرا بنەماڵەی ژینا ئەمینی بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمەکە لە ئێران بچنە دەرەوە، بەڵام ئەلحەق بەڕێز محەممەدساڵح نیکبەخت بە باشترین شێوە هەم نوێنەرایەتیی بنەماڵەی ژینا و هەم بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادیی لە کوردستان و ئێران کرد. ئەم پارێزەرە دەرووەست و ئازایە لە پارڵمانی ئورووپا جیا لەوەی وەک یاساناسێکی نەجیب دەرکەوت، تەنانەت بە شێوەیەکی باشیش نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی مەدەنی، سیاسیی کوردستانیشی کرد.

لە یەک ساڵی ڕابردوودا کە شۆڕشی ژینا بە شێوەیەکی مەدنیانە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و هەموو ئێرانی گرتەوە و بە

گوێی دنیا گەیشت، ڕەوتی فاشیستی ناوەندگەرا هاوتەریب لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەوڵی ئەوەیان دەدا ڕەسەنایەتیی ئەو شۆڕشە و شوێنی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە مودێڕنە بشارنەوە وحاشای لێبکەن، بەداخێکی گرانەوە تەنانەت لە کاتی پێدانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل کە یەک هەفتە پێشتر بەخشرایە نێرگس محەممەدی چالاکی مافی مرۆڤ کە بۆ خۆی بەداخەوە ئێستا لە زیندانی ڕژیمی ئێراندایە، هیچ ئاماژەیەک بە سەرچاوە و ڕەسەنایەتیی بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی و لە پەیامەکەی بەڕێزیشیاندا هیچ ئاماژەیەک بەو بابەتە نەکرا. بەڵام لە پارلمانی ئورووپا بەڕێز نیکبەخت بەو کورتە لێدوانەی خۆی و بە خوێندنەوەی پەیامی دایکی ژینا ئەمینی بۆ بەشداران، ڕاستییەکانی شۆڕشی ژینای بەتایبەتی بۆ ئورووپاییەکان خستەڕوو. ئەو هەم باسی کوردستان و ژینگەی ژینای کرد و هەم دروشمەکەی وەک خۆی بە کوردی گوتەوە.

کاک محەممەد ساڵح نیکبەخت، وەکوو پارێزەرێکی وردبین و لە هەمانکاتدا بەرپرس لە بەرانبەر مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەکەیدا، لە سەرەتای خوێندنەوەی پەیامەکەی موژگان ئیفتخاریی دایکی ژینادا، وەکوو یاساناسێک و دڵسۆزێکی نەتەوەکەی بە دەقیقی قامکی لەسەر کەموکوڕییەکی ڕێورەسمەکە دانا کە ئەویش نەبوونی وەرگێڕی زمانی کوردی بوو. ناوبراو گوتی لەبەر ئەوەی بەشێکی پەیامەکەی دایکی ژینا بە زمانی کوردییە و لێرەشدا وەرگێڕ بۆ زمانی کوردی دانەنراوە جێگای داخە و هیوادارم ڕۆژێک وەرگێڕ بۆ زمانی کوردی وەکوو زمانەکانی دیکە دابنێن.

لێدوانە کورتەکەی بەڕێز نیکبەخت و پەیامەکەی دایکی ژینا جیا لە نێوەرۆکەکەی لە پەراوێزدا چەند خاڵێکی سەرنجڕاکێشی تێدا بوو: یەکەم نیشاندانی ڕواڵەتی بەفەرهەنگ و ئەمرۆیی و خوێندەواری کورد کە لە هەیبەتی ئەم پارێزەرە نەجیبەدا بەڕوونی دیار بوو. ئەوە جارێکی دیکەش پێمان دەڵێ کوردیش لە ئاستی دنیادا قسەی بۆ گوتن هەیە ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێت، هەروەها بۆ خۆشی دەبێ بتوانێ لە دەرفەتەکان لێبڕاوانە داکۆکی لە مافەکانی گەلەکەی بکا و بە گوێی دنیای بگەیەنێ کە لەم بەشەدا کورد و بەتایبەتی کەسایەتی و هێزە سیاسیەکانی بەتایبەتی لەم یەک ساڵەی ڕابردوودا ڕەخنەی جیددیان لە سەرە.

دووهەم ئەوەی کورد و بەتایبەتی هێزە سیاسیەکانی لە وڵاتانی دەرەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کاریان بۆ لۆبیسازی و لۆبییەکی بەهێز بۆ کورد نەکردووتەوە و لەوەش زیاتر کاریان بۆ ئەوە نەکردووە کە پرسی کورد لە ئاستی نێوخۆیی ئێران بهێننە دەرێ و بیکەنە پرسێکی نێودەوڵەتی و هەوڵی ڕاکێشانی پشتیوانیی بۆ بدەن. بابەتێک کە ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور قاسملوو ڕچەکەی شکاند و هەوڵی زۆری بۆ دا. بۆ ئەم بابەتە دەتوانین بڵێین بە لەبەرچاوگرتنی خەباتی مەدەنییانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت لەم دوو دەیەی ڕابردوودا، زەمینەیەکی باش لەبەردەستدایە کە پرس و خەبات و ویجهەی کورد وەک خۆی بە دنیا بناسێنرێ و هاوکاتیش بەرپەرچی نەیارانی پێ بدرێتەوە. بەخۆشییەوە

تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لەم بوارەدا خاوەن سەرمایەیەکی باشن بەڵام بەداخەوە سەرمایەیەک کە پرش و بڵاوە و نەخراوەتە سەریەک.

لە کۆتاییدا و جێی خۆیەتی لە دوای ئەو هەموو نیگەرانییەی کە بە هۆی شاردنەوە و کەتمان کردن و باس نەکرانی ڕاستیەکانی ئاخێزگە و بزوێنەری شۆڕشی ژینا بەهۆی نەیارانی کوردەوە، لەنێو بزووتنەوەی کوردستاندا هاتبووە ئاراوە، سپاسی یەکیەتیی ئورووپا بکرێ بۆ ڕەخساندنی ئەو دەرفەتەی کورد بۆ خۆی باس لە ڕاستییەکانی شۆڕشی ژینا بکات. هەروەها سپاس بۆ خۆڕاگریی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا و خۆڕاگریی بنەماڵەی ژینا ئەمینی و سپاسێکی تایبەتیتر بۆ پارێزەری دەروەست دوکتور محەمەد ساڵەحی نیکبەخت.

٢٣ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# پێویستییەکانی دامەزراندنی ڕێکخراو



**سەلام سەدیقی**

پێویستییەکی گرینگ لە پێشینەی هەموو ڕێکخراوێکدا ئەوەیە بەردەوام لە نوێبوونەوە و گۆڕاندایە. داهێنان و نوێخوازی لەنێو ڕێکخراودا، بە بژاردەی سیاسی، سەربەخۆ و مرۆڤی شۆڕشگێر و پشتبەستوو بە زانست دەکرێ. تێکنۆلۆژی و زانست بنەمای بیری داهێنەرانەن و هەروەها هۆی کرانەوەی مێشکی کەسی داهێنەر بۆ تێگەیشتنی ڕاست و دروستە. کەسی داهێنەر، خاوەنی بیری خۆیەتی و پێوەندی بە کەسەوە نییە و لە بۆچوون و کاری خۆیدا سەربەخۆیی هەیە.

کەسی داهێنەر ناپرینگێتەوە و حەزی لە سەرکێشی و سەرچڵییە و بەرانبەر کێشە و گیروگرفتەکان بوێرترە و لەوە ناترسێ کە لەوانەیە سەرکەوتوو نەبێ و زۆر چالاکە. کەسی داهێنەر و شۆڕشگێر، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چەوتی و ناڕوونییەکان بە خەبات و تێکۆشان دەزانێ و چێژی لێ وەردەگرێ. کەسی داهێنەر لە ڕەوتی یەکلاکردنەوەی پرسەکاندا زۆر بەئاسانی ڕووگەی بیرکردنەوەی خۆی دەگۆڕێ و لە ڕوانگە و دیدێکی دیکەوە بابەتەکە تاوتوێ دەکا و بیرۆکەی نوێی بۆ بەکار دێنێ و بیری خۆی بە یەک جۆر بیرکردنەوە قەتیس ناکاتەوە.

کەسی داهێنەر زۆر وردبینە و زۆربەی کات دەتوانێ بە دەربڕینی ڕاوبۆچوون و ئاماژەدان بە خاڵی گرینگ و خوڵقاندنی هەلومەرج، سەرنجی کەسانی تر ڕابکێشێ. تاکی داهێنەر متمانەی بەخۆی هەیە و دەزانێ بەهرە و توانای چەندە و بۆچوونەکانی چەندە گرینگن. کەسی داهێنەر خاوەنی بیرێکی ئاوالآیە و بۆچوونەکانی زۆربەی کات لە هی کەسانی دی جیاوازن و لە هێندێ بارەوە کە بۆ خەڵکی تر ئاساییە، ئەو بە زەینێکی ڕوونەوە لایەنە نادیارەکان دەبینێ .کەسی خوڵقێنەر جوانییەکان دەبینێ و لێیان ورد دەبێتەوە و حەزی لە چالاکییە هونەرییەکانە.

زۆربەی جار، بەشی هەرە زۆری یاسا باوەکانی وڵات بەلای کەسی خوڵقێنەرەوە جێی پرسیارن. ئەو دڕدۆنگی، گومان و بێ‌متمانەییەی کەسی داهێنەر هەیەتی، بەهۆی ئۆگرییەکەوەیە کە بۆ گۆڕانکاری و چاکسازیی لە ناخیدا بۆ باشتربوونی دۆخی کۆمەڵگە هەیەتی و بە ئامانجی خۆی بگات. کەسی داهێنەڕ لە کارەکانیدا دەبێت پشت بە خۆی و پێوەرە زانستییەکان ببەستێ و بیرکردنەوەکانی دەبێ بەگوێرەی بنەما فەلسەفی، عەقڵانی و زانستییەکان بێت.

## ڕێکارەکانی دروستبوونی بەهرەی داهێنەری و نوێگەری لەنێو فەرمانبەراندا

داهێنان و نوێگەری، بابەتێکی پێویستی هەر ڕێکخراوێکە و دەبێ بکرێتە کولتوورێک بۆ کارکردن لە ڕێکخراودا. ئەگەر بەڕێوەبەران و سیاسەتدارێژەرانی ڕێکخراوەکە بڕوایان بە نوێگەری و داهێنان نەبێ و وەکوو پێویستییەک لێی نەڕوانن، ڕێکخراوەکە بەردەوام و سەرکەوتوو نابێ. دروستکردنی ناوەندگەلی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەنێو ڕێکخراوەکاندا دەتوانێ ئاسانکاری بۆ کاری داهێنەرانە و نوێخوازانە بکات. دروستبوونی باوەڕ بە نوێگەری و داهێنان لە ڕێکخراوەکەدا وەکوو پێویستییەک، پێویستی بە پەروەردە هەیە.

## پەروەردەکردن لەنێو ڕێکخراودا:

پەروەردە و بارهێنان یارمەتیدەری کەسەکان دەبێ بۆ گەیشتن بە ئاستبەرزیی لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیاندا. ئامانجێکی گرینگی پەروەردەش لەنێو کۆمەڵگەی پڕ لە هەڵچوون و داچوونی ئەمڕۆدا، فێربوونی شێوازەکانی داهێنان و نوێگەرییە. هەر لە ڕێی پەروەردەوە، بیری ئەندامان فراوان دەکرێ و لە ئاکامدا وەکوو کولتوورێک لەنێو ڕێکخراوەکەدا جێگیر و یارمەتیدەر دەبێ لە گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییەکان. بۆ ئەوەی بەهرەی داهێنان و نوێگەری لە ڕێکخراودا دروست ببێ، دەبێ کۆمەڵێک ڕێکاری وەک: مێشککراوەیی، سروشت و هەموو لایەنێکی زانستی لەبەرچاو بگیردرێ؛ هەرچەند ئەنجامی تیورییە زانستییەکان زۆرجار ڕاست دەرناچن و بۆ ئەوەی بتوانین کەلکی باشیان لێ وەربگرین، دەبێ لێکۆڵینەوی ورد و هەڵسەنگاندنی باشی بۆ بکرێ.

٢٣ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# مێژووی ئاڵا و پێشمەرگە



**پێشەوا عەلی پوور**

به پێی بەڵگەنامە مێژووییەکان ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٣ خەڵکی وەزاڵەهاتووی مەهاباد دەستیان بەسەر شارەوانی ئەو شارەدا گرت و داگیرکەریان وەدەرنا و دەسەڵات لە مەهاباد بەتەواوی کەوتە دەست خەڵکی خۆجێیی.

پاش نزیکەی ساڵێک دواتر ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ بۆ یەکەم جار ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد هەڵکرا و هەنگاو بە هەنگاو دامەزرانی کۆماری کوردستان چووە بواری جێبەجێ کردنەوە.

پیرۆزی ئاڵای کوردستان لای پێشەوای کۆماری کوردستان لە شوێنێک دەگاتە لوتکەی پیرۆزی خۆی و لەسوێندەکەیدا، پێشەوا سوێندی بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان خوارد کە هەموو هەوڵی خۆی بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو ئاڵایە بدات و بەگیانی خۆی سوێندەکەی بردە سەر، هەربۆیەش لای نەتەوەی کورد و میراتگرانی پێشەوا و کۆمار، ئاڵا ئەو پیرۆزییەی هەرماوە و نەوەکانی پێشەوا خاوەندارییەتی کرداری لە فەلسەفەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەکەن.

وەک ئاماژەی پێکرا هەنگاو بە هەنگاو دامەزرانی دەوڵەتی کوردی بە داهێنانی ڕەمز و سیمبولی نیشتمانی کەوتبۆ بواری جێبەجێ کردنەوە. ئەگەرچی پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان سپایەکی پۆشتە و پەرداخ ئەرکی پارێزگاری لە ئەستۆ بوو، بەڵام دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان زەرورەتی دیاریکردنی ناوێکی خۆماڵی و نەتەوەیی بۆ ئەو سپایە لە هەموو کات زیاتر دەرکەوت، هەر بۆیەش لە کۆبوونەوەی دەفتەری سەرۆکایەتی کۆمار و لە کۆبوونەوەی ستادی فەرماندەیی ناوی پێشمەرگە بۆ سپای کوردستان دیاریکرا کە ئەرکی پاراستنی کۆمار و دەسکەوتەکانی لەئەوستۆ بێ . ئەم بڕیارە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ درا و لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چاپ و بڵاو کرایەوە.

ئەو سەردەم دەستەواژەیەک لەدایک بوو کە ئەمڕۆ بۆ کورد لەهەموو جیهان بووەتە سیمبولی ئازایەتی و دادپەروەری. دەستەواژەیەک کە ئەگەر پێشووتر تەنیا سیمبولی نەتەوەی کورد بوو ئەوا ئەمڕۆکە لۆگۆی بەرەنگاربوونەوەیە لەگەڵ هێزە تیرۆریست و توندئاژۆکان.

پێشمەرگەش وەکوو هەموو سیمبولە نەتەوەییەکانی دیکە لە ئامێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەدەستی حیزبی دێموکرات لەدایکبوو، لەکوردستانی گەورە باڵای کرد و لەجیهانیشدا شانازی پێ دەکرێت.

لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا پێشمەرگە و ئاڵا بوونە دوانەیەکی لەیەک دانەبڕاو، هەربۆیەش حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو حزبێکی میللی دێموکراتیک و مەسئول، سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٣ لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە سەرپەرەستی شەهید دکتور قاسملوو، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی وەکوو ڕۆژی پێشمەرگە دیاریکرد، دیرایەتی ئەم بڕیارەش بۆوە دەگەڕێتەوە کە تەنیا پێشمەرگە پارێزەری ڕاستەقینەی ئاڵای کوردستان و خاکی کوردانە.

جێی خۆیەتی هەموو کوردستان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی ،جارێکیتر لەفەلسەفەی ئاڵا و پێشمەرگە وردبینەوە و بیکەینە هەوێنی یەکگرتوویی و یەکێتی نەتەوەیی، چونکە لای هەموومان ئاشکرایە کە هەر چوارپارچەی کوردستان بە قۆناغیکی هەستیاری نەتەوەییدا تێدەپەڕێت و دەبێ بەها پیرۆزەکانی وەکوو ئاڵا و هەروەها پێشمەرگە وەک پارێزەری ئەو ئاڵایە، سەرەتاییەکی بەهێزی یەکدەنگی کوردان بێت.

وەک دەزانین لە سەردەمی کۆماری کوردستان فەلسەفەی دامەزرانی هێزی پێشمەرگە پارستنی دەسکەوتەکانی کۆمار بووە و هەرگیز هێزێکی شەڕانگێز و داگیرکەر نەبووە، هەر ئەم فەلسەفەیەشە کە بوونی هێزی پێشمەرگەی لەم سەردەمەدا زیاتر

لە هەموو کات کردۆتە زەروورەت.

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ناوەندی ململانێ جیهانی و ناوچەییەکانە، ئەمڕۆژانە بە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، دۆخێک کە ئەگەر پێشمەرگە پارێزەری نەبێت، ڕەنگە دەرفەتی گۆڕانکارییەکان بەقەیرانێکی گەورە بەسەر کورددا بشکێتەوە. لەلایەکیش نابێ لەبیری کەین کە لۆژیکی دوژمنان و داگیرکەران بەردەوام بەکارهێنانی هێز بووە دژی خواستە ڕەواکانی نەتەوەکەمان، کەواتا مادام هێزەکانی ناوچە بڕیاریانداوە پرسەکان بەهێزی چەکدار چارەسەر بکەن، ئەوا بێگومان ئەگەر بۆ بەرگریکردنیش بێت، پێشمەرگە دەبێ مەیدانداری هاوکێشەکانی ناوچە و کوردستان بێت. بۆیە لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ پێشمەرگە ئاسا بۆ هەموو ئەگەرێکی خوازراو و نەخوازراو لەسەر پێ بن.

لەسەردەمی دیفاعی چەکدارانە لە کوردستان، لاوانی دێموکرات پشکی شێریان بەرکەوتووە و پێشمەرگەی بە ئەمەگی ڕێبازی حیزبی دێموکرات بوون و بەڵێنی نەسرەوتن تا سەرکەوتنیان لەگەڵ خەڵک و خاکی کوردستان دووپات کردۆتەوە و هاوکات خەڵکی کوردستانیش بە پێشوازی و پشتیوانی گەرمیان لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، سەلماندیان کە چارەنووسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەست حیزبی دێموکرات دیاری دەکرێت.

پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی ئەگەر سەردەمێک تەنیا لە هەڵگرتنی چەکی پاراستنی نیشتماندا خۆی دەنواند، ئەوا ئێستا زەبر و زەنگی کۆماری ئیسلامی خەڵکی فێر کردووە کە چۆن پێشمەرگە ئاسا تێبکۆشن بۆ پاراستنی شوناسیان.

لاوانی ڕۆژهەڵات لەم سەردەمەدا دەستیکیان چەکی پێشمەرگایەتییە و دەستەکەی دیکەشیان قەڵەمی کوردایەتی.

لاوان لەناوخۆی کوردستان ئەمڕۆکە لەسەر بنەمای ئەو میراتە گرنگەی کە جیهان شانازی پێوەدەکات، لەسەر پێن و پێشمەرگەئاسا لەدژی سیستەم و سیاسەتی کوردقڕانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەستاونەتەوە.

تێکۆشانی سەر شەقام لە جەنگەی شۆڕشی ژینا بۆ داکۆکی لە مافەکانی ژنان لەپێناو ژیان و ئازادی ، درێژەدان بە ژینگەپارێزی، پەرەپێدان بە ئەدەبیاتی کوردی و زمان پارێزی لەناو ئەو سیستەمە زاڵمەدا چەشنێک پێشمەرگایەتییە.

مل نەدان بە سیاسەتی فریودەرانەی کۆماری ئیسلامی و نەچوونە ناو سیستمی کۆیلەکردن و جاشایەتی و هەروەها پاراستنی پێشمەرگە لە پیلانی دووژمن چەشنێک پێشمەرگە بوونە، ئەو لاوانەی کە لەزانکۆکاندا نوێنەری بیری نەتەوەیین، لە

كۆلانەكاندا دەنگی كۆماری كوردستانن هەر پێشمەرگەن. هەر بۆیە لاوانی كورد دەبی شانازی بەخۆیانەوە بكەن و بەردەوام بن.

ئێستا كە هەموو جیهان پیشمەرگە و ئاڵای كوردستان وەكوو داینەمۆی ئازادی و دێموكراسی و پارێزەری ئاشتی دەناسن، بۆ خەڵكی ڕۆژهەڵاتی كوردستان كە لەناخی ئەواندا ئەو سیمبۆلە نەتەوەییانە لەدایك بوون، سەربەرزییەكی گەورەیە. هەر بۆیەش بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو نۆستالۆژیایەش بێت، دەبێ هەموو ماڵێكی ڕۆژهەڵاتی كوردستان ئاڵایەكی كوردستانی لێ بێت، چونكە ڕۆژهەڵات خاوەنی ڕاستەقینەی پێشمەرگە و ئاڵای كوردستانە.

دایكان و باوكان لە ڕۆژهەڵات بەرپرسیارییەتی گەورەیان كەوتۆتە سەرشان كە بە هەبوونی ئاڵایەكی كوردستان لە ماڵەكاندا بەردەوام بۆ منداڵەكانیان دیرۆكی نەتەوەكەیان باس بكەن و پێیان بڵێن كە مێژوو و ئێستایان چەندە تەژییە لە حەماسە و سیمبۆلی نەتەوەیی و هەستی نیشتمانی.

ئەركی چالاكانی سیاسیی و مەدەنی، لاوان و خوێندكاران، ماموستایان و كارمەندان و كرێكاران و جوتیارانی ڕۆژهەڵاتی كوردستانە كە سەروەرییەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لەناخیاندا بچەقێنن و بەو باوەڕە بژین كە ئەو ئاڵایەی كە دوور لە چاوی دام و دەزگا سەركوتكەرەكانی ڕێژیم لە ماڵەكانیاندا دانراوە، ڕۆژێك هەر دێت كە بە بازوو و هیمەتی پێشمەرگە وەك پارێزەرانی كوردستان، هەر دێتە دەرێ و لەسەر بانی ماڵەكان و بنكە و بارەگا حكومەتییەكاندا هەڵدەدرێت.

٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی ئاڵا و پاریزەرانی ئاڵا واتا پێشمەرگەی كوردستان، لەسەرجەم پێشمەرگەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان، بەتایبەت لاوانی پێشمەرگە پیرۆز بێت و بەو هیوایە كە وەكوو هەمیشە لاوان داینەمۆی هەستی نەتەوەیی و هەوێنی ئارامی و ئاسۆی گەیشتنی كوردان بەئاواتە دێرینەكەمان واتا سەربەخۆیی كوردستان بن

٢٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# خەباتی پێشمەرگانە و بەرگریی چەکداری




(بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز)

ئەلبورز ڕۆئین تەن

## ئاماژە

لە ساڵی ڕابردوو باسی چەکی پێشمەرگە و هێزەکانی ئوپزسیۆنی کوردی باسێکی گەرمی ڕۆژەڤی سیاسی بووە بە جۆرێک تەنیا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نیە کە هەوڵی داماڵینی چەک لە ئۆپسزیۆنی کوردی دەدات، بەڵکوو بەشێکی ئۆپۆسزیۆنی فارسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش وەک کۆماری ئیسلامی لە بواری چەک و هێزی پێشمەرگە بیر دەکاتەوە. لەو وتارەدا هەوڵ دەدەین بە تێروانینک لە بۆچوونی ئاکادامیستی بواری ناسیونالیستی و شەری ئیتنیکی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە ئەوە دەوڵەتی ناوەندییە بەرپرسە لە دۆخی شەڕ و چەک نەک هێزی پێشمەرگە و گەلی کورد کە ڕووبەڕووی ژنوساید و سەرکوتی بێ وێنەیە. شایانی باسە کە باس لە چەک و هێزی پێشمەرگە دەکەین نابێ بەو مانایە بێ کە پێشمەرگە و هێزی پێشمەرگە تەنیا وەک هێزێکی چەکدار سەیر بکرێ، بەڵکوو کاتێک ئێمە باس لە هێزی پێشمەرگە دەکەین مەبەستمان ئەو

خەباتکارە ئازایە و ڕۆشنبیرەیە کە لە چوارچێوەی کردەیەکی مرۆڤایەتی لە بەرانبەر بێ دادی و ستەم و نەبوونی ئازادی هەڵوێستی گرتووەو بە هەموو شێوەیەکی مومکین و ڕەوا هەوڵ دەدات کە ئازادی بۆ گەل و نیشتمانەکی بەدی بێنێت هەتا مەترسی لە ژنوساید و لە نێوبردن و نەهێشتنی کەلتوری ناسنامەی ڕزگاری بکات، تەنانەت ئەگەر ئەو خەباتە پێوستیشی بە چەک و شەڕ لە گەڵ دوژمنەکەی هەبێت.

## ڕوانگەی تیئوریسیەنەکانی بواری شەڕ و ئاڵۆزی ئیتنیکی

میشل براون کە باس لە هۆکارەکانی ئاڵۆزی و شەری ئتنیکەکان دەکات دەڵێ بە پێچەوانەی بۆچوونی بەشێکی ڕۆژنامەنووسان کە پێیان وایە دۆزینەوەی هۆکاری شەڕ و توندتیژی ئیتنیکی ئاسانە و بۆ ڕقی کۆن دەگەڕێتەوە، لێکۆلینەوە لە هۆکارە جیاوازەکانی شەڕ و ئاڵۆزی ئیتنیکی هەر وا ئاسان نیە، بەڵکو بە گوێرەی لێکۆلینەو ئاکادمیکەکان ئەو ئاڵۆزی و ناکۆکیانە کە هەندێک جار توند وتیژی زۆر توندی لێدەکەوێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری وەک ستراکتوری یا سیاسی دەگەڕێتەوە. لە هۆکاری سیاسیەکان کە دەبنە هۆی شەڕ و ئاڵۆزی هەبوونی حکومەتێکی ئۆتۆریتەر کە ویستەکانی تتنیکێک پەراوێز بخات بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی دروست بوونی ئاڵۆزی دەزانێت. واتە بە پێچەوانەی ئەوانەی دەڵێن تەنیا ڕق دەبێتە هۆی ئەو شەڕ و ئالۆزیانە زۆر هۆکارگەلی دیکە هەن کە بەشێکی بەرچاوی ئەو هۆکارگەلانە بۆ حکومەتی دەسهەڵات بەدەستەوە دەگەڕێتەوە، وا دەکات کە شەڕ و توندو تیژی دروست بێت.

رنە دنورز لە وتارەکەی سەبارەت بە پەیوندەی دێمکراتیزاسیون و شەڕو ئاڵۆزی هۆکاری هەبوونی شەڕەکە بۆ دوو بابەتی هەبوونی چەندین ئیتنیکی جیاواز لە چوارچێوەی دەوڵەتێک و هەروەها هەڵاواردن یا هەر جۆرە پەراوێزخستنی یەکێک لە ئتنیکەکان لە لایەن ئیتنیکی باڵادەستەوە بە هۆکاری دروست بوونی شەرو ئاڵۆزی دەزانێ، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەوت و ئاستی بەرەوپێشچوونی دێمکراتیزاسیون هەوڵی کەم بوونەوەی شەڕ و ئاڵۆزی دەدات بە پێچەوانەوە دەوڵەتی ئوتوریتەر بە هۆکاری دروست بوونی شەڕ دەزانێت.

ستیوارت کافمان کە ناوێکی ئاشنای دونیای ئاکادمی بواری شەڕ و ئاڵۆزی ئیتنیکیە هۆکارە جیاوازەکانی دروست بوونی شەڕی ئیتنیکی لە دو پۆلی تیئوریەکانی بکەر و پێکهاتەدا

theories of agency and of structure ڕێکدەخات، ڕوانگەی سایکلۆجیستەکان و هەروەها ئینسترومێنتالیستەکان لە دەکەونە چوارچێوەی تیئوری بکەرەو هەروەها ڕوانگەی ستراکتریستەکان، تیئوری جوڵانەوەی

کۆمەڵایەتی وتیئوری ریئالیسمی پەیوندیە نێودەوڵەتیەکان دەکەونە چوارچێوەی تیئوری پێکهاتە. هەر یەک لەو ڕوانگانە شرۆڤەی جۆیان بۆ هۆکاری دروست بوونی شەڕی نەتەوەی هەیە، بۆ نمونە بە گوێرەی ریئالیسمی پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکان هەر کاتێک گرۆپێکی ئەتنیکی هەڕەشەی لێبکرێ لە لایەن گرۆپێکی ئەتنیکی دیکەوە ئەوە دەبێتە هۆی دروست بوونی شەڕی ئیتنیکی. کافمان لەو باوەڕەدایە کە ئەگەر هەڕەشە لە سەر ویست، نرخەکان یا ناسنامەی گروپێک هەبێ بێ گومان لەوێ شەڕی ئیتنیکی هەیە.

لە ئینسکلۆپێدیای ململانێدا لە دوای شەڕی جیهانی دووەمدا ئاماژە بە پرسی کوردەکان دەکان وەک یەکێک لەو پرسانەی کە شەڕو ئاڵۆزی لێکەوتۆتەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست باسی لێدەکات و هۆکارەکەشی بۆ هەبوونی پوتانسیلی گوتاری سەربەخۆی کوردەکان لە وڵاتانی تورکیە ئێران وعێراق و سوریە دەگەڕێنتەوە مەترسی ئەو گوتارە بۆ سەر دەوڵەتانی ناوەندی دەگەڕێنتەوە .

ئەوە تەنیا هۆکارەکانی دروست بوونی شەڕ لە نێوان گروپی ئیتنیکی دەوڵەتی ناوەندییە نیە کە نیشان دەدات کە دەوڵەتە ناوەندییەکان لە ڕێگای جیاوازەوە بەرپرسن لە دروست بوونی ئەو شەڕە بەڵکوو لە هەمان کاتدا، کاتێک سەیری چۆنیەتی سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی بۆ کۆتایهێنان لەو شەڕانە دەکەین بەو ئاکامە دەگەین کە دەوڵەتی ناوەندی ڕۆلی سەرەکی لەو بوارەدا دەگێڕێ، چونکە هەر کاتێک دەوڵەتی ناوەندی گۆڕانکاری جیدی لە سیاسەتی خۆی بۆ کۆتایهێنان بە سەرکوت و پەراوێز خستن هێنابێ و هەروەها ڕێگەی نوێی دێموکراتیکی گرتبێتە بەر، ئەوە کۆتایی بە شەڕ و نائارامی هاتووە. تەنانەت دەوڵەتی ناوەندی بە ڕێز گرتن لە مافی نەتەوەکان یا کەمایەتییەکان تا ڕادەیەک کە ئەوان چارەنووسی خۆیان دیار بکەن ئاکامی زۆر باشی بەدەستهێناوە لە سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی، لەوانە دەتوانین ئاماژە بە پسری ئیرلەندی باکور یا سکۆتلەند بکەین کە لە هەموو توندو تیژیەک دورکەووتونەتەوە.

لە یەکەم نیگادا لەوانەیە وا ببینرێت کە ئەوە گروپی ئیتنیکی جیاوازن کە شەڕ دەکەن لە بەرانبەر دەوڵەتی ناوەندی، بەڵام بە لێکدانەوەی هۆکارەکان دەردەکەوێ ئەوە سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندیە لە بەرانبەر ئەو گروپە ئێتنیکە جیاوازانە کە وا دەکات شەڕ دروست بێت، ئەویش لە ڕەچاو کردنی سەرکوت و نەهێشتنی ناسنامە و گرتنە بەری سیاسەتی ئەمنیەتی لەو ناوچانەی کە ئەو ئێتنیکانە لێی دەژین و خۆ بواردن لە هەر جۆرە دابەشکردنی دەسهەڵات و پەراوێز خستنی ویستی نەتەوەکان کە لە سەر بنەمای فاکتی جیاواز دروست بوون. لە پەنای لێکۆڵینەوەی ئاکادمیستەکان لەوانەیە باشترین نمونەی زیندوو پرسی کورد و هێزی پێشمەرگە بێت چونکە بە شیکردنەوەی سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی و هەروەها هۆکاری دەست بۆ چەک بردنی هێزی پێشمەرگە و گەلی کورد ئەو ڕاستیە زیادتر ڕوون دەبێتەوە.

## هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ناوەندی و بەرگری گەلی کورد

گەلی کورد، وەک گەلێکی خاوەن زمان، کەلتور، مێژوو، جوغرافیای تایبەت لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستەوە لە بەرەبەیانی مێژووی کەونارەوە هەبوون، هەبوونی چەندین شارستانیەتی جیاواز لە ناوچەی نیشتەجێی کوردەکان هەروەها هەبوونی ئیمپراتۆریەتی ماد لە ٧٧٠ پێش زایینەوە تا بە ئەمڕۆ بەردەوام باس لە هەبوونی ئەو نەتەوەیە لە خاکە دەکرێت. تەنانەت بە گوێرەی ویل دورانت ئەوە شارستانیەتی پارسەکان بوون کە زۆر شت لە مادەکان فێر بوون و توانیان بە داگیرکردنی دەوڵەتی ماد حکومەتی خۆیان بسەپێنێن. لە ساڵی ٥٥٠ پێش زایین کە حکومەتی مادی بە دەستی فارسەکان ڕووخاو و کوردستان داگیرکرا تا بە ئێستا لە گەڵ هەبوونی دەیان حکومەتی ناوچەی و هەروەها گەورەتر کە کوردەکان لە ناوچەی کە پێ دەگوترێ کوردستان دایانمەزراندووە، کە کەوتوونەتە بەر هێرشی دەوڵەتانی جیرانەوە بەتایبەتی فارسەکانەوە، هەر کاتێکیش کە دەسهەلاتی کوردەکان نەمابێ ئەوا خەبات بۆ بە دەستهێنانی ئەو حوکمڕانیە و ئازادی دەستی پێکردۆتەوە، بە جۆرێک سەرتاسەری مێژووی کورد تابلۆی خەبات بۆ بە دەست هێنانی ئازادیە. ئەوەی بەرچاوە لە بەر ئەو تایبەتمەندییەی کورد کە بەردەوام خەباتی بۆ بە دەستهێنانی ئازادی کردوە بۆتە ئامانجی هێرشی هەمە جۆرەی دەوڵەتە جیاوازەکان و بەتایبەتی دەوڵەتی فارسی کە نەک لە ئاستی فیزیکی بەڵکوو لە نەهێشتنی کەلتورو زمان وتەنانەت ڕاگواستنی بە هەزاران کورد بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران هەوڵی نەهێشتنی خەبات بۆ ئازادی کورد بە نەهێشتنی واتایی کورد داوە. بە سەدان نمونەی ئەو تابلۆیەی سەرێ تا سەدەی ڕابردوو لە کوردستان هەن. لە سەدەی بیستەم کاتێک کە وڵاتی نوێ بە دەست تیووەردانی زلهێزانی ناوچە لە ڕۆژهەڵتی نێوەڕاست بە تایبەتی لەو ناوچەی کە کوردی لێیە دروست بوون کە سنورەکانیان بە دابەش کردنی خاکی کوردستان دیاری کران. دەوڵەتانی نوێش وەک ئەوەی گوێڕایەلی زلهێزان بوون بۆ ئەوەی کوردەکان بە تەواوی پەراوێز بخەن و لە درێژەی سیاسەتی نەهێشتنی فیزیکی و ئاسمیلە کردن و لە نێوبردنی ناسنامەی کوردەکان سیاسەتی سەرکوتی کورد بە لە بەرچاونەگرتنی ویستەکانیەن گرتە بەر. نمونەی رزا خان کە بە دامەزرێنەری ئێرانی نوێ دادەنرێ لە دروستکردنی نەتەوەیەکی ساختە بە ناوی ئێرانی کە خاوەنی یەک زمان ویەک کەلتور و یەک ناسنامە بۆ هەموو نەتەوەکانی دیکەی کە لە ئێران دەژیان بە تایبەتی بە دژی کورد کە بەردەوام خەبات بۆ ئازادی و لابردنی ئەو ستەمە هەبوو نمونەیەکی زیندووی ئەو سیاسەت بوو. تەنانەت کەڵک وەرگرتن لە چەکی ئایین و فەتوا کە کوشتنی نەتەوەیەکی وەک کوردی حەلاڵ دەکرد لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نمونەیەکی دیکەی ئەو هەڵسوکەوتەیە. شایانی باسە هەزاران نمونەی ئەو هەڵسوکەوتانە هەن.

لە بەرانبەر ئەو هەڵسوکەوتەی دەوڵەتی ناوەندی کە هەڵسوکەوتێکی دیکتاتورانەو، توتالیتەرانەو ئۆتۆریتەرانە،

تەنانەت لە زۆر بواردا فاشیستانەیە، نەتەوەی کورد بۆ مانەوەی فیزیکی و هەروەها زیندوو ڕاگرتنی ناسنامەی خۆی خەباتی خۆی لە چوارچێوەی خەباتی کەلتوری و مەدەنی و چەکداری گرتە بەر. لە تەواوی مێژووی زیادتر لە سەد ساڵی ڕابردوو بۆ یەکجار یەک نمونە نیە، کە کوردەکان داوای ئاشتیخوازی یا دانوستاندن یا هەوڵ بۆ چارەسەری لە ڕێگەی دیالۆگەوە ڕەتیان کردبێتەوە، لە بەرانبەر ئەو سیاسەتەی کوردەکان کە ئامادەی ئاشتی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ بوون دەوڵەتی ناوەندی کەڵکئاژووی لەو سیاسەتەی کوردی وەرگرتووە بە ناوی ئاشتی و دانوستاندن یا لە ڕێگەی تیرۆر جنایەت ڕێبەرانی کوردی کوشتوە. واتە لە لایەک کورد داوای ئاشتی دەکات، لە لەیەکی دیکە دەوڵەتی ناووەندی لە ئاشتی کەڵک وەردەگرێ بۆ ئەوەی کورد بکوژێ، سەرەڕای ئەوەی کە کوردەکان بەردەوام بەو شێوەیە بوونە ئامانجی ڕێژیمەکانی ناوەندی لە ئێران تا بە ئێستاش ئامادە نین دانوستاندن یا دیالۆگ لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی ڕەت بکەنەوەو تەنانەت هەمیشە ئامادەیی خۆیان بۆ دانوستاندنی ئاشتیانە دەربڕیوە، کە ئێستا ئەو سیاسەتەی کورد جێگای ڕەخنەی جیلی نوێیە. ئێستا کۆماری ئیسلامی واتە دەوڵتی ناوەندی ئێران بە هەزاران کورد بە بیانووی جیاواز زیندانی دەکات، ئەشکەنجە دەکات، لە سێدارەدەدات، بە موشەک هێرش دەکاتە سەر ئەو هێزەی کە داوای دانوستاندن بۆ ئاشتی دەکات، تەنانەت تا ڕادەیەک کە منداڵی یەک ڕۆژە دەوکەنە بەر ئەو هێرشە و گیان لە دەست دەدەن.

واتە کاتێک باس لە هۆکاری چەک و شەڕ لە کوردستان دەکرێت دەبێ بۆ هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ناوەندی بگەڕێینەوە کەو بەو شێوەیە بە دژی نەتەوەی کورد لە کوردستان سیاسەتەکانی خۆی دادەڕێژێ و ئەو بەهۆکاری سەرەکی بزانین.

## کۆتا وتە

هەروەک لە تێڕوانینی ئاکادمیستەکان دەرکەوت کە هۆکاری شەڕی گروپەکانی ئیتنیکی هەڵسوکەوتی دەوڵتی ناوەندیە، لە بابەتی ئێرانیش دەبینین تا بە ئێستا نەک دەوڵەتی ناوەندی گوێی لە داخوازی نەتەوەکان و بە تایبەتی کورد نەگرتووە بەڵکوو تەنیا هەوڵی داوە کە سەرکوتی بکات، تەنانەت زۆرترین گورزی لە کاتی دانیشتن لە سەر مێزی دانوستاندن لە کوردی داوە، کە واتە لە دۆخێکی وەها هۆکاری شەڕ دەوڵەتی ناوەندییەو ئەوەی کە کورد لە چوارچێوەی شەڕ و چەکداری دەکات تەنیا هەوڵێکە بۆ مانەوەی خۆی. تەنانەت ئەو شەڕە کە کورد دەیکات بۆتە هۆکارێک کە ڕێگە لە دەوڵەتی ناوەندی بگیرێت بۆ ئەوەی نەتەوەیەک لە نێو نەبات کە ئەوەش بە هەمان ئەندازەو تەنانەت زیادتر لە خەباتی جوەکان بۆ ڕزگاری لە دەستی هیتلێر، شەڕی وڵاتانی هاوپەیمان دژی فاشیسمی هیتلر و موسولینی، شەڕی کۆنگرەی نەتەوەی ئەفریقا بۆ لابردنی ئاپارتاید، خەباتی گاندی بۆ سەربەخۆی هیندوستان، خەباتی گەلی ئەلجەزایرە هی دیکە بۆ نەهێشتنی کلۆنیالیسم، خەباتی ڕەشپێستان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، شەڕی هاوپەیمانان دژی تیرۆریسم و داعش ڕەوایە، زیادتر

لە ڕەوا بوونیشی پێویست و کردەیەکی مرۆڤایەتیە.

هەر بۆیەش بەر لە باسکردن چەک کردنی پێشمەرگە، دەبێ باس لە گۆڕینی تێڕوانینی دەسهەڵاتی ناوەندی و ڕێزگرتن لە هەموو مافەکانی نەتەوەی کورد بکرێ ئەگەر نا خەبات بە هەموو شێوەیەکی مومکین بەردەوام دەبێت.

**Brown, M.E., Cote Jr, O.R., Lynn-Jones, S.M. and Miller, S.E. eds., 2001. Nationalism and ethnic conflict. MIT Press.**

**De Nevers, R., 1993. Democratization and ethnic conflict. Survival, 35(2), pp.31-48.**

**Senehi, J. (Ed.). (2023). Routledge handbook of peacebuilding and ethnic conflict (First.). Routledge.**

**Ciment, James., Hill, K. L., MacMichael, David., & Skutsch, Carl. (1999). Encyclopedia of conflicts since World War II. Sharpe Reference. https://doi.org/10.4324/9780203058664**

٢٨ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

## حوکمی دادگای سوئێد، وەک سەرەتایەکی باش




**مەنسوور مروەتی**

ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ٢٨ی سەرماوەزی ١٤٠٢ی هەتاوی دادگای پێداچوونەوەی سوئێد بۆ دواجار حوکمی بەندکرانی هەتاهەتایی بۆ حەمید نووری ناسراو بە حەمید عەبباسی، یەکێک لە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی زیندانی گەوهەردەشتی کەرەج پەسند کرد کە، بەپێی بەڵگەکان و شایەتیدانی شایەتەکان دەستی لە کوشتنی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ساڵی ٦٧ی هەتاویدا بووە.

لە ماوەی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکانی دادگادا لەگەڵ بەڵگەی زۆر، زیاتر لە ٥٠ زیندانیی سیاسیی پێشوو دژی نووری شایەتییان دا کە ئەم کەسەیان لە ڕەوتی دادگاییە چەند خولەکییەکانی خۆیاندا لە دادگا دیوە یان تەنانەت بە دەستی ئەو ئەشکەنجە کراون. کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە ئێران کە لەودا هەزاران زیندانیی سیاسیی دژبەری کۆماری ئیسلامی کۆمەڵکوژ کران، خۆی یەکێک لە گرینگترین ڕووداو و لەهەمان کاتدا یەکێک لە گەورەترین جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لە دادگای سوئێدیشدا بە جینایەتی جەنگی ناوی هات. ئەم جینایەتە بەفەرمانی خومەینی و بە

سەرپەرستیی تیمێک بەڕێوەچوو کە هەموویان لە بەرپرسانی باڵای حکوومەت بوون و یەکلەوان ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرکۆماری ئێستای ئێرانه. بۆیە پێکهاتنی ئەم دادگایە و ڕاکێشانی یەکێک لە تاوانبارانی هاوینی ٦٧ بۆ بەردەم دادگا و لە کۆتاییدا حوکمی کۆتایی و پەسندکرانی هەمان حوکم لە لایەن دادگای پێداچوونەوەی سوئێدەوە، خۆی یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکان و دەسکەوتێکی گەورە بۆ ئوپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە کە لە پاش دادگای میکۆنۆس بۆ جارێکی دیکەش بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی تیایدا بە سزا دەگەیەندرێن و ئەمە بە ڕادەیەکی زۆر بووەتە مایەی خۆشحاڵیی خەڵکی ئێران و بەتایبەتی ئەو بنەماڵانەی کە ئازیزانیان لەو ساڵەدا بە دەستی ئینسانکوژەکانی کۆماری ئیسلامی گیان و ژیانیان لێ ئەستێنرا. ئەوکات لەگەڵ داوای داوکاری گشتیی سوئێد و گوێنەدانی دادگای سوئێد بە دژکردەوەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەگەری دەرچوونی حوکمی کۆتایی، دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامییش ڕایگەیاندبوو کە تا کۆتایی ئەم مانگە ئەحمەدڕەزا جەلالی لە زیندانی ئێوین لە تاران لە سێدارە دەدا. ئەحمەد ڕەزا جەلالی، پزیشک و لێکۆڵەرێکی ئێرانی_ سوئێدییە کە بانەمەڕی ساڵی ٩٥ دوای بەشداریی لە کۆنفرانسێکی زانستی لە تاران، بە تۆمەتی جاسووسی بۆ ئیسرائیل لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێرانەوە دەستبەسەر کرا و دوای چەندین مانگ زیندانی تاکەکەسی و شکەنجەی زۆر، حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپا. هەڵبەت دەسبەسەرکردنی کەسانی وەکوو جەلالی و لە ڕاستیدا بە بارمتەگرتنیان بە مەبەستی تایبەتی و بەرچەسپێدانیان بە تاوانی جاسووسی بۆ ئیسرائیل، ڕووداوێکی تازە نییە و لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا زۆر وێنەی هاوشێوە دەبینرێ کە کۆماری ئیسلامی بۆ باجگیری و مەبەستەکانی خۆی بەکاریان دێنێ.

هەر ئێستاکەش ڕێک یەک ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی پەسندکرانی حوکمی کۆتایی حەمید نووری لە لایەن دادگای پێداچوونەوەی سوئێدەوە، دیسان دەزگای قەزایی ئێران ڕایگەیاند کە "یووهان فلۆدرۆس"، هاووڵاتیی سوئێدی و دیپلۆماتی یەکیەتیی ئورووپا کە ٦٠٠ ڕۆژە لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە لە تاران دەسبەسەر کراوە، لە دادگای شۆڕشی تاران بە "فساد فی الارض" تۆمەتبار کراوە. ئاشکرایە هەموو ئەوانەی کە باسکرا لە لایەن ئێرانەوە بۆ باجگرتن لە وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکایی کەڵکی لێوەردەگیرێ و لە بەرانبەر پارەیەکی زۆر یان ئازادکردنی تێرۆریستانی خۆیان لە زیندانی وڵاتانی ئورووپایی ئازاد دەکرێن.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنج و لە هەمان کاتدا ڕەخنەیە ئەوەیە کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و یاسا نێودەوڵەتییەکان و دادگای دادی نێودەوڵەتی هەتا ئێستاش لە بەرانبەر ئەو باجگیری و جینایەتانەی ئێراندا نەرمییان نواندوە. هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ئێران بەردەوام لەو چەکە بەرانبەر بە خەڵکی خۆی و خەڵکی دیکەش کەڵک وەربگرێ. خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج لە قەزیەی حەمیدی نووریدا ئەوەیە کە وەک لە قسەکانی ئەم تاوانبارەدا دەردەکەوێ و بەئاشکرا باسی دەکا، حەمیدی نووری پاسدارێک بووە کە لە سەرەتای فەرمان و فتوای خومەینی و هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر

خەڵکی کورد هاتۆتە کوردستان و لە ماوەی ساڵانی ١٣٥٩ تا ١٣٦١ لە کوردستان بووە و شەڕی خەڵکی کوردستانی کردوە، لە پاشان بردوویانەتەوە بۆ تاران و لە زیندانی گەوهەردەشت و لە شوێنەکانی دیکە کاریان پێ سپاردوە. ئەو ساڵانە و دواتریش هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە ڕێگەی کەسانی وەک حەمیدی نووریەوە لە کوردستان دەیان و سەدان تاوانی دژە مرۆییان بەدژی خەڵکی کوردستان، هەر لە ئێعدام و کوشتنی بە کۆمەڵەوە بگرە تا کۆچی زۆرەملێ و سووتان و وێرانکردنی ئاواییەکانی کوردستان ئەنجام داوە. لە ڕاستیدا حەمید نووری یەکێک لەو تاوانبارانەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە جینایەتی دژە مرۆیی لە کوردستانە و بێگومان خەڵکی کوردستانیش بە ئاکامی حوکمی دادگای سوئێد خۆشحاڵن بەڵام بەداخەوە جگە لە دادگای میکۆنۆس هەتا ئێستا هیچ جینایەتکارێکی ڕژیم لە هیچکوێ و لە هیچ دادگایەکدا لەسەر ئەو جینایەتانە دادگایی نەکراون. ئەڵبەتە خاڵی جیددی و جێی ڕەخنە لە سەر بزووتنەوەی کوردستانیش ئەوەیە تا ئێستا هیچ جینایەتێکی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بەڵگەمەند نەکراوە و هیچ ناوەندێکیش بۆ بەڵگەمەندکردنی ئەو جینایاتانە لە کوردستان بوونی نییە و دادگاش لە هەر وڵات و ڕێکخراوێکیش بێ، بەبێ بەڵگە دەست بۆ هیچ کەس و هیچ کەیسێک نابا.

لە پەروەندەی ئێعدامکراوانی ساڵی ٦٧ بە دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران، حەمید نووری یەکەم کەسە کە بە داوی عەدالەتەوە بوو و دادگایی کرا و حوکم درا. بەو هیوایە کە ئەوە سەرەتایەک بێ بۆ گیران و سپاردنە دەستی عەدالەت و پێکهێنانی دادگایەکی دادوپەروەرانە بۆ هەموو تاوانبارانی سەربە کۆماری ئیسلامیی ئێران.

٣٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# پێشمەرگە (پێناسە و ئامانجەکانی)




**پژمان شەریعەتی**

**هەتا ناوی پێشمەرگە دێت لە زەینی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، ڕۆڵەیەکی ئازا و گیانفیدا وێنا دەکرێت. بەڕاستی وێنای پێشمەرگە لە زەێنی تاکەکان، لەگەڵ کەسایەتیی خودی پێشمەرگە چ وەکوو سیما و چ وەکوو ئەندێشە و باوەڕی چەندە نیزیکن لە یەک؟ چۆن دەتوانین پێشمەرگە پێناسە بکەین؟ وەکوو پێناسەیەکی سەرەکی بە بەردەوامی باس لەوە کراوە کە پێشمەرگە ڕۆڵەیەکی شۆڕشگێڕە کە بۆ نەتەوەکەی خەبات دەکات و ئامادەیە لەو پێناوەدا گیانی خۆی بەخت بکات. بەڵام ئایا ئەمە تەنیا پێناسەیەکە کە دەتوانین لە پێشمەرگەی بکەین؟ بێگومان نا.**

**پێشمەرگە هەم لە بواری وشە و هەم لە بواری کەسایەتییەوە، هەڵگری فەلسەفەی تایبەت بە خۆیەتی کە لە هیچ نەتەوەیەکی دیکەی دونیا ناتوانین نموونەی بۆ بینین و لەڕاستیدا بەشێکی سەرەکی لە فەلسەفەی مێژوویی، فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانە و کەسایەتییەکە کە وەکوو تاک هەڵگری چەندین ڕەساڵەتە. لەڕاستیدا پێشمەرگە بۆخۆی کۆمەڵگەیەکە.**

ناوی پێشمەرگە بۆخۆی بەو واتایەیە كە تاكێک، مەرگی خۆی پێش مەرگی تاكێكی دیكە بكات، بۆ ئەوەی كە ئەو تاكە ناوی بمێنێتەوە. لە فەرهەنگی كوردەواریدا بۆ دەربڕینی خۆشەویستی دەگوترێت: "مەرگم وەپێش مەرگت كەوێ". ئەمە بەو واتایە دێت كە ئەو تاكە ئاوات دەخوازێ زووتر لە خۆشەویستەكەی بمرێت هەتا مەرگی ئەو بە چاوی خۆی نەبینێت. هێندێک جاریش باس لەوە دەكەن پێشمەرگە ئەو كەسەیە كە بە پێشوازی مەرگ دەڕوات و لە مردن ناترسێت كە لەڕاستیدا ئەم واتایە لەگەڵ ماهییەت و فەلسەفەی پێشمەرگە ناگونجێت و ئەگەر بەو شێوازە پێشمەرگە پێناسە بكەین هەڵەمان كردوە. چونكە پێشمەرگە بە پێشوازی ژیان دەڕوات و هەموو هەوڵ و تێكۆشانی بۆ مان و بەردەوامی ژیانە بە مانا فەلسەفی و بوونەكەی. پێشمەرگە ناوێكی كوردانە و هەڵقوڵاوی هەستێكی ئەویندارانەیە كە هەم واتا دەبەخشێت بە ژیان و هەم بایەخ، بە شێوازێک كە دەتوانین بڵێین پێشمەرگە یانی ژیان.

یەكێكی دی لە خاڵە سەرەكییەكان پێوەندیدار بە ناوی پێشمەرگە ئەوەیە كە، ئەم ناوە هەڵگری باری ڕەگەزی نییە. بەو واتایەی كە ناوی پێشمەرگە دێت، تەنیا یەک ڕەگەز وەكوو نێر یان مێ لە زەینندا وێنا ناكرێت، بەڵكوو كەسایەتییەک پیشان دەدات كە ئەندێشە و كرداری لە سەرووی هەموو پێناسەكاندا جیا لە هەر ڕەگەزێک بێت. بەڵام ئەگەر بمانەوێ بەدەر لە ناو، بچینە سەر ماهییەت و فەلسەفەی پێشمەرگە، بابەتەكە زۆر بەرینتر و پێویستی بە تێفكرینی زیاتر دەكات و واتاكردنی پێناسەی پێشمەرگە، هەموو بەشەكانی ژیانی نەتەوایەتی كورد لە خۆی دەگرێت.

لەو كاتەوە كە كوردستان داگیر كراوە، بە بەردەوامی ڕۆڵەكانی ئەم وڵاتە لە تێكۆشاندان بۆ ئەوەی وڵاتی خۆیان لە بندەستی ڕزگار بكەن و بەپێی جیهانبینی خۆیان وڵاتەكەیان ئیدارە بكەن و بەرەو پێش ببەن. لەم ڕەوتە قوربانی زۆر دراوە و بە هەزاران تاكی كورد لەو پێناوەدا گیانیان بەخشیوە و وەكوو پارێزەرانی وڵات بەردەوام بوون. بەڵام كاتێک كە ناوی پێشمەرگە دێت، تەنیا پارێزەرێكی وڵات نییە. بەو واتایە كە پێشمەرگە هێزێک نەبووە لە سەردەمی شەڕە كلاسیكەكان، وەكوو كەماندار یان نێزەدارێک بێت. یان وەكوو سەرباز، ئەركی بەرگریكردن و لە كاتی شەڕ هێرشبەر و كاتی هێرشی هەبێت و شەڕ كۆتایی پێ بێت هیچ ئەركێكی دیكەی نەبێت جیا لە خۆ ئامادەكردن بۆ شەڕێكی دیكە. هەروەها لە سەردەمی مۆدێرنیتەشدا، هێزێک نییە كە وەكوو ئەرتەش تەنیا بۆ بەشێكی تایبەت لە هەر شەڕێكدا فێركرابێت و ئەركی ئەوە بێت لە كاتی ڕوودانی شەڕ بە دژی وڵاتەكەی یان هاوپەیمانانی وڵاتەكەی بێتە مەیدان و بە كەڵكوەرگرتن لە كەرەستە سەربازییەكان و چەكوچۆڵ، بەشدار بێت و لە ئەگەری سەركەوتن یان سەرنەكەوتنی وڵاتەكەی ئەركەكەی كۆتایی پێ بێت.

بەو پێناسەیە پێشمەرگە، نەک هێزێكی كلاسیكی شەڕ و نە سەربازی ئەرتەشێكی مۆدێڕنە. لێرەدایە كە پێناسەكردنی

پێشمەرگە ئەستەم دەبێت، چونکی باس لە هێزێکە لە هیچکام لە پێناسەکانی هێزە وڵاتپارێزەکانی جیهاندا ناگونجێت. تەنانەت وەکوو چریک یان پارتیزان و شەڕڤان، میلیشیا و لەشکری نامونەزەم ناتوانین پێناسەی بکەین. چونکە پێناسەی ئەوان هێزێکی نافەرمی چەکدارە کە بە هێندێک تاکتیکی تایبەت لەپێناو وڵات، داگیرکاریی یان بەگژداچوونەوەی داگیرکەر، ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت و تەنانەت تێرۆر، لە شەڕدا بەشدار دەبن و هەمووی لە خانەی چەکداری شەڕکەر جێگیر دەبن.

لەم باسەدا پرسی وڵات ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت، لەبەر ئەوەی ئەو نەتەوانەی سەربەخۆن و خاون کیانی تایبەت بە خۆیانن و لە جیهانی ئەمڕۆش خاون هێزێکی سەربازی تایبەتن و لۆگۆ، پلە و پایە و ڕێکخستنی خۆیان هەیە و لەلایەن وڵاتەکانی دیکەشەوە بە فەرمی ناسراون، هەرچەند لەو وڵاتانەش هەوڵ دراوە و دەدرێت کە جیا لە ئەرتەش و سپای سەرەکی وڵات، هێزێکی تایبەتیش بوونی هەبێت. ئەو نەتەوانەش کە سەربەخۆ نین و بۆ کیانی تایبەت لە خەباتدان، هێندێک هێزیان هەیە وەکوو پارتیزان کە بۆ گوشارخستنەسەر دەسەڵات چالاکی سەربازی دەکەن. بەڵام پێشمەرگە، هیچکام لەو هێزانە نییە، هەرچەند کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە بەڵام پێشمەرگە هیچکات نەبووەتە تەنیا هێزێکی پارتیزانیی کە تەنیا بە چالاکی سەربازی لە مەیداندا بێت. مەیدانداری و پێشەنگایەتی پێشمەرگە هەڵدەگەڕێتەوە سەر بابەتی هزریی و ئەندێشەی ئەو تاکە و لێرەدایە کە دەتوانین پێناسەی بکەین. واتە دەبێت لە ڕووی هزری پێناسەی بکەین، ئەوەیش بەو واتایە نییە کە تەنیا وەکوو بیرمەندێک پێناسەی بکەین چۆن بابەتەکە هزرییە، بیرمەندبوونیش یەکێک لەو خاڵانەیە کە لە پێناسەی پێشمەرگە دەتوانین بیهێنین، بەڵام ناتوانێ وەکوو واتا یان پێناسەی یەکلاکەرەوە بێت. بۆ ڕوونترکردنەوەی بابەتەکە چەند نموونە لە هێزە سەربازییەکان و هێزە فکرییەکان دێنین و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەین لەگەڵ پێشمەرگە و لە جیاوازییەکاندا پێشمەرگەمان باشتر بۆ پێناسە دەکرێت.

هەروەک ئاماژەمان پێ کرد، لە بەشێک لە نەتەوەکانی جیهان هێزی وڵاتپارێزیی وەکوو شوالیەکان، ساموورایییەکان و ... هتد ئەو جۆرە بیرکردنەوەیان بووە. بۆ نموونە شوالیەکان تەنیا بەشێک لە سوارەکانی هێز بوون کە زۆرینەیان لە کەسایەتییە فیۆداڵ، ئەشراف و مەزهەبییەکان بوون و دەبوو لەو کەسانە بن کە دارایی زۆریان هەبێت و لە منداڵییەوە دیاری کرابن بۆ ئەوەی بگەنە پلەی شوالییە و لەڕاستیدا چینێکی تایبەت لە کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئورووپا بوون. ساموورایییەکانیش هەر بەو شێوازە لە فیۆداڵەکانی وڵاتی ژاپۆن بوون و چین و توێژەکانی دیکە بۆیان نەبووە کە ببنە ساموورایی، هەرچەند ئەمانیش وەکوو شوالیەکان شەڕڤانانی جێگای شانازی نەتەوەی خۆیان بوون و هەن. بەڵام لەنێو ساموورایییەکاندا هێندێک یاسای تایبەت هەیە و لادان لەوانە مومکین نەبووە و گرێدراو بە ئیمپراتوور یان کەسایەتی و سەرۆک بوون.

لە هەڵسەنگاندنی ئەم دوو نموونە لەگەڵ پێشمەرگە و جیاوازییەکانیان لەگەڵ یەکتری بۆمان دەردەکەوێ کەسێک کە دەبێتە پێشمەرگە پێوست ناکات تەنیا لە چینی فیۆداڵ بێ و بەپێی سەرمایەی پلە و پایەی پێ بدەن و وەکوو پێشمەرگە ناودێر بکرێت. لە شەڕەکانیشدا تەنیا بەشێکی تایبەت لە هێزی شەڕ بێت. بۆ نموونە وەکوو سوارەکان، یان دیدبان و تەنانەت فەرماندە لە هێزی پێشمەرگەدا لە فەرماندەی هەرە بەرزە تا بەشی لۆجێستیک هەموو پێشمەرگەن. یان وەکوو سامووراییەکان فەرمانبەری کەسایەتییەکی تایبەت نین، بەڵکوو پێشمەرگە خاک، ئاڵا، وڵات و بەرژەوەندی نەتەوەیی بۆی لە سەرەوەی هەموو شتێکە. پێشمەرگە ڕێبەر و فەرماندەی هەیە و لە چالاکی سەربازی خۆیدا سانترالیزم لەبەرچاو دەگرێت. بەڵام فەرمانبەر و جێبەجێکاری ئەمر و ڕاسپاردەی بێ ئەوملاولای هیچ تاکێک نییە و تەنانەت یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی هێزی پێشمەرگە ئەوەیە ڕێبەرایەتی و فەرماندەکانیش خۆیان هەر پێشمەرگەن.

لە رووی هزریشەوە زۆربەی نەتەوەکانی جیهان، شوورا، گرووپ، ڕێکخراو و حیزبی سیاسییان بووە و هەیە کە کاریان ئەوەیە بە خوێندنەوەی تایبەت و بۆ سەرکەوتنی نەتەوەکەیان پلان دارێژن و وەکوو ئیدئۆلۆگ و ژووری هزری بۆ وڵاتیان چالاکی دەکەن. ئەم ڕێکخراوانە چ دەسەڵاتدار بن لە چوارچێوەی دەوڵەت چ وەکوو ڕێکخراوێکی خەڵکی یان وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی دژبەر بن، تەنیا کاریان داڕشتنی پلان، بەرنامە و پێڕەو و نەخشەڕێگایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بێ.
لێرەیشدا ناتوانین بڵێین پێشمەرگە تەنیا ئەندامی ڕێکخراوێکە و تەنیا بە چالاکیی سیاسی و مەدەنی بیناسین و وەکوو ئیدئۆلۆگ پێناسەی بکەین و چاوەڕوانی ئەوە بین کە پلاندارێژ بێت. پێشمەرگە کە تەنیا ببێتە پلاندارێژ، ئەدی جێبەجێکار و هێزی بەڕێوەبردن و بە ئەنجامگەیاندنی ئەو پلانانە دەبێ کێ بێت؟ لەو چەشنە چالاکی هزریانە لە چوارچێوەی سیاسی و مەدەنی چەندین کەسایەتی و پلەبەندی یاسایی وەکوو، ڕۆژنامەنووس، هەواڵنێر، ڕاوێژکار، پاڕلمانتار، شرۆڤەکار و ...هتد دیاری کراون، پێشمەرگە دەتوانێت هەموو ئەوانە بێت، بەڵام ناتوانین پێشمەرگە تەنیا وەکوو شرۆڤەکارێکی سیاسی یان ڕۆژنامەڤان پێناسە بکەین و وەکوو تاکێکی تەنیا مەدەنی یان سیاسی بیناسین. لەلایەکی دیکەوە جیا لەم چین و توێژانە و پلەبەندی کۆمەڵایەتییان، بە هیچ شێوازێک پێشمەرگە لە چینی گشتی (عام)ی کۆمەڵگە نییە، بەڵکوو چینێکی هەرە تایبەت یان بڵێین بێوێنەی کۆمەڵگەی کوردستانە. بەو واتایە کە پێشمەرگە دەتوانێت کاری ڕۆژنامەڤانی بکات، بەڵام هەموو ڕۆژنامەڤانێک ناتوانێت ببێتە پێشمەرگە.

خاڵی جەوهەری لێرەدا ئەوەیە هەموو کەسێک ئەو توانایییەی نییە کە ببێتە پێشمەرگە، توانایی بەو واتایە کە لە ڕووی هزری، جەستەیی، دەروونی، ڕەفتاری و کرداری بتوانێت هەڵگری کەسایەتیی پێشمەرگە بێت. ئاماژەمان بەوەش کرد تایبەت بە ڤشرێکی نێو کۆمەڵگە نییە، هەموو چین و توێژەکان دەتوانن ببن بە پێشمەرگە. کرێکار، مامۆستا، ئەندازیار، پزیشک و پاڕلمانتار، خوێندەوار و نەخوێندەوار و ...هتد دەتوانن بە ڕیزەکانی پێشمەرگە پەیوەست بن. واتە پێشمەرگایەتی گرێ

نەدراوە بەو پلەبەندییانە کە کۆمەڵناسان یان خودی کۆمەڵگە باسیان دەکات. هەموویان بەبێ جیاوازی خاوەنی یەک کەسایەتی یاسایی و فەرهەنگی دەبن بەناوی پێشمەرگە، ڕەنگە لە ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە بۆ بەڕیوەبردنی کارەکان، پلە و پایە و ئەرکی جیاواز وەرگرن، بەڵام لە بواری کەسایەتی وەکوو پێشمەرگە دەیانناسن و مافی بەرامبەریان هەیە. واتە ئەگەر ئەم کەسایەتی پێشمەند و توێژانە، هەڵگری پێوەرەکانی پێشمەرگەبوون بن کە لە سەرەوەی هەموویان پێوەرە هزرییەکانە، دەتوانن ببنە پێشمەرگە. بەڵام دووپاتی دەکەمەوە هەموو کەسێک توانایی پێشمەرگەبوونی نییە و پێوەندیی بە بنەماڵە، عەشیرە، سینف و هیچ پلەبەندییەکی نییە.

٣٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# ئێران بەرەوڕووی کێوێک لە کێشەی نێوخۆیی چارەسەر نەکراو بۆتەوە




ناوەندی ستیمسۆن- نووسەر نهێنی

و: لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

یادداشتی سەرنووسەر: لە کاتێکدا کە ناوەندی ستیمسۆن زۆر بە دەگمەن بابەتی نهێنی بڵاو دەکاتەوە، نووسەری ئەو وتارە لێکۆڵەرەوەیەکە لە تاران دەژی و، لەبەر نیگەرانیی ڕەوا لەمەڕ ئەمنییەتی خۆی، ئەو داوای کردوە ناوی ئاشکرا نەکرێ. نووسەر بۆ کارمەندانی پێوەندیداری ئەو ناوەندە ناسراوە، ڕابردووی لێکدانەوەی جێگای متمانەی هەیە و لە پلەیەک دایە کە بتوانێ ڕوانگەی وەها پێشکەش بکات کە لە شوێنی دیکە دەست ناکەوێ.

لە کاتێکدا ئێران بەکرێگیراوەکانی دژی ئیسرائیل دەورووژێنێ، لە نێوخۆ بەرەوڕووی کێشەی پەرە ئەستێنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە.

پاشگەزبوونەوەیەکی ئەو دواییانەی دەوڵەت لە زیادکردنی باجی مووچەخۆرانی کەرتی گشتی و وردە فرۆشان، تەنیا تازەترین شکستی شەرمەزارکەری بەڕێوەبەرایەتیی سەرۆک کۆمار ئیبراهیم ڕەئیسییە. تەنانەت لە کاتی دنەدانی "بەرەی

مقاومەت" لە دەرەوەی وڵات، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی پیسبوونی کوشندەی هەوا، چوونەسەری ڕێژەی هەڵاوسانی نرخەکان، کەمبوونەوەی سامانی سندووقەکانی خانەنشینی و نامۆبوونی هەرچی زیاتری خەڵک لە سیستەمی دەسەڵاتدار، خەبات بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە نێوخۆی وڵات دەکات.

لێکۆڵەر عەبباس عەبدی لە وتارێکدا لە ٢٨ی نۆڤەمبەر، نووسی ئەو قەیرانانە "هەموویان ئاکامی سیستەمێکن کە بڕیاری هەڵە دەدات، کە لەو چەند مانگەی دواییدا خراپتریش بووە و ئاکامەکەی زۆر جار قووڵتر بوونەوەی قەیرانەکانە. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە بە قووڵتربوونەوەیان، چارەسەر کردنیان تێچووی زۆرتری پێویستە کە ئەوەش بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی بنکۆڵکردنی ویستی سیاسی بۆ چارەسەر کردنیان".

## کێشەکانی کەشوهەوا

هەر کەسێک زستانان سەردانی تارانی کردبێ دەزانێ پیسیی هەوا بۆتە دیاردەیەکی هەمیشەیی پایتەخت و شارە مەزنەکانی دیکە. تا ئێستا، ئەو ساڵ ژمارەی ئەو ڕۆژانەی هەوای تاران خاوێن بووبێ زۆر کەم بووە. بەهۆی گەمارۆکان، هیچ وەبەرهێنانێکی بەرچاو لە بەرهەمهێنانی گازی خاوێن نەکراوە. لە ئاکامدا، ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی وزە لە قەراخ تاران و شارە مەزنەکانی دیکە لە جیات سووتاندنی گازی سروشتی، دەستیان بە سووتاندنی مازووت، نەوتێکی ڕەش و قورس، بە چۆنایەتییەکی گەلێک نزم و فرە پیسکەر کردوە. بێجگە لەوە کە بۆتە هۆی تێچووی ساڵانەی ٧ میلیارد دۆلار بۆ ئابووریی ئێران، پیسکردنەکە دەبێتە هۆی کوژرانی ساڵانەی ٢٠ هەزار کەس. تەنیا ڕێگاچارەیەک کە دەوڵەت پێشکەشی کردوە، داخستنی قوتابخانەکان بووە کە لە ٣ و ٤ی دێسەمبەر لە پارێزگای تاران جێبەجێ کرا.

کارەساتێکی دیکە کە ئاکامی سیاسەتی شکستخواردووی چەندین ساڵەیە، وشکبوونی گۆلی ورمێیە کە ئاوەکەی ٪٨٠ کەمی کردوە. لە ئێستادا، تەنیا ٪٤ی ئاوی گۆلەکە ماوە. گۆلی ورمێ، مەزنترین گۆلی ئێران و شەشەمین گۆلی سوێری گەورەی دنیایە. مەرگی نزیکی ئەو گۆلە ناکرێ تەنیا بۆ گەرمبوونی جیهانی بگەڕێتەوە، چونکە گۆلەکانی عێراق، تورکیە و ئەرمەنستان کە هەمان ڕێژە بارانیان لێ دەبارێ لە دۆخێکی گەلێک باشتردان.

## ئاسایشی کۆمەڵایەتی و هەڵاوسان

قەیرانێکی جیددی دیکە، قەیرانی دارایی سندووقەکانی خانەنشینیی ئێرانە. لە ١٧ سندووقی خانەنشینیی چالاک لە ئێران، پازدەیان بەکردەوە مایەپووچن و تەنیا دووانیان دەمێننەوە، لە نێویاندا ڕێکخراوی ئاسایشی کۆمەڵایەتییش

لەرزۆکە. ئەو سندووقانە ڕێژەیەکی پەرەئەستێنی بودجەی دەوڵەتیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە، کە دەگاتە ٪١٥ لە داهاتی ساڵانەی ئێران. لە دوو دەیەی ڕابردوودا، حکوومەتەکان بەشی خۆیان بە شێوەی دانی پشکی گرانی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان دابین کردوە. ئابووریناسی بەنێوبانگ و ئاکادێمیسیەن، ناسر زاکری، لە وتارێکدا لە ٢٦ی نۆڤەمبەر نووسی کە لێنەهاتوویی دەوڵەت بۆتە هۆی زیانی بەرچاوی ئەو سندووقانە. بێئەوەی کەسێک بەرپرسیارییەکە وەئەستۆ بگرێ. ئەوە لە کاتێکدا دەقەومێ کە کۆمەڵگەی ئێران بە تەمەنتر دەبێ و ڕێژەی مووچەخۆران و هێزی کار هێندە زیادی نەکردوە کە بتوانێ قەرەبووی ڕێژەی پەرەئەستێنی خانەنشینان بکاتەوە. لە جیاتی باشترکردنی بەڕێوەبەریی سندووقەکان، دەوڵەتی ڕەئیسی بەتەمایە تەمەنی خانەنشینکران لە ٥٥ بۆ ژنان و ٦٠ بۆ پیاوان، بکاتە ٦٠ بۆ ژنان و ٦٥ بۆ پیاوان.

بڕیار بوو ڕەئیسی لە ٢١ی مانگی نۆڤەمبەر پرۆژە یاسای بودجەی ساڵانە پێشکەش بکات، بەڵام پارلەمان هێشتا پێداچوونەوە بە حەوتەمین پلانی گەشەپێدانی ٥ ساڵەی تەواو نەکردوە. وەزیری ئابووریی ڕەئیسی، ئیحسان خاندوزی، هێندێک لە بەشەکانی بودجەی بۆ هەواڵدەرییەکان ئاشکرا نەکرد. بەگوێرەی ئەو ناوەندە هەواڵدەرییانە، ڕێژەی باج ٪٤٩،٨ زیاد دەکات، لە کاتێکدا کە فرۆشتنی نەوت ٪٢٢ی کۆی بودجە پێک دێنێ کە لە ساڵی ڕابردوودا ٪٢٨ بوو. مووچەکان قەرارە ٪١٨ زیاد بکرێن کە گەلێک لە ڕێژەی ٪٤٠ی هەڵاوسان کەمترە.

دەوڵەت لە کەم کردنەوەی تێچووەکانی لە ساڵی هەڵبژاردندا بێزارە کە ئەوەش دەبێتە هۆی بەردەوامیی چوونەسەری ئاستی هەڵاوسان.

## ئاسۆی هەڵبژاردن

لە یەکی مارس، ئێرانییەکان داوایان لێ دەکرێ لە هەڵبژاردنی پارلەمانی نوێ و هەروەها ئەنجومەنی پسپۆڕان، دامەزراوەیەکی ٨٨ کەسی کە وێدەچێ بڕیاردەری دەستنیشان کردنی ڕێبەری گەورەی داهاتوو، پاش مردنی ڕێبەری هەنووکەیی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی بێ، بەشدار بن.

٤٥ ساڵە، کۆماری ئیسلامی ڕەوایی خۆی بە ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بەستۆتەوە. بەڵام، ئەوساڵ بڕیاردەرە پلەبەرزەکانی ڕێژیم وێدەچی بڕیاریان دابێ تەنیا بەشداریی ڕێژەیەکی کەم گەرەنتی ئاکامە دڵخوازەکەیان دەکات و وێدەچێ هاڵوەژاردنێکی بێبەزەییانەی بەربژێرەکان لە لایەن شووڕای نیگابان، کە زۆرینەیان توونڕەوئاژۆن، بەڕێوە بچێ. ئەوەی میانڕەوەکان پێی دەڵێن "پرۆسەی پاکتاوکردن" لە ٢٠٢١ دەستی پێ کرد، کاتێک ڕەئیسی بەبێ ڕکابەرێکی جیددی

هەڵبژێردرا. چالاکی سیاسی محەممەد سادق جەوادی-حەسار پێشبینی کردوە کە ڕێژەی دەنگدەرانی مانگی مارس "کەمترین" دەبێ و ئەوە "ئاسەواری دەبێ و پلە بەرزترین بڕیاردەران تێچووکەی دەدەن".

ژمارەیەک کەسایەتیی میانڕەو و ڕیفۆرمخواز و تەنانەی بەشێک لە توندئاژۆیەکانیش هەر ئەو بۆچوونەیان هەیە. سەرۆککۆماری پێشوو، حەسەن ڕوحانی، کە ناونووسییەکەی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پسپۆڕان بوو بە هۆی تووڕەیی ڕکابەرەکانی، گوتی ئەو "دەبێ خۆی ناونووس بکات تا نیشان بدا وڵات تەنیا هی تاقمێکی هەڵبژێردراو نییە." ئەو ڕەوایی ڕێبەری نوێی هێنایە ژێر پرسیار کە "لە لایەن ئەنجومەنێکەوە دەبێ کە بە بەشداریی ١٠٪ی دەنگدەران هەڵدەبژێردرێ".

ڕاپرسییە سەرەتاییەکان دەڵێن ڕێژەی بەشداران لە هەڵبژاردندا بە شێوەی پێوانەیی کەم دەبێ. ڕاپرسییەک کە لەلایەن ئاژانسی ڕاپرسی خوێندکارانی ئێران بەڕێوە چووە، ئاشکرای کرد کە ٢٧،٩٪ لە وەڵامدەران گوتوویانە "بێگومان بەشدار دەبن"، لە کاتێکدا ٣٦٪ گوتوویانە "بێگومان دەنگ نادەن". عەباس عەبدی پێشبینی کرد ڕێژەی بەشداریی لاوانی خوێندەواری شارەکان کەمتر لە ٧٪ و بەشداریی گشتی لە تاران و شارە مەزنەکانی دیکە کەمتر لە ١٥٪ دەبێ.

ڕۆژنامەوانی دیاری ڕیفۆرمخواز، محەممەد قوچانی گوتی هەڵبژاردنێک بەو ڕێژە کەمەی دەنگدەران و ئاکامی لەپێشدا دیاریکراو "دەبێتە هۆی بنکۆڵکردنی تەنیا جیاوازیی نێوان کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی پەهلەوی. دامەزراوەی هەڵبژاردن کاریگەریی و پێوەندیداریی خۆی لەکیس داوە و شێوەکانی دیکەی ئاڵوگۆڕی ئاشتییانە وەکوو خۆپیشاندان بێکەڵک بوون. ئێمە دەبێ بیر لە شتێکی نوێ بکەینەوە".

ڕۆژنامەوانی کۆنەپەرست، محەممەد مۆهاجری، پێشبینی کردوە کە پرۆسەی ڕەتکردنەوە "وەها بەرچاوە کە بەو زووانە تەنانەت خودی ڕەئیسیش دەگرێتەوە. ئەو مەزنترین قوربانیی پرۆسەی ڕەت کردنەوە دەبێ. کاتێک وەرزی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە ٢٠٢٥ دەست پێ دەکات، هەر ئەو توندڕەوانە بەردەوام دەبن و ڕەئیسی بەجێ دێڵن".

## گرژیی کۆمەڵایەتی


ئەو پێشهاتانە لە کاتێکدا ڕوو دەدەن کە گرژییە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی هەوڵەکانی سەپاندنی حیجاب خەریکی پەرە ئەستاندنن. "گەشتی ئێرشاد" کە دوای کوژرانی مەهسا ئەمینی لە کاتی دەستبەسەرکران لە لایەن پۆلیسەوە لە سێپتەمبەری ٢٠٢٢ هەڵگیرابوونەوە، دیسان بە شێوەیەکی نوێ وەکار کەوتوونەوە. تاقمی پاسەوانانی حیجاب لە شوێنە قەرەباڵغەکان

له سەرانسەری تاران جێگیر کراون و ڕێژیم بە "کاردانەوەی خۆڕسک دژی شلیی حیجان لە شار" ناویان دێنێ. دوای ئەوە کە ڕۆژنامەی ڕێفۆرمخوازی ئیعتیماد بەڵگەیەکی ئاشکرا کرد کە فەرمانی وەزیری نێوخۆ، ئەحمەد وەحیدی، لەو بارەوە بوو، داواکاری گشتی دۆسیەیەکی یاسایی دژی ڕۆژنامەکە بە هۆی ئاشکرا کردنی بەڵگەنامەی نهێنی کردەوە. بەڵام، وەزارەتی نێوخۆ حاشای لە نێوەرۆکی ئەو بەڵگەنامەیە نەکردوە.

لیستەی دوورودرێژی ئەو قەیرانانەی کە کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوویان بۆتەوە هەروەها لە ڕێژەی پێوانەیی ئیعدامەکاندا، کە ڕێژیم هەوڵ دەدا سوود لە جەختی نێونەتەوەیی لەسەر شەڕی غەززە وەرگرێ، ڕەنگ دەداتەوە. گەندەڵیی بە شێوەیەکی بەرچاو بەردەوامە و هەروەها پەرەئەستاندنی بەرچاوی دیاردەی کۆچ کردنی خەڵکی خوێندەوار و پسپۆڕ بۆ هەندەران. هەموو ئەو قەیرانانە ئاماژە بە شکستی سیستەمی خاوەن دەسەڵات بۆ چارەسەر کردنی کێشە بەپەلەکان دەکەن. وەکوو کۆمەڵناس، فازلی ئاماژەی پێ کردوە، "ئێران لەسەر تیغی گوێزانە" بەبێ ئەوەی دەراوێکی ڕوونی لێ دیار بێ.

٣٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

## ناسر ڕەزازی: ئەگەر وریا نەبین وەک لە تورکیە مێلۆدی کوردییەکانمان کراونە تورکی، لە ئێرانیش وامان بەسەر دێت



**(وەختێک ڕێژیمێک یان حکوومەتێک ئامادە نەبێ دان بە بوونی میللەتێکدا بنێ، ئامادە نەبێ لە گەڵیدا دابنیشێ و لەسەر مافەکانی قسەی لەگەڵ بکا، چۆن ئێزن دەدا مۆسیقا و فەرهەنگی ئەو میللەتە گەشە بکا و بەرەوپێش بڕوات؟)**

**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە**: سنە و مۆسیقا دووانەی لێکدانەبڕاون و ئەوە کە سنە وەک شاری داهێنانی مۆسیقا لە ڕێکخراوی یۆنێسکۆوە تۆمار کراوە، نیشانەی زیندوویەتی و گەشەی مۆسیقیی کوردی لەو دەڤەرەیە. ئەم دەسکەوتە لەجێدا ئەو پرسیارانەش دەورووژێنێ کە ئەو ناسناوە چۆن بەدی هاتوە؟ ڕەوتی ڕوو لەگەشەی مۆسیقا لەو ناوچەیە بە چەند قۆناغدا تێپەڕیوە و لەنێو سەبک و دابەشبوونی بەسەر لکە جۆراوجۆرەکاندا کامیان ڕەێنیان زیاترە؟ مامۆستا ناسر ڕەزازی، گەورە هونەرمەندی بواری مۆسیقای کوردی میوانی "کوردستان"ە و ئەم بابەتە لەگەڵ بەڕێزیان دێنینە بەرباس.

**شەهرام سوبحانی**: کاک ناسر پێم خۆشە سەرەتا باسەکەمان بەم پرسیارە دەست پێ بکەین. وەک دەزانین سنە بە پێتەختی دەف لە دنیا ناسراوە و، لەلایەن یۆنێسکۆشەوە بە شاری داهێنانی مۆسیقی و لە ئێرانیشدا بە پێتەختی مۆسیقی ناسراوە.

**ئەمە یانێ شاری سنە و مێژوویەک لە مۆسیقی. ئێوە چۆن باس لەو مێژووە دەکەن؟**

**ناسر ڕەزازی**: ئەگەر باسێکی مێژوویی لە دیرۆک یان مێژووی مۆسیقای کوردی لە شاری سنە بکەین، مێژوویەکی وەهای نییە و زیاتر ئەرمەنی، بەهایی، مەسیحی و جوولەکە ئالاهەڵگری مۆسیقای کوردی لەو ناوچەیە بوون. سنە شارێکی زۆر کۆن نییە، ئەم سنەیەی ئێستا تەمەنی ٥٠٠ ساڵە، بەڵام قەڵاچوالان ١٣٠٠ ساڵ زیاترە و پێش ئەم شاری سنەیە قەڵاچوالان جێگەی دانیشتنی خەڵک بووە. دەفیش بەڕاستی چەند ساڵێکە هاتۆتە نێو مۆسیقای کوردی و لەلایەن کامکارەکانیشەوە چووەتە نێو مۆسیقای ئێران. ناتوانین بڵێین فارسی، ئەبێ بڵێین ئێرانی چونکە مۆسیقیی ئێران نەکھەر مۆڵکی تەنیا فارس نییە، بەڵکوو مۆرکەکەشی مۆرکی تەنیا مۆسیقیی فارسی نییە. مۆسیقیی ئێران پێکهاتووە لە مۆسیقای چەند نەتەوەی بندەست.

ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە لە سنە شتێک بە ناوی گرووپی مۆسیقی نەبووە هەتا ئەوکاتەی ڕادیۆی سنە دامەزراوە. دواتر کۆمەڵێک ژەنیاری ئەرمەنی و یەک دوو موسوڵمان گرووپێکیان لە ڕادیۆی سنە داناوە خزمەتی مۆسیقای کوردییان کردوە. دەبێ ئەو واقعییەتە بڵێم کە زۆر عەیب بووە لە سنە ئەتۆ ئەو سەردەمانە سازێکت هەڵگرتبایە و بچووبایەی بۆ ڕادیۆ و پێتیان گوتبا ئەوە ژەنیارە. یانێ خەڵک ئەو ڕێزەی نەبوو بۆ هونەر کە ئێستە بۆی دادەنێ. بۆیە مێژوو مۆسیقا لە شاری سنە دەبێ بکەین بە چەند بەش. چونکە سنەی ئەو سەردەمانە، سەردەمی سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی دەبێ بکرێت بە سەردەمێک یان قۆناغێک لە گۆرانی و مۆسیقای شاری سنە کە بەڕای من دوای سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی ئەو شێوازە تەواو بوو و هیچکەس نەیتوانی جێگەی بگرێتەوە؛ وەک چۆن کەس نەیتوانی جێگەی مامۆستا حەسەن زیرەک و محەممەدی مامڵێ بگرێتەوە. بەڵام چونکە ئێمە باسی سنە ئەکەین لە دوای سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی یەکێکی تر هاتووە کە دیارە نەیتوانیوە کێبەرکێ لەگەڵ سەید عەلی ئەسغەردا بکات و "ئا فەزێ"ی ناو بووە. دوای ئەو دەتوانین بڵێین شێوازی سەید عەلی ئەسغەر، شێوازێکی زمانی یەکگرتوو بووە و دوای ئەو دەگاتە مەزهەری خالقی و قۆناغی ئەویش بە شێوازێکی مۆسیقی لە شاری سنە دادەنرێت. بەڵام دەتوانم بڵێم تۆزێک پێش مەزهەری خالقی چەند گۆرانیبێژێکی دیکەمان هەبووە لە شاری سنە کە ئەمانەش کاتی خۆی توانیویانە خزمەتێک بە مۆسیقای کوردی بکەن، وەک "نەورۆزی"، "فەتانەی وەلیدی" و "حێکمەت نەوبەری" و... بەڵام بەداخەوە حێکمەتی نەوبەری هەر زوو بە گەنجی وازی هێنا و گۆرانی نەوتەوە.

دواتر دەگەینە قۆناغی هونەرمەندانی وەک "ناسری ڕەزازی"، "نەجمەی غوڵامی"، "عەباسی کەمەندی"، "یەدوڵڵا محەممەدی"، "مەرزییەی فەریقی"، "لەیلا فەریقی"، "هانی مۆجتەهێدی" و ئەڵبەت کەسانێ تریش هەن کە باش لەبیرم نین. دیارە لەنێوان دەرکەوتنی مەزهەری خالقی و ئێمەدا چینێکی تر هەبوون وەک "ئێرەج عەندەلیبی"، "هووشەنگ شگرف"، "حۆجەتۆت سادات"، "شەهابی" و ئەمانەش کۆمەڵە هونەرمەندێکی تایبەت بەشاری سنە بوون کە هیچیان نەیانتوانی سنووری

"کوردستان" ببڕن، سنووری کوردستان سێ گۆرانیبێژ بڕی: سەید عەلیئەسغەر کوردستانی، مەزهەر خالەقی و فەتانە وەلیدی. بەڵام لە دوای فەتانەوە گۆرانیبێژانی وەکوو ناسری ڕەزازی و ئەوانەی کە ناوم هێنان توانیان سنوور ببڕن، بەڵام بۆچی؟ چوونکە سەردەمەکە جیاواز بوو.

**شەهرام سوبحانی**: ئەدی دوای قۆناغی ئێوە؟

**ناسر ڕەزازی**: لە دوای ئێمە چەند گرووپێکی کورد لە تاران دەرکەوتن کە کاریگەریی زۆریان لە سەر مۆسیقای کوردی هەبوو بۆ نموونە کامکارەکان، عەندەلیبییەکان، سڵێمانپوورەکان، فەرەجپوورەکان و، هەروەها عەزیز ئەتاعەتی هەر چەند بە ڕەگەز کورد نەبوو، بەڵام خزمەتێکی زۆری بە مۆسیقای کورد کرد. جیاواز لە مە لەنێو شاری سنەش ئێمە مۆسیقای زەماوەند و هەڵپەڕکێمان هەبوو، دەهۆڵ و زوڕنامان هەبوو کە ئەمانە لە خەتەنەسووران و لە زەماوەند و لە هاتنەوەی زاوا لە حەمام و بەربووک و ئەمانەدا دەوریان هەبوو. دیارە من تەنیا باسی شاری سنە دەکەم و ئەگەر بمانهەوێ مۆسیقای شاری سنە دابەش بکەین بەڕاستی زۆرە. لەیلاخ بەشێکی یەکجار گرینگە لە مۆسیقای شاری سنە، پاشان هەورامی لە لایەک، جافی لە لایەک، لەلایەکیش مۆسیقای تەکیە و خانەقاکان لە سنە و پاشان مۆسیقای تازیەباری و پرسە و سەرەخۆشیمان هەیە و ئەوەش بۆخۆی بەشێکە. با ئەوەشم لەبیر نەچێت لە ساڵی ۱۹۷۵ دوای شکانی شۆڕشی ئەیلوول تیپی شۆڕش کە هاتن بۆ سنە لە تەلەڤیزیۆنی شاری سنە چەند گۆرانییان بڵاو کردەو کە ئەوەش کاریگەرییەکەی لە سەر هونەری شاری سنە و دەوروبەری دانا و گۆڕانێکی تێدا وەدیهێنا. واتە مۆسیقای کوردی لە شاری سنە چڵ و لقی زۆرە، بەڵام دەبێ ئەو واقعییەتە باس بکەین کە بەداخەوە ئەو کاتانە سنە کوردایەتیی نەدەکرد، بەڵکوو سوونەگەرییان دەکرد. بەڕاستی ئەگەر سنەیی سوونیگەری نەکردبایە بەڕاستی نەدەما. وەک حەسەنی قزڵجی دەڵێ: ئەگەر ئەو شۆڕشەی ئێران نەکرابا کوردەکانی ئێران عەجەماوی دەبوون بە تایبەت سنە بۆ خوارەوە یانێ هەستی کوردایەتی ئەسڵەن نەبوو. سەیری ئەو جلوبەرگەش بکە کە بۆچی لە سنە کڵاوی پاڵەوی و کۆت و پانتۆڵی کوردییان لە بەرە و لە سابڵاغ شەدە و بۆین باخ و کۆت و شەڵوار ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەرای مەلا خەلیل و مەسەلەی ڕەزا شا کاتێک چوو بۆ تورکیە و هاتەوە و دەیهەویست لە ئێراناگۆڕانێک وەدی بێنێ. ئەوەی باسم کرد ئاماژەیەکی کورت بە مێژووی مۆسیقی لە شاری سنە بوو.

**شەهرام سوبحانی**: جوغرافیای مۆسیقا لە پارێزگای سنە چۆنە؟ مەبەست دابەشبوونی بەسەر شێواز و سەبکەکانە و ئەوەکە کام سەبک و شێوازی هەژمۆنیی زیاترە؟

**ناسر ڕەزازی**: زمانی ئاخاوتنی سنە پێکهاتووە لە سێ زمانی کرمانجی، جافی، هەورامی، چونکە ئەمانە بن زاراوە نین وەک سنەیی، چونکە لەم سێیانەش پێکهاتووە پێی دەڵێن ئەردەڵانی. سنە چونکە لە دابەشکردنی پارێزگاکان و جۆگرافیای

ئێراندا بەداخەوە زۆر زوڵم کراوە و بەشێک لە کوردستانییان خستۆتە سەر ئازەربایجان، سنە ئەبێ بەخاوەن چەند جۆر مۆسیقی. هەرچەند هەورامی لە کۆنەوە هەر زاڵ بووە، بەڵام لەم سەد ساڵەی دوایدا سۆرانی سەری هەڵدا لە بەر ئەوەیکە بە هەموو کەموکۆڕییەکانیەوە بوو بە زمانێکی ستانداردی کوردی لە دوای هەورامی. لە دوای ئەوەش بەشێکی تری تێدایە کە دەتوانم بڵێم ئەم بەر بۆ ئەو بەری سنە هەموو دانیشتووانەکەی وەک یەک نین و وەکوو یەکیش قسە ناکەن. هەورامی تێدایە، ئەردەڵانی تێدایە، سۆرانی تێدا هەیە، پاشان لە کۆنیشدا ئەرمەنی و جوولەکەشی تێدا هەبووە کە ئەوانە بەڕاستی بناغەدانەری مۆسیقای کوردین لە شاری سنە. جوغرافیاکەش بەداخەوە ئێمە ئێستا ناتوانین هەروا بە خۆمانەوە دابەشی بکەین چوونکە بە هۆی ئەم دروستبوونەی پارێزگای کوردستانەوە کە ئێران بەناحەق دروستی کردوە و لە خوارەوە کرماشانی لە کوردستاندا هەڵبڕیوە و لە سەرەوە لە سەقز بەو لاوە هەمووی لە کوردستان دابڕیوە و خستوویەتە سەر ئازەربایجانی غەربی، ئەمە ناحەقییە کە دەبێ لە داهاتوودا بۆی تێبکۆشین کە ئەمە جیا بکرێتەوە و بەداخەوە جۆغرافیاکەشیان لێ تێک داوین.

**شەهرام سوبحانی**: تایبەتمەندییەکانی شاری سنە بە پێوەری جیهانی چ بوو کە وایان کرد لەلایەن یۆنیسکۆوە وەک شاری داهێنانی موسیقا بناسرێ؟

**ناسر ڕەزازی**: ئەم پرسیارە تۆزێک قورسە چونکە کورد لە ئێراندا نەتەوەیەکی بندەستەیە. ئێران وڵاتێکی چەند نەتەوەییە کە هەتا ئێستاش ئامادە نین بیپەرژێنن و دانی پیدا بنێن و هەموو ئەو نەتەوانەش خاوەنی مێژوو و تایبەتمەندیی مۆسیقیی خۆیانن. خومەینی دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ڕایگەیاند کە مۆسیقا حەرامە، بەڵام بە ڕای من بە قازانجی ئێمە تەواو بوو. چونکە لەنێو ئەو گێژاوەدا شتی باش کرا و دەنگخۆشی باش دەرکەوت. بۆ نموونە: کاتی خۆی کە لەنێو ئیسلامدا مۆسیقییان قەدەغە کردوە، لە تەکیە و خانەقاکاندا زمانی کوردی پارێزراو دەمێنێ. ئێمە ئەمڕۆ ئەو دەرفەتەمان نییە ئازادانە و بە یارمەتی و پاڵپشتێکی باشەوە وەکوو فارسەکان بتوانین کارەکانمان ببەینە پێشێ. هەر چەند ئەوانیش کێشەیان هەیە، بەڵام ئێمە هەر وێران و داماو کراوین و، ئەگەر کارێک بکەین دەبێ بە حەوتخانی ڕۆستەمدا تێپەڕین، ئەشێ سەریان بۆ دانەوێنین، بەڵام ئەوە ناکەین. بەڕاستی لەو ماوەیەشدا کە ئەو هەمووە دەنگخۆشانە دەرکەوتن گرفتی زۆریان بۆ دروس کردوون، لەحاڵێکدا ئەگەر وریا نەبین وەکوو وڵاتی تورکییە کە مێلۆدی کوردییەکانمان دەکەنە تورکی، هەمیشە ئەو مەترسییە لەسەر مۆسیقیی کوردی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بووە. ئەوکات ئەشێ ئێمە چی بکەین، چۆن بیانهێنینەوە، وەک چۆن ئێستا دەف ئیتر لە مۆڵکی کورددا نەماوە، ئێستا دەف لە ئێرانا بە ئامێرێکی فارسی دادەنرێ، لە کاتێکدا ئی کوردە. ئەمن پێم وابێ بندەستیی کورد، نەخوێندنی کورد بە زمانەکەی خۆی و نەبوونی ئازادی و دێموکراسی و زۆر شتی دیکە لە باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و....هتد ڕێگر بوون لەوەی وەک میللەتێکی

ئازاد کارەکانمان بکەین. هەر لەبەر ئەوە مەیدانی باشمان بۆ نەڕەخساوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کاری باش کراوە. بەڵام لە وەڵامی ئەوەدا کە چۆن سنە دەبێتە پێتەختی دەف، هۆکارەکەی بۆ شارەزایی دەفژەنان لە مێژووی مۆسیقیی ئەو شارەدا دەگەڕێتەوە. دەف ئی خانەقاکانی سنە و شارەکانی تریشە، بەڵام لە سنە بایەخی زۆری پێ درا. بیژەنی کامکار وەک یەکەمین کەس لەنێو گرووپەکەی خۆیاندا فێری ئەم سازە بوو، و بەشێوەی زانستی و ئاکادێمیک ئەمەی بردە نێو مۆسیقای ئێرانی. ئەمە بوو بە هۆکاری ئەوەیکە سنە بکرێتە پێتەختی دەف و ئێستا ئیدی دەف گەیشتۆتە تورکیە و زۆرێک لە وڵاتانی دیکەش.

**شەهرام سوبحانی**: **ئەم هەڵبژاردن و دیاریکردنە وەک شاری داهێنان، یان پێتەختی دەف و مۆسیقی لە چ ڕوویەوە دەرفەت و دەسکەوتی بۆ گەشەپێدان بە هونەر و موسیقای ڕەسەنی کوردی ڕەخساندوە؟**

**ناسر ڕەزازی**: من پێم وابێ ئەم هەڵبژاردنە شتێکی وای نەڕەخساندوە تەنیا ناوێکە و بە هەرحاڵ وەکوو شانازی بڕاوە بە سەر ئەم شارەدا، دەنا ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە شارەکانی دیکەی کوردستان دەفژەنی تێدا نییە. هەر لە ئیلامەوە بگرە هەتا ئەگاتە ورمێ و بۆ سەرەوە ئێمە باشترین دەفژەنمان هەیە، بەڵام دەتوانم بڵێم لەسەرەتادا لە سنە دەفژەنی باش هەڵکەوت. بەڵام من پێم وانییە کۆماری ئیسلامی ڕێگە بدا لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوە و لەوسۆنگەیەوە یارمەتییەک بگاتە هونەرمەندانی کورد بۆ پێشخستنی مۆسیقای کوردی. هەرچییەکێش بنێرردێ ناگات، هەر وەکوو یارمەتییەکان بۆ بۆمەلەرزەلێدراوەکانی کوردستان کە لەلایەن وڵاتانی دیکەوە دەهات و نەدەگەیشتە دەست خەڵکەکە و خۆیان دەیانخوارد. ئێمە دەبێ خۆمان تێبکۆشین و کارێک بکەین برینی خۆمان سارێژ بکەین دەنا هیچ کەسی تر ناتوانێ ئەو کارە بکا. ئەگەر کورد بڕوای بەخۆ بێت و ئەگەر حیزبەکان سەرەڕای جیاوازییەکانیان یەکگرتووبن دەبێ کارێک بکەین کە خۆمان بین، خۆمان برینی خۆمان سارێژ و چارەسەر بکەین. بۆ نموونە من لە گەڵ هێندێک هونەرمەند قسەم کردوە ئەڵێن کاکە چی بکەین؟ مەجبوورین بڕۆین لە زەماوەندەکان و بۆنەکاندا گۆرانی بڵێین، دەنا ئەگەر بمانهەوێ کارێک بکەین بەر لەوە داوای ئەوەمان لێ دەکەن بڕۆین لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکانیاندا بەشدار بین. ئەوەیە وەختێک ڕێژیمێک یان حکوومەتێک ئامادە نەبێ دان بە بوونی میللەتێکدا بنێ، ئامادە نەبێ لە گەڵیدا دابنیشێ، چۆن ئیزن دەدا مۆسیقا و فەرهەنگی ئەو میللەتە گەشە بکا و بەرەوپێش بڕوات؟ بە کوردییەکەی ئێمە دوو براین، کاکە باوکمان مردووە یان دەبێ ئێحترامی یەک بگرین وەکوو یەک پێکەوە بژین یا دەبێ ماڵەکە بەش کەین و تۆ بە ڕێی خۆت و منیش بەڕێی خۆمدا. ئەگەر کورد لە ئێرانا ڕێز و حورمەتی بۆ دابنرێ و دەرجە دوو دەرجە سێ نەبێت و، وەکوو فارس و ئازەری و هەموو وەکوو یەک لە ژێر یەک ساباتدا بژین و زمانی فارسییش بە زەبری زۆر بەسەر خەڵکدا نەسەپێندرێ، ئەم نەتەوەگەلەوە وەکوو بنەماڵەیەک پێکەوە بژین، وڵاتێک بێ کە دێمۆکراسییەتی تێدا بێ و دوور بێ لە ئێعدام و بەدبەختی و چارەڕەشی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە؛ من بۆ ئاوا

دەبم؟ بەڵام وەختێک ئەوان ڕێزم ناگرن، وەختێک منیان قەبووڵ نییە، کوا دەیانهەوێ و دەهێڵن هونەرەکەم، مۆسیقییەکەم، نووسینەکەم و فەرهەنگەکەم گەشە بکات؟ نەخێر هەتا ئێستا ڕێگەیان نەداوە و هەمیشە بەو شێوەیە لەگەڵ کورد هەڵسوکەوتیان کردوە.

**شەهرام سوبحانی**: سنە لە چوار دەیەی ڕابردوودا هەموو کاتێک لەلایەن دەسەڵاتی تارانەوە بە چاوی ئەمنیەتییەوە سەیر کراوە. بەڕێزتان چۆن باس لە کاریگەریی ڕوانگەی ئەمنیەتیی ڕێژیم بۆ سنە لەسەر پێگەی مۆسیقی و هونەری کورد لەو شارە دەکەن؟

**ناسر ڕەزازی**: بەڵێ سنە دەمێکە لەژێر زوڵم و ستەم و چەوساندنەوەدایە. یانی نەتەنیا سنە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و سنەش بەتایبەتی لەم چەند ساڵەدا ئارامی و خۆشی بە خۆیەوە نەدیوە و ئەمە شتێکی تازە نییە. سنە لەم ڕێگەیەدا قوربانیی زۆری داوە هەر لە سەردەمی سەفەوی و قاجارەکان و پاڵەوی و هەتا ئێستا؛ هەرچەند سەفەوییەکان خۆشیان کورد بوون. بەڵێ نەتەنیا دەسەڵاتەکانی پێش ترو ئێستاش جگە لەوە حیسابی بۆ دەکەن بەڵکوو لێشی دەترسن لەبەر ئەوەیە کورد دەیەوێ وەک ئینسانێکی ئازاد لەو وڵاتەدا بژی و نایهەوێ بندەستە بێت. نایهەوێ وا چاوی لێ بکەن کە لە شارەکانی دیکەوە خەڵکی بۆ بێنن وەکوو شارەدار و پارێزگار و... . ئێمە باشترین ژن و پیاوی ئازا و تێگەیشتوو و خوێندەوارمان هەیە، بەڵام بەداخەوە جیاوازی خستنە نێو نێوان شێعە و سوونی و سیاسەتی ناکۆکی بنێوە و حکوومەت بکە بووە. گرینگتر لەوەش لە ئێستادا شۆڕشێکی گەورە بەرانبەر بە ئەم ڕێژیمە وەڕێ کەوتوە و کورد بۆ وەرگرتنی مافەکانی لە خەباتەکەی بەردەوامە. هەر چەند ئەمن پێم وایە ئەبێ ڕێگاکەمان بگۆڕین، سەردەمی چەک نەماوە، بەزۆر چەکیان بە ئێمە هەڵگرتوە و ئێمە دەبێ کارێک بکەین لە ڕێگای دیالۆگ و هونەر، ئەدەب و نووسین و لەو ڕێگاگەلەوە بە مافەکانی خۆمان بگەین. پرسی ژن، ژیان، ئازادی کە دنیای داگرت سەرچاوەکەی کوردستانە. ئێستا هەموو دنیا باسی دەکا و کەلکی لێ وەردەگرن لە خۆپێشاندانەکاندا باسی دەکەن. گرینگ ئەوەیە دەبێ میللەتی کورد یەکگرتوو بێ و بزانێ چی ئەکات بۆ وەدسهێنانی ئەو مافانە. بەتایبەت حیزبەکان چوونکە میللەتی کورد یەکگرتووە و ئەوە حیزبەکانن کە دەبێ بیر لە یەکگرتوویی نێوانیان بکەن.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر لە باسەکەمان دوور نەکەوینەوە، ئەو دەسکەوت و نازناوانەی سنە لە بواری مۆسیقادا وەدەستی هێناون، پتر بەرهەمی کام ڕەوتی هونەری و شوێندانەریی کامانە کەسایەتیی هونەریین؟ئایا دەتانەوێ لەو بارەیەوە ئاماژەیەکتان هەبێ؟

**ناسر ڕەزازی**: بەڕاستی ئەو دەسکەوت و نازناوانەی سنە لە بواری مۆسیقادا کە وەدەستی هێناون ناکرێ تەنیا لە سەر گرووپێک یان گۆرانیبێژێک تاپۆ بکرێت. لە سنە هەروەک گوتم زۆر هونەرمەندی گەورە هەبووە، سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی لە سەردەمی خۆیدا. دواتر مەزهەری خالەقی، نەورۆزی، ڕۆمی، حێکمەت نەوبەری، فەتانەی وەلیدی، شەهین تاڵەبانی و زۆری دیکە. بەڵام ئەو کارانە نەبووە بە دەسکەوتێک کە بڵێی ئەمە من خۆم بە ڕەغبەتی خۆم کارم لە سەر کردوە، هەمیشە کێشە و ژانەسەریان دروسی کردوە، بەڵام دەتوانین بڵێن ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرووپە کوردانەی لە تارانن و خزمەتی مۆسیقای فارسی دەکەن، بەڵام لە پاڵیشیدا کاری کوردی دەکەن. ئەوانە بێ کاریگەری نەبوون و ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆنسێرتانەی لە نێو ئێران بەتایبەت لە باشووردا ئەکرێن. هەروەها ڕۆڵی تەلەڤیزیۆنەکانیش دەبێ لە بەرچاو بگرین.

**شەهرام سوبحانی**: **ناسر ڕەزازی چ وەک کەسایەتیی سیاسی و چ وەک مامۆستایەکی هونەری مۆسیقی لە کوردستان کە خۆی لەدایکبووی شاری سنەیە، چ پەیامێکی بۆ کۆمەڵگەی هونەریی کوردی بەتایبەت تازەلاوان و فێرخوازەکانی مۆسیقیی کوردییە لە ئێستادا؟**

**ناسر ڕەزازی**: پەیامی ناسر ڕەزازی ئەوەیە گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی کۆن خاوەن مێژوو و کارەسات و ئێش و ئازاری بەرکوژانی زۆری بە خۆیەوە دیوە، بەڵای زۆری بەسەردا هاتوە، بەڵام هەر ماوە و نامرێ و لە دیلی و بندەستیش ڕزگاری دەبێت. ئەمن هیوادارم خەڵکی بەشەرەفی سنە، خەڵکی شاری سنەی خوێناوی بەتایبەت گەنج و لاوەکانمان بیر لەوە بکەنەوە کوردستانی بندەستی ئێران یان عێراق یان باشووری کوردستان بە ساڵان لە ژێر زوڵم و ستەمی دەسەڵاتی بەعسی فاشیست و خوێنرێژدا ئازاریان چێشت، زیاتر لە چوار هەزار گوندیان وە بەر بۆمبی کیمایی درا و وێران کرا، خەڵکەکەی بەدەستی ئەو حکوومەتە دڕ و نائینسانەی سەدام ڕاو نران، ئەنفال کران و دەستدرێژی کرایە سەر ماڵ و نامووسیان، کچی گەنجیان فرۆشرا بە وڵاتانی عەرەب و باشترین ڕۆڵەکانیان لە زینداندا بە پەتی سێدارە خنکێندران، خەڵکەکەی ئاوارە و دەربەدەر کران بەدەستی ئەنسار و ئیسلام و جۆندۆڵڵا و موجاهێدین بەر تۆپ درا و پارچە پارچە کرا، بستێکی کوردستان نەما خوێنی پێشمەرگەی تێدا نەڕژابێ؛ بەڵام بە خەبات و کۆڵنەدان و گۆڕانی ڕەوتێ ڕووداوەکانی جیهان و زۆر هۆکاری دیکە ئەوەتا خەریکن بەرەو ڕزگاری یەکجاریی دەڕۆن. با ئێمەش خەڵکی کورد لە کوردستانی بندەستی ئێران بەتایبەت شاری سنە وریا بین و نەهێڵین زمانەکەمان فەوتێ و نەهێڵین داگیرکەرانی کوردستان نێوان گەلی بندەست و چەوساوەی کوردا مەزهەب بکەنە داردەست بۆ دروسکردنی کێشە و ناکۆکی لەنێو کوردی شیعە، کوردی سوونی، کوردی ئەلحەق، کوردی ئیزەدی و کوردی عەلەوی و.... هتد. با ماوە نەدەین لەنێو سازمان و حیزب و ڕێکخراوەکانماندا دژایەتی و دووبەرەکی دروست بکەن با نەهێڵین زمانی شیرینی کوردی فەرامۆش بێت چوونکە کۆڵەکەی مانەوەی هەر گەل و نەتەوەیەک

زمانەکەیەتی. با خۆمان باشتر بناسین و بێگانە پەرەست نەبین، چونکە ئاسۆ بۆ ئێمەی گەلی بندەست و مافخوراوی کورد ڕوونە و سەرشۆڕییش هەر بۆ خۆفرۆشان و دوژمنانی کورد دەمێنێتەوە.

کۆتا پەیامی ناسری ڕەزازی وەک گۆرانیبێژێکش ئەوەیە بەڕاستی هەر گەل و نەتەوەیەک خاوەن گۆرانی نەبێت ئەوە نە میللەتە، نە نەتەوە. بەداخەوە من ناوی ئەو پرۆفیسۆرە گەورەی چینیم لەبیر نەماوە کە دەڵێ هەر میللەتێک گۆرانیی نەبوو میللەت نییە. دەزانی من شانازی بە چی دەکەم، بە ئەو مۆسیقارانەی ئەو گۆرانیبێژانەی لەنێو ئەو گێژەن و بەربەست و ناخۆشییەدا توانیویانە خزمەت بە زمانی کوردی بکەن، لە ڕێگای هونەرەوە زۆرمان هەن کە بەڕاستی دەروەستن. دیارە تاکوتەرایەکیشمان هەیە کە بە هەرحاڵ لە باوەش ڕێژیمدان و ئەوەی پێیان کراوە کردوویانە و مێژوو ئەوە لە داهاتوودا نیشان دەدا کە کاریگەرییەکەی چییە. ئەمن هیوادارم گەنجانی کورد و ئەوانەی خەریک کاری مۆسیقان هەر لە گەنجەوە تا پیرەکانیش ئەوە بزانن خزمەت بە مۆسیقا خزمەتە بە زمانی کوردی، خزمەتە بە فەرهەنگی کوردی ولە ڕێگای هونەری مۆسیقاوە ئینسان دەتوانێت کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەیەک بگۆڕێت چ بە باش، چ بە خراپ، هەر چەند لەم دواییانەدا جارێکیتریش دەیڵێم گۆرانیبێژی دەنگخۆش چ کچ، چ کوڕی باش هەڵکەوتوون. بەڵام هیوادارم ئەمانە ئاگایان لەوە بێت کە تەنیا دەنگخۆشی حیساب نییە، ئەبێ لە سەر سۆلفێژ کار بکەن، نۆت بزانن، دەزگاکان بناسن، ئاگایان لە ڕابردووی هونەری کوردی و گۆرانی کوردی بێت. ئەگەر ئاوەها بڕۆنە پێش ئەتوانن کاریگەری زۆر زۆر باشیان هەبێ بەسەر ڕەوتی کۆمەڵگەی کوردەواری و هەروەها ئەو بزووتنەوەیە کە ئەمڕۆ لە ئارادایە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک ناسر سپاسی تایبەت بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا، دەستت خۆش بێت و ماندوو نەبی.

**ناسر ڕەزازی**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

**٣٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٣**

# خالید عەزیزی: نایەکگرتوویی و گوتاری جیاوازی هێزە سیاسییەکان لە شۆڕشی ژینادا زەبری گەورەی لە بزووتنەوەکە دا



**دیمانە: دەنگی کوردیی ئەمریکا**

**ئاماژە: کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نوێترین وتووێژی لەگەڵ دەنگی کوردیی ئەمریکادا ڕاشکاوانە وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری لەبارەی دواگۆڕانکارییەکانی کوردستان و ئێران، دۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ستراتیژیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە بارودۆخی نوێی ناوچە، گرژی و ئاڵۆزیی نێوان حیزبە سیاسییەکان و دوورەدیمەنی خەباتی سیاسیی کورد لە ئێران دایەوە.**

**کاک خالید عەزیزی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی حیزبەکان هەرکام بەتەنیا کاری دیپلۆماسی دەکەن و شاندێکی نوێنەرایەتیی کوردی بۆ دیپلۆماسیی کوردی نیە، گوتی:** لە بنەڕەتڕا دەبێ وابێت و هیوادارم بەرەو ئەوە بڕۆین. هەرچەند ئێستا بە جۆرێک کۆمەڵێک کێشە و گرفت و ناکۆکی لە نێوان حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێران بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ جووڵانەوەی ژینا و چۆنیەتی تەعامولکردن لەگەڵ پرس و لایەنەکانی ئێران هەیە. بەڵام هەمووی ئەوانە بۆ دەرسوەرگرتن دەبێت و ئێستا خەریکین بە جۆرێک ئەو قۆناغەش تێپەڕێنین.

**وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان و لێکەوتەکانی ڕێککەوتننامەی ئەمنیەتیی نێوان ئێران و عێراق لەسەر حیزبی دێموکرات چ بوون، گوتی:** ئێمە گوتوومانە کە نامانەوێ و ناشبینە هۆی کێشە و ئاستەنگ بۆ حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێم. تا ئەو جێگەی پێوەندی بە مەسەلەی چەکداربوونی ئێمەوە هەیە، لەڕاستیدا ئەوە زۆرتر پێوەندی بە نێوخۆی عێراقەوە هەیە و ئێمە بە حکوومەتی عێراق، حکوومەتی هەرێم و نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیشمان گوتووە کە لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە هیچ چالاکییەکی نیزامی دژی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆیی ئێراندا ناکەین. شۆڕشی ژینا لە یەکساڵی ڕابردوودا جارێکی دیکەش بە هەمووانی سەلماندەوە کە جوغرافیا و مەیدانی خەباتی ئێمە نێوخۆی ئێران و کوردستانی ئێرانە و ئەوەیکە ئێمە لە کوردستانی عێراقین لە ڕووی ناچارییە. ئەوە کۆماری ئیسلامییە شەڕی نیزامیی بەسەردا سەپاندووین و ئێمە ناچار بووین بۆ بەرگری لە خۆمان دەست بۆ چەک ببەین و هێزی پێشمەرگەمان هەبێت. ئێستاش هەموو قورسایی کار و خەباتی ئێمە لەسەر ئەوەیە خەڵک لە نێوخۆی وڵات بە کەمترین خەساری گیانی بتوانێ لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی، نەتەوایەتی و دێموکراتیکی خۆیاندا بمێننەوە.

**خالید عەزیزی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا هەتا کەی لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستاندا خەبات و بەرژەوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێتە قوربانی،** تیشکی خستە سەر ئەوە کە قەت لەو باوەڕەدا نەبووین ڕۆژهەڵات بکەینە قوربانیی پارچەیەکی دی، بەڵام باوەڕمان ئەوەیە دەبێ ڕاستییەکان دانیان پێ دابنێین کە هەرێمی کوردستان بەرژەوەندیی خۆی و پێداویستیی خۆی هەیە و قەت ئارەزوو ناکەین ئەو بەشە لە نیشتمان لەسۆنگەی ئێمەوە ببێتە بەشێک لە کێشە لەگەڵ ئێران. وەک باسم کرد کوانووی خەباتی ئێمە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانە و ئەگەر لێرە لە خاکی هەرێمی کوردستان و عێراقدا گۆڕانکارییەک لە شوێنی کار و تێکۆشانی هێزەکانمان ڕوو بدا، ئەوە بەو مانایە نییە لایەک کراوەتە قوربانیی لایەکی دی. وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە درێژەی باسەکاندا هەڵوێستی لە بەرانبەر ئەو پرسیارەدا گرت کە بۆچی لە شۆڕشی ژینادا لە خەڵکی نێوخۆ دابڕان و گوتی: حیزبی دێموکرات زۆر بەرپرسانە بەشداریی لەو ڕاپەڕینەدا کرد و بە سیاسەتی زۆر دروست و مەنتیقی خەڵک و ڕاپەڕینەکەی هیدایەت کرد و هەر ئەوە کە لە شنۆیە ڕا هەتا جوانڕۆ دروشمی "قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" بەرز کرابۆوە پێشان دەدا هیچ دابڕانێک لەنێوان خەڵک و حیزبی دێموکراتدا نەبووە و نییە. هەر ئەوەش بوو تاقەتی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵگرت و بە مووشک بنکە و بارەگا و شوێنی ژیانی خەڵکەکەی ئێمەی لە باشووری کوردستان کردە ئامانج. ئەوەش کە ڕاپەڕینەکە پاش ماوەیەک دامرکایەوە بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە نابێ ئەو چاوەڕوانییە هەڵەیەمان هەبێت کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کورد و خەباتی مەدەنی و جموجۆڵی پێشمەرگانەی کوردستان دەڕووخێت. بەڵام گرینگ ئەوە بوو ئێمە قوورسایی خۆمان لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و دوورەدیمەنی ئێرانی داهاتوو پێشان بدەین و ئەو ڕاپەڕینانە و خەسارناسیی دەسکەوت و لێکەوتەکانی بکەینە هەوێنی بەرەوپێشچوونی

خەباتەکەمان.

**خالید عەزیزی لە شیکردنەوەی ئەو بابەتەدا کە نابێ ئەو چاوەڕوانییەمان هەبێت کە ڕێژیم بە کورد و خەباتی پێشمەرگانە و مەدەنیی دەڕووخێت،** تیشکی خستە سەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامی بە هەموو خەڵکی ئێران دەڕووخێ و یەکێک لە کەمایەسییەکانی جووڵانەوەی ژینا ئەوە بوو کە زۆربەی زۆری شارە گەورەکانی ڕەگەڵ نەکەوت، ئەگەرچی بەشداریی کوردستان لەو پەڕی خۆیدا بوو. بۆیە پێویست دەکا ڕێوشوێنێک بدۆزریتەوە و بەرەو ئەوە بڕۆین کە لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا هەموو خەڵکی ئێران یەکگر و پێکەوە لە مەیدانەکەدا بن. چارەسەری پرسی ئێمەش وەک کوردی ئێران لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدایە و دوو ڕێگامان لە بەردەمە: ڕێگایەک ئەوەیە ئەو نیزامە نەمێنێ و بۆ نەمانی ئەو نیزامەش ئێمە دەبێ لایەنە غیرە کوردییەکانی ئێران لەگەڵ خۆمان بخەین. دووهەم لەنێو ئەو نیزامەدا ئەگەر پێیان وایە دەبێ ئاڵوگۆڕێک لە خۆیدا پێک بێنن گوێیان بدەینێ و دەرگای دیالۆگ و وتووێژ بکەینەوە، ئەگەر بەڕاستی کەسانێک لەو نیزامەدا باوەڕیان بەوە هەبێت. لە تەواوەتیی خۆیدا ئێمە چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێران و ئەگەر بگونجێ لە داهاتوودا هەر لە تارانی دەبینین. کێشەی کوردی ئێران لە واشینگتۆن، پاریس و لەندەن چارەسەر ناکرێ و دواجار هەر لە نێوخۆی وڵاتدا چارەسەر دەکرێ.

**وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وەڵامی ئەوەدا کە بۆچی حیزبی دێموکرات چالاکییەکی ئەوتۆی نییە و پێچەوانەی ڕابردوو خۆ لە پارتی دێموکرات نیزیک دەکاتەوە** و بەو پێیەش لە یەکیەتیی نیشتمانی دوور دەکەوێتەوە، گوتی: چالاکییەکانی ئێمە بەپێی توانای خۆمان لە نێوخۆی وڵاتە و دیار و بەرچاویشە و ئەگەر کەسێک چاو لە مێژووی ئەم حیزبە لە چوار دەیەی ڕابردوودا بکا و ئەوەی بەسەریی هاتوە لە گرتنی ئەندامان و تێرۆر و کوشتنی ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی و مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی ئەدی ئەگەر ئەوە نیشانەی چالاکیی حیزب نەبێت، بۆچی ئاوا لەلایەن ڕێژیمەوە پەلامار دەدرێت؟ بەڵام لەبارەی بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان ئێمە یەکیەتیی نیشتمانی و پارتی دێموکراتی کوردستان وەک دۆست چاو لێ دەکەین. ئێمە لە خاکی کوردستانی عێراقین و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش سەرەڕای کێشە و ئارێشەکانی نێوخۆیان کە ئارەزووم دەکرد ئەو قەیران و کێشانە نەبوایە، لە نەزەر ئێمەوە دەسەڵاتێکی قانوونیی ئێرەیە و حیزبی دێموکرات دەبێ ڕێزی بۆ دابنێ. ڕاستە ئەوە حەقیقەتێکی زۆر تاڵە و ناخۆشە حیزبێک تەمەنی ٨٠ ساڵ بێت بەڵام زۆربەی زۆری ژیان و ناوەندی بڕیارەکەی لە کوردستانی عێراق بووە. لە حاڵێکدا خاڵی بەهێز بۆ حیزبی دێموکرات ئەوە نییە هێزی پێشمەرگەی هەیە و بەرگریی چەکداریی کردوە، بەڵکوو خاڵی بەهێزی حیزبی دێموکرات ئەوەیە لەنێو خەڵکیدا دروست بووە و ئەو خەڵکە لە نێوخۆی وڵات لە هەموو ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکان لەگەڵی بوون و دەشمێننەوە.

**خالید عەزیزی لەبارەی ڕاگرتنی خەباتی پێشمەرگانە لە هەلومەرجی ئێستادا گوتی:**

ئێمە قەت لەوە باوەڕەدا نەبووین کە کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران بە شەڕ چارەسەر دەکرێ، مخابن کە ئێمە شەڕمان بەسەردا سەپاوە. ئێمە ئەوەمان وەک مێتۆد بۆ خەباتی مافخوازنەمان هەڵنەبژاردوە، بۆیە لە بەرانبەر ئەوەدا پتر مێتۆدی ڕێکخستنی جەماوەری، تێکۆشانی میدیایی، خەباتی دیپلۆماتیک لەدژی ڕێژیممان ڕەچاو کردوە. ئێمە نامانەوێ بزووتنەوەی سیاسیی کورد و خەباتی جەماوەریی کوردستان دژی کۆماری ئیسلامی هەر بە هێزی ڕەقئامێری و هێزی چەکداری پێناسە بکرێ، نا وانییە. هێزی گەورەی ئەو جووڵانەوەیە کۆمەڵانی خەڵکە لە نێوخۆی وڵات و خەباتی پێشمەرگانەش جێگەوپێگەی خۆی هەیە و ئێمەش وەک حیزبی دێموکرات بەپێی توانامان لە هەموو ئەو بوارانەدا تێکۆشانمان بووە. بەڵام سیاسەتی سەرەکیی حیزبی دێموکرات بایەخدان بە خەباتی سیاسی و جەماوەری و مەدەنی لە نێوخۆی وڵاتە. ئەمن پێموانییە وەختی سیاسەتی نەرم و جووڵانەوەی جەماوەری و مەدەنی بەسەرچووبێ و تاکەڕێگا هەر چالاکیی پێشمەرگانە بێت. بزووتنەوەی سیاسیی کورد بزووتنەوەیەکی مافویست و شوناسخواز و دێموکراتیکە و کاتی خۆیشی هەموو هەوڵێکمان دا لەڕێگەی وتووێژەوە چارەسەری ئەو پرسە بکەین، بەڵام بەداخەوە شەڕیان بەسەردا سەپاندین و ئێمەش ناچار بە بەرگری لە خۆمان بووین.

**وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە ئاستە لە لێکتێگەیشتن گەیشتوون مەترسیی شەڕ و ناکۆکیی نێوخۆیی لەنێوانیاندا ڕوو نەداتەوە، گوتی:** جووڵانەوەی ژینا دەری خست ئەگەر ئێمە حیزبەکانی کوردستانی ئێران و خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران یەکگرتوو نەبین، لە هەر ئاڵوگۆڕ و سیناریۆیەک بۆ داهاتووی ئێران چ بە ئاشتی و وتووێژ بێ و چ بە شەڕ، ئێمە دۆڕاوی گۆڕەپانەکە دەبین. با زۆر بەڕاشکاوی بڵێم بۆ؟ چونکی لەو حاڵەتەدا ئەوە دەسەڵاتە بڕیاری کۆتاییەکەی بە سەرتدا دەسەپێنێ و دەسەڵاتیش لە تارانە. ئێمەش ئەو فاکتۆرە بەهێزەی دەسەڵات نین لە تاران، جا بۆیە دەبێ ئەم واقعییەتە قەبووڵ کەین کە زەرفییەت و تواناکانی ئێمە وەک کورد لە ئێراندا سنووردارە و ئەگەر قەرار بێ ئەو زەرفییەت و توانا سنووردارەش بۆ کێشە و شەڕی نێوخۆیی و پاکانەحیساب تەرخان بکەین؛ ئەوە بەسەر دۆخێکی زۆر خراپمان دادەخا و هیوادارم قەت ئەو ڕۆژە نەبینین. بەتایبەت ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ژینا ئەو وانەیەی بۆ ئێمە تێدا بوو کە ئەگەر ئێمە وەک کورد بمانەوێ لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان بە چەپ و ڕاست و موجاهیدن و لیبراڵ و کۆماریخوازەکان بکەوینە دانوستان و مامەڵەوە؛ دەبێ لە نێوخۆماندا یەکڕیز و یەکگرتوو بین. ئێمە بینمان کە نایەکگرتوویی و بۆچوونی جیاوازی ئەو قۆناغەمان زیانی لە بزووتنەوەی کورد دا و ئەوە دەبێ بۆ ئێمە بووبێتە ئەزموون.

**خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی ئەو وتووێژەدا و لەبارەی سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەهەمبەر ئێران کە زیاتر پشت بە گەمارۆ دەبەستێ،** ڕەخنەی لەو سیاسەتە گرت و گوتی: گەمارۆکان هەتا ئێستاش زیاتر کاریگەریی لەسەر خەڵک بووە، چونکی کۆماری ئیسلامی هەم توانیویەتی لە دنیای چەند جەمسەریی ئێستادا گەمارۆکان دەور لێبداتەوە، هەم بە پێچەوانەی مەبەستی گەمارۆکان بەرنامەی ئەتومی و پرۆژەکانی درۆنسازی و مووشەکیی خۆی پەرە پێبدات تا ئەو ئاستە لەگەڵ تێکنۆلۆژیی نیزامیی ئەمریکا و ڕووسیە ڕکەبەری بکات. لەم ڕووەوە گەمارۆکان ناتوانن ڕێژیم بڕووخێنن و ئێران پێویستە لەباری سیاسی و دیپلۆماسییەوە بخرێتە ژێر گوشاری زیاتر، پەراوێز بخرێ و دەرفەتی هەناسەدانی نەمێنێ. بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا بارگرانییەکی زۆر لەسەر ڕێژیم دروست نەبووە.

**٣٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٣**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧٢٣ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی**





# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێیان بۆ نووسین و ئامادەکردنی نووسراو و بابەتەکان و**

**کارو چالاکییەکانتان، دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

